تصوير ابو عبد الرحمن الكردي

كورد و جینۆساید و ئیبادەکردن

هەڵوێستی یاسای نێودەوڵەتی

(چەند یادداشتێکی نموونەیی لە کوردە لەناوبراوەکاندا)

نووسینی:
هەژار عەزیز سورمێ

منتدى إقرأ الثقافي
www.iqra.ahlamontada.com
للكتب (كوردي . عربي . فارسي)

کورد و جینۆساید و ئیبادەکردن: هەڵوێستی یاسای نێودەوڵەتی

(چەند ئاماژەیەکی نموونەیی لە کورتە لێتۆژینەوەیەک)

پارێزەر

هەژار عەزیز سورمێ

چاپی دووەم - ٢٠٠٦

ناوی کتێب: کوردو جینۆساید و ئیبادەکردن هەڵویستی یاسای نێودەوڵەتی

- نووسینی: پارێزەر هەژاری عەزیز سورمێ
surmehajar@yahoo.de

- نەخشەسازی ناوەوە: کاوە فاروق
- بەرگ: هۆگر سدیق
- هەڵەچن: مەتی مەلیل
- سەرپەرشتی چاپ: هێمن نەجات
- ژمارەی سپاردن: ٤٠٨
- تیراژ: ١٠٠٠ دانە
- چاپی دووەم ٢٠٠٦
- نرخ: ٢٠٠٠ دینار
- چاپخانە: چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە

زنجیرەی کتێب -٧٣- (١٧٦)

دەزگای توێژینەوە و بڵاوکردنەوەی موکریانی
www.mukiryani.com
asokareem@ maktoob.com
Tel: 2260311

پارتی دیموکراتی کوردستان
سەرۆک

الحزب الديمقراطي الكردستاني
الرئيس

بەڕێز پارێزەر کاک هەژاری عزیز سورمێ

سڵاوێکی گەرم .

کتێبەکەی جەنابت (کورد و جینۆساید هەڵوێستی یاسای نێودەوڵەتی) کە بە دیاری ناردبووتان بەدەستم گەیشت .

زۆر سوپاستان دەکەم بۆ نووسینی ئەم کتێبە کە بێگومان جێگای شایەنی خۆی لە کتێبخانەی کوردی دا دەگرێت ..

لەگەڵ ڕێزمدا ..

مسعود بارزانی

١٩٩٨/٣/٢

بسم الله الرحمن الرحيم

ربنا لا تؤاخذنا ان نسينا أو أخطأنا

صدق الله العظيم

سورەتی (البقرة)-ئایەتی ٢٨٦

پێشکێشه به:

- رۆحی پڕ جلوێدانی دایکی شههیدم.

- گیانی بهرزهفڕی شههیدانی نهتهوهی کورد.

- پارێزەر و داکۆکیکارانی (مافی مرۆڤ) له ههر کوێیهک ههن.

- ئهوانهی له پێناوی (ئا!!!)یهکانیان، نرخ و قوربانیان داوه.

- ئهو کهسانهی به راستهقانیی، ئاشتی و ئاسایش و تهبایی گهلانی دونیایان گهرهکه.

به پاکی.. راستگۆیی.. خۆنهویستی

- یادی کۆچڕهوه چهند ملیۆنییهکهی بههاری 1991،ههریهک

لهوانهی بهلهشی رووت و سکی برسی دهیگوت:

نیشتیمانی خۆمه، دهیپێنوم،مهڵێن ئاوارهیه

پ . د . [illegible]

هەولێر : ٢١/٦/[illegible]

برای بەڕێزم مامۆستا هەژار

ڕێزو سڵاوم هەیە ،

نامەکەتان و هەڵبەستەکەی بەدەستم گەیشتی . زۆر سوپاس بۆ هەستی دۆستانەتان . هیوادارم سەرکەوتوو بن .

ڕاگەیاند ، باسەکەتان بە ناونیشانی [illegible] (و [illegible] دەکردن) - هەڵوێستی یاسای نێودەوڵەتی [illegible] بە دەستی هەڵگەیاندن ، خوێندەوە و تاوتوێم کرد .

دڵنیاتان دەکەم کە باسێکی بەڕێزو گرنگە و ، سەرچاوەکانی بە [illegible] یادەوە . خۆشبەختانە بە زمانێکی کوردی ڕەوان و پاراویش نووسراوەتەوە . بۆیە دووجار دەستخۆشی ئەم کارە زانستیانەتان دەکەم ، دیارە ئێمەی کورد زۆر لە مێژەوە [illegible] [illegible] ، بۆ [illegible] تر ، پێویستیمان بەم جۆرە باسانە ، هەیە . هیوادارم لە چاپ بدرێت تا کە لە [illegible] کتێبخانەی کوردیدا [illegible] [illegible] دەستان خۆش .

لەگەڵ هەستی دۆستانەمدا .

دڵسۆزتانە

[illegible]

پێشەکی

ئەگەرەکانی نووسین لەسەر ئیبادە و قڕکردنی میللەتێکی ڕەسەن و خودان دیرۆکی هەزاران ساڵە، لەلایەن هەر کەسێکی مافپەروەر و هەقخوازەوە؛ نەمازە ئەندامێکی ئەو گەلە، ل نک هەمووواندا ڕۆشنە و پێدڤیی ڕوونکردنەوە ناکات..

بەلام ڕەنگبێ هەبن لە چلۆنایەتی و هۆیەکانی (وروووژانم) بۆ ئەو بابەتە بپرسن؟. چی بوون ئەوانەی هەست و هۆش و ناخیان هەژاندم و پەلکێشی تۆمارکردنی چەند وێنەیەکی واقیع و حەقیقەتیی پڕ ڕاستەقانی سڕینەوەی میللەتەکەمیان کردم ؟؟..

وەک بۆیان گێڕاومەتەوە و تێیدا ژیاوم، لە 1962 جارێک و لە 1967 دا چەلێکی دیکە، خانوو و ماڵ

و حاڵمان بەدەستی جاشەکان و پیاوانی رژێمی ئەوسا سوتێنراوە و تالان و بڕۆکراوە و هەر بەدەستی ئەوان لە ساڵی دووەمدا 'هەندرێن'ی برام بە نێزە سکی هەڵدرا و شەهید بوو.. ئەوەش بەو (تۆمەت)ەی کە باوکم لە سەنگەری شۆڕشی 'مقاومەتی ئیبادەکردنی کورد' دا (شۆڕشی ئەیلول (پێشمەرگە)یەکی چالاک بووە.

لە 1966وە بۆ نزیکی 1970 بە هەمان (تۆمەت) جاش و کاسە لێسەکان هەڵیان دەکوتایە سەرمان و ئازار و موعانات و شەڕی دەروونی بێ ئامانیان دەگەڵدا دەکردین و دەیانویست وەک 'بارمتە' و 'بەدیل' بمانگرن یا بمانکوژن. لەبەر ئەوە ماڵ بە ماڵ و کوڵان بە کوڵان و گەڕەک بەگەڕەک خۆمان لێ دەشاردنەوە.

لە 11ی ئاداری 1970مەلا مستەفای بارزانی رێکەوتننامەی ئاشتی لەگەڵ حکوومەتی عێراقدا مۆرکرد، کەچی لە 1971 دا و لەلایەن ڕژێمی لایەنی یەکەم لە ڕێککەوتننامەکە، گلاوترین نەخشەی (شەهیدکردنی بارزانیی نەمر پیادەکرا، بەسیفەتی ئەوەی کە (نوێنەر و ڕابەر و ڕەمزی مێژووکردی کوردە) نەک بەسیفەتی شەخسیی خۆی کەدیارە ئەوەش بە تاوانێکی دژ بە مرۆڤایەتی دەژمێردرێت

لە ساڵی 1974 دا ڕژێمی بەعس رازی نەبوو لایەنی کەمی مافەرەواکانی گەلی کورد بدا و شەڕێکی بێ ئامانی

گرداێ ئەو وەخت دە ساڵم لە تەمەندا نەبواردبوو، چاکم لە بیرە کە بە سکێک تێر و دە سک برسی، ئەو خەڵکە لەترسی باڵەفڕە جەنگییەکانی میگ و سۆخۆی ڕژێم، لەو بەهارە تەڕ و سازگارەدا، لەو خاکە پڕ لە زەمەند و زەنویرە، وەک ئاردی نێودڕکی پەڕیوە و پەڕاگەندەی بن تاوێر و تاشەبەرد و ئەشکەوتان بووبوون، ئەو کونە ئەشکەفتەی خانەوادەکەمانی لێبوو، کە 5، 2 × 5، 3 ×5، 1 درێژی و پانی و بەرزی دەبوو، چەندین کەس و خێزان لە ژن و منداڵ خۆیان تێئاخنی بوو و لە بێجێ و ڕێییدا ئەوەی بیویرایە بخەوێت، دەبوایە بە دانیشتنەوە یاخود نۆبەتی بۆ وەرگرێت .

ئەرزی ئەشکەوتەکە تەڕ و شێدار و (دارو دیواریشی) کونی جڕوجانەوەری وەک مار و دووپشکی تێدابوون....

لەو وەختەیدا، ڕژێم لە بەکارهێنانی هەرچی جۆرە چەکێکی کە هەیبوو درێخی نەکرد، گوتەی ئەوە لە نێو منداڵە قوتابییەکاندا بڵاوبوو کە (هیندو فەرەنساو رووسیا) تۆپ و تەیارە و ناپاڵم و مین لە شێوەی (یاری) منداڵان بەبەعس دەدەن بۆ ئەوەی ئێمەی پێ بکوژن.

لە ژێر فشاری هێرشە ڕادەبەدەرەکانی فڕۆکەکاندا لەڕووی چەندایەتی و چلۆنایەتییەوە ؛لە خوێندن دابڕاین و لە هەر چرکەیەکدا چاوەڕێی مەرگی خۆمان بووین؛ بە چاوی خۆمان مەرگی چەندین ئازیزانمان بینی.....

ئـەو ئیبادەیەی لە سـەر پـردی گەلالە کرا بەو شـێوە هەمەجییانەیە، ناکرێ لە بیر بچێتەوە.......
لەگەرمەی شـەڕی ئیبادە و مقاومەت کردندا، بە هەوڵ و هیممەتی شـۆڕش، ڕەزامەندی ئێران لەسەر دالدەدانی خێزان و ژن و منداڵ وەرگیرا، بەو ڕەنگە بێ ئەوەی هیچ مافێکی ئەوتۆی پەنابەریمان هەبووبێت، پەنامان بە ئەوێ دا، ژیانی غەریبی و مەمرەمەژیی خێوەتگاکان و خوێندنی نێو کەپرەی حەسیر، وای لە هەندێ مامۆستا کرد، دڵمان بدەنـەوە و ڕەوش و بارو زروفی فەلەسـتینیەکانمان تێ بگەیەنـن، کە ئەوانیش ئـاوا پەراگەندە بوون و زۆربەیان کلیلـی دەرگاکانـیماڵەوەیان لای خۆیان پاراسـتووە و هیوایـان بـە هێزە کە ئـەو ڕۆژە بێت ئـەوان بەو کلیلانە دەرگاکانیان بکەنەوە!..
ئێمەش ئـەو کلیلانەمان لابوو، بەلام هەر لە مشـەختی و ئاوارەیـی ئـەو دیودا بوویـن، کە هەواڵی سـووتان و خاپوورکردنـی خانـوو و مـاڵ و کتێبخانەکەمـان)کە لە گەلالـە بوو)، پێگەیشـت، ئەویـش لە لایـەن ڕق و ناپاڵم هاوێژەکانی بەعس. ئیـدی لەمەودوا هیچ دەرگایەک نەما بەو کلیلانە بکرێنەوە.
لەو بەر ئەنجامەدا کەم تا کورت لە (نێوەڕۆکی) سیاسەتی شۆڤێنیسـتانەی بەعس گەیشتم و لەو مەنزوورەدا پەیێی بیرکردنـەوەی منداڵانـەی خۆم بە (شـیعر) گوزارشـتم

لێدەکــرد و دەمزانـــی زوڵم و زۆر دەســـتی یەکــە، ئەمما نەمدەزانی حاڵەتەکە چی پێدەڵێن، دەورووپشـــت ئەو گرێ کوێرەشـــیان بۆ کردمەوە بەوەی: کــە (بەعس دەیهەوێت کورد (ئیبادە) بکاو نەیهێڵی، بۆیە ئێمە لێرەین!!...)

لە تەنکاودا ئیبادەم ناســی، بێ ئەوەی لە قووڵاییەوە لە مەغــزا و ماهییەتـــی بگەم، هەتا کات و ســـاتی تەرحیل و راگواستنمان (پاشماوەی ناوچەی باڵەکایەتی) لە سەرەتای هەشـــتاکان و مـــاوەی قوتابییتیـــم لە کۆلیژی یاســـادا کە ئیبادەی لە ژێر ناوی جینۆســـاید و وەک (تاوانێک، بەپێی یاســـای نێودەوڵەتی) پێناســـاندم و ئەشـــکەنجەی نەفسی و جەســـتەیی کە لەگەڵ زۆربـــەی قوتابیانی کورد دەکرا، هەروەها هێرشـــەکانی ئەنفـــال و ژەهر باران و ئیعداماتی بە کۆمەڵ، وایان لێکردم کە پتر لەو بابەتە بکۆڵمەوە و بە دوای دابچم، بۆ ئەم مەبەســـتە و لە روانگەی هەستکردن بە مەسئولیەت و ئیلتزامی ئەخلاقی و مێژوویی، چەندین وتارو کورتە باس و لێکۆڵینەوەم لە سەر مافی مرۆڤ و (مرۆڤی کورد) نووسی، لەوانە (کورد و جینۆساید و یاسای نێودەوڵەتی) بەڵام لەسەرەتای 1995 دا لە پاش تالان و برۆکردنی کتێبخانە ماڵ و حاڵەکانمان لە شەڕی نەگریسی ناوخۆدا، نووسینەکانم ئەوانەی بڵاونەکرابوونەوە، لە گەڵ ئـــەو تالان و برۆیە کەوتن و لێرەدا جارێکی تر کەڵکەڵەی نووســـینەوەی ئەم باســـەم کەوتەوە سەر و جارێکی دی

کۆششــم کرد و هەندێ سەرچاوەم لێرە و لەوێ دەست خست و تێهەڵچوومەوە.......

لێکۆڵینــەوە لــە تاوانەکانــی ســەرۆکی ڕژێــم و دار و دەستەکەی، کاری چەندین لیژنەی پسپۆڕ و تایبەتمەند و دەیان و ســەدان بەرگی گەرەکە بۆ تۆمارکردنیان، لێرەدا من تەنیــا بە ئاقاری ئیبــادە و جینۆســایدکردنی کورددا ڕەت بــووم و لەمیانەی چەند ئاماژەیەکدا بڕێک نموونەم تۆمارکردووە .

بۆ ئەو مەبەســتە پلانی کورتە باسەکەم بۆ سەر شەش پار و بەو شێوەیەی خوارەوە داڕشت:

پــاری یەکەم: جینۆســاید، وەک واتا، دیــاردە، مێژوو و تاوانی نێودەوڵەتی .

پاری دووهەم: جینۆســاید، بە مەفهومــە فراوانەکەی، یان ڕێگاکانی ئیبادەکردن .

پــاری ســێیەم: نەخشــە و شــێواز و ئەنجامدەرانــی جینۆساید.

پــاری چــوارەم: ســزادانی ڕژێــم و دادگایــی کردنی... چۆن؟!.

پاری پێنجەم: جینۆســاید و بنەمای تەسـلیم کردنەوەی تاوانباران .

پاری شەشەم: جینۆساید کۆنیش بێت بەسەر ناچێت.

بۆ ڕوونکردنەوەی ئەوەی لای سەرەوە و وەک بەڵگەیەکی

بەردەست بۆ خوێندەڤانی بەڕێز، پاشبەندێکیشمان ئامادەکردووە کە لە چەند ڕێککەوتننامەی نێودەوڵەتی و چەند بڕیارێکی نارەوای سەرانی ڕژێم و لیستێکی نموونەیی گوندە کیمیایی لێدراوەکان و چەند وێنەیەک و لیستێکی دیکە بە ئامرازەکانی کوشتن و ئازارو ئەشکەنجەدان، کە لە لایەن ڕژێمەوە کراون؛ پێکهاتووە. ئومێدەوارم ئەو کورتە باسەم ئەمەکدارییەک بێت بۆ قوربانییان و شەهیدە سەربڵندەکانی وڵاتەکەم و بەشدارییەکی بچووکم لە (داکۆکی کردن لە مافی مرۆڤ) دا کردبێت.

هاوینەهەواری پیرمام
1996

پاری یەکەم

جینۆساید؛ وەک واتا، دیاردە، مێژوو، تاوانی نێودەوڵەتی

جینۆساید؛
وەک واتا، دیاردە، مێژوو، تاوانی نێودەوڵەتی

بەر لەوەی بچینە قووڵایی مەبەست، لەم تەنکاوەی پاری یەکەمدا بە پێویستی دەزانین وشەی جینۆساید روون و رۆشن بکەینەوە و شوێنی لە نێو تاوانەکانی دیکەی نزیک لە مەغزا و ماهییەتی خۆیدا دیاریبکەین و جوێی بکەینەوە، قامک نیشانی ئەوە بکەین کە ئەم تاوانە بە درێژایی دیرۆکی هەزاران ساڵەی مرۆڤایەتی، وەک دیاردەیەک، لەلایەن دیکتاتۆر و شەڕانگێز و تاوانکارانەوە، بە وەحشیانەترین شێواز ئەنجامدراوە و دیرۆکی کوردیش تێیدا بەشی شێری بەر کەوتووە، لە پاشدا پێدڤی کو ئەوە دیاریبکەین کە ئەو تاوانە مەزنە، ئەگەر تا شەڕی دووەمی جیهانیش هەروایی وەک دیاردەیەک بوو بێت، ئەوا

دوای ئەم شــەڕە، بە هــۆی ڕێککەوتنێکی نێودەوڵەتییەوە کە زێتر لە ســەد دەوڵەت واژوویان کردووە و چوونەتە ڕیزییەوە، وەک تاوانێکی نێودەوڵەتی ناسراوە و جەوهەر و ماهییەتی دەستنیشان کراوە و ئەو کۆڵەگە (ركن) انەی کــە ئەنجامدانی ئەم تاوانە دەســـەلمێنن دیــاری کراوە و بەو پێیەیەش ئەنجامدانــی قەدەغەکراوە و ئەنجامدەرانی سزایان بۆ دانراوە ؛ لە بەر ئەوە پاری یەکەممان بۆ سەر چوار پشکان دابەشکرد:

پشکی یەکەم
وشەی جینۆساید چۆن و لە چییەوە هاتووە؟

ناوزەدکردنــی ئیبــادە و قەتڵ و عام بە (جینۆســاید) و وەکارخســتنی لە یاسای نێودەوڵەتی ســزاییدا، بۆ یەکەم جار لە دوای شەڕی دووەمی جیهان هاتەکایەوە، کە تێیدا خەتەرناکتریــن مــاف، کــە مافی بوون و ژیانــە و بەندی ســێیەم لەجاڕنامەی جیهانی مافی مرۆڤ (1948) پێی لە ســەر داگرتــووە، دەرهق بە هەندێ گــرووپ و میللەت و کۆمەڵ، ئینکاری و نکوڵی لێکرا.

زاراوەی جینۆساید (GENOCIDE) لە دووبڕگە پێک هاتووە، یەکەمیان ((GENOSی یۆنانی بە مانای (ڕەگەز) و ئــەوی تریان (CIDE)ی یۆنانــی یا (CAEDERE)ی لاتینی واتای کوشــتن دەگەیێنێ و بەســەر یەکەوە مانای کوشــتنی رەگەزی مرۆڤ دەبەخشــێت و لــە مەفهوومدا مەبەست کوشــتنی بەکۆمەڵ یا قڕکردن یان کۆکوژییە .. هتد[1].

یەکەمین کەس کە ئەم زاراوەیەی چەسپاند و جێگیری کرد (RAFAL LEMKEIN) بوو کە بە ئەسڵ پۆڵۆنی و بەرەگەزنامە ئەمریکایی بوو و لە دوای شەڕی جیهانگیری دووهەمەوە پلەی ڕاوێژکاری وەزارەتی جەنگی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکای پێ بەخشرابوو .

ڕەنگە ئەوەی زیاتر وای لێکردبێت کە بیر لەو زاراوەیە بکاتەوە و بە شای تاوانەکان یا تاوانی تاوانەکانی بزانێت (بە دەر لەوەی کە بۆخۆی شارەزایەکی ئەم بوارە بووە)، ئەوەیە کە خانەوادەکەی دوای ئەوەی کە کەوتوونەتە دەستی نازییەکانەوە، خڕ قەتڵ و عام کراون[2].

٠٢

پشکی دووهەم:
شوێنی جینۆساید لە نێو تاوانەکانی دیکە و جوێکردنەوەی:

وەک ئاشـکرایە، هەموو ئەو تـاوان و گەورە کەتنانەی کە سیفەتی جیهانی و نێودەوڵەتییان هەیە بە دەستدرێژی و دوژمنـکاری دەژمێررێـن بۆ سـەر بەرژەوەندییەکانی تەواوی کۆمەڵگای نێودەوڵەتی، وەک پاراسـتنی ئاشـتی و ئاسـایش و بەر گرتن لە شـەڕ و تیرۆر و کوشتنی بە کۆمـەڵ و بەرگرتن و نەهێشـتنی جیاخوازیی ڕگەزایەتی و پاراسـتنی عورف و یاسـای شـەڕ لە نێو دەوڵەتان و جیهاندا.

لێک جودایی و هەمەچەشـنی ئـەو بەرژەوەندییانە، کە یاسـای نێودەوڵەتی سـزایی دەیانپارێزێ، وایکردووە کە تاوانەکانیـش هەمەجۆربن؛ بەو ڕەنگـە ئەگەرچی هەموو

تاوانەکان دەڕژێنەوە نێو یەک ڕووبار و لە یەک سەرچاوە هەڵقـولاون، دەشـوبهێنە ئێـک، بـەلام بەپێـی جیاوازی بەرژەوەندییەکان، شێوازو شوێن و کاتیان جیایە و لێرەدا بەگشتی پۆلێنی سەر چوار بەش کراون:

یەکەم :

تاوانەکانی دژ بە ئاشتی :

مەبەسـت لەمە ئەو هێرش و دوژمنکارییە چەکدارانەیە کـە بەپلانێکی داڕێژراوی بەروەختـەوە لەلایەن دەوڵەتی دەسـتدرێژکارەوە دەکرێتـە سـەر دەوڵەتی دەسـت بۆ درێژکراو، بەسێ هەنگاو (پڕوپاگەندەی ڕاگەیاندن، پیلان گێڕان، بەرپاکردن و ڕاگەیاندنی شـەڕی دوژمنکاری)؛ بۆ ئەم مەبەسـتەش بەندی (2) لە پـڕۆژەی ڕێککەوتننامەی تاوانەکانـی دژ بە ئاشـتی و سـەلامەتی مـرۆڤ (28ی تەمموزی 1954) وەسـفی تاوانەکانی دژ بە ئاشتی دەکا بەوەی کە: پڕوپاگەندەی ڕاگەیاندن وەک ڕێخۆشـکارێکی شەڕو گەف و هەڕەشە و خۆئامادەکردنە بۆ بەکارهێنانی هێـز لە دوژمنکاریەکدا؛ و ڕێکخسـتنی کۆمەڵ و گرووپی چەکدار بە مەبەستی هێرش بردنە سەر ئیقلیمی دەوڵەتێکی تـر، خۆ تێهەڵسـوین لـە کاروبـاری دەرەوە و ناوەوەی دەوڵەتێکـی دیکە و پیلان گێڕانی ڕێکخراو و بەرپاکردنی شـەڕی دوژمنکاری و دەسـتدرێژیانە، بـە تاوانی دژ بە

ئاشتی دەژمێررێن[3].

بە پێی ئەم مەفهوومە، رژێمی عێراق دوو شەڕی دەست درێـژکاری و دژمنکارانــەی بەرپاکــردووە، یەکەمیــان لــە دژی رژێمی ئێــران (1980 - 1988)کــە ئەمینداری پێشــووی نەتەوە یەکگرتوەکان (خافێر پیریز دی کویلار) ئــەوەی ســەلماند و عێراقی بە دەســتپێکەری شــەڕ دانا؛ دووهەم شەڕی دوژمنکاری ئەوەی کوێت بوو، کە لەگەڵ دەســتدرێژی و هێرشــی چەکدارانەدا لە (1990/8/2) دا داگیریشــی کرد (بڕیارەکانــی ئەنجومەنی ئاســایش لەم بارەیەوە، یەک لە بەڵگە و گەواهییەکانن).

دووەم :

تاوانەکانی دژ بە ئاسایشی بەشەریەت :

مەنزوور لەو تاوانانــە، هەموو ئەو گەورە کەتنانەن کە دڵەڕاوکێ و ترس و لەرز دەخەنە دڵی خەڵک و کۆمەڵگای نێودەوڵەتییەوە، بێ ئەوەی بگاتە حاڵەتی شەڕ لەنێوان دوو دەوڵەتــدا؛ وێنەی ئەم جــۆرە تاوانانە کە زیاتر لە حاڵەتی ئاشــتیدا بەرشــەقی بەر پاکردنیان هەیە (ڕفاندنی فڕۆکە) و تیــرۆر و تۆقاندنی نێودەوڵەتییە) و ئەوەی بەرایی دوو ڕێککەوتننامــەی نێودەوڵەتی بۆ تەجریمکردنی دەرچووە، یەکەمیان لە تۆکیۆ لە 14/ 9 / 963 و دواییشیان لەلاهای لە 16 / 12 / 1970[4] .

بـه گوێـرەی تیـرۆری نێودەوڵەتیشـەوە کـە خۆی لە تەقاندنـەوە و تێکدانی دامەزراوە گشـتییەکان و تێکدانی هێڵی شـەمەندەفەر و کوشتن و ڕفاندن و بڵاوکردنەوەی نەخۆشـی بەربڵاو ...... هتد، دەبینێتـەوە؛ لە زۆر بڕیارو ڕێککەوتننامەدا باسی سنووردانان و نەهێشتن و بەرلێگرتنی کـراوە، لەوانە پـڕۆژەی ڕێککەوتننامـەی تاوانەکانی دژ بـە ئاشـتی و ئاسایشـی بەشـەریەت (1954) لە بەندی دووەمیدا؛ و بڕیاری کۆمەڵەی گشتی نەتەوە یەکگرتوەکان (1970/12/11) تایبـەت بـووە بـە نەهێشـتنی تیـرۆر، هەمدیس لەم بارەیەوە دوو ڕێککەوتننامەی تر دەرچوون؛ یەکەمیـان ڕێککەوتننامـەی جنێـڤ (937/11/16) بۆ لە نێوبردن و سـزادانی تیرۆر و ڕێککەوتننامەی پەیوەست بە دامەزراندنی دادگایەکی سزایی نێودەوڵەتی، کە زامنی دادگایی کردنی ئەنجامدەرانی تیرۆر بکات، هەرچەندە ئەم دوو ڕێککەوتننامەیە تا ئەمرۆش جێبەجێ نەکراون لەبەر (بڕوایی نەدان) پێیان، بەڵام بەپاڵپشتی عورفي نێودەوڵەتی و بە هەڵهێنجان لە بڕوانامە و پەیماننامە نێودەوڵەتیەکان و بڕیارەکانی کۆمەڵەی گشـتی پابەست، ئەوە بڕاوەتەوە کە تیرۆری نێودەڵەتی، گەورە تاوانێکی نێودەوڵەتییە[5].

سێهەم :

تاوانەکانی جەنگ

ئەو تاوان و لادان و سەرپێچیانە دەگرێتەوە کە لەکاتی شەڕدا، دەرهەق بەو یاسا و خوونەریت و پەیماننامانە روودەدەن کە بارەکانی شەڕ رێک دەخەن و سنوور و چوارچێوەی بۆ دادەمەزرێنن؛ بە مانای ئەو تاوانانەی کە لە جەنگدا دەکرێن و دژ بە عورف و یاسای شەڕن وەک: سەودا و هەڵسوکەوتی نامرۆڤانە دەگەڵ نەخۆش و بریندار و ئێخسیرەکانی شەڕ و تێکدانی دامەزراوە گشتییەکان و ڕفاندنی ئافرەتان و ناچارکردنیان بۆ ئیشی خراپ و ئابڕووبەر، مامەڵەکردنی خراپ دەگەڵ خەڵکی باژێرڤانی لە ئێقلیمێکی داگیرکراودا، ژەهراویکردنی ئاو، بەکارهێنانی چەکی قەدەغەکراو و کوشتنی بە کۆمەڵ و تێکدانی گوند و باژێڕان و دزی و ڕاو و ڕووت لە موڵک و ماڵی دەوڵەت بەتایبەتی، سەپاندنی باج و رسومی ناڕەوا و هەر گەورە کەتنێکی تر کە تخوونی یاسای شەڕو زەرورەتی سەربازیی پێویست، ببەزێنێ[6].

نموونەی ئەم بڕوانامە و ڕێککەوتننامانەی کە زامنی بەرگرتن و نەهێشتنی ئەنجامدانی ئەم تاوانانەی لای سەرەوەن، لەکاتێکدا ئەگەر دەوڵەتان لە وەختی شەڕدا ئیلتیزامی پێوە بکەن: ڕێککەوتننامەی جنێڤ ساڵی 1864 و پەیماننامەی لاهای ساڵانی 1899 و 1907 هەروەها

ئەو لیستەی کە لە هەردوو: گەلالەنامەی نورمبێرگ و تۆکیۆ (بەندی 6/ب، بەندی5) دا هاتووە و بەندی (12/2) لە پرۆژەی ڕێککەوتننامەی تاوانەکانی دژ بە ئاشتی و ئاسایشی بەشەریەت و هەندێک لە بەندەکانی ڕێککەوتننامەکانی جنێڤ (1949) (بەندی (50) لە ڕێککەوتننامەی یەکەم وبەندی (51) لە ڕێککەوتننامەی دووهەم وبەندی (130) لەوەی سێیەم و بەندی (147) لە دوایەمین ڕێککەوتننامە) ... هتد[7] . ڕژێمی عێراق لە شەڕەکانی ناوخۆ و ئێران (نەمازە لەکاتی گرتنی شارەکانی ئەوەی دوایی (هەروەها شەڕی کوێت) مومارەسە کردنی تاوانەکانی جەنگی کردووە.

چوارەم :

تاوانەکانی دژ بە مرۆڤایەتی

ئەمەش جینۆساید و جیاخوازیی ڕەگەزایەتی (ئەپارتهاید) وتاوانی دژ بە مرۆڤایەتی (بە شێوەیەکی گشتی) دەگرێتەوە، بەم شێوەیە:

(1) جینۆساید: بەپێی بەندی دووەم لە ڕێککەوتننامەی لە نێوبردنی جینۆساید (1948/12/9) و سزادان لەسەر ئەنجامدانی هەر کارێکی بە مەبەستی لە نێوبردنی گشتی یا بەشێکی کۆمەڵ و گرووپێکی ئادەمیی لە سۆنگەی نیشتیمانی یا ئاینی یان تایەفەگەری و ڕەگەزایەتی، بکرێت

به جینۆساید دەژمێررێت، ئەمەش وەک کوشتنی ئەندامانی کۆمەڵێک و هێرش و دەستدرێژیی جەستەیی و سایکۆلۆژی بۆ سەریان، هەروەها خستنەژێر باری گوزەرانێکی ئەوتۆی کۆمەڵێک، کە ببێتە هۆی قڕبوون و ئاسەوار بڕانەوەی خڕ یـا پشـکێکیان، گواسـتنەوەی منداڵان بـە زۆر و زەبر، لە کۆمەڵێکەوە بۆ کۆمەڵێکی دیکە .... هتد.

لەبـەر کاریگەریـی و خەتەرناکیـی جینۆسـاید، ئـەو ناوەڕۆکەی لای سـەرەوە (بەندی شەشەم/ج) لە پێڕەوی دادگای سەربازیی نێودەوڵەتی جەختی لەسەر کردۆتەوە، هەروەها یاسـای ژمـارە (10) سـەبارەت بە سـزادانی ئەنجامدەرانی تاوانەکانی جەنگ و تاوانەکانی دژ بە ئاشتی و سـەلامەتی مرۆڤایەتی کە لە بەرلین لە 1945/12/20 دا واژووکراوەو، لە بەندی (2/ج) ئاماژەی بۆ کراوە جگە لە رێککەوتننامەی بەسەرنەچوونی تاوانەکانی شەڕ و دژ بـە مرۆڤایەتـی (3/ 12 / 1968) لـە بەنـدی (1/ ب) وا دەردەبـڕێ کە ئەم تاوانە هەچ کاتێـک ئەنجامدرابێت، بۆ مەسـەلەی دادگایی کردن و لێپرسـینەوە بە سـەرناچێت و کـۆن نابێت، هەروەها پڕۆژەی یاسـای تاوانەکانی دژ بەئاشـتی و سـەلامەتی بەشـەرییەت (1954) لە بەندی (10/2)یدا هەمان دەقی بەنـدی دووەمی رێککەوتننامەی جینۆساید (1948)ی دووبارە کردۆتەوە[8].

(2)جیاخوازی ڕەگەزایەتـی: وێنەیەکی تری تاوانەکانی

دژ بــه مرۆڤایەتییــە و لێــرەدا هــەر جیاوازییــەک یــا دوورخستنەوەیەک یاخود خۆ لەپێشترگرتن و خۆبالاترێنک هەبێت لەســەر بناغەی ڕەگــەز و ڕەنگ و بنەچە و ئایین و ڕەگەزنامەوە بێت بە شــێوەیەک کە ڕێگە لە پیادەکردن و داننان بە مافە سیاسی و سۆسیۆلۆژی و کەلتووری و ئابوورییەکانــی مرۆڤ بگرێت یا ســنووری بۆ دابنێت، بە جیاخوازیی ڕەگەزایەتی حسێبە[9] .

(3) تاوانەکانی دژ بە مرۆڤایەتی بە شــێوەیەکی گشتی: نموونەی ئەمە لــە بەندی (6/ج) لە بنەما هەڵێنجراوەکانی دادگاییەکانــی نۆرمبێرگدا هاتووە وەک کوشــتنی خەڵکی بازێرڤانیی و لەنێوبردنیان،(هەر کارێکی نامرۆڤانە) و (هەر چەوساندنەوەیەک) کە بەسەبەبی سیاسی و تایفەگەری و ئایینییەوە بێت بــە مەرجێک ئەگەر تاوانکردنەکە بەرامبەر یــەک کەس بێت. ئــەوا دەبێت بــە ســیفەتی ئینتمای ئەو کەســەوە بێــت بۆ گرووپێکی بەشــەریی ئــەوڵ تایبەتی و جیاواز[10].

لێرەدا، دوای ناساندنی هەرچوار جۆرە تاوانەکان، لێمان ڕۆشــن بووەوە کــە جینۆســاید، وێنەیەکی بەرجەســتەی تاوانەکانی دژ بە مرۆڤایەتییە و ئەگەرچی لە زۆر ڕووەوە دەگەڵ تاوانەکانی تریش تێک دەکاتەوە،بەلام خاسییەت و تایبەتمەندێتی خۆی هەیە و بە هۆیەوە دەکرێت لە تاوانەکانی دژ بە مرۆڤایەتیش جویێ بکرێتەوە، ئارمانجی جینۆســاید

نەهێشتن و لە نێوبردنی هەموو یان بەشێکی کۆمەڵ و گرووپێکە لە رووی لەشی و سایکۆلۆژی و بایلۆژییەوە، بەڵام تاوانەکانی دژ بە مرۆڤایەتی (بەشێوەیەکی گشتی) بریتییە لە چەوساندنەوەی خەڵکانێک بە ئەگەری سیاسی و ئایینی و تایەفەگەری.

جینۆساید وەک قامکمان بۆی ڕاکێشا، ڕووبەڕووی کۆمەڵ و گرووپێک دەکرێتەوە، بەڵام تاوانەکانی دژ بەمرۆڤایەتی لەوانەیە یەک کەس بگرێتەوە بە نوێنەرایەتی گرووپێکی بەشەری.

جینۆساید چ لەکاتی شەڕ و چ لە کاتی ئاشتیدا ئەنجامبدرێت جێگای سزادانە، وەلێ ئەوانەی دژ بە مرۆڤایەتی، تەنها لە ڕۆژانی شەڕدا سزای لەسەرە چونکە پەیوەستە بە ئەنجامدانی تاوانەکانی شەڕ و دژ بە ئاشتی.

لە نموونەیەکی تردا کە خاسیەتی جینۆساید چاکتر وەدەردەخات جیاوازیەتی لە (پیلانگێران دژ بە ئاشتی) کە وێنەیەکی تاوانی دژ بە ئاشتییە، بەوەی کە بۆ مەبەستی سزادان مەرجە تاوانکاران لە توێژی دەسەڵاتداران بن، واتە ئەوانەی نەخشەی سیاسەتی ولات دەکێشن، کەچی لە جینۆسایددا سزا بەسەر دەسەڵاتداران و کارمەندە گشتییەکانی دەوڵەت و تاقە کەسان، دەسەپێنرێت وەک ئەنجامدەرانی ئەم گەورەکەتنە[11].

پشکی سێیەم :
نموونەی جینۆساید لە مێژوو و مێژووی کورددا

جینۆسـاید، بـەر لـەوەی بکەوێتـە فەرهەنگی یاسـای نێودەوڵەتییەوە و تەجریم بکرێت و سزا و دیسپلینی دیکەی بەرلێگرتنی بۆ دابنرێت؛ بەر لەوەی کۆمەڵگای نێودەوڵەتی لێی بپرسـێتەوە و ئەنجامدەرانی مەحکـووم بکات، وەک دیاردەیەکـی زەق، دەمێکـە دەگەڵ گـرووپ و میللەتاندا ئاشـنایە و مێژووی سـەرهەڵدانی بۆ چەندین سەدە بەر لەدایکبوونی عیسـا (سـەلامی خوای لێبێت) دەگەڕێتەوە، لێرەدا بەو ڕەنگەی خـوارەوە چەند نموونەیەک دەخەینە بەر چاو:

یەکەم:
دیاردەی جینۆساید لە مێژوودا :
لـە سـاڵی 612پ.ز دا بابلییـەکان، قەسـابخانەیەکی

کۆمەڵکوژییان بۆ ئاشوورییەکان نایەوە و وەحشیگەرانە زۆربەیان قڕکرد و ڕەشــکردەوە و (نەینــەوا) یان تەواو خاپــوور و وێرانکــرد، تەنانــەت کاتێــک (گەزەنفــون)ی سەرکردەی سەربازی یۆنانی (نزیکەی 427-335 پ.ز) لە دوای دووسەد ساڵ بە خۆی و دەهەزار سەربازییەوە بە پێش پاشــماوە و شوێنەواری نەینەوادا تێپەڕبوو، بۆی ساغ نەبۆتەوە کە ڕۆژێک لە ڕۆژان شارێکی ئاوەدان بوو بێت[12].

هــەروەک لــە 596پ.ز دا، نەبوخوزنەســری پادشــای کلدانــی (نزیکــەی 605 - 562 پ.ز) شــاری یەهــودای ئیســرائیلی تارومارکرد و دوو شۆڕشــی ئەوانی لە سەر خاکــی یەهــودا، بە ئاگرو ئاســن، خامۆش کــردەوە و لە 539 پ، ز دا پادشــای فارســەکان (کۆرشــی یەکەم) بە وێرانکردنی بابل، یەهودەکانی ئازاد کرد[13].

لــە 10/ 2/ 1258 ی عیســاییدا، مەغــۆل و تەتــەر، بــە ســەرکردایەتی هۆلاکــۆ، ڕوویان لە بەغــدا کرد و لە مــاوەی(40) دانــە ڕۆژدا، قەتــڵ و عام و کوشــتارێکیان نایەوە، ژن و منداڵ و پەککەوتە و دیلیشی گرتەوە، لەلای ئــەوان ئەوەی شــەڕی دەکرد و ئەوەی تەسـلیم دەبوو، فەرقێکی نەبوو و ســەری دەبڕدرا، بــەو ڕەنگە لەو ماوە کەمەدا (80) هەزار کەس تەنها لە دانیشــتووانی شــاری بەغدا ئیبادەکران[14].

لـە 1492ی عیسـایی، دوای ئـەوەی کـە کیشـوەری ئەمریـکا دۆزرایـەوە، خودانی شـەرعی ئەم کیشـوەرە هیندییە سـوورەکان بوون، کـە ژمارەیان چەندین ملیۆن کەس دەبـوو و دوای کۆچکردنی گەلانی ئەوروپا بەرەو ئەوێ، ئەوان بوون بە بێگانە و ئێستا دوای چەندین سەدە کەپێویسـتە سـاڵانە زیاد بکەن کەچی ژمارەیان لە چەند سەد هەزارێک تێناپەڕێت، عەجەب وایە، ئەگەر بە شێوازی جیاواز، ئیبادە نەکرابن؟!![15].

لـە وێنەی جینۆسـایدێکی لە سـەرەخۆدا، لە سـەدەی نۆزدەیـەم، بەریتانیـا ئەفیوونی لە چینـدا بڵاو کردەوە و ئەوە کاریگەرییەکی تژی سـلبیانەی کردە سەر کۆمەڵگای چینی، نەخاسمە لاوەکان کەنەک هەرنەیان توانی داکۆکی لە ولاتەکەیان بکەن، بەڵکو لە چاوی ئەو ئەفیوونەدا بوونە بارگرانییش، ئەوەش خواست و ئاواتی ئینگلیزەکان بوو، کاتێکیش چین لە (1839) دا، مێنانی ئەفیوونی قەدەغەکرد و لـە بەرژەوەنـدی بەریتانیای داو کۆگاکانـی ئەفیوونی ئەوانی لـە ولاتدا بنبرکرد، بەریتانیا لـەو بارەیەوە دوای سـێ تاقـە سـاڵ لـە 1842 دا پەیماننامـەی (نانکین) ی بەسەر چیندا سەپاند، کە بە هۆیەوە زۆربەی کەنارەکانی چین لە بەردەم بازرگانی بەریتانیادا کراوەبێت، ئەوە بوو لە پاشـدا تەنازولی (هۆنگ کۆنگ) یشی بۆ بەریتانیا کرد، ئەمە لە مێژوودا بە (شەڕی ئەفیوون) ناوزەد کراوە[16].

یەکەم ڕۆژانی ئابی 1914 کە شـــەڕی یەکەمی جیهانی تێــدا بەرپا کرا، کۆمەڵێــک کاری جینۆســاید دەرهەق بە چەندیــن گرووپی جیاجیا ئەنجامــدران و ملیۆنەها کەس تێچوون.

لە 22/ 4/ 1915 دا لە کاتی شەڕی یەکەم، ئەڵمانەکان گازی ژەهــراوی (کلۆر)یــان لــە دژی فەرەنســاییەکان بەکارهێنــا و لــە دوای ئەوانیشــەوە ئینگلیــزەکان لــە 1915/9/25 یەکەم هێرشی گازییان کرد، لە 1915/4/24 سوڵتان عەبدولحەمیدی عوسمانی و ڕێکخراوی تورکیای لاو بــۆ وەدەرنان و لە بەین بردنــی ئەرمەنەکانی تورکیا (بــۆ بەرگرتن لە جیابوونــەوەی ئەرمینیای ڕۆژهەڵات لە تورکیــا)، خەتەرناکترین قەســابخانەی کــەم وێنەیان بۆ دروســتکردن و ڕووبــاری خوێناویــان نایــەوە، نزیکەی (300) هەزار قوربانی بە دەســتی سوڵتان عەبدولحەمید و لە ئاکامی هێرشــەکانی تورکیای لاویشــدا دەوروبەری ملیــۆن و نیوێــک جینۆســاید کــران و (800) هەزاریش ئــاوارە و پەراگەندە بوون . هــەر بۆیە کۆماری ئەرمینیا، لــەم چەنــد ســاڵەی دوایی، ئــەم ڕۆژەی بــۆ یادەوەریی گەورەترین کارەساتی جینۆساید تەرخان کرد کە دەرهەق بە ئەرمەنەکان کراوە[17].

لە ســاڵی 1933 یشــدا حوکمڕانێتی ئەوسای عێراق لە ناوچەی (ســمێل)ی ســەر بە پارێزگای (دهۆک)ی ئێستا

زیاتر لە (4) هەزار کەسی لە ئاشووریەکان ئیبادە و قڕکرد.

لە شەڕی نێوخۆی ئیسپانیادا (1936 1939-) فرانکۆی دیکتاتۆری ئەو وڵاتە، بووە هۆی لە ناوبردنی سەدان هەزار کەس، بە تایبەتی لە شارەدێی (جێرنیکا) کە بووە سەرچاوەی ئیلهامی پاپلۆ پیکاسۆ، لە تابلۆ بەنێوبانگەکەیدا.

1939تا 1945، ماوەی شەڕی دووەمی جیهان بوو، (18) ملیۆن لە خەڵکی شارستان ئیبادەکران لەوانە نزیکەی (700000 وە) ملیۆن یەهودی و بە ملیۆنەها رووسی و پۆلۆنی و بە سەدان هەزار فەرەنسی و هۆڵەندی و یۆگسلافی و...... هتد (18).

لە 1948دا ئیسرائیل لە (دێرياسین) دا قەسابخانەیەکی نایەوە و (252) کەس لە ئاکامدا تارومارکران؛ هەروەها لە 1979دا لە کۆماری ئەفریقیای ناوەراستدا بۆکاسای دیکتاتۆر، سەرپەرشتی کوشتن و خنکاندنی بە کۆمەڵی نزیکەی (100) منداڵی کرد[19].

نموونەی دیکەیش زۆرن، لەو ئیبادە و کۆمەڵکوژییانەی کە دیکتاتۆرە داخ لە دڵە ڕەگەزپەرستەکان بەرامبەر بە گەلان کردوویانە وەک ترۆخیلۆس و شاوشیسکۆ و سەدام و کاسترۆ و رادۆڤان کاراڤیچ، کە ئەوەی دوایيان بەناوی (پاکسازیی ڕەگەزایەتی)یەوە ئیبادە و قەتڵ و عامێکی

بەرفراوان و کەم وێنەی بەرامبەر بە گەلی ئاشتیخوازی بۆسنە ئەنجام دا بەتایبەتی لە شاری (سربرینتسیا) کە چل هەزار مرۆڤی تێدا ڕەشکرایەوە.

دووەم :

نموونەی جینۆساید لە نێو کورددا :

پەیوەندی کورد بە جینۆسایدەوە لە 1987و1988 ڕا دەست پێناکات، ئەو کاتەی کە رژێمی دیکتاتۆری بەغدا بەشێوەیەکی بەربلاو، چەکی کیمیایی لە دژدا بەکارهێنا، بەڵکو زۆر لەمە کۆنترە و باوو باپیرانمان هەر لە ڕۆژگاری میدییەکانەوە لە چەندین سەدەی پێش زاییـن، لەگەڵ ئەوەیشدا کە بەشداری بەشێکی زیندووی شارستانێتی ئینسانیان کردووە و هەمیشە پاڵپشت و هاوکاری گەلان بوون، کەچی لەسەر (داوا) ی مافی ئینسانی و کەلتووری و نەتەوەیی ڕەوای خۆیانەوە، بەردەوام لەسەر نەخشەی نەتەوە و گەلانی دنیادا هەوڵی ئیبادەکردن و سڕینەوەیان دراوە .

ڕەنگبێ بوونی چەندین تێرم و موفرەداتی وەک (قڕکردن، ئیبادە، ڕەشکوژی، قەتڵ و عام، لەنێوبردن، قەلاچۆکردن، فەناکردن، بەکۆمەڵکوشتن، تەفروتووناکردن، کۆکوژی، تار و مار ... هتد) لە فەرهەنگی زمانی کوردیدا و وەک گوزارشت و دەربڕین لە حاڵەتی (جینۆساید) و

بەکارهێنانیـــان لە ئەدەبیات و داســـتانەکانی قارەمانێتیدا، هەر لەو مەغزایەی سەرەوەدا سەری هەڵدابێت .
ئەوەتا (کەمال مســـتەفا) لەسەر حیســـابی ئیبادەکردنی کورددا ناوزەدکرا و بە (ئەتاتورک)، کاتێک کە ئەفسەرێکی بچووکـی ســـوپای عوســـمانی دەبێـت بۆ بەرەنـــگاری و بنکۆڵکردنی دەســـەلاتی عوســـمانی و پێکهێنانی دەوڵەتی تورکیای (نوێ!)، سەرباز و ئەفسەر و خەڵکی کورد دەکاتە وەسیلە و سووتەمەنی شەڕی تورکان، ئەویش بە قسەی بریقەدار و بەڵێنی گەورە، کە کوردیش لەو دەوڵەتە نوێیەدا مافی قەبەیان دەبێت کەچی دوای دەسەلات و حوکمڕانی، مەسەلەکە پێچەوانە کەوتەوە پەیماننامەی سیڤەری ڕەفز کردەوە و دەگـەڵ دوژمنەکانی دوێنێیدا (هاوپەیمانەکان)، (پەیماننامەی لۆزان 1923) ی مۆرکرد.
لـە 1925 دا شـێخ ســـەعیدی پیـران لـەرووی ئـەو باروزروفەدا ڕاپەڕی، بەلام حکوومەتی ئەتاتورک بە ئاگر و ئاســن ڕووبەڕووی بـووەوە و دوای لـە بەین بردنی شۆڕشەکە و ڕابەرو سەرکردەکانی، قەتڵ و عامێکی نایەوە کەزیاتـر لە (40) هەزار ئیبادەکران و ســـەدان هەزاریش لە (1925 - 1926) پەڕاگەندەی ئەودیو سنووران کران و لەســـەر زێدی باب و باپیرانیـان هەڵقەنێندران، تەنانەت نـاوی (کورد) یش قرکـرا و بوو بە (تورکی چیایی !!!)[20] و لەڕاپەڕینی (دێرسیم) یشدا کە تا 1942 درێژەی هەبوو،

نزیکەی (90) هەزار گوند لەسەر دەستی مستەفا کەمال قڕکران [21].

ئەم بارە، لەڕۆژگاریکی وەک ئەمڕۆی مافی مرۆڤدا، شتێکی ئەوتۆ نەگۆڕاوە و پلانی ئیبادەکردنی کورد هەروا لە گۆڕێیە و کوردستانی باکوور یەکێبینە لەبارودۆخی نائاسایدا دەژیت و لەکۆی زیاتر لە 635 بەندیخانە و زیندان، لە تورکیادا نیوەی کەوتوتە کوردستانەوە[22].

لەدوای شەڕی دووهەمی جیهان لە 1946دا بەهۆی پیلانێکی دەوڵەتە ئیقلیمی و زلهێزەکانەوە، کۆمارە ساوایەکەی مەهاباد رووخێنرا و لەبەرئەنجامی ئەوەدا داروودەستەی شای ئێران چەندین قەتڵ و عامیان نایەوە ئەوەش لەسەر رێوڕەسمی باپیرە گەورەیەوە کە هەر لەسەدەی شانزدەهەمەوە سیاسەتی (تەهجیر)ی وەک شێوەیەکی تواندنەوە و لەناوبردن بەرامبەر بە کورد پیادەکرد [23].

لە 1979 یشدا کاتێک گەلانی ئێران لە دژی زوڵم و ستەمی شادا ڕاپەڕین، نزیکەی (8) ملیۆن کورد لەو شۆڕشەدا پشکدار بوون و ڕۆڵیان نیشاندا و قوربانییان دا، کەچی حوکمڕانانی نوێی ئێران دەرهەق بە کورد هەر هەمان سیاسەتی پێشوویان پێڕەو کرد و هەر لە 1983 دا (59) کەسیان بەیەکەوە لە سێدارەدانکرد و ئێستاکە زیاتر لە (200) هەزار سەرباز و (3) هەزار بنکەی سەربازی

لە ئێران نیشتەجێ و جێگیرن بۆ جێبەجێکردنی سیاسەتی تواندنەوە و لە باربردن و قڕکردنی کورد [24].

هەموو ئەو شۆڕش و ڕاپەڕینانەی کە لە کوردستانی عێراقدا بەرپاکراون، دژ بە سیاسەتی تواندنەوە و لەنێوبردنی چین و توێژەکانی کۆمەڵگای کوردەواری بووە؛ بەتایبەتی ڕاپەڕینەکانی شێخ مەحموودی نەمر و بارزان لە سییەکان و چلەکانی ئەم سەدەیە و شۆڕشی ئەیلوولی نیشتیمانی (1961) وڕاپەڕینی 1991، کە ئەمەی دادێت چەند نموونەیەکی ئەو جینۆسایدانەیە:

لە (9)ی حوزەیرانی 1963 دا بەعسییەکان بەسەرکردایەتی زەعیم (سەدیق مستەفا)ی تاوانبار، ڕەشەکوژییەکی وەحشیگەرانەیان لەشاری سلێمانیدا نایەوە و بێ لێکۆڵینەوە و دادگایی، نزیکەی (360) کەس لە سێدارەدان کران و لە شوێنێکدا نێژران کەلە دواییدا بە (دەشتی مەرگ) نێوبرا، ئەمەجگە لەوەی دەیان کەس لە ژێر ئازار و ئەشکەنجەدان گیانیان لەدەست داوە و لە 24/ 4/ 1974 دا ئیبادەی 131 هاوولاتی لە مامۆستاو قوتابی و ئیدی، لە شاری قەلادزێدا کرا و هەر لەهەمان ساڵدا (90) کەسی بێ گوناه لە گەلالە و چۆمان و (42) کەس لەهەڵەبجە، بە هێرشی فڕۆکەکانی بەعس بە ناپاڵم و بۆمبی فسفۆر لە نێو چوون [25] .

لە ساڵی 1983 دا (8تا12) هەزار بارزانی ئیبادە و شوێن

بزرکـران، و له 1971 و 1980 بەدواوە، بەدەیان هەزار کـوردی فەیلی تەهجیر و شـوێن بزر کـران و له 1987 دا گوندی مەلـەکان (هەولێر) ئیبادەکرا و گوندی (چیمەن -کەرکووک) بەتەواوی بەسـەر سـەری دانیشتووانی دا ڕوخێنراو له حوزەیرانی 1988 دا (600) کەس لەوانەی کە له کەرکووک تەهجیر و دوورخرابوونەوە بۆ ناوچەی ڕومادی له باشووری عێراق، له سێدارەدانکران[26] و هەر له هەمان ساڵدا له چەند هێرشێکی (ئەنفاله بەدناوەکانەوە) (182) هەزار کەس، بەدەستی ڕژێمی دیکتاتۆری بەغداوە، جینۆساید کران....هتد .

لەولاتـر و لەهەوڵێکی ڕەشـکردنەوە و ئیبادەکردندا، له ساڵی 1962 دا حکوومەتی سووریا ویستی ئاماری گشتی دانیشتوان بکات، بەڵام کوردەکانی ناوچەی جەزیرەی لێ دەرهاویشت و بەو پێیە هەموو مافەکانی (هاووڵاتیتی) لەو کوردانە سەندرانەوە بە ناسنامە کۆنەکانیشەوە، لەکاتێکدا (ئەرکی سەربازی) یان لەسەر بوو و له سوپای سوریادا له سـالانی 1980 و 1982 دا بەزۆر وەک داردەست له دژی ئەم و ئەو بەکاردەهێنران[27].

لـە سـاڵی 1963یشـدا وەک پاسـاوێکی هەوڵەکانـی ئیبادەکردنی گەلی کورد، حکوومەتی سـووریا سیاسەتی (پشـتێنەی عارەبی) داهێنـا و بەهۆیەوە ناوچەی جەزیرە بـە درێژایی سـنووری تورکیا (15کم پانـی و 280 کم

درێـژی) بڕیاری چۆڵکردنی داو لە ئەنجامی ئەوە (332) گوندی کوردنشین تەهجیر کران و لەشوێنیاندا و بەناوی دامەزراندنی باغ و بێستان، عارەبەکانی تێدا نیشتەجێ کران و ناوچەکە تەعریب کرا و سـەرچاوەی ئەم سیاسەتەش (محەمـەد تالب جـەلال) ناوێک بووە کە لە شەسـتەکاندا ئەفسـەرێکی گەورەی ئەمنی سـووریا بووە و لەوکاتەدا کتێبێکـی بەنـاوی (لێکۆڵینەوەیەک دەربـارەی پارێزگای جەزیـرە لەسـەر ئاسـتی تایەفەگـەری و کۆمەلایەتی و سیاسـی) نووسیوە و تێیدا مەترسی لەبوونی کورد دەکا و داوای ئیبادە و جینۆسایدکردنیان دەکا[28].

پشکی چوارەم :
ناساندنی جینۆساید وەک تاوانێکی نێودەوڵەتی

بەکۆمەڵکوژیـی بەدرێژایـی مێـژوو، نەمـازە لەوەختی شـەڕی دووەمـی جیهانـدا، هەموو سـنوور و تخوبێکی بەزاند، چ لەڕووی چەندێتییەوە یا لەڕووی چلۆنایەتییەوە. بە ملیۆنان خەڵک ڕەشکرانەوە و بەڕشتبوونەوە، دووجار بۆمبـی کوشـندەی ئەتۆمـی قەدەغەکـراو، لەلایەن وڵاتە یەکگرتووکانی ئەمریکاوە لە 6و9ی ئابی 1945 دا بەکار هێنرا.

ئەمانـە هەمـووی وای لە چەنـد دەوڵەتێکی وەک (کوبا و هینـد و پەنەمـا) کـرد کە پێشـنیارێک بخەنـە بەردەم کۆمەڵەی گشـتی نەتەوە یەکگرتووەکان بەو مەبەسـتەی لـە جینۆسـاید بکۆڵرێتەوە و وەک تاوانێکـی نێودەوڵەتی بناسـرێت و مەحکووم بکرێت. ئەوەبوو کۆمەڵەی گشتی پێشـنیارەکەی لـە 1946/11/9 بـە لێژنـەی یاسـایی

ئەسـپارد و ئەویش لە هەمان مانگدا توێژییەوە تاکو بوو بـە پڕۆژەیەک و لە 1946/12/11 دا وەک (بڕیار)ێک لە کۆمەڵەی ناوبراوەوە دەرچوو کە تێیدا دەڵێ: جینۆسـاید تاوانێکە بەپێی یاسـای نێودەوڵەتـی و نکۆڵیکردنی بوون و ژیانـی تەواوی کۆمەڵ و گرووپی ئادەمییە، کە ئەوەش سـتەمێکە دەرهـەق بـە ویژدانـی گشـتی و ڕەوشـت و بنەماکانی نەتەوە یەکگرتـووەکان؛ دەگەڵ ئارمانجەکانیدا دژ و ناکۆکە و دنیای شارستانی مەحکوومی دەکات[29].

دوای ئـەوە کۆمەڵەی گشـتی، ئەنجومەنـی ئابووری و کۆمەڵایەتـی ڕاسـپارد کـە پـڕۆژەی ڕێککەوتننامەیەک سـەبارەت بە قەدەغەکردن و سزادان لەسەر جینۆساید، ئامادەبکات، بەپێی ئەوە ئەنجوومەنی نێوبراو ئەسپاردەکەی بەجێهێناو پڕۆژەی (ڕێککەوتننامەی قەدەغەکردنی تاوانی کۆمەڵکـوژی و سـزادان لە سـەر ئەنجامـدان) ڕەوانەی کۆمەڵەی گشـتی کردووە ئەویش بەژمارەی 260 ئەلیف (د-3) لە ڕۆژی 1948/12/9 بڕیاری لەسەر دا، بۆئەوەی بەپێی بەندی سێزدەمین، دوای واژووکردن و چوونەڕیز و بڕوایـی پێدانـی دەوڵەتـان، لـە 12ی کانونی دووەمی 1951 دا پیادەبکرێت[30].

بەندی دووەمـی ڕێککەوتننامەکە، بەم شـێوەیە تاریف وپێناسەی جینۆساید دەکا کە وێ دەچێ کاریگەریی دوو بۆمبـە ئەتۆمییەکەی بە سـەرەوە بێت: هـەر کارێکی کە

بەمەبەستی لە نێوبردنی هەموو یان بەشێکی کۆمەڵێکی ئادەمیی لە سۆنگەی نیشتیمانپەروەریی یان ڕەگەزایەتی یاخود جیاخوازیی یان ئاینییەوە ئەنجامدرابێت، بە جینۆساید دەژمێردرێت .

لە دیباجەی ڕێککەوتننامەکەشدا، دەوڵەتە واژووکارە ڕێککەوتووەکان باوەڕ دێنن بەوەی کە دەرباسکردنی ئادەمییەت لە بابەتی وەک ئەو پەتایە تووشە ئالیکاری نێودەوڵەتی، گەرەکە.

هەروەها دەوڵەتانی لایەن لە ڕێککەوتننامەکە، بۆئەوەی بڕ و بیانوو و پاساوی تاوانکاران ببڕن و هیچ بوارێکی زەمەنی بۆ ئەنجامدانی ئەم گەورە کەتنە نەهێڵنەوە کە تاوانکاران خۆیانی پێوە هەڵواسن؛ لەبەندی یەکەمی ڕێککەوتننامەکەدا باوەڕیی دێنن بەوەی کە جینۆساید ئەگەر لە ڕۆژانی ئاشتی ئەنجامدرابێت یان لەکاتی شەڕدا ئەوا جیاوازی نییە و سزا بەسەر ئەنجامدەرانیدا دەسەپێنرێت.

پەراوێزەکانی پاری یەکەم

(1) بروانە: د. عبدالوهاب حومد، الاجرام الدول، مطبوعات جامعة الكويت، الطبعة الاولى، 1978، ل237.
(2) هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل238 . هەروەها د.حسنين ابراهيم صالح عبيد، الجريمة الدولية/ دراسة تحليلية تطبيقية، دار النهضة العربية، الطبعة الاولى، القاهرة، 1979، ل262.
(3) د. حسنين ابراهيم صالح عبيد، سەرچاوەی پێشوو، ل151.
(4) هەمان سەرچاوە، ل 147.
(5) هەمان سەرچاوە، ل 224.
(6) هەمان سەرچاوە، ل235.
(7) هەمان سەرچاوە، ل 148، هەروا پەراوێزی (1) لەهەمان لاپەرەدا .
(8) هەمان سەرچاوە، پەراوێزی (3)، ل255 و 256.
(10) سەرچاوەی پێشوو، ل 149.
(11) سەرچاوەی پێشوو، پەراوێزی (3) ل 266.
(12) بسام العسلى، الحرب والحضارة، المؤسسة العربية للدراسات والنشر/ الطبعة الاولى، بيروت، ل138.
(13) هەمان سەرچاوە، ل19.
(14) هەمان سەرچاوە پەراوێزی (2)،ل31.
(15)الحملە العالمية لحقوق الانسان، حقوق شعوب السكان الاصليين، صحيفة وقائع رقم (9) مركز حقوق الانسان، جنيف. 1990، ل1و2.
(16)مجموعة من الخبراء، الموسوعة العربية الميسرة، الطبعة

الثانية، بيروت 1972، ل696 و ل1139.

(17)هەمــان ڕۆژ (1974/4/24) لەنێــو كــوردی باشــووری كوردستاندا، وەک ڕۆژی شەهید تەرخانكراوە، ئەوەش لە یادەوەری هێرشــی فڕۆكەی بەعس بۆ ســەر زانكۆی سلێمانی لە قەلادزێ كە 131كەس ئیبادە و شەهید بوون.

(18)د. حسنێن ابراهیم صالح عبید، پەراوێزی (2)، ل 255، هەر لەو بارەیەوە مارشاڵ(گۆرنگ) ی فەرماندەی هێزی فڕین و جێگری هیتلەر، دوای گەمارۆدانی شــاری لینینگراد دەڵێ: نزیکەی 20تا30 ملیۆن كەس لە ڕوسیادا لە برسان مردن. ڕوودانی ئەوەش كارێكی چاكە، چونكە پێویستە هەندێ میللەت ئیبادەبكرێن و هەر لە ئێستاوە ئێخسیرەكانی رووس وا یەكتری دەخۆن. بۆ زانیاری زێدەتر بڕوانە : د. عبدالوهاب حومد، ل ل 98و99.

(19)حقوق الانسان/ نشرة شهرية تصدرها لجنه الدفاع عن حقوق الانسان في العراق، ژمارە (3)، 1988، ل7.

(20) حمیــد بوز ئەرســلان، حول الاطروحــة التركية في التاريخ، دراسات كردية، ژمارە (3-7)، پاریس، 1992، ل38.

(21) جبهــة التحريــر الشــعبى الثوري، الشــعب الكــردي حقيقة، ل70.

(22) علي اكبابا / الوضعية في السجون التركية، دراسات كردية، ژمارە /4 (8)،1993، ل128.

(23) وليــم ايكلتن، خمســة و ثلاثون عاما من عمــر الصداقة مع الاكراد، سەرچاوەی پێشوو، ل 89 .

(24) حســن شرفي، ســلمية الشــعب الكردي في ايران وعدوانية الحكومة المركزية/ هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل131.

(25) د.محمــود عثمــان، الاكراد في العراق، هەمان ســەرچاوەی پێشوو، ل60.

(26)سەرچاوەی پێشوو، ل60.

(27)عصمت شـريف وانلــي، الاكراد في سـوريا و لبنان، هەمان سەرچاوە، ل68 و ل70 .
(28)هەمان سەرچاوەی ل69.
(29)د.عبدالوهاب حومد، ل238 و ل239 .
(30)د.حسنين ابراهيم صالح عبيد، ل261 و ل262 .

پاری دووهەم

جینۆساید بە مەفهوومە فراوانەکەی، یان ڕێگاکانی ئیبادە کردن

جینۆساید بە مەفهوومە فراوانەکەی، یان ڕێگاکانی ئیبادە کردن

جینۆسـاید بـە تەنهـا بریتـی نییە لـە قەتـڵ و عامێکی ڕاسـتەوخۆی ئێکسـەرە، بەڵکـو پلانێکـی داڕێـژراوی بەروەختـە، بـە نیـاز و هلۆڤانیی و ئیـرادە و پێزانینەوە، بەڵکـو لـە نێوبردنـی کۆمـەڵ و گرووپێکـی دیاریکـراو ئـەوەش مەرج نییە هەر بە تاقە شـێوازێک ئەنجامبدرێت بەڵکو تاوانکاران بـۆ بە ئاکام گەیاندنی تاوانەکەیان، نیاز و نیەتیـان بـە ئاقاری چەندین ڕێـگا و میتۆددا ڕۆییوە و دەچێـت، هەروەک بەنـدی دووهەمـی ڕێککەوتننامەی لە نێوبردنی جینۆسـاید ڕۆشـنی کردۆتەوە. لـەو پارەدا بە کورتـی ئاماژە بەو ڕێگایانە دەدەین و بۆ ئەم مەبەسـتە ڕژێمی فاشـی عێراق (تاوانکار) و کورد (تاوان لێکراو) لە

ماوەی دوای کودەتای 1968 بە گشــتی و دوای 1975 بــە تایبەتی، هەتا دوای راپەڕینی 1991 دەکەینە مەیدانی لێتوژینەوە.

لێرەدا جینۆساید بەو ڕێگا و میتۆدانەی خوارەوە ئەنجام دەدرێت کە یەکە یەکە لێیان دەدوێین و لەو مەبەستەدا ئەو پارەمان بۆ سەر پێنج پشک، بەو رەنگە دابەش کردووە:

پشکی یەکەم:

کوشتن و قەتڵ و عامی ڕاستەوخۆ :

ئەم ڕێگایە بە مەترسیدارترینی شێوازەکان دەژمێررێت چونکــە دەســتدرێژی و ئێنکارکردنــی (مافــي ژیانە) ئەو مافــەی کە لە بەندی ســێیەمی جاڕنامــەی جیهانی مافي مرۆڤ و بڕگەی (1) لە بەندی (6) ی پەیمانی نێودەوڵەتی تایبەت بە مافە ڕامیاری و باژێرڤانییەکان پارێزراوە.

کوشتن و قەتڵ و عامی ڕاستەوخۆ، بە هۆی قەسابخانە نانەوە بە هەر وەســیلەیەک بێت ئەنجامدەدرێت هەروەها لە ڕێگای وێرانکردن و خاپوورکردنی دێیەک یا شــارێک بە سەر سەری خەڵکەکەیدا وەک (هیرۆشیما و هەڵەبجە و ناکازاکی و جێرنیکا...) لێرەشدا تاوانەکە هیچ جیاوازییەکی نابێــت ئەگەر، دەرهــەق بە گرووپێک بکرێــت هەموویان پیاو بن، یا ئافرەت و پیر و پەککەوتەشــیان لەگەڵ دابێت، هەروەهــا ئەگــەر قەتڵ وعامەکــە تــەواوی گرووپەکەی

گرتبێتـــەوە یـــان هەندێکی وەکـــو یەکە، جگە لـــەوەش لە ئەنجامدانی ئەم کارەدا ڕەچاوی تەمەن و ڕەگەز و گەورە و بچووکی ناکرێت[1].

بەو پێودانگە، ڕژێمی بەعس، وەک هەوڵێکی ڕەشکردنەوە و بنبڕکردن، زۆر کوشتار و قەتڵ و عامی لە کورد کردووە، کە لە بن نایەن و لێرەدا تۆمارکردنیان کارێکی ئەستەمە، بۆیـــە تەنها چەند نموونەیەکـــی ئاماژە ئامێز دەخەینە بەر تیشکی توێژینەوە .

یەکەم :

لە سێدارەدان و لە سێدارەدانی بەکۆمەڵ

ئەم تاوانە دەرهەق بە خەڵکی بێگوناه هەروا لە گۆترە، بێ ڕەچاو کردنی ڕێورەســـمی دەسگیرکردن، بێ لێکۆڵینەوە، بێ دادگایی یان دادگایی رووکەش و کورت ئەنجامدراوە، لـــە کاتێکدا زۆربەی بڕوانامە نێودەوڵەتییەکانی تایبەت بە مافەکانی مرۆڤ بە گوێرەی ئەو دەوڵەتانەی کە سزای لە ســـێدارەدان کردنیان هێشتۆتەوە تەنها لە خەتەرناکترینی گـــەورە کەتنەکاندا ڕێگایان پێـــدراوە کەچی ڕژێمی عێراق لـــە 1976 ـەوە هەتا 1987 لە (29) حاڵەتاندا ڕێگا بە لە سێدارەدانکردن دەدات، کە زۆربەیان پەیوەستن بە خودی ســـەرۆکی ڕژێم و حیزبی بەعســـەوە، لە خۆچەسپاندن و نەهێشتن و ئیبادەکردنی حیزب و لایەنەکانی ئۆپۆزیسیۆن

و چین و توێژەکانی گەلی کورد[2].
لەوەشدا ڕێگای بە لە سێدارەدانکردنی کەمتر لە تەمەنی یاسایی داوە، یا بە زۆر تەمەنیان زیاد کراوە، کە ئەوە پێچەوانەی خودی یاساکانی عێراقی و نێودەوڵەتییە، ڕاپۆرتی ڕێکخراوی لێبوردنی گشتی ساڵی 1987 سەدان حاڵەتی لەو بابەتەی تۆمار کردووە، هەروەها دادگاکانی عێراقی نەمازە ئەو دادگایانەی کە تەماشای بە ناو تاوانە سیاسییەکان دەکەن، دادگای نائاساییں و ستافە دادوەرییەکەی لە عەسکەرییەکان پێکهاتوون، لە وانەی کە دوورن لە شارەزایی و ئیلتزامی قانوونی و تاوان دراوە پاڵ تێیدا مافي داکۆکی لە خۆکردنی نییە، هەروەها مافي هەڵوەشاندنەوەی (حق النقض) بڕیاری لە سێدارەدان هەر بۆ (سەدام حوسێنە و تا کار بەوەرا گەیشت سەدام بە سیفەتی ڕەئیسی مەجلیسی قیادەی سەورە بڕیاری ژمارە (700) لە 1988/8/27دا دەربکات کە تێیدا مافي بڕیار و جێبەجێکردنی خێراو دەست و بردی لە سێدارەدانکردن بە (منضمة) حیزبییەکان دەدا، لە مەسەلەی فیرار و تەخەلوفي عەسکەریدا!! کە لە ژێر ئەو پەردەیەدا، ڕۆژانە دەستەجەمعی لاوی کورد لە ئۆردوگا سەربازی و ڕێکخراوە بەدناوەکانی بەعس لە سێدارەدەدران. (بۆ دەقی بڕیارەکە بڕوانە پاشبەند).
لە 1987/12/12 دا، مەکتەبی تەنزیمی شیمال هی

حزبی بەعس کیتابیکی بە ژمارەی (6806) و بە ئیمزای (عەلی حەسەن ئەلمەجید) دەرکرد کە ناوەڕۆکەکەی مل پەڕاندنی ئەندامانی سێ خانەوادەیە لە کەسوکاری نەیارانی بەعس، کە زوو بە زوو، بە خێرایی جێبەجێ کرا، هەروەک حوکمی لە سێدارەدان بەسەر ئەوانەیشدا پیادەکرا کە بەپێی بڕیاری لێبووردنی 1988/9/6 هاتبوونەوە و خۆیان تەسلیم کردبۆوە[3].

لە سێدارەدانی (100) تا(150) کەس لە 11 ی تشرینی دووەمی 1987دا لە گوندی چیمەن (کەرکووک) هەروەها 23 کەس لە شەقڵاوەی سەر بە پارێزگای هەولێر لە هەمان مانگ و ساڵی ناوبراودا و نموونەی لە سێدارەدانکردنی بێ دادگایین. لەوانەی دیکەش کە لە سێدارە دراون لە 18 ی تشرینی دووەمی 1987 دا (31) کەس لە ئەندامانی پارتی دیموکراتی کوردستان – عێراق (دوای دادگایی کردنی سەربازی !) لە سێدارە دراون[4] و لە 15 ی کانونی دووەمی 1987دا (29) منداڵ (زارۆک) لە کۆی (300)یاندا لە شاری سلێمانی بە سێدارە قڕ کران و داوای خەرجیی لە سێدارەدان و تەسلیم کردنەوەی تەرمەکانیش لە خێزانەکانیان کرا[5].

بەپێی گەواهی شایەدێکیش لە پایزی 1986 دا، (19) تۆلازی کورد دوای ئەوەی دەست و چاویان بەستراوە، پێکەوە لەشیان وەک بێژینگ کون کون کراوە و نەهێڵراوە

وەک خوونەریتــی ئایینــی بشــۆردرێن و بــە جلــەوە لە گۆڕنراون[6]..

دووەم:

جینۆساید لە ڕێگای بەکارهێنانی ژەهرەوە:

بە پێی زانیارییەکانی ئەمنستی ئینتەرناشنال، لە تشرینی دووەمــی 1987 دا ڕژێــم لە ڕێــگای ئافرەتێکی بە کرێ گیراوەوە کە نێــوی (نەرمین حەوێز) بووە نزیکەی (50) کەس لە هاووڵاتی و حزبە نەیارە کوردییەکان، بە مادەی (ثالیۆم) قڕو سەقەت کردووە[7]، هەروەها لە 1988/6/8 دا و لــە کاتــی ئەنفالەکانــی بادینــان و دوای ڕەوکردنی ژمارەیەکــی فــرە بۆ تورکیا و ئێــران، توانی لە ڕێگای بە کرێ گیراوەکانیەوە لە یەکێــک لە ئۆردوگاکانی تورکیادا نان ژەهراوی بکات و لە ئاکامیدا نزیکەی (2) هەزار کەس تێبچن[8].

سێیەم:

فڕۆکە و چەکی تەقلیدی:

باڵەفڕەکانــی ڕژێم هەر کاتێک کە هێرشــیان بۆ ســەر ئاســمانی کوردســتان هێنابێــت، ئــەوا خــاڵ و شــوێنە شارســتانی و بێ دیفاعەکان ئامانجی ســەرەکییان بووە، لە ساڵی 1974 دا فڕۆکەکانی ڕژێم قەتڵ و عامی (131)

کەســی بێ گوناهیان کرد لە شاری قەڵادزێ (سلێمانی) و هەر لە هەمان ســاڵدا (90) کەس لە ئاکامی بۆمبی ناپاڵم و فســفۆری قەدەغەکراو، لەســەر پردی گەڵاڵە (هەولێر) جینۆســاید کران و لە 1987دا فڕۆکە جەنگییەکانی ڕژێم بە بیانووی شــەڕی عێراق – ئێران – ئۆردوگای زێوەی ئاوارەکانــی کوردســتانی عێراقیــان کوتاو لە هێرشــێکی بەربەریانەدا، بە تایبەت بۆ ســەر قوتابخانەی ئۆردوگاکە نزیکــەی (350) منداڵی تەمەن (6-12) ســاڵی تێدا ئیبادە بوو[9].

هەروەها لە ســاڵی 1985 ڕژێم بە فڕۆکەی هێلیکۆپتەر و ســەمتی، بۆردومانی کۆمەڵێک شاری کوردستانی کرد کە لــە ژێر ئیــدارە و کۆنترۆڵــی خۆیشــیدابوون لەوانە: هەولێر، مووسڵ، زاخۆ، سلێمانی[10]. جگە لەم هێرشانەی دوای ڕاپەڕینــی 1991 کە لە هەموو لایەک ئاشــکرایە و بە سەدان و هەزاران کەس کەوتنە بەر شاڵاوی ئیبادە و ڕووبەڕووی چارەنووسی مان و نەمانیان بوونەوە.

چەکــی تەقلیدی کــە ڕژێمی عێراقی بە ســەدان جار بە کاری هێنــاوە چ وەک بۆمبی ناپاڵــم کە چەندین پارچەی لێدەبێتەوە و زیانی گیانی و ماڵیی گەورەی لێدەکەوێتەوە، چ وەک میــن و تــی ئێن تــی، یاخود بۆمبی فســفۆری و هێشــوویی، یا تــۆپ و هاوانی جۆرا و جــۆر، هەموویان قەدەغــەن و بەشــێکی ئــەم چەکانــە لە کۆنگــرەی مافی

مرۆڤی نێودەوڵەتیی لە تاران (1968) گفتوگۆی لەسەر کراوە و ڕێککەوتننامەیەک و (3) پرۆتۆکۆلی نێودەوڵەتیی دەربارەی قەدەغەکردنی ئەم چەکانە مۆر کراوە؛ چونکە بەکارهێنانی ئەم چەکانە وەک لە پێکهاتەکانیان ڕا دیارە، زێتر ڕووبەڕووی خەڵکی مەدەنی دەکرێنەوە و زیاتر زەرەر بە ئەوان دەگەیێنێ، وەک لە نێوانی دوو سوپا یا هێزی چەکداری دوو دەوڵەتدا بەکاربێت، هەروەها لە بەکارهێنانی ئەم جۆرە چەکانەدا تەڕ و وشک بە یەکەوە دەسووتێ، واتە کارەساتێک لە شێوەی ئیبادەی جەماعیدا ڕوودەدا و بریندار و پێکراوەکانیش ئەوەندە زۆر دەبن کە چارەسەرکردنیان زەحمەت دەبێت و لە توانای دەوڵەتان بەدەر دەبێت[11]. کەچی لەگەڵ هەموو ئەو پێزانینانەشدا، بەرشتبوونەوە ڕژێم هەموو ئەو چەکانەی لە دژی کورددا وەکار خست.

چوارەم :

چەکی کۆ کوژی کیمیایی :

ڕژێم لە نەخشە و پلانێکی نوێی دیکەدا کە هەموو کوردستانی گرتەوە و پێی وا بوو کە کورد بەرەو کۆتا دەبات، چەکی کوشندە و کۆکوژی کیمیایی بەکارهێنا، بەوەش سەدام حسێن تخوبی ئەڵمانەکان و بەریتانییەکانی، (شەڕی یەکەم) هەروەها ئەمریکییەکانی (شەڕی دووهەم)

بەزاند، چونکە ئەوان چەکی ئیبادەی جەماعیان بۆ گەلانی تــر بەکارهێنــا کەچی ســەدام بــۆ گەلێکــی بەکارهێنا کە رەگەزنامەی عێراقییان هەڵگرتبوو.
لــە مێــژە کۆمەڵگای نێــو دەوڵەتــی بەکارهێنانی چەکی کۆکــوژی وەک کیمیایی قەدەغە و تەجریم کردووە و بۆ یەکەمین جار لە جاڕنامەی (ســان پیترسپۆرگ) لە ساڵی 1868 باس کراوە، لە ژێر ناوی قەدەغەکردن و ســنوور بــۆ دانــان لەبەکارهێنانی ئەو چەکانەی کە نائینســانین و موعانــات و ئــازار بۆ چەکدار و ســەربازەکان دەنێنەوە، کە هیچ پاســاوێکیان بۆ نییە، یا ئەوەتا ژیانی دانیشــتووە بازێرڤانییەکان دەخاتە مەترسییەوە[12]..
لــە دوای ئــەوە هەرتک رێککەوتننامەی لاهای ســالانی 1899 و 1907 لــە بەنــدی (1/23)ی هەردووکیانــدا ئــەم چەکەیان لە ژێر نــاوی (بەکارهێنانی ژەهر و چەکی ژەهراوی) دا قەدەغەیان کردووە[13]..
هەروەها پەیمانی ڤێرسای (1919) هەمدیس باسی لێوە کردووە:
وردتر و تەرخانی تریش لە وانەی سەرەوە، پرۆتۆکۆلی (جنێڤ)ی ســالی 1925 ـ بۆ بەر لێگرتن لە بەکارهێنانی گازە خنکێنــەر و ژەهراوییــەکان و مەوادە میکرۆبییەکان لە شــەڕدا، ئەم پرۆتۆکۆڵە کــە (113) دەوڵەت بڕواییان پــێ داوە و لــە 17 ی تەمــوزی 925 لەلایــەن دەوڵەتــە

هاوبەشــە ریککەوتووەکاندا کە زلهێزەکانیشی تێدا بووە، واژوو کراوە، ئەمــەش دوای ئەوەی کە خەتەرناکیی ئەم چەشنە چەکانە لە کاتی بەکارهێنانیاندا لە شەڕی یەکەمدا دەرکەوت، کاتێک کە ئەڵمانەکان لە دژی فەرەنسابییەکاندا بەکاریــان هێنا و قوربانییەکانی گەیشــتە نزیکەی (100) هەزار کوژراو و ملیۆنێک بریندار[14].

لە دوای ئەم پرۆتۆکۆلەش، لە روانگەی بە تەنگەوەهاتن و جەختکردنەوە، کۆنگرەی گشتی چەک داماڵین کە ساڵی 1933 لە جنێف بەستراوە و بڕیاری کۆمەڵەی گەلان کە لە 1934/9/14 دا دەرچووە، تەئکیدیان کردۆتەوە[15].

بەو رەنگە هیستریای سڕینەوە و ئیبادەکردنی کورد لە پارچەی عێراقدا، وای لە رژێمی بەغدا کرد کە ســەرپێچی هەمــوو بەڵگەنامــەکان بــکات و هەمــوو پابەندبوونێکی یاسایی و نێودەوڵەتی و ئەخلاقی بەلاوە بنێت و ئابڕووی کەرامەتــی مرۆڤایەتی ببات و وێنــەی ئیبادە و قڕکردنی چاخە تاریکەکانی دەیان سەدەی لەمەوبەر زیندوو بکاتەوە و کورد بە چەکی کۆکوژی کیمیاوی تار و مار بکات.

رژێم وەک جێبەجێکردنێکی بڕیاری رۆژی 1987/3/29ی مەجلیسی قیادەی سەورە: بۆ یەکەمین جار ئەم چەکەی لە شێخ وەسانان و دۆڵی بالیسان (هەولێر) لە 1987/4/15 دا لە شــێوەی گازی خــەردەل بەکار هێنا کــە لە ئاکامی ئەوەدا نزیکەی (500) کەس شــەهید و بریندار بوون، بە

مانای (109) کەس ئیبادە و (380)یش پێکراو، ئەندامێکی پێشووی موخابەراتی عێراقی دەربارەی هێرشی کیمیایی ئـەم ناوچەیە گەواهـی دەدا و دەڵـێ: خەڵکەکە پێکراو و بریندارەکانیان بۆ نەخۆشـخانەی کۆماری، بە ئۆتۆمبێلی تایبەتـی هێنـا کە ژمارەیـان لە (380) کـەس پتر بوو و زێتـری پیرەژن و منداڵ بوون، لـەوێ لە ژێر چاودێریدا مانەوە و بە فەرمانی رژێم چارەسەرکردنیان پشت گوێ خراو هاتوچۆ و پەیوەندی پێوە کردنیشیان قەدەغە کراو دوای ئەوەی رۆژێک مانەوە لە شەوی دووەمدا لە یەکێک لـە بینایەکانی شـاری هەولێر زیندانی کران و لەوێشـدا چەنـد رۆژێک مانەوە و پاشـان بۆ شـوێنێکی نادیاریان بردن، بەڵام شاهێد هەیە کە لە نزیک بەندیخانەکەدا بووە دەڵێ: هەموویان زیندە بە چاڵ کران[16].

لـە دوای ئەوەدا لـە 1987/5/27 دا گونـدی مەلەکان (رەوانـدوز- هەولێـر) کـە 85 کـم لە سـنووری عێراق – ئێرانـەوە دوورە و ژمارەیـان 49 کـەس بووە، چەند فڕۆکەیەکـی جەنگی عێراقی هاوکات لەگـەڵ بۆردومانی دوو گونـدی دیکـەدا (بلـە، گنـدۆک) بـە گازی خەردەل تـەواوی ئەو 49 کەسـەیان جینۆسـاید کـردووە، دوای زیندە بەچاڵکردنی بریندارەکان[17].

لە 16 و 17 و 18 ی ئاداری 1988 دا شاری هەڵەبجە (سـلێمانی) کە دانیشـتووانی لە دەوروبەری 90 تا 110

هــەزار کەس دەبوون بە گازەکانی ســیانید و خەردەل و (تابۆن و ســارین و ســۆمان) قڕکران بە شــاری مردوو و خامۆشــان دنیــای مرۆڤایەتی هەژاند و رای گشــتی و شــەقامی دەوڵەتانی رۆژئاوای ورووژاند و رۆژنامەکانی ئەو وڵاتانە بە چڕوپڕی باسی ئەو کارەساتە کەم وێنەیەیان کــرد[18] و ئەگەر هێز و فشــاری گەلانی ئــەو دەوڵەتانە لە ســەر حکوومەتەکانیــان نەبوایە، نە باســی دەکراو نە مەحکوومیش دەکرا، چونکە سیاسەت و بەرژەوەندی ئەو دەوڵەتانــە بەرامبەر بــە عێراق، ئەوکاتە، لــەوەدا بوو کە پەردەپۆشی ئەو تاوانە گەورەیە بکەن!! .

ئەنجامــی ئەو کارەســات و قڕکردنە پتــر لە (5) هەزار شەهید و دوو ئەوەندەش بریندار بوون کە بەهری زیاتریان ئافرەت و منداڵ بوون و بە هەزارانیش پەڕاگەندەی دیوی ئێران بوون.

ئــەو ژەهرباراندنــە، بــەدەر لــەوەی کە لــە رۆژنامە و هۆیەکانــی راگەیاندنــی جیهانــی و ئەورووپی باســی لێوە کــرا، وەک ســەلماندنێک مانگــە دەســکردەکانی ئەمریکا و بەریتانیــاش وێنەیــان لێگــرت و ئــەو بڵاوکــراوە و مەنشــووراتانەیش کە رژێم بە فڕۆکە بەســەر ئاســمانی هەڵەبجەدا پەرشــی کردن و تێیدا هەڕەشەی بەکارهێنانی چەکی کیمیایی کردبوو، ئیسپاتێکی حاشا هەڵنەگری ترە.

جێــگای باســە، کــە ئیبادەکردنــی کــورد، جارێکــی تر

پیادەکردنــی پرۆتۆکۆلی (جنێڤ)ی ســاڵی 1925 بە بیر کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی هێنایەوە، بەڵام بێ ئەوەی باســی کــورد بکرێت، کۆنگرەکە لە پاریــس لە کانوونی دووەمی 1989 و بە ئامادەبوونی نوێنەرانی 149 دەوڵەت گرێدرا، بۆ بەر لێگرتن لە بەکارهێنانی چەکی کیمیایی و پشتەوانی لە بەجێ گەیاندنی بەندەکانی پرۆتۆکۆلی جنێڤ لە بەیانی کۆتایــی کۆنگرەکە کە لە (6) بڕگە پێکهاتووە، بڕگەی (3) یەمی دەڵێ:(دەوڵەتانی بەشــداربوو لە کونگرەدا پێویستی گرێدانی زووبەزوویی رێککەوتننامەیەک جەخت دەکەنەوە، ســەبارەت بە قەدەغەکــردن و بەرهەمهێنان و داکردن و بەکارهێنانــی چەکــی کیمیایی و لــە نێوبردنی ئەو چەکە، پێویســتە ئەو رێککەوتننامەیەی کە گرێ دەدرێ گشتگیر و جیهانی بێت و شایانی پیادەکردنێکی کارا بێت[19].

هــەروەک لــە کانبێــرای پایتەختی ئوســترالیا لە 19 ی ئەیلوولی 1989 کۆنگرەیەکی تری جیهانی ســەبارەت بە چەکــی کیمیایی بەســترا، بەڵام ئەمجارەیــان ناوی کورد هاتەوە گۆڕێ و وەزیری دەرەوەی ئەو کاتەی ئوستراليا کارەســاتی هەڵەبجــە و قوربانییەکانــی وەبیرخســتەوە، هــەروەک رێکخراوی جیهانــی کارمەندانی تەندروســتی و مافــی مرۆڤ لە ســەر داوای مســتەر جان مارتنســی جێگری ئەمینداری گشــتی (UN) بــۆ مافەکانی مرۆڤ لە 24-27 مایسی 1989 دا لە جنێڤ کۆنگرەیەکیان بەست

بـۆ لێکۆڵینەوە لە کاریگەریی چەکی کیمیایی و بایۆلۆژی، ئەمانە هەمووی بە گوفتار بەڵام بە کردار دیارە کە شتێکی ئەوتۆ نەکرا[20].

پێنجەم :

ئەنفالە بەدناوەکان :

ئەنفـال ناوێکی دیکـەی جینۆسـاید و ئیبادەکردن بوو، کە هەموو رێگاکانی پێشـوو و هی تریشی بە شێوەیەکی فـراوان گرتـە خۆی . رژێم ئـەوەی لە نێـوان 1987 تا 1989 ئەنجامیـدا ناوی نا ئەنفال، بەڵام ئەنفال لە 1983 و لـە بارزانییەکانەوە دەسـت پێـدەکات، ئەگەرچی رژێم ئـەو ناوەیشـی لێنەنابێت، ئـەو کاتەی کە نەخشـەیەکی پیلانگێڕانەی مکومی بۆ لەنێوبردنیان دارشت و لە قۆناخی یەکەمـدا لەسـەر خاک و ئاوی خۆیـان هەلقەنێنران و لە ئـوردوگا زیندانییەکانی وەک قوشـتەپە و دیانا و هەریر ئاخنران و لە پاشـدا بە فەرمانی سەدام، هەردوو بارزان تکریتی و وەتبان تکریتی دایک براکانی سەدام، هەستان بە رێکخستنی هێزێکی پێکهاتوو لە فرقەی موخابەرات و چەند یەکەیەکی تایبەتی سـوپا و دەوری ئـەو ئۆردوگایانەیان گـرت و لـە 1983/7/30 دا توانیـان زیاتـر لە (8000) بارزانی لە سـەرووی (8) ساڵییەوە بگرن کە (315) یان

له نێوان 8 تا 17 ساڵیدا بوون و بەپێی گەواهی شایەدان، بەرەو باشووریان بردن و تا دەورووبەری بەغدا بینراون و پاشان ون بوون[21].

بەپێی هەندێک گۆتە، کشتیان ئیبادەکردوون و بەر لەوە خوێنیان لێ بەتاڵ کردوون و بە کۆمەڵ لەسەر سنووری عێراق – سعودیە ژێرگڵ کراون. لەوەش کارەسات تر کە وەک نەنگییەک بە نێوچەوانی مرۆڤایەتییەوە دەمێنێتەوە، بارودۆخـــی ئەو ژن و منداڵانە بوو کە لەو ئۆردوگایانەدا هێشـــتبوویاننەوە و دەوروبەریان بە ئەمن و موخابەرات گیرابوو و ئاو و کارەبایان بە سەردا بڕیبوون و دەستدرێژی بەردەوامیان دەکردە ســـەر و ئازووقەیان لێ بڕیبوون و بەردەوام بە تەقەکردن و بە نیوەشـــەو چوونە ســـەریان و بە دەرگا شـــکاندن، ئیرهابیان دەکردن، بەشێوەیەک کە نووســـەرێکی گەورەی عێراقـــی وەک (کنعان مکیە) دوای ئەوەی کارەســـاتی ئیبادەکردنی ئەو خێزانانەی بینیوە بە قەناعەتەوە گوتوویەتی: هەســـتم بە شەرمێکی قووڵ کرد کە تەعبیری لێناکرێ، بە خۆم شەرم بوو کە من لەعێراقدا لەدایکبووم[22].

لـــە دوای 1987، دیکتاتۆری عێراق و دارودەســـتەکەی قۆناغێکی مەترسیدارتری لە جینۆساید دەستپێکرد، لەژێر نـــاوی (ئەنفالەکان)، دیارە ئەوەش هەر لە خۆڕا نەبووە و پێشـــتر بەرنامەیەکی بەروەختی بۆ داڕشتووە و بڕیاری

بـۆ دەرکردووە، ئەوەتا لە 1987/3/29 بەناو مەجلسـی قیادەی سەورە مافی ئەنفال کردن و وێرانکردنی شارەکانی کوردســتان لە رووی عەســکەری و ئەمنی و مەدەنییەوە بە "عەلی حەســەن ئەلمەجید"ی ناسراو بە عەلی کیمیاوی یا عەلی ئەنفال دەدا و بەڕادەیەک کە عەلی ئەنفال ڕێگای پێدراوە هەموو ئەو یاسایانە رابگرێت کە لەگەڵ ناوەڕۆکی بڕیـاری ناوبراودا، ناکۆک بـن (بۆ دەقی بڕیارەکە بڕوانە پاشبەند).

بەرنامــەی ئەنفالکردن بە چــوار قۆناغ دانرا، کە ئەنفالی یــەک و دوو و ســێ و خاتیمــەی ئەنفالــەکان بوو، کە لە رووی جوگرافییەوە هەموو کوردستانی گرتەوە و بریتی بــوو لە تێکدان و وێرانکردنــی گوند و دێهاتەکان و تاڵان و بڕۆ و راگواســتن و ئەتککردنی شــەرەف و کوشتن و لەنێوبردنی بە کۆمەڵی خەڵکەکەی.

ســەرەنجامی هەر چوار ئەنفال کە لە 1987 تا 1989 درێژەی هەبوو، بووە هۆی خاپوورکردنی 1276 گوند لە کۆی 3839 گوند و شارۆچکە لە 1968ـەوە[23].

بــە گوێرەی ژمــارەی دانیشــتووانی ئــەو گوندانەیش، ئەوانەی کە بەپێی بەرنامەیەکی رێکخراوەوە ئیبادەکراون دەگەنــە زیاتــر لە (180) هــەزار کەس، بــەو رەنگە ئەو ئیبادەیەی کە لە شــێوەی ئەنفالــدا ئەنجامدرا مەگەر هەر نازییەکان یاخود ســربەکان دەرهەق بە بۆسنییەکان بەو

بەرنامەڕێژیی و نەخشەسازییە ئەنجامیان دابێت، هەر بۆ نموونە یەک لەو نامانە کە دوای ڕاپەڕین دۆزراونەتەوە و (نهێنی و تایبەتی) بە سەرەوەیە و لە دەسەڵاتێکی بەرزەوە دەرچووە، لە وەسفي (هێرشی ئەنفالی نموونەیی و قارەمانانە) دا نووسراوە کە 2532 کەس و 1869 خێزان گیران و بۆ ئۆردوگایەک نێردران[24]. وەک تەئکیدکردنەوەیەکیش لە ژمارەی 182 هەزار: لە کاتی دانوستانی وەفدی بەرەی کوردستانی لە گەڵ سەرانی ڕژێم، لە بەهاری 1991 دا، لەو کاتەی کە وەفدەکە لە چارەنووسی ئەو ژمارەیەی کۆڵیوەتەوە 'عەلی حەسەن ئەلمەجید' کە ئامادەی دانیشتنەکە بووە گوتوویەتی ژمارەکە لە (100) هەزار تێناپەڕێ! کە دوژمن دان بە 100 هەزار بنێت مانای وایە 182 هەزارەکە ڕاستە و جگە لەوەش لیستی ناوی (15-17) هەزار ئەنفالکراو لەو ژمارەیەی لای سەرەوە لەلای مستەر (دێر شتوئیل)ی بڕیاردەری تایبەتی مافي مرۆڤ لە عێراقدا هەیە و لەسەر ئەوە بەڕێزیان ئیبادەکردنی ئەو ژمارەیە (182 هەزار) بە دوور نابینێ و پێی وایە خەمڵاندنێکی واقعییە[25].

سەرەڕای ئەوەیش، سەبارەت بەوانەی گیراو و بەندکراون، عەلی حەسەن ئەلمەجید لە 1989/1/26 دا لەگەڵ کۆمەڵێک فەرماندەی عەسکەری و ئیستخباراتی و حیزبی کۆبووەتەوە، کە لەسەر کاسێتێک تۆمار کراوە،

تێیدا دەربارەی ئەو خەڵکە بێ گوناهانە گوتوویەتی:
بایەخ پێدانیان مانای شاردنەوەیانە بە شۆفڵ، وشەی بایەخ پێدانیان ئەوە دەگەیەنێ ئەو کەسانە خۆیان تەسلیم کردووە، ئایا ئەوە مانای ئەوەیە کە لەسەرمە بە زیندوویەتی بیانهێڵمەوە؟ ئەو خەڵکە لە کوێ دابنێم، زۆرن؟ بۆیە بەسەر کەرتەکانم (مقاطعات) دابەشکردن و لەوێدا وامکرد کە شۆفڵەکان بە بێ وەستان بێن و بچن[26].

ئایا ئەمە ئەوە ناگەیەنێ کە دیاریکردنی ئەنفالکراوەکان بە 182 هەزار ئەگەر زیاتریش نەبوو بێت، ئەوا بێشک لەوە کەمتر نەبووە؟!..

هەر بۆ نموونە: ئەنفالی دەڤەری بادینان دەهێنینەوە یاد، کە لە 1988/8/25دا دەستی پێکرد، واتە دوای پێنج رۆژ تێپەڕین بەسەر وەستانی شەڕی عێراق – ئێران دا و رژێم ئەو هێزانەی کە لە بەرەی شەڕی ئێراندا بوون گواستنیەوە و بەگژ خەڵکی ئەم دەڤەرەی وەنا، کە پێکهاتبوو لە دوو فەیلەق و دەیان هەزار جاش و دەبابە و زریپۆش و جۆرەها چەکی سووک و قورسی زەمینی و ئاسمانی و گازی کیمیایی و ..... هتد.

لەو هێرشانەدا دەیان گوند وەبەر شالاوی چەکی کیمیاوی کەوتن (بڕوانە پاشبەند)، یەکەم گوندی کیمیا لێدراوی ئەو دەڤەرە دێی (هیس) بوو کە لە سپێدەی 1988/8/25 دا

ژەهرباران کراو دێ نشینەکان کە ژمارەیان (700) کەس دەبوو زۆربەیان هەڵاتن و ئەوەی بە سەلامەتی رزگاری ببوو بەرەو سنووری تورکیا – عێراق ڕەویان کردبوو و هەواڵی ژەهر بارانەکە و لەشی زامداری خۆیان نیشانی رۆژنامەنووسان دابوو.

کارەساتی گەلی بازێ لە بەرواری باڵا هەرگیز لە بیر ناچێتەوە، کاتێک کە دانیشتووانی ئەو ناوچەیە نەیانتوانیبوو بەرەو سنوورەکان ڕەو بکەن و خۆیشیان تەسلیم بە ڕژێم نەکردبوو و وەک مقاومەتێک خۆیان لە ئەشکەوتەکان توند کرد بوو و لە 1988/8/29 دا لە سەعات 6،5ی سپێدە و بە ماوەدای (3) دەمژمێری بەردەوام (6) فڕۆکە ژەهربارانی ئەو ئەشکەوتانەیان کرد و نزیکەی 3000 کەس لە ژن و منداڵ و پیر و پەککەوتە بوونە قوربانی، ڕژێم بەپێی بەرنامەکەی خۆی، دوای هەر هێرشێکی کیمیاوی، بەپێی توانا و دەرفەت، هێزی پیادە و زرێپۆشی وەکار دەخست بۆ ئەوانەی کە بریندار بوون و پەکیان کەوتووە، بۆ ئەوەی ئەوانیش قڕ بکات و ژێر گڵیان بکات، دیارە کە ئەمەی لە گەلی بازێ بە کارهێنا و بەوەش زیانەکان گەورەتر بوون[27].

بەو ئاوایە لە ماوەی 25 ی ئاب تا 1988/9/15 لە هەردوو پارێزگای دهۆک و موسڵ، 448 گوند وێران و خاپوور کران[28]. لەو هێرشانەدا بە هەزاران کەس ئیبادە

کران و له سەد هەزاریش زیاتر پەرِاگەندەی سنوورەکانی تورکیا و ئێران بوون و هەر لە 1988/8/30 دا (20) هەزار کەس بەرەو تورکیا رەویان کرد و بە دەم ئازاری نەخۆشییەکانی تیفوئید و کۆلێرا و مەلاریا و سکچوون و هەوکردنی سییەکانەوە تلاونەتەوە و بە بێ پێخەفی و بێ پۆشاکی و خواردن کە رۆژانە چەندین ئافرەت و منداڵیان لێ بۆتە قوربانی، ژیانیان بردووەتە سەر، بە هەر (20) کەس خێوەتێک و (2000) بەتانی بۆ (20) هەزار کەس، (8) بۆری ئاو بۆ هەمان ژمارەی خەڵک و دکتۆرێک بۆ (18) هەزار کەس، دەبێ چ ژیانێک بێت[29]؟!! چ مافێک درا بێت؟.

لە نێو خودی ئۆردوگاکاندا کە بە تەلبەند و دیواری بڵند و چەیشەوە توند کرابوو، هەر (30) مەتر چەند جەندرمەیەکی تورک وەستا بوون و دەسەڵاتی تەقەکردنیشیان لە دەرەوە و ناوەوە پێدرابوو!! دەسەڵاتی تورک تا پێی کراوە نەیهێشتووە رۆژنامەنووسە بیانی و رێکخراوە مرۆڤایەتییەکان ئاوارە و ئەنفالکراوەکان ببینن، ئەمەش لەبەر دوو هۆ، یەکەمیان پاراستنی بەرژەوەندی خۆی لە گەڵ رژێمی عێراقدا کە لێدانی کیمیایی لە سەر ئیسپات نەبێت بە تایبەتیش کە هەردوو رژێم لەسەر قڕکردنی کورد کۆکن، دووەم: بۆ ئەوەی ئەم پەرِاگەندانە لە رووی یاساییەوە وەک (پەنابەر) حیسابیان بۆ

نەکرێت[30]. لەوەشدا ئەم هەڵوێستە نامرۆڤانەیەی تورکیا ژێر پێ خستنێکی ئاشکرای جاڕنامەی مافی مرۆڤ و گشت بڕوانامە نێودەوڵەتییە پەیوەستەکانە، ئەمازە پەیمانی نێودەوڵەتی تایبەت بە مافە مەدەنی و سیاسییەکان (1966/12/16) و ڕێککەوتننامەی بەرگرتن لە تاوانی جینۆساید و سزادان لەسەر ئەنجامدانی (1948/12/9) و ڕێککەوتننامەی دژ بە ئەشکەنجەدان و جۆرەکانی دیکەی مامەڵەکردن یا سزادانی توند یان نامرۆڤانە یاخود ئابڕووبەر (1984/12/10) و جاڕنامەی مافەکانی منداڵ (1959/11/20) و جاڕنامەی تایبەت بە پاراستنی ئافرەت و منداڵ لە حاڵەتە نائاساییەکان و ناکۆکییە چەکدارییەکان کە بەپێی بڕیاری کۆمەڵەی گشتی 3318 (د – 29) لە 1974/12/14 دەرچووە ... هتد..

شەشەم :

گۆڕی بە کۆمەڵ، وەک بەڵگە و ئاکام:

ئەو گۆڕە بە کۆمەڵانەی کە سەرتاسەری کوردستانیان گرتۆتەوە و هێندێکیان لە دوای ڕاپەڕینی 1991 دا دۆزرانەوە و بڕێکی زۆریشیان تا هەنووکە ونن، بەڵگەیەکی حاشا هەڵنەگر و سەلمێنەری جینۆسایدن، جگە لەوەی کە بەرەنجامێکی میتۆد و شێوازەکانی ڕەشە کوژیشە کە ڕژێم بۆ سڕینەوەی بوون و ناسنامە و کیانی

کورد گرتبووە بەر.

نموونەی ئەو گۆڕە بە کۆمەڵانە لە شاری سلێمانیدا کۆمەڵێک گۆڕی بە کۆمەڵ دیترانەوە کە یەک لە وانە 450 تەرم و یەکێکی تریان پاشماوەی تەرمی 370 ژن و منداڵ و پیاوی تێدا بووە.

لە شاری دهۆکیشدا چەند گۆڕێکی بە کۆمەڵ دۆزرانەوە کە کەوتبوونە ڕێگای دهۆک – موسڵ و کۆمەڵێک خانەوادەی تێدا بوون کە هەموویان پێکەوە ژێر گڵ کراون. لە شاری (موسڵ)، کە گرتووخانەی بادوشی لێیە. لە کاتی ئەنفالەکاندا لە 1987 تا 1989، ئەو وەختەی کە بە سەدان و هەزاران کوردی دانیشتووانی موسڵ لە عەشیرەتی شەبەک و گەرگەر و عەشایەرسەبعە و هیتر وەبەر شاڵاوی ڕاونان و ڕاگوێزان و ئیبادە کەوتن، گۆڕێکی بە کۆمەڵ لە دووری (4) کیلۆمەتر لە شاری موسڵ دیترایەوە کە ئێسک و پروسک و تەرمی 70 کەسی تێدا بووە.

بە گوێرەی شاری هەولێر، چەند گۆڕێکی پێکەوەیی لە نزیک ڕێگای هەولێر – کەرکووک بینرایەوە کە بە دەیان تەرمی تێدا بووە، هەروەها لە قەزای شەقڵاوەی سەر بە هەولێر تەرم و ئێسک و پروسکی (23) کەس ئاشکرا کراو لەسەر ڕێگای هەولێر – موسڵ و لەسەربازگەی هەولێر و ڕەشکین و نزیک مەخموورردا، لە دوای ڕاپەڕینی

1991 کۆمەڵێک گۆڕ دۆزراونەتەوە کە یەکێکیان تەرم و ئێسـک و پروسـکی 1500 کەس و یەکێکی تر هی 100 کەسی لێ دەرهێنراوە و ئێدیش ماون.

لە شـاری کەرکووکدا لە نزیک لەیلان گۆڕی بە کۆمەڵ دۆزراونەتـەوە کـە بەدەیان تەرمی تێدا بـووە، هەروەها ئـەو گۆڕانەی نێزیـک گەڕەکەکانی (الحریـە) و (القدس)، جگـە لـەو گۆڕە بە کۆمەڵانەی سـەر رێـگای کەرکووک – سـلێمانی کە بە سـەدان تەرمیان تێـدا دۆزرایەوە، کە هێندێکیـان هی ماوەی دوای ئەنفالـەکان و بڕێکی تریان هی دوای راپەڕینی 1991 بووە کە بە هۆی تۆپ و تانک و زرێپۆش و هێلیکۆپتەری رژێمەوە لە کاتی رەوی چەند ملیۆنیدا ئیبادە و رەشەکوژ کراون، کە هێندێکیان هەروایی بـێ کفـن و دفن ماونەتـەوە، ئەمەش لەبـەر گەورەیی و ترسناکی کۆچڕەوەکە و بێ نان و ئاوی، منداڵ و نەخۆش و پەککەوتە و تەمەندارەکان لە (بێ هێز و بڕسـتەکان) لە رێگادا دەمانەوە[31].

پشکی دووهەم:
ئەشکەنجەدانی جەستەیی یان رۆحی و سایکۆلۆژی

گرتنەبـەری رێـگای ئازاردانـی لەشـی و رۆحـی لـە لایـەن رژێمەوە، بە مانای جینۆسـاید کردنی بەشـێنەیی و لەسـەرەجۆی کـوردە لەروانگـەی جیـا ڕەگـەزی و نیشـتمانپەروەرییەوە، دەسـتدرێژی و سـووکایەتی کردنـە بە کەرامەتی مرۆڤایەتـی، ئەمەش تاوانێکە خودی رێککەوتننامـەی قەدەغەکردنـی جینۆسـاید تەجریمـی کـردووە و لە هەمان کاتدا پێچەوانە و سـەرپێچی و ژێر پێ خستنی ئەم بڕوانامە یاساییانەی خوارەوەیە:

(1) دەستووری کاتی عێراقی (1970/7/16) کە بەندی بیسـت و دووهەم (ء) وا دەقنووس کراوە: شـکۆمەندیی مـرۆڤ پارێـزراوە و مومارەسـەکردنی هـەر جۆرێـک لـە جۆرەکانـی ئەشـکەنجەدانی جەسـتەیی و دەروونی

قەدەغەیە.
(2) یاسای سزادانی عێراقی (ژمارە 111ی ساڵی 1969 هەموارکراو) لەم چەند بەندانەی خوارەوە ئاماژەی بە مەسەلەی ئەشکەنجەدان کردووە:
(ء) بەندی 323: هەر کارمەندێک یا (راژەی گشتی پێ سپێردراوێک) بە گرتن سزا دەدرێ ئەگەر سزای دا، یا فەرمانی دا بە سزایەکی توندتری مەحکووم کراو لەوەی کە بەپێی یاسا بۆی دانراوە، یان بە سزایەک کە پێی حوکم نەدراوە، لە گەڵ پێزانینیشی لەوەی کە کارەکەی سەرپێچی یاسایە.
(ب) بەندی 324: هەر کارمەندێک یا راژەی گشتی پێ سپێردراوێک بە گرتن سزا دەدرێ ئەگەر ئیدارە یان پاسەوانێتی گرتووخانە و بەندیخانە یان دامەزراوەکانی تری تایبەت بە جێبەجێکردنی سزا یان تەدبیری ئیحترازی پێ سپێردرا بوو و بەپێی فەرمانی دەسەڵاتی تایبەتمەند کەسێکی وەرگرت، یاخود فەرمانێکی کە بۆ بەرەڵاکردنی زیندانییەک دەرچووە، جێبەجێی نەکرد یان ... هتد...
(ج) هەر کارمەندێک یا راژەی گشتی پێ سپێردراوێک بە گرتن یا زیندانیکردن سزا دەدرێ ئەگەر ئەشکەنجەی دا، یا فەرمانی دا بە ئەشکەنجەدانی تاوان دراوە پاڵ یا شاهیدێک یاخود خەبیر و شارەزایەک بۆ ناچارکردنی لەسەر داننان بە تاوانێک.......... و بە کارهێنانی هێز یا

گەف و هەڕەشە، لە حوکمی ئەشکەنجەدان دایە.
(3) یاسای چۆنیەتی دادگاییکردنی سزایی ژمارە (23) ساڵی 1971 ی هەموارکراو لە بەندی 127 یدا دەڵێت: نابێت وەسیلەی ناڕەوا بەکاربهێنرێت بۆ کارتێکردن لەسەر تاوان دراوە پاڵ بۆ ئیعتراف لێوەرگرتنی، خراپ مامەڵەکردن و گەفکردن بە ئەزیەتدان و ئیغراکردن و بەڵێندان و هەڕەشەکردن و کارتێکردنی سایکۆلۆژی و بەکارهێنانی داو و دەرمانە لە هۆش خۆ بەرەکان و سەرخۆش کارەکان، بەوەسیلەی ناڕەوا دەژمێررێن.
(4) جاڕنامەی جیهانی مافی مرۆڤ (1948) لە بەندی پێنجەمیدا جەخت لە سەر ئەوە دەکاتەوە کە (هیچ مرۆڤێک ئەشکەنجە و سزا نادرێت و رەفتاری توند و تیژی و دڕندانە و ئابڕووبەری لەگەڵدا ناکرێت).
(5) پەیمانی نێودەوڵەتیی تایبەت بە مافە مەدەنی و سیاسییەکان، لە بەندی (7) یدا وا هاتووە کە "نابێت هیچ کەسێک بخرێتە ژێر ئەشکەنجەدان یا سزایەک یاخود مامەڵەیەکی رەق و توند یا نامرۆڤانە یان ئابڕووبەر لەگەڵدا بکرێت".
(6) جاڕنامەی پاراستنی هەموو کەس لە تووشی ئازاردان و جۆرەکانی مامەڵەکردن یان سزای توندوتیژ یا نامرۆڤانە یاخود ئابڕووبەر " کە بە بڕیاری کۆمەڵەی گشتی ژمارە 3452 (د – س) لە 1975/12/9 دا دەرچووە، لە

بەنــدی (2) دا دەڵێ: (هەر کارێک لــە کارەکانی ئازاردان یا هیتر لە جۆرەکانی مامەڵەکردن یان سزای توند یاخود نامرۆڤانە یا ئابڕوویەر، سووکایەتی کردنە بە شکۆمەندی مرۆڤایەتی، بەو وەســپەی کــە نکۆڵیکردنی ئارمانجەکانی بڕوانامــەی نەتــەوە یەکگرتووەکانــە و پێشــێلکردنی مافەکانی مرۆڤ و ئازادییە بنەڕەتییەکانە کە لە جاڕنامەی جیهانی مافی مرۆڤدا دەقنووسکراوە، مەحکووم دەکرێت، هەروەها بەندی (3)ی هەمان جاڕنامە دبێژێت 'نابێت هیچ دەوڵەتێک ڕێگا بە ئەشکەنجەدان بدات، یا جۆرەکانی تری مامەڵەکردن یاخود سزای توند یا نامرۆڤانە یا ئابڕووبەر، یاخــود چــاوی لێبپۆشــێت و ڕێــگا بــە وەرگرتنــی بارە نائاســاییەکان نادرێت، وەک باری شــەڕ یــا خەتەرناکیی شــەڕ، یاخود نائارامی سیاسی ناوەخۆ، یا هەر حاڵەتێکی نائاســایی گشــتی دیکە، کــە وەک بڕوبیانوویەک بێت بۆ پاســاوی ئازاردان یا جۆرەکانی تری مامەڵە یان ســزای توندوتیژ یا هۆڤیانە یاخود ئابڕووبەر.

(7) ڕێککەوتننامەی دژ بە ئەشــکەنجەدان و جۆرەکانی تری هەڵســوکەوتکردن، یا ســزای توند یاخود نامرۆڤانە یــان ئابڕووبەر (کە بە بڕیاری کۆمەڵەی گشــتی 46/39 لــە 1984/12/10 دا دەرچــووە و لــە 1987/6/26 دا کاری پێکــراوە' هەر بۆ نموونە لە بەندی (2/2)دا دەڵێت: نابێــت بڕوبیانوو بۆ بارە نائاســاییەکان بهێنرێتەوە، هەر

چۆنێک بووبێت، ئەگەر ئەو باروزروفە حاڵەتی شەڕ بێت یان گەڤ و هەڕەشـــەی جەنگ یاخود نائارامی سیاســـی ناوەخــۆ یا هەر حاڵەتێک لە بارەکانی نائاســـایی گشـــتیی دیکە، وەک پاســـاوێک بۆ ئەشکەنجەدان. هەروەها (3/2) ی هەمان ڕێککەوتننامە دەڵێت: نابێت بڕو و بیانوو بە ئەو فەرمانانـــەی کە لـــە کارمەندانی بـــالاوە دەرچوون یان لە دەسەلاتی گشتییەوە، وەک پاساودانێک بۆ ئەشکەنجەدان بهێنرێنەوە.. هتد .

(8) بنەما نموونەییەکانی لانی کەمی مامەڵەکردن لەگەڵ زیندانییـــەکان کە لـــە 1977/5/13 دا دەرچووە لە خاڵی (31)یدا دەڵێ: ســـزای جەســـتەیی و ســـزای لـــە زیندانی تاریک ئاخنین، و هەر ســـزایەکی توند و بێ ویژدانانە، یا نامرۆڤانە یاخود ئابڕووبەرانە، وەک سزایەکی تەئدیبی بە تەواوی قەدەغەیە، (1/32) لە هەمان بنەما نموونەییەکان دەڵێـــت: نابێت لە هیـــچ کاتێکدا زیندانی بە گرتنی ئینفرادی ســـزا بدرێت یاخود بە کەمکردنەوەی ئـــەو خۆراکەی کە دەیدرێتێ تەنها پاش ئەوەی کە پزیشک تەماشای کردووە و بە نووسین شایەدی ئەوەی دا کە زیندانییەکە بەرگەی سزای لەو بابەتە دەگرێ.

ســـەرەڕای هەبوونی گشـــت ئەو بڕوانامـــە ناوخۆیی و نێودەوڵەتییانـــەی کە ئەشـــکەنجەدانی لەشـــی و ڕۆحیان قەدەغە کردووە، کەچی ڕژێمی دیکتاتۆر بە تاســـەوەبوو

بۆ سڕینەوەی ناسنامەی کورد و بیر و باوەڕی نەتەوەیی وای لێکردووە کە دانانی یاسا و بڕوایی دان بە بەڵگەنامە نێودەوڵەتییەکان وەک "خەت خەتۆکانێیەکی کاتی بێزاری خۆی دابنێ"[32] و بە نوێژی نیوەڕۆ نەک هەر سەرپێچییان لێبکات بەڵکو بە بەربڵاوی دامێنانیش لە شێوازەکانی ئەشکەنجەدان بکات.

وەک ئاشکرایە، رژێمی بەعس ئەو جۆرەها ئەشکەنجە و ئازاردانی جەستەیی و رۆحی، هەروەها گرتن و گلدانەوە و بەندکردن و تەوقیفکردن کە ئەنجامی دەدان نایاساییی و هەروا لە گۆترە و رەمەکیانە بوون، ئەوانەی کە دەگیران بێ تەحقیق و توێژینەوە، بێ دادگایی کردن یا داکۆکی لە خۆ کردن و رێککەوتن لەگەڵ پارێزەرێک، لە سێدارەدان و لە زیندانەکان توند دەکران، یا ئەوەتا لە رێگای دادگاییکی کورت پاشکلیدا، یان بە بێ ئیزنی دەسەڵاتی دادوەری دەگیران، دیارە کە دەسەڵاتی تەنفیزی و جێبەجێکردنیش (بەدەر لە تاوانە ئاساییەکان)، دامودەزگاکانی حزبی بەعس بوون کە بریتی بوون لە ئەمنی عامە و خاصە و ئیستخبارات و پۆلیس و ... هتد. بەو شێوەیە وەک هەندێک رایان وایە کە گرتووخانە هەمەچەشنەکانی عێراق لە "250" هەزار کەسی بە تۆمەتی سیاسەت، کەمتر تێدا نەبێت و دیارە کە بە تەبیعەت بەهری کورد تێیدا زۆرە[33].

ئەوانەی کە لە سێدارەدەدران، لە پێشدا ئازار و ئەشکەنجە دراون، بەڵگەی ئەمەش شـوێنەواری ئەشـکەنجەکانە بە سـەر لاشەکانەوە، وەک بڕین و سـووتان و لووت بڕین و نینـۆک راکێشـان و چـاو دەرهێنـان و .. هتد. ئەمەش ئەو کاتە ئاشکرا بووە کە تەرمەکانیان بۆ خانەوادەکانیان گێڕاوەتەوە و سەرباری ئەوە (وەک شەڕێکی دەروونی)، هەر تەرمەی "300" دیناریان لێ سـەندوون (لە بەرامبەر ماندووبوونی لە سـێدارەدانکردنیان و گوللەی کوشتن و گواستنەوەیان) دا.

ئـەوە لـە کاتێکدا کـە جاڕنامەی جیهانـی مافی مرۆڤ لـە بەندی (9) یـدا تەئکید لەوە دەکاتەوە کـە نابێت هیچ مرۆڤێک بە شێوەیەکی رەمەکی بگیرێت و دەست بەسەر بکرێت یا دوور بخرێتەوە کەچی بە دەیان هەزار کەس لە زیندانەکان و شوێنەکانی موخابەرات و ئەمن توند کراون و بێ دادگایی، ئازار دراون.

بە رەمەکی گرتنی خەڵک لە شـوێنە گشـتییەکانی وەک "بـازاڕ و داموودەزگاکانـی دەوڵەت و شـوێنی ئیشـکردن و لـە کووچـە و کۆڵانەکاندا ئازارێکی نەفسـی و رۆحی کاریگەریشـی بۆ خانەوادەی ئەو خەڵک گیراوە دروست دەکرد، چونکە شـوێنەون و بـێ چارەنووس دەمانەوە و رژێـم ئـەو خێزانانەی لە گرتنی خـزم و خوێش و کەس و کاریـان ئـاگادار نەدەکـردەوە لە وەختێکـدا بنەماکانی

لانـی کەمـی هەڵسـوکەوت کـردن لەگـەڵ زیندانییـان 1977/5/13، لـە بەندی (92) یدا ڕێگای بە تاوان دراوە پـاڵ داوە زووبـەزوو خێزانەکـەی لە گرتنەکـەی خۆی، ئاگادار بکاتەوە، بۆ ئەوەش بنەمای ناوبراو، داوای هەموو ئاسـانکارییەکی شـیاو دەکات کە بۆی بکرێت بۆ ئەوەی ئەو کەسـە پەیوەنـدی بە خێـزان و هاوەڵەکانی خۆیەوە بکات و دیدار و پێشوازیشیان لێبکات..

بەلام بە پێچەوانەی ئەو بنەمایەی لای سەرەوە، خێزان و کـەس و کاری گیـراوەکان نەیـان دەوێـرا لـە کـوڕو منداڵەکانیـان بپێچنەوە. لە ترسـی ئەوەی نەبادا ئاشـکرا ببن و خەڵکی دیکەشیان لێ شوێنە ون و زیندانی بکرێت. لـە حاڵێکیشـدا ئەگـەر لێرە و لـەوێ ' بە هـەر هۆیەکی واسـیتەکاری و بەرتیـل و پـارەوە بـۆ پیاوانـی ڕژێـم پرسیارکردن و بەدواداچوونێک هەبوایە ئەوا داروودەستەی ڕژێـم یا نکۆڵییان لێدەکرد، یاخـود تەنها هەواڵی گرتنیان ئاشـکرا دەکرد بێ دەستنیشانکردنی شوێنی گرتنەکە بەو شـێوەیە شـەڕی نەفسـی لەگەڵ ئەم خانەوادانە دەکرا و باری دەروونییان بەرەو داتەپین و داڕمان دەچوو[34].

ئـەو شـێوازانەی کە ڕژێـم لـە ئەشـکەنجەداندا وەک ڕێگایەکـی ئیبادەکـردن بەکاری دەهێنا لـە مێژوودا کەم وێنەیـە و زۆر لـە زیندانییـەکان لە ژێر بـاری تەعزیبدا گیانیان لەدەستداوە، نموونەی ئەم شێوازانەش، کونکردنی

دەست و پێ بە بزمار یا بە درێلی کارەبایی و شکاندنی لووت و پەنجە بە چەکووشی ئاسن، لەتکردنی دەم و زمان، پڕکردنی سییەکان لە ئاوی گەرم، دەست و پێ برین بە مشاری کارەبایی، بەرزکردنەوەی پلەی گەرمای ژووری زیندان بۆ (50) پلەی سەدی لە هاویندا، جێ هێشتنی تەرمی زیندانییە لە سێدارەدانکراوەکان لە نێو هاوەڵەکانیدا بۆ چاندنی ترس و لەرز و بڵاوکردنەوەی نەخۆشی، دەستدرێژی کردنە سەر ژن و دایک و خوشکی زیندانی و رووت کردنەوەیان لەبەر چاوی زیندانییەکە کە وەک وەسیلەیەکی ئیعتراف پێکردن بە کاردەهات، تواندنەوەی زیندانیی لەنێو تێزابدا، خەساندن، لەنگەو قوچ هەڵواسینی ئافرەتی بێ نوێژ. (بڕوانە پاشبەند)[35] .

بەو رەنگە، بوون و کەرامەتی ئینسانی کورد، لەلایەن رژێمەوە بە جۆرێک سووکایەتی پێکراوە و هەڕەشەی لێکراوە و ژێر پێ خراوە، کە زۆر جار ئەگەر زیندانییەکان لە ژێر فشاری ئەشکەنجەداندا گیانیان لە دەست نەدابێت، ئەوا دانیان بەو تاوانەدا ناوە کە دارودەستەی رژێم بۆیان هەڵبەستووە و ئەو کۆنووس (محضر)ە یان ئیمزا کردووە کە ئەوان پێشتر ئیملایان کرد بوو.

یەکێک لەو ئارمانجە گلاوانەی دیکە ئیبادەکردنی لەسەرەخۆ کە رژێم لە رێگای ئازاردانی لەشی و دەروونی بە کۆمەڵەوە دەیکرد، چاندنی ترس و لەرز

و دڵەڕاوکـێ بـوو لە دڵی ئـەو خەڵکانەی کـە لە گوند و دێهاتەکانـدا دەژیـان، ئـەوەش بـۆ خەسـاندنی رۆح و بیروباوەڕیـان بـوو، بۆ گۆڕینیان بوو بـە (رۆبۆت)، ئەو حاڵەتەش زێتر لە ماوەی دوای 1975 دا بەرجەستە بوو، کاتێک رژێم لە دوای نسکۆی شۆڕشی ئەیلوول (1961)، بێجگە لەو ئەمنانەی کە لە بەرگی پۆلیسدا خۆیان دەنواند، ناوچـە و گوندەکانی پڕ کردبوو لـە ئەمن و موخابەرات و ئیسـتخبارات و سـووپا، کە رۆژانە و هـەر جارەی لە ژێر پـەردەی بڕوبیانوویەکەوە و بۆ تۆقاندن ژمارەیەکی زۆر لـەو پیاوانەی رژێم، بە چەکەوە و لە کاتی ناوەختی وەک نیوەشـەو یـا کاتی بانگی بەیانیان، بـە بێ ئیزن بە ماڵەکان وەردەبوون و حورمەتی ماڵەکانیان دەشـکاند و هەموو شـتێکیان دەپشـکنی، کە ئەوە بەر لە هەر یاسـاو رێککەوتننامەیەک پێچەوانەی دەسـتووری کاتی عێراقییە کـە لە بەنـدی (22/حـ) دا دەڵێ: (مـاڵ حورمەتی خۆی هەیـە، چوونە ژوورەوەیان پشـکنین نابێـت، تەنها بەپێی ئەو بنەمایانەی کە لە یاسـادا دیاری کراون)، زۆر جار لە کاتی پشـکنیندا و لە ژێرەوە چەند گوللەیەکیان خسـتۆتە نێو کەلوپەلی چەند ماڵێکەوە و لە پاشدا بەوە تاوانباریان کـردوون کـە چەکیان هەبووە و پەیوەندیان بە (شـاخ و پێشـمەرگە) وە هەیـە و بەپێی ئەوە دەیانبـردن و دوای ئەشـکەنجەدانێکی زۆر یا لە سێدارەدان یاخود زیندانی تا

هەتا یا ئەوەتا شوێن بزریان دەکردن..
حاڵەتی تر کە هەر لە دێهاتەکاندا ئەنجامیان دەدا، ئەوە بوو کە ناوەناوە چەند کەسێکیان لە خەڵکی گوندێک دەکوشت و تەرمەکەشیان لە گوێ رووبار یا نێو باخچەی خەڵک، یا شەقام و کوڵانەکان فڕێ دەدا، ئەمەش بە مەبەستی تۆقاندن و ئـازاردان لە هەمان کاتـدا تێوەگلاندن و تاوانبارکردنی خەڵکی گوندەکە بە کوشتنی یا ئەوەتا مەشق و راهێنان و خۆنیشاندانی سـەربازییان لە نێو گونددا دەکرد، ئەوەش وەک دیـارە لە پـاڵ ئەوەی بۆ سـەرکوتکردن و چاندنی تـرس و تۆقاندن بووە، بۆ لەقکردن و لاوازکردنی بڕوا و ئیرادەی خەڵکەکەش بووە بە کێشـەی میللەت و بەو ئۆل و عەقیدەیەی کە لە سەرین(36) ..
(تەیمـور عەبدوڵـلا) لە 1988 دا تەمەن 12 سـاڵ، کە خەڵکـی گوندی کولەجۆی سـەر بە شـاری سـلێمانییە، شاهێد و دەربڕی حەقیقەتی تاڵ و مەشهەدێکی ئەنفالەکانە و خـۆی هەمـوو ئازار و ئەشـکەنجەدانێک و لە پاشـان ئیبادەکردنـی خەڵکانێکی زۆری بینیوە و دایک و باوک و سـێ خوشک و سـێ پووری لە هەمان وەجبەدا بوونەتە قوربانی و تەنها خۆی رزگاری بووە!!.
تەیمـور لـە گفتوگۆیەکـدا بـە وردی پەردە لـە رووی هەمەجیـەت و وەحشـیگەریی رژێمـی هەڵماڵـی، بەوەی جاشـەکان لە چوارچێوەی هێرشێکی بەرفرە و بەربڵاوی

ئەنفالەکانــدا دەوری گوندەکەی تەیمــور و دەوروبەریان داوە و کۆیان کردوونەتەوە و بە درۆ پێیان ڕاگەیاندوون کــە بــەرەو (کــەلار) یــان دەبــەن کەچــی بــەرەو قەڵای ســەربازیی (قۆرەتو)یــان ڕاپێــچ کردوون کــە دە ڕۆژی مەمــرە و مەژی لەوێ ماونەتەوە (دیارە ئەو قەڵایە وەک بنکەیەکــی گواســتنەوە و لێــک هاوێردنــی ئەو کەســانە بــووە کە ئیبادە دەکرێن)، دوای ئەو ماوەیە لە 30 تا 40 سەیارەی بارهەڵگری ئیفاوە ئاخنراون، بۆ گواستنەوەیان بۆ زیندانخانەی تۆبزاوە لە باکووری کەرکووکدا، ژوورە گەرمەکانــی ئەم گرتووخانەیە لەو منداڵ و ئافرەت و پیر و پەککەوتانە تــژی کراون و ماوەی مانگێک بۆ تەپاندنی مەعنەویــات و ئازاردانــی لەشــی و ڕۆحــی و دەروونی، بــە مەبەســتی ئامادەکردنیــان بــۆ قەتــڵ و عــام، لەوێ هێنشــتوویانەتەوە و لــە پلەیەکی گەرمای بــەرزدا، پیاو و ژن و منداڵیان لێک جیا کردۆتەوە.

پیاوەکانیان بە دەرپێی ژێرەوە هێشتۆتەوە و دەستەکانیان بەســتوونەتەوە و لە یــەک ڕیزی درێژدا بــە یەکەوەیان بەستوونەتەوە و لە سەیارەی تری جۆری ئیڤایان ئاخنیون بــۆ کوشــتن، ژن و منداڵەکانیشــیان (10) دە ڕۆژ دوای پیاوەکان هێشــتۆتەوە و ڕۆژانە تەنها پارچە سەمونێکیان هەبووە و دوای ئەو ماوەیە بە سەیارەی داخراوی ڕەنگ ســپی(گرتووخانەی گەڕۆک) لە (6) ی سپێدەوە بۆ سەر

سنووری سعودیه براون و شەو گەیشتوونەتە شوێنی ئیبادەکردنەکە و لەو ماوەیەدا (6 ی بەیانی تا نزیک شەو (ئازار و ئەشکەنجەیێک دراون، کە قەڵەم هەرگیز ناتوانێت گوزارشتی لێبکات)!! .

ئەوەی کرا، لە مانگی رەمەزانی پیرۆز لای موسڵمانان و لە مانگی ئابی هەڵاو گرتوودا بوو کە لە نێو چەند زیندانێکی ئاسنینی گەرۆکی سوورەوەبوودا کە هەردوولا دەرگەی داخراو و تەنها پەنجەرەیەکی بچکۆڵەی هەبووە، ئاپۆرە و حەشاماتی منداڵی نیوە رۆح و مردوو و ژنی سەر و پرچ و سنگ و روومەت دارنـاو و دادراوە، بێ ئاوو بێ نان و هەوای ئۆکسجینیش نوزە لێ براو.

بە هەر حاڵ چ ئەوانە کە دەگەیەنرێنە شوێنی چاڵەکان لە بیابانی نزیک سعودیە دا، بە شێوەیەک بێ هێز و توانا و نیوە مردوو دەبن، کاتێک کە جەیش و موخابەرات و حەرەس سەدامییەکان، دەیانخەنە نێو چاڵە بە کۆمەڵەکانەوە، بێ دژایەتیکردن، بێ هاوار و قیژە یا جۆرە رەفز و رووبەڕووبونەوەیەک یا هوتاف لێدانێک کە وەک عادەت لە سەرەمەرگدا دەکرێن و دەگوترێن، دوای ئەوەی چاوی هەموویان دەبەستن (دیارە کە تەیمور لە ژێرەوە توانیویەتی چاڵەکان ببینێ) دەچنە ژێر باری ئیبادە و رەشەکوژییەوە و بە کۆمەڵ شەهید دەکرێن، وەلێ، تەیمور دوای دووجار بریندار بوون هەر

دەمێنێ و لە کاتی هاتوچۆی شــۆڤڵەکان، ئەو بە دەرفەتی دەبینێ و چاوەکانی بۆ دواجار لە لاشــەی هێشتا گەرمی دایک و هەرســێک خوشکەکانی (گێلاس و لەیلا و سروە) و هــەر ســێ پوورەکانــی هەڵدەنگوێ و لە پاشــدا خۆی دەخاتە چاڵێکی تری نزیکەوە و هەر چۆنێک بێت رزگاری دەبێت و دەبێتە شــاهیدێکی راستگۆ و راستەقانی ئازار و ئەشکەنجەدانی هەزاران ژن و منداڵ و پیر و پەککەوتەی کورد[37] ..

پشکی سێیەم :
هێنانە ژێر باری کۆمەڵی کورد بە دەستی ئەنقەست بۆ هەلومەرجێکی ئەوتۆ کە ئاکامەکەی تێک شکاندنێکی ماددیانەی گشتگیری یا بەشگریی بێت.

دیـاره که رژێم بۆ جینۆسـایدکردنی کـورد، هەر تەنها رێگای کوشـتن و ئەشـکەنجە و ئازاردانـی نەگرتە بەر، بەڵکو وەسـیلەی خەتەرناکـی دیکەیشـی بەکارهێنا، بەو نیـازەی ناڕاسـتەخۆ و بە شـێنەیی هەموو، یا بەشـێکی ئـەو گەلـە تارومار و پەرت و پەخشـان بـکات، بۆ ئەوە پرۆسـەی چۆڵکـردن و وێرانکردنی شـار و گوندەکانی کوردسـتان و کۆکردنەوەیـان لە شـوێنی تایبەتیدا و لە پاشـدا دوورخسـتنەوەیان بـۆ دەرەوەی کوردسـتان لە

ژێر گوشاری تەرهیب و تۆقاندندا دەستپێکرد، لەو چوارچێوەیەدا راگواستن و رەوپێکردن لە نێو سنووری عێراق و دەرەوەیدا ئەنجامدرا و خاک و موڵک و ماڵ لە خەڵک زەوت کراو داماڵرا و زۆربەی ناوچە چۆڵکراوەکان بە ملیۆنەها مین چێنران و لە پاشدا سەپاندنی ئابڵۆقەی ئابووری و پشتگوێخستنی لانی کەمی دابینکردنی گوزەرانێکی مەمرەومەژیی راگوێزراوەکان کە بووە هۆی بڵاوبوونەوەی چەشنەها نەخۆشی کوشندە و گیروگرفتی کۆمەڵایەتی و رەوشتی و خێزانی.

یەکەم :

راگواستن و رەوپێکردن و تێکشکاندن لە سنووری کوردستان و عێراق :

(1) تەرحیل و تەهجیری گوند و دێهاتەکان و دیاردەی ئۆردوگا زیندانییەکان،

لە دوای رێککەوتننامە خیانەتکارییەکەی جەزائیر (1975/3/6) کە بە نەخشە و پیلانی دەوڵەتە ئیقلیمی و زلهێزەکان ئەنجامدرا و لە پێناوی شکست پێهێنانی شۆرشی دیفاع و مقاوەمەت لە بوونی کورد، تێیدا سەدام حسێن نرخی زۆر گەورە و گرانی دا، لەو وەختانەدا بە خەیاڵی دروست نەبوو نەوەی ئەو شۆرشە و قۆستنەوەی

هەلومەرجی لاواز و داتەپیوی کورد، پرۆگرامێکی هەمە لایەنەی ئیبادەکردنی داناو یەک لەو پێنگاڤە بەراییانەی کە هەڵیهێنا، راگواستنی دانیشتووانی گوندەکان بوو بۆ ناوەڕاست و باشووری عێراق ئەویش بە دوو قۆناغ:

یەکەمیان: ئەو کەسایەتی و خانەوادانەی کە دوای شکست پێهێنانی شۆڕشی مقاوەمەت، درەنگ لە ئاوارەیی و پەناهێندەیی لە ئێران گەڕابوونەوە، هەروەها ئەوانیش کە بۆنی ئەوەیان لێدەکرا رۆڵی بەرچاویان لە شۆڕشەکەدا هەبوو بێت یان بەوە گومانبار دەکران[38].

دووەمیان: راگواستنێکی رەشۆکی و هەمووانی بوو بە بێ جیاوازی[39]، ئەوە بوو لە 1976 دا و لە ژێر ناوی (نیشتەجێ کردنەوە – اعادة التوطین) و بە رەزامەندی شای ئێران، نەخشەی راگواستن و چۆڵکردن و وێرانکردنی گوند و دیهاتەکانی کوردستان بە پانتایی (5–10میل) و بە درێژایی سنووری عێراق – ئێران جێبەجێ کرا، ژمارەی ئەوانەی کە وەبەر ئەو شالاوە کەوتن بە هۆی رەوش و باروزرووفی نالەباری کوردستانەوە روون نییە، بەڵام ئەوەی کە رژێم لە رۆژنامەی (الثورة)ی زمان حاڵی حیزبی بەعسی فەرمانرەوا لە 1978 دا دانی پێداناوە تەنها لە ماوەی (2) مانگاندا (150) هەزار کەس بووە[40].

هەروەها پیاوێکی دیکەی رژێم کە نێوی (عەبدولکەریم بەرزنجی)یە و لە هەشتاکاندا پارێزگاری سلێمانی بووە

قســەی بۆ ئاژانسی رۆیتەر کردووە و دانی بەو ژمارەیە داناوە و بە پێی ســەرچاوەیەک گوتوویەتی لە 1975 دا (150) هــەزار کورد بۆ شــوێنە دوورەکانی باشــوور و ناوەراستی عێراق راگوێزراون[41].

لە سەرچاوەیەکی دیکەدا و بۆ هەمان بۆنە ناوبراو دانی بە راگواســتنی (300) هەزار کەســدا ناوە بۆ شوێنی تر! کە ئاژانســەکە خۆی ئەو شــوێنانەی بە دەشتی کاکی بە کاکی و وشــک و برینگ و خاڵــی لە دار و دەوەن و ژێر چاوەدێری بە هێزی پیاوانی رژێم ناوزەد کردووە[42]..

ئەوە لــە کاتێکدا جاڕی جیهانی مافــی مرۆڤ لە بەندی (1/13) دەڵــێ (هەموو کەســێک ئازادیــی هاتن و چوون و هەڵبژاردنی شــوێنی نیشتەجێ بوونی لە نێو سنووری هەر دەوڵەتێکدا هەیە) و لە بەندی (12) دا دەســتێوەردان لــە ژیانــی تایبەتی و خێزانیــی قەدەغە کــردووە: (نابێت ژیانــی تایبەتــی و خێزان و مــاڵ و نامەگۆڕینەوەی هیچ کەســێک بەرەمەکــی دەســتێوەردان ببێــت و ئابــڕوو و نێوبانگیشــی وەبەر پەلاماردان بکەوێت، هەموو کەسێش مافی خۆ پاراســتنی قانوونی لەو جۆرە دەستێوەردان و پەلاماردانەدا هەیە).

هەروەها پەیمانــی نێودەوڵەتیی تایبەت بە مافە مەدەنی و سیاســییەکان لە بەندی (1/12) دا دەڵێ: (هەر کەسێک کــە بە یاســایی لە نێــو ئیقلیمی دەوڵەتێک دایــە، مافی بە

ئازادی هات و چۆ و هەڵبژاردنی شـوێنی نیشتەجێبوونی هەیـە) کە ئەوەش دیـارە تەئکیدکردنەوەی هەمان بەندی 1/13ی جـاڕی جیهانییـە و بەنـدی (1/17) و (2/17) یـش لە هەمان پەیمانی ناوبـراو، جەختکردنەوەی بەندی (12) ی جارنامــەی جیهانییە، کە عێراق تێیاندا یەکێکە لە دەوڵەتە لایەنەکان و مولزەمە بە جێبەجێکردنیان.

سـەرەتا و بـەر لـەوەی کە رژێم هێرشـی راگواسـتن دەستپێبکات، شەڕی دەروونی و گیروگرفتی جۆراوجۆری ئیـداری و بژێـوی و کۆمەڵایەتـی بۆ خەڵکەکە دروسـت دەکرد بۆ ئەوەی لە ژین بێزاربن و مەسـەلەی راگواستن لە لایان ئاسـایی بێت، لەو گرفتانە وەک نەبوون و کەمی داو و دەرمان و پێداویستییەکانی نەشتەرگەری و پزیشک کـە زۆرجـار روویداوە، ئینسـانێک لەسـەر سـادەترین برین یا نەخۆشـی، گیانی لە دەسـتداوە، هەروەها بڕینی ئـاو و کارەبـا (ئەگەر کارەبا لـە ئەساسـدا هەبووبێت)، کەمکردنـەوەی هاتوچـۆی ئۆتۆمبێـل و هۆکانی دیکەی گەیانـدن و چاکنەکردنەوەی کوێرە رێگاکان بۆ ئەوەی بە تـەواوی دابڕێن، بە تایبەتـی لە رووی گەیاندنی خۆراک و ئازووقە و دانەوێڵەوە، جگە لە جاڕسـکردن و دەسـت درێژیکردنـی پیاوانـی جەیش و ئەمـن و موخابەرات بۆ سەر خەڵکی گوندەکان و داخستنی دەرگای مزگەوتەکان لــە غەیـرەز ئەو چەنـد دەقیقەیـەی کاتی نوێژکـردن و،

ئــەوەی رادیــۆی لە ماڵــدا هەبوایە لە ترســان دەبوا هەر ئەوەکەی (بەغدا) بکاتەوە ئەوانی تر بە تایبەتی رادیۆکانی (دەنگــی ئەمریکا و لەندەن و مۆنتــی کارلۆ و رادیۆکانی شۆڕشی مقاوەمەت) چونکە باسی هەستانەوە و بەرگری و چالاکییەکانی پێشــمەرگە و کێشــەی کوردی دەکرد و مەعنەویــات و ئیرادەی گەلەکەی پــێ بەهێز دەبوو، زۆر بــە نهێنــی دەکرانەوە و گوێ لێ گرتنیــان قەدەغە بوو و لە کاتی ئیســپات بوونی لە سەر یەکێک، سزای توندی لە سەر بوو!!

تەرحیل و تەهجیرکردنی گوندنشینەکان، ژێر پێ خستن و زەوتکردنی گەلێک مافی تریشــی بەدەمەوە بوو، لەوانە مینرێژکردنــی تــەواوی ناوچە چۆلکــراوەکان بۆ ئەوەی هیــچ هاتوچۆی تێدا نەکرێت[43]. هەروەها بە تالان بردنی مــاڵ و موملەکاتــی شەخســی خەڵکەکــە بــە تایبەتی ئاژەڵی جۆراوجۆری شــیردار و بەرووبوومی کشتوکاڵی کــە ســەرچاوەی ژیانیــان بــووە، پاشــان تەقاندنەوە و خاپوورکردنی خانووەکان و کوێرکردنەوە و تێکدانی ڕێگاو کانیاو و پاوان و لەوەڕگاکان و داگیرکردن و دەســت بە سەرداگرتنی زەوی وزار و موڵکەکانیان کە بەوەش رژێم کۆمەڵێــک یاســا و بڕوانامەی نێوخــۆ و نێودەوڵەتی ژێر پێ خســت. ئەمازە دەستووری کاتی عێراقی کە لە بەندی شــانزدەهەم /ج دا دەڵێ:(موڵکداریتی تایبەتی دانامالرێت

تەنهـا لــە بەرژەوەنــدی گشــتی و بەپێی بــۆ بژاردنێکی دادوەرانە نەبێت. بە پێی ئەو بنەمایانەی کە یاسا دیاریان دەکات). هــەروا بەندی (17) لــە جارنامەی جیهانی مافی مـرۆڤ تەئکید لە ســەر ئەوە دەکاتەوە هەموو کەسـێک ج بــە تەنها یان بە هاوبەشــی لەگەڵ خەڵکی دیکەدا مافی موڵکـداری هەیــە و نابێت بەرەمەکی و هــەروا لە گوترە موڵک لە هیچ کەسـێک بســەنرێتەوە. بەو شــێوەیە رژێم مافی خاوەنداریەتی زەوی زەوت دەکرد، هەروەسا موڵکی ئەوانیشــی زەوت دەکرد کە خۆیان یا کەس و کاریان لە شــاخ بوون، جا ئــەو موڵکانە لە هــەر کوێیەک بووبن، و زۆر جار بە ئەنقەســت، ئەم موڵکانە بە نرخی باوەڕین بە جاشەکان دەفرۆشرا، بۆ ئەوەی وەک بەشێکی سیاسەتی جینۆســاید، کورد خۆ بە خۆ بە قڕ بدات و دوژمنداری و خوێنیان لە نێوان دروستبکات.

لــە ئەنجامی ئەوانەدا، رژێم لــە 75% ی خاکی بە پیت بۆ کشتوکاڵی لە کوردستان قەدەغە و لە کەڵک خست[44]. لە ناوچــە راگوێزراوەکاندا رژێم دامودەزگا و دامەزراوە گشتییەکانی دەوڵەتیشی وێران و خاپوور دەکرد نەخاسمە قوتابخانە و نەخۆشــخانەکان و ئۆفیســەکان و مزگەوت و کلیســاکان کە لە 1987 دا ژمارەیان گەیشــتە 2457 مزگەوت و شوێنی خواپەرستی و 85 دێر و کەنیسە[45]، دیارە ئەوەش هیچ پاســاودانێکی بــۆ نییە و بەندی (15)

له دەســتووری کاتی عێراقی بــە تاوانێکی زۆر گەورەی لــە قەڵەمدەدا وەک ددانی لەســەر داگرتــووە کە (دارایی گشتی، و مومتەلەکاتی کەرتی گشتی، حورمەتی تایبەتیان هەیە و لەســەر دەوڵەت و گشت ئەندامێکی گەل پێویستە بیانپارێزێ و شەونخوونی بە دیار ئاسایش و پارێزگاری کردنیانەوە بکێشێ و هەر تێکدانێک لەوانە، یا دوژمنکاری کردنیان، تێکدانە لە کیان و بوونی کۆمەڵ و دوژمنکارییە بــۆ ســەری) لە هەموویشــی خەتەرناکتر ژێر پێخســتنی موقەدەســاتی ئایینە ئاسـمانییەکان و دەستدرێژی کردنە ســەر هەست و شــعووریانە، بە تایبەتی لە پەڕپەڕکردنی قورئانیــی پیرۆز و کتێبە پیرۆزەکانی تر، ئەوە لە حاڵێکدا بەندی چوارەمی دەســتووری عێراقــی کار پێکراو دەڵێ: (ئیسلام ئایینی دەوڵەتە)!.

دەستنیشــان کردنــی جوگرافیایــی ئەو شــوێنانەی کە خەڵکەکــەی بــۆ ڕاگوێــزرا، هەمدیــس بــە هــۆی پلانــی بەروەختــەوە بوو، بە شــێوەیەک ڕێکخرابوون کە نێزیک ســەربازگە و تۆپخانــە و دامــودەزگا داپڵۆســێنەرەکانی تــری ڕژێم بێت و وەک جــۆرە زیندانخانەیەکی گەورە لە ژێــر کۆنترۆڵ و چاودێــری خۆیەوە بێت، بۆ ئەوەی هەر کاتێک ویستیان بە ئاسانی مومارەسەی تیرۆر و ئازار و ئەشــکەنجەدان و شــوێن بزرکردن و لە سێدارەدانکردنی خۆیــان بکەن، لە ڕووی گــوزەران و کەش و هەوای ئەو

ئۆردوگا زیندانیانەشـــەوە، شوێنی دەشت و بێ ئاو و بێ پیــت هەڵدەبژێــررا کــە نەخۆشــی دژوار و بەربڵاوی بە ئاســانی تێدا بڵاوببێتەوە، گریمان ئەگــەر بواری چاندنی دار و دەوەنیشی تێدا ببوایە، هەر قەدەغە بوو، بۆ ئەوەی ســوودی بژێوی لێنەبینن و نەشــبێتە پەناگا و وەسیلەی خۆ رزگار کردن.

پێداویســتییەکانی لانیکەمی ژیــان و گوزەران زۆر کەم بوو، نەخاســـمە ئاو[46] و کارەباو هۆیەکانی گواســتنەوە، ئازووقــە و داو و دەرمــان و دکتــۆر و مامۆســتا و پێداویســتییەکانی خوێنــدن. هاتوچۆ و تێکــەڵاوی لەگەڵ شــار و ناوچەکانی دەوروبەردا لە بوارێکی زۆر تەسکدا بــووە و بۆ دامودەزگا مرۆییــە جیهانییەکان و ئاژانس و هۆیەکانــی راگەیاندنی جیهانیش بە تەواوی قەدەغە بووە کە ســەردانی ئــەم ئۆردوگا تەلبەندانە بکــەن بە بیانووی ئەوەی کە (ناوچەی سەربازین).

دیــارە کــە رژێم لــەوەدا هەر مەبەســتی جینۆســایدی جەســتەیی ئەو خەڵکە نەبووە بەڵکــو تێکدان و گۆڕین و لەبیربردنــەوەی خوو نەریت و رەوشــتی باووباپیرانیان بووە، جینۆســایدکردنی رەوشتی کۆمەڵایەتی کورد بوو، کە لە ژێر فشــاری برسیکردن و ئیرهاب و ژیانی مەمرە و مەژیــدا، زۆر ئافــرەت و خانەوادە ئیهانەی شــەڕەفیان کراو دەســتدرێژیان کرایە ســەر. (لەم بارەیــەوە، بڕوانە

پاشبەند).
خاڵێکی هەرە ترسناکتر سەبارەت بە هەتککردنی ئافرەت و نەهێشتنی کەرامەت و ئابڕووی کورد، فرۆشتن و بەخشینی بەشێک لەو ئافرەتانەی ئەو ئۆردوگایانە بوو (هێرشەکانی ئەنفال) لە هەندێک لە بازارەکانی دەوڵەتاندا، بە تایبەتی بەوانەی دەوروبەر وەک کوێت و سعودیە و دەوڵەتانی دیکەی کەنداو، کە ئەمەش لە شەڕی داگیرکردنی کوێتدا زیاتر دەرکەوت کاتێک کە هەندێک لەو ئافرەتانە لەوێ بینرابوون و بڕێکیان لەو کاتەدا خۆیان رزگار کردبوو و هاتبوونەوە کوردستان. چی ناو دەنێیت ئەمە، کە رژێم خەڵکانێک لە بازاڕی دەرەوەدا بفرۆشێت، رەگەزنامەی وڵاتەکەیان هەڵگرتووە ؟!!.
(بازرگانیکردن بە ئافرەت) لە مێژە تاوانێکی نێودەوڵەتی و جیهانییە و دادگای هەموو دەوڵەتان لە لێپرسینەوە و توێژینەوەیدا پسپۆڕن، ئەو کارە نامەردانە، پێشێلکردنێکی ئابڕووبەرانەی (رێککەوتننامەی قەدەغەکردنی بازرگانی کردن بە کەسان و ئیستغلالکردنی بەرەڵلایی غەیرە) یە کە بە پێی بڕیاری کۆمەڵەی گشتی 317 (د- 4) لە 1949/12/2 دا دەرچووە و هەر لە دیباجەکەیدا ئاماژە بەوە دەکا کە پەتای بازرگانیکردن بە کەسان بۆ مەبەستی بەرەڵلایی دەگەڵ کەرامەتی مرۆڤایەتی ناکۆکە و خۆشگوزەرانی خێزان و تاکەکەس و کۆمەڵ دەخاتە

مەترسییەوە.

بــاری نالەبــاری گــوزەران و برســێتی و دووری، یان نەبوونی قوتابخانە و پێداویســتییەکانی، وای لە زۆربەی ئــەو خانەوادانە کرد کە لە ئــۆردوگا زۆرەملێکان بوون، منداڵەکانیان، کە بناغە و ئەساســی کۆمەڵن، لە قوتابخانە دەربهێنــن و وازیــان پــێ لە خوێنــدن بهێنــن و بەکاری جۆراوجــۆری وایان خەریک بکەن کە لــە توانای خۆیان بەدەربێت و تا شەو درەنگان لە دەرەوە بمێننەوە و تێکەڵی نێوەندی وابن لە ڕێیان لابدات و ئاکام نەوەیەکی گوم بوو و لە خۆنامۆ و غەریب و بێ ناسنامە دروستببێت، ئەوەش دیارە کــە پێچەوانــەی ناوەڕۆکی (جاڕنامــەی مافەکانی منداڵ)ــە کــە بە پێی بڕیاری کۆمەڵەی گشــتی 1386 (د – 14) لە 1959/11/20دا دەرچووە، بە تایبەتی بنەمای دووەم لــەو جاڕنامەیە کە پارێزگاریکردنی تایبەتی منداڵ پێویســت دەکا و بنەمــای حەوتەم کــە فێربوونی بە زۆر و بەخۆرایــی بە مافی منداڵ حســێب کــردووە و بنەمای نۆیەم کە ناچارکردنی منداڵ لەسەر کارکردن یا پشتگوێ خستنی بە شێوەیەک کە لە هەر کار یا پیشەیەکدا ئیشبکات کە ئەزیەتی تەندروســتی بدات یــان زەرەر بە فێربوونی بگەیێنی یاخود ڕێ لە پێگەیشــتنی جەســتەیی و ئاوەزیی منــداڵ بگرێت، قەدەغە دەکات. هەروەهــا بەندی (26) لە جاڕنامەی جیهانی مافی مرۆڤ دەڵێ: (هەموو کەس مافی

فێربوونی هەیە).
بە هەرحاڵ (قوشتەپە و باسرمە و باینجان و بەکرەجۆ و دیانــا و کەورگۆســک و بنەســڵاوە و چەمچەمــاڵ و کەســنەزان و جدیــدە و مەنفاکانی نەجــەف و کەربەلا و دیوانییە و سەحرا و بیابانی رومادی لە باشووری عێراق و ســەر ســنووری ئــوردون و ســـعودیە)، نموونەی ئەو ئۆردوگا تەلبەندە زیندانییــە زۆرە ملێیانەیە کە بەعس لە 3839 شارەدێ و دێهات و گوندی وێرانکراو و 219828 خێزان و 271 خەستەخانە و عیادە و خاکێکی سووتاوو بــە ملیۆنان لوغــم رێــژی (45000) کیلۆمەتر دووجایی دروستیکردن.
بــەو شــێوەیە بەشــێکی زۆری ئــەو نەخشــەی جینۆسایدکردنەی کە بۆ نێو سنووری عێراق کێشابووی، بەپێی توانا جێبەجێکرد و هەر لە گەرمەی ئەو تێکشکاندن و راگواستنەیشدا بوو کە رژێم بە ناوی مەجلیسی قیادەی ســەورە بڕیــاری ژمارە 1725 لــە 1987/6/21 دا دەر کــرد و تێیدا لە ســێدارەدانکردن و تەقەکردنی لە هەموو ئەو شوێنانەدا حەلاڵ و یاسایی کردبوو! کە چۆڵکرابوون، دەرحاڵ پیادە کراو لە جێبەجێکردنیدا، بە دەیان و سەدان کــەس لە خەڵکــی بێ دیفاع لە شــوان و گاوان و جوتیار و کاســب بوونە قوربانی، رەشــایی چەندین گیانەوەر لە ئەنجامی شــوبهاندنیان بە مرۆڤ، بە تەقە مردار کرانەوە

و لەوهێرشـانە قورسـترین چەک و وەسـیلەی کوشتنی وەک فڕۆکەی هێلیکۆپتەری سمتی بەکاردەهات[47].

[2] شـارە گەورەکان : تەهجیـر و تەعریب و ئابڵوقەی ئابووری ...

ڕاگواسـتن و تێکشـکاندن، هەر ناوچە گوندنشینەکانی نەگرتـەوە، بەڵکـو بـەر لـەوەش شـاری کوردنشـینی کەرکووکیشـی گرتـەوە و تا ئێسـتاش هـەر بەردەوامە. کەرکـووک لـە پاڵ ئەوەی کـە کوردی لـێ تەهجیر کرا، تەعریبیـش کـرا، ئەمەش لـە ڕێگای دەرکردنـی بڕیاری ناڕەوا و نامرۆڤانە بە جێنیشـینکردنی عـارەب (لەوانەی کە بە شۆڤێنیەت و ڕەگەز پەرستایەتی گۆش کرابوون و ئەلقە لە گوێی ڕژێم بوون). لە کەرکووک و دەورووبەریدا، لـە بەرانبـەر پارە و عـەرز و خانوو و پـڕ چەککردن و دەسـەڵات پێدانـدا و بـە پێچەوانـەی ئەمـەوە کـوردی خەڵکـی کەرکووک هیچ سـەودا و مامەڵەیەکی بازرگانی و تایبـەت بە موڵکداری خانوو و زەویوزار و هیتریشـی لە دامـودەزگاکان بـۆ جێبەجێ نەدەبـوو و نابێت، وەک بیانییەکـی ئەرک لە سەرشـانی بێ ماف هەڵسـوکەوتی لەگەڵ کراوە و دەکرێت، تەنانەت حسێبی عارەبێکی غەیرە عێراقیشـی بۆ نەکـراوە و ناکرێت کە بەپێـی بڕیارەکانی سەدام چەندین مافی وەک مافی عێراقییەکانیان هەبووە و

هەیە لەوانە سـەودای کڕینی موڵک و خانوو و لە وەزیفە و کار دامـەزران. کەچـی کـورد لە وەزیفـە دەردەکرێ لەگـەڵ هەمـوو توانا و کەفائەتێکی زانسـتی و هونەریدا، بواری دامەزراندن لە کاری نادرێ کە سەرچاوەی ژیانی زۆربـەی زۆرە و پرۆگرامـی قوتابخانـەکان بـە زمانـی عارەبیـن و ناوەڕۆکەکەیشـی بیروبـاوەڕ و ئـەدەب و مێژووی میللەتێکی ترە، تەنانەت ناوی قوتابخانەکانیش کە بۆ ماوەیەک (ماوەی دوای ڕێککەوتننامەی 11 ی ئازاری 1970) کرابوون بە کـوردی، گۆڕانەوە بۆ عارەبی، هەر بـۆ نموونـە: کاوە کرا بـە (معاذ بن جبل) و کوردسـتان بـووە (عبدالملـک بن مروان) و قوتابخانـەی زێوەر گۆڕا بـە (الاندلس) و 11ی ئازار کرا (سیسـلون) و کتێبخانەی ئاسۆ کرا بە (الطلیعة) و دارا بۆ (العروبة) وەرگەڕێنرا[48] کە دیارە ئەمە وەک جینۆسایدێکی کەلتووری و مێژوویی تەماشـا دەکـرێ. لە سـاڵی 1981 دا سیاسـەتی بەعس توندوتیژتـر بـوو و لەو وەختەدا بڕیـاری ژمارە 1391 لە مەجلیسـی قیادەی سـەورە بە 16 خـاڵ دەرچوو کە بـاس لـە دروسـتکردنی (20) هـەزار خانـوو دەکات لە ناوەڕاسـت و باشوور و ڕاگواسـتنی چەندین کارمەند و کارگەری کورد لە کەرکووکەوە بۆ باشـووری عێراق، ب (بۆ دەقی بڕیارەکە: بڕوانە پاشبەند) بەلام دیارە سەرقاڵی ڕژێم بە شـەڕی ئێران و چوونە نێو شـارەکانییەوە، لەو

وەختــەدا تەگەرەیــەک بــوو لــە بــەردەم جێبەجێکردنی تەواوی بڕیارەکەدا، هەروەها لە ناوەڕاسـتی هەشتاکاندا ڕژێم بڕیارێکی تری ســەبارەت بە شارەکان دەرکرد، کە ئارمانجەکــەی تەعریبکــردن و نەهێشــتن و تاواندنەوەی کورد بوو بە شـێوەیەکی ناراستەوخۆ، ئەویش لە ڕێگای هاندانی ماددیانەی خەڵکی شـارەکانی هەولێر و سلێمانی و دهۆک کە بچن لە شـارەکانی ناوەراسـت و باشووردا نیشــتەجێ بن و لە حاڵەتی کڕینی موڵک و خانوودا ڕژێم پارمەتییــان دەدات، بە پێچەوانەوەش هانی ناوەڕاســت و باشــووری دابوو کە بێنە کوردســتان و نیشتەجێ ببن لە بەرامبەر هەمان پارمەتی و ئیغراکردنی ماددیدا و بۆ ئەم مەبەستە (کەرکووک و بەغدا) هەڵاوێردرابوون!!.

لە ناوەڕاســتی هەشــتاکان (1985 بە دوا ...) گەرمەی شەڕی عێراق – ئێران بوو و لەو وەختەدا شتاق گەمارۆ و ئابلۆقــەی لــە هیچ جۆرێک لە ســەر عێـراق نەبوو، بە پێچەوانــەوە سیاســەتی ئەو کاتەی وڵاتانــی ئەورووپا و ئەمریکا و کەنداوی عارەبی (نەمازە کوێت و سعودیە) بە شــێوەیەک بوو کە هەموو پارمەتییەکی سەروو پێویستی ڕژێــم دەدرا و چاو لــە گەورە کەتنێکــی وەک (ئەنفال و کیماییش) دەپۆشــرا و ڕژێم لە خۆشــگوزەرانی دا بوو و ســاڵانی ناوبراو، بە تەنها خەرجیی ســەربازیی خۆی لە دەیان ملیار دۆلار دەدا، ئا لەو وەختانەدا ڕژێم گەمارۆی

ئابووری خســته ســەر تەنها سێ شــاری کوردستانەوە (دهۆک و ســلێمانی و هەولێر) و دەســتی بە برسیکردنی خەڵکــی ئەم ناوچەیە کرد و بەدەر لە هەموو پارێزگاکانی عێراقــی، تەنها ئەم ســێ پارێزگایە سیســتەمی کۆبۆن و ژیانی مەمرە و مەژی بەســەردا ســەپێنرابوو، لەوەشــدا وەک ئاشکرایە مەبەستی رژێم ئەوە بووە کە کورد بخاتە بارێکــی گوزەران و بژێوی تژی خــراپ و ئیبادەیەکی بە شــێنەیی و لە ســەرەخۆ، بۆ ئەوەبووە کە خەڵکی واز لە ئــۆل و عەقیــدەی سیاســی و نیشــتمانییان بهێنن و هەر عەودالّی نــان پەیداکردن بن بۆ ئەوەش بووە کە نەتوانن یارمەتی پێشــمەرگەکانی مقاوەمەتی ئیبادەکردن بدەن و مەعنەویــات و ئیرادەی ئەوانیش شــلبکەن و ئاکام بە بێ مەرج بچنە ژێر باری مەرجەکانی رژێمەوە.

لەوەشــدا دیارە کە رژێم پێشــێلی بەندی (25)ی جاڕی جیهانــی مافی مرۆڤی کردووە کە دەڵێ:(هەموو کەســێک مافی ژیانێکی تێرای هەیە کە بەشــی پاراستنی لەشساغی و خۆشگوزەرانی خۆی و خێزانی بکات ئەوەش خۆراک و پۆشاک و خانوو و چاودێری پزیشکی، هەروەها خزمەتە کۆمەڵایەتییە پێویستەکان دەگرێتەوە....).

هەروەها (پەیمانی نێودەوڵەتی تایبەت بە مافە ئابووری و رۆشــنبیری و کۆمەڵایەتییەکان)یش کە لە 3 ی کانونی دووەمی 1976 ــەوە ئامادەیە بۆ جێبەجێکردن لە لایەن

ئەو دەوڵەتانەی کە واژوویان کردووە یا بڕواییان پێداوە و عێـراق لایەنێکە تێیدا. لە بەنـدی (1/11) یدا، پەنجە بۆ ئەوە رادەکێشێ کە دەوڵەتانی هاوبەش دان بەوەدا دەنێن کـە هەموو کەسـێک خۆی و خێزانەکـەی، مافی ئەوەیان هەیە لە ئاسـتێکی ژیانیی لە باردا بژیت بە شـێوەیەک کە پێداویسـتییەکانیان لە (خواردن) و جل و بەرگ و شوێنی حەوانەوە بۆ مەیسەر بکرێت....

دووهەم :

راگواسـتن و دەرپەڕاندن بۆ دەرەوەی سنووری عێراق و کارەساتی کوردە فەیلیەکان

بـە گوێـرەی دەرپەڕاندن و رەوپێکـردن بۆ ئەودیوی سـنووری عێـراق خـۆی لـە سـێ حاڵەتانـدا دەنوێنێ، یەکەمیان: ئەو کەس و کەسایەتی و خانەوادانە دەگرێتەوە کە لە دەسـت زوڵم و ستەم و ئەشـکەنجەدان و گرتن و برسـێتی و تالان و دەست بەسـەرداگرتنی موڵک و ماڵ، هەڵاتوون و لەژێر ئەو گوشـارە جەستەیی و رۆحییە بێ وێنەیـەدا ئاوارە و پەڕاگەندەی دەوڵەتانی ئەورووپا و دنیا بـوون و ژیانـی غەریبـی و دوورە وڵاتی دەبەنە سـەر. دووهەمیـان: ئـەو دەیان هـەزار بێ دیفـاع و بێ گوناهە دەگرێتـەوە کە لـە ژێر زەبر و فشـاری چەکی کۆکوژی کیمیایی و جینۆسـایدکردندا بەرەو سـنوورەکانی تورکیا

و ئێران رەویان کرد و پێشتر لە شوێنی تری ئەم کورتە باسەدا پەنجەنمای بۆ کراوە و ناگەڕێینەوە سەری.

سێیەمیان: کە بوار و مەبەست و مەودای باس کردنیمانە، راگواستنی بە بەرنامە و پلانی بەرووەختی کوردە فەیلییەکانە لە سەر زێد و بنەجێی خۆیان و باب و باپیرانیان، بۆ دیوی ئێران. لە دوای هاتنی بەعس بۆ سەر تەختی حوکمی دیکتاتۆری، دەستی بە راگواستنی کوردە فەیلییەکان کرد نەخاسمە سالانی 1969 – 1972 زیاتر لە (70) هەزار کەس تەرحیل کران، بەلام راگواستنی بەر بلاو و کاریگەر لە نیسانی1980 دا دەستی پێکرد[49]، ئەو وەختەی رژێم بە دەیان هەزار (نزیکەی 120 هەزار) کوردی لە ژێر باروزرووفێکی زۆر نالەبار و وەحشیانەدا، بە چەند وەجبەیەک بە زۆری بە (زیندانخانەی گەڕۆک) کە هەر بۆ گومانباران بەکار دەهێنرێت، بێ ئەوەی بزانن بۆ کوێیان دەبەن و چییان لێدەکەن و چ تاوانێکیان کردووە و چارەنووسیان رووی لە چ ئاقارێکە؟!! . بێ ئەوەی مافی داکۆکی لەخۆکردنیان هەبێت بە تەوقیف کراوی و بە بێ ئاو و نان فڕێ درانە سەر سنووری ئێران و لە ولات وەدەرنران.

ئەگەر چی (گریمان) ئەو کوردانە تاوانبار بوون، خۆ بەپێی دەستوور و یاسای سزادانی عێراقی تاوان دراوە پال بێ گوناهە تا پێچەوانەکەی دەسەلمێنرێ (بەندی

بیستەم/ء، لە دەستوور)، مافی داکۆکیکردن پیرۆزە (بەندی بیستەم / ب لە دەستوور).

هەروەها بەندی (1/11) لە جاڕی جیهانی مافی مرۆڤ دەڵێ: (هەموو مرۆڤێکی گومانبار بە تاوانێک، بێ گوناهە، تاکو لە دادگایەکی ئاشکرادا لە هەموو هەلومەرجێکی پێویستی داکۆکی لە خۆکردنی بۆ دابین دەکا، بەپێی قانوون، تاوانەکەی دەسەلمێنرێت)..

ئەو کوردانە دوای ئەوەی فڕێدرانە سەر سنوور، بەو ئیعتبارەی کە ئێرانی نەبوون، لەو دیو، کەسێک نەبوو وەریان بگرێ یا پێشوازییان لێبکات، ڕەنگە هەر ئاگاداریش نەبووبن! بۆیە هەر لەوێدا و بە دووری چەندان کیلۆمەتر بە کۆچڕەو بە نێو بیابان و گەرما و بە بێ ئاو و نان، ڕێیان بڕیوە و بە منداڵ و ژن و پیرەوە ملیان دابووە بەر و لێرە و لەوێ هەبوون کە لە برسێتی و تینوێتیدا (بە تایبەتی ژن و منداڵ) گیانیان لە دەستداوە و هەر لەوێشدا ژێر گڵ کراون، گەڕانەوەش بۆ سنووری عێراق بەپێی بروسکەی نهێنی وەزارەتی ناوخۆی عێراق ژمارە 2884 لە 1988/4/10 دا کوشتنی لەسەر بووە وەک لە کۆتاییەکەیدا دەڵێت: (.....تەئکیدی فەرمانەکەمان دەکەینەوە بە تەقەکردن لەوەی کە هەوڵی گەڕانەوە بۆ نێو خاکی عێراق دەدات، لەوانەی کە ڕاگوێزران. تەواو....)[50]. لە دوای ڕەزامەندی وەرگرتنیشیان لە لایەنی ئێرانەوە

(کـە وێ دەچێ زیاتر لـە ڕووی ئینسـانییەوە بوو بێت) لــە خێوەتگاکانی ئەوێ دا لە لانیکەمــی گوزەران و ژیان بێبەش بوون[51].

کوردە فەیلییەکان، چ وەک (پەیوەندی خوێن) بەوەی کە دایک و باوکەکانیشیان عێراقی بوون، چ وەک شوێنی (لە دایکبوون) بەوەی کە لە ســەر خاکــی عێراقدا هاتوونەتە دنیــاوە، عێراقــی بوون و زۆربەی زۆریشــیان ویلادەتی سیانی (الولادة الثلاثية) بوون نەک هی دووانی، واتە خۆیان و باوکیان و باپیریان لە سەر خاکی عێراقدا لە دایکبوون، ئەمانە هەمووی بەپێی یاســای ڕەگەزنامەی عێراقی[52] و هەر لە سەر یەک یا گشت ئەو بنەڕەتانەیش ڕەگەزنامە و زۆربەی ئەو بڕوانامانەیان هەبووە کە ئیسپاتی عێراقیەتی کردوون، بێجگە لەوەش ئەوان لە دامودەزگاکانی دەوڵەت بەشدار بوون و پلە و پایەیان تێدا هەبووە و لە بازرگانیدا ڕەها بوون و هیچ کۆت و بەســتێکی تایبەتییان لە ســەر نەبووە و بازرگانی هێنان و ناردنیان کردووە و مامەڵە و سەودای کڕین و فرۆشتنی موڵک و ماڵ و خانووبەرەیان بە ڕەسمی لە دامودەزگاکانی دەوڵەتەوە کردووە کە ئەوانە لە ڕووی یاساییەوە هەر بۆ عێراقییەکان ڕێگا پێدراوە.

لە هەمووانیش گرینگتر، خزمەتی سەربازییان کردووە، کە ئەمە لە زۆربەی دەوڵەتانی دنیادا مەرجێکی بنەڕەتییە بۆ بە هاونیشتمانی بوون. کەچی ڕژێم لەکاتی ڕاگواستنیاندا

هەر هەموو رەگەزنامە و ناسـنامە و بڕوانامەکانی تریان لێسـەندن و سـەنەد و تاپۆ و عەقدی خانوو و زەویوزار و موڵکەکانیـان (دوور لـە هەموو عورفێکـی ئەخلاقی و ئینسانی و یاسایی) لێ زەوت کردن[53].

جگە لـەوەی زۆربەی خانەوادەکانیـان لێک دابڕ کردن بـەوەی کە منداڵی سـاوا یـا هـەرزەکار و گەنجەکانیان دەهێشـتنەوە و ئەوانی تریان وەدەردەنان یاخود پیاو، یا ئافرەتیان دەگرت و زەوت دەکردن......[54]

دیارە کە بڕوبیانوی رژێم لە وەدەرنانی پڕ مەرگەساتی فەیلییـەکان ئـەوە بـوو کـە ئەمانـە ئێرانین و ئێسـتاش عێراق شـەڕی لەگەڵ ئێراندا هەیە و ترسـی خراپەکاری و تێکدەریـی لەوان دەکرێ، بەڵام ئەمە هیچ راسـتییەکی تێدانییە چونکە راگواسـتنەکە لە مانگی نیسانی 1980/4 دا بووە واتە (5) مانگ بەر لە دەسـتپێکردنی شەڕ و بەر لـەوەش لـە 1969 و 1971 دا رژێـم ئەو سیاسـەتەی جێبەجـێ کردووە. لەوەی کە ئێرانیش بن ئەگەر وا بوایە خزمەتی سەربازییان پێنەدەکرا و رەگەزنامەیان پێنەدەدرا و بوار نەدەدرا کە مومارەسـەی کڕین و فرۆشتنی موڵک و زەویوزار بکەن وەک باس کرا.

لە 1980/7/5 دا کە هێشـتا دوو مانگی مابوو شـەڕی عێراق- ئێران دەست پێبکات، مەجلیسی قیادەی سەورە، بۆ پیادەکردنی پیلانە گڵاوەکەی لەوەدەرنان و تەفروتوناکردنی

بەشێکی تری کورد کە فەیلییەکانن، بڕیاری ژمارە 666ی دەرکرد، کە لە دیوی ئەودیویدا نیشتمانپەروەری و کورد پەروەریی فەیلییەکان دەردەکەوێ بەوەی کە ئەوانە دژی ئینقلابـە شـوومەکەی 17 ی تەممـوزی 1968ن، بۆیـە دەردەکرێن (بڕوانە پاشبەند).

لـە سـالی 1981ـەوە تـا 1989 ئـەم هێرشـە هـەر بـەردەوام بـووە، واتـە هـاوکات لەگەڵ ماوەی رەشـی ئەنفالە بەدناوەکاندا، راگواستنی کوردە فەیلییەکان درێژی هەبووە و بڕیاری دیکەی لە مەجلیسی قیادەی سەورەوە دەرهەق جێبەجێ کراوە کە شیرازەی خێزانی تێکدا و لێکی هەڵوەشاندەوە و خۆی لە ژیانی تایبەتییان هەڵقورتاند، کە ئەمـەش بووە هـۆی راپێچکردنی زیاتر لـە (30) هەزار کەسـی تـر، بڕیاری ژمارە 474 کە لـە 1981/4/15 دا دەرچووە، گوزارشـت لە تێکدانی ئەو شـیرازەیە دەکات و هانـی هاوولاتیـان دەدات بەوەی وەک خـۆی دەیڵێت ئەگەر (ژنە بەرەگـەز ئێرانییەکان) تەلاق بدەن ئەوا رژێم بارووبووی ماددییان دەکات و مەبەسـتیش لەوەدا ئەوە بـووە کـە خەڵکی زیاتر بـۆ ئەودیو سـنوور راپێچ بکات و دیـوی ئەو دیوی ئـەم بڕیارەش وا دیـاری دەدات کە ئەگـەر لەژێر ئەم ئیغرائاتە ماددییانـەوە نەیکەن، ئەوا بە زۆر بـە یەکتریان تـەلاق دەدەن و خێزانەکە لە باڵ یەک دەردەهێنن، چونکـە هێندێکیان دەگیرێن و گل دەدرێنەوە

و ئەوانی تر رادەگوێزرێن (وەک ئاماژەی بۆ کرا)... دەقی بڕیارەکە وا نووسراوە.

بەپێی ئەحکامی برگە (ء) لە بەندی چل و دووەمین لە دەستووری کاتی، مەجلسی قیادەی سەورە، لە دانیشتنی رۆژی 1981/4/15 بڕیاری ئەمەی خوارەوەی دا:

(1) هەر پیاوێکی عێراقی کە ئافرەتێکی تەبەعییەی ئێرانی هێناوە، بڕی چوار هەزار دیناری بۆ سەرف دەکرێ، ئەگەر عەسکەری بێت و دوو هەزار و پێنج سەد دینار ئەگەر مەدەنی بێت، لە حاڵێکدا ئەگەر ژنەکەی خۆی تەڵاق بدات یا خود لە حاڵەتی تەسفیرکردنیدا بۆ دەرەوەی وڵات.

(2) لە بەخشینی بڕی پارەی ناوبراو لە 'برگە (1)'ی ئەم بڕیارەدا مەرجە حاڵەتی تەڵاق یان تەسفیر کردن ئیسپات بێت بە هۆی تەئیدیکەوە لە لایەنی رەسمیی پسپۆرەوە و (عەقد)ی ژن هێنانێکی نوێ لە ئافرەتێکی عێراقیدا بکرێت..

دوای دەرکردنی ئەم بڕیارە بە هەفتەیەک، نوسینگەی رازگرێتی .- لە مەجلیسی قیادەی سەورە، کیتابێکی خۆیی و نهێنی لە 1981/4/22 بە ژمارە 2469/12/31 دەرکرد، کە تێیدا بڕیاری ناوبراو، روونتر دەکاتەوە و رێنمایی پێویست بۆ جێبەجێکردنی دەدات لەوانە: بڕی ئەو پارەیە تەنها بەو کەسانە دەدرێت کە بەر لە دەرچوونی ئەو بڕیارە ئەو ژنانەیان لە لابووە و لە کاتی تەڵاق و

دەست لێبەرداندا دەبێت وەزارەتی داد ئاگاداری وەزارەتی ناوخۆ بکاتەوە بۆ ئەوەی ئافرەتە تەلاق دراوەکە تەسفیر و راپێچی دەرەوە بکات، هەروەها دەبێت ئەو کەسە جارێکی تر ژنی (ئێرانی) نەهێنێتەوە، پێچەوانەی ئەوە هەموو پارەکەی لێوەردەگیرێتەوە.

رژێم هەر بە تەنها سیاسەتی راگواستن و دەرپەراندنی دەرهەق بە کوردە فەیلییەکان جێ بە جێ نەکرد، بەڵکو زۆربەی زۆری ئەوانەی کە لە کاتی تەرحیلەکەدا گلی دابوونەوە، لە سێدارەدان و شوێن بزرکردن و بە دەم ئازار و ئەشکەنجەدانەوە لە گرتووخانەکانی قایمکردن، ئەمەش ژن و پیاو و منداڵ و هەرزەکاری لە تەمەنی 14 تا 45 ساڵی گرتەوە و تا ئێستاش زیاتر لە (10) دە هەزار کوردی فەیلی بە دەست رژێمی بەغداوە بێ سەر و شوێنن و لەوەدا رێکخراوی مافی مرۆڤی کوردە فەیلییەکان لە عێراق/نەمسا/ یادداشتنامەیەکیان لە 1992/2/28 دا بۆ بەرێز ئەمینداری گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان بەرز کردەوە کە تێیدا داوای چارەنووسی ئەو چەند هەزار کوردە دەکەن، بەلام وا پێدەچێ بە دەردی رووداو و کارەساتەکانی تر، پشتگوێ خرابن و سکرتێری (UN) لێیان نەپێچابێتەوە، لێرەدا بە پێویستی دەزانین وەک بەڵگەنامەیەک دەقی یادداشتنامەکە بڵاوبکەینەوە :

بەڕێز سكرتێری گشتی نەتەوە یەكگرتووەكان
د. پوترس غالی
1992/2/28
بابەت /بەهاناوە هاتنی زیندانییەكان لە كوردەفەیلییەكان
سلاوێكی گەرم :
ڕێكخراوی مافی مرۆڤ بۆ كوردە فەیلییەكان لە عێراقدا، كە بەرپرسیارێتی داكۆكیكردن لە مافی كەمینەی چەوساوە لە كوردە فەیلییە عێراقییەكانی وەئەستۆ گرتووە، جەختی ئەوە دەكاتەوە كە تا ئێستا زیاتر لە دە هەزار زیندانی لە فەیلییە كوردەكان كە لە نێوان سالی 1980 تاكو سالی 1992 گیرا بوون، لە زیندان و گرتووخانەكانی عێراق، بە بێ هیچ پاساوێكی یاسایی دەنالێنن، لە هەمان كاتدا حكوومەتی بەغدا هیچ زانیارییەكی دەربارەیان نەداوە، و كەس و كاری گرتووەكان بۆ ئێران ڕاگوێزراون و بە تەواوی سەبر و ئارامییەوە چاوەڕوانی گەڕانەوەی منداڵەكانیانن و تكا لە بەڕێزتان دەكەین كە بەخێرایی تەدەخول بكەن لە پێناوی بەرەڵلاكردنیاندا"[55].
دەقی یادداشتنامەكە وەك دیارە تەئكید لەوە دەكاتەوە كە (كەسوكاری زیندانییەكان لە چاوەڕوانی گەڕانەوەی منداڵەكانیانن). بەو مانایەی ڕژێم جگە لە تەرحیل و گرتن و كوشتن و شوێن بزركردن، سیاسەتی لێك هەڵوەشاندنەوە

و لــه باڵ یەک دەرهێنانی خێزانیشــی پەیڕەو کردووە کە واتــای بــەرەو هەڵدێربردنی کۆمەڵگــە دەگەیەنێ، چونکە خێــزان بــەردی بناغەکەیەتی، لێــرەدا ڕژێم بــە تەواوی پێزانیــن و هەســت پێکردنــەوە، ئەمــەی وەک وێنەیەکی جینۆساید لەســەر کورد پیادە کردووە، بێ ئەوەی گوێی بۆ ئەو دەســتوورەش هەڵخستبێ کە خۆی دایڕشتووە و دەریکــردووە کە لە بەنــدی (11)یدا دەڵێ: خێزان کرۆکی کۆمەڵــە، دەوڵەتیــش پاراســتنی و پشــتگیریکردنی زامن دەکات و دایکایەتی و منداڵیتی چاوەدێری دەکا) یا بەندی (3/16) لــە جــاڕی جیهانی مافی مرۆڤ کە دەقنووســی ئــەوەی کردووە:(خێزان یەکەیەکی سروشــتی و بنەڕەتی کۆمەڵگایــە و مافــي ئەوەی هەیە کە لــە لایەن کۆمەڵگا و دەوڵەتەوە بپارێزرێت).

هەروەهــا پەیمانی نێودەوڵەتــی تایبەت بە مافە مەدەنی و سیاسییەکان لە هەمان هەستپێکردندا لە بەندی '1/23' پێی لە ســەر ئــەوە داگرتووە کــە (خانــەوادە یەکەیەکی جەماعــی سروشــتی و بنەڕەتییە لە کۆمەڵــگادا، و مافي پاراســتنی هەیە لەلایەن کۆمەڵ و دەوڵەتەوە). سەرباری ئەوانــەی پەنجەنمایان بۆ کرا، ئــەوەی کە ڕژێم دەرهەق بــە کــوردە فەیلییەکانی ئەنجامداوە، پێچەوانە و پێشــێلی کۆمەڵێک یاســا و بەڵگەنامەی نێوخۆ و نێودەوڵەتییە، کە گرینگترینیان، ئەو پۆلێنانەی خوارەوەیە:

(1) راگواستن: بەندی (1/13) لە جاڕنامەی جیهانی مافی مرۆڤ وای دەقنوس کردووە کە : (هەموو کەسێک ئازادی هاتوچۆ و هەڵبژاردنی شوێنی نیشتەجێ بوونی لە نێو سنووری هەر دەوڵەتێکدا هەیە).

(2) گرتن و زیندانیکردنی بێدادگایی: بەندی (9) لە هەمان جاڕنامەی ناوبراو دەڵێ (هیچ مرۆڤێک نابێت بە شێوەیەکی رەمەکی بگیرێت، دەست بەسەر بکرێت، یان دوور بخرێتەوە).

(3) ئازار و ئەشکەنجەدان: بەندی (5) لە جاڕی جیهانی بە روونی دەری بڕیوە کە هیچ مرۆڤێک ئەشکەنجە و سزا نادرێت و رەفتاری توند و تیژ و دڕندانە و ئابڕووبەری لەگەڵدا ناکرێت. هەروا بەندی (1/2) لە پەیمانی نێودەوڵەتی تایبەت بە مافە مەدەنی و سیاسییەکان هەمان تەئکیدی کردۆتەوە.

(4) لێسەندن و زەوتکردنی موڵک و ماڵ : بەندی شانزەدەهەمین/ح لە دەستووری کاتی عێراقی دەڵێ:(موڵکداریێتی تایبەتی دانامالرێ ئەگەر بۆ پێداویستییەکانی بەرژەوەندی گشتی نەبێت...) هەروەها بەندی (17 /2) لە جاڕنامەی جیهانی: (نابێت بەرەمەکی موڵک لە هیچ کەسێک بسەنرێتەوە) .

(5) بیانووی (عێراقی) نەبوون: لە کاتێکدا خەتەرناکترین و ناسکترین ئەرک کە هەر بە هاونیشتمانی دەکرێت

ئەویش خزمەتی سەربازییە، پێیان کراوە و بۆ ئەمە بەندی (31/ء) لە دەستووری کاتیی عێراقی دەڵێ:(داکۆکیکردن لە نیشتمان ئەرکێکی پیرۆزە و شەرەفە بۆ هاونیشتمانی، و خزمەتی سەربازی بە خورتییە..) و لە (31/ ب) دا ئەوەی دەقنووس کردووە کە (هێزە چەکدارەکان مولکی میللەتە و ئامرازیەتی بۆ پاراستنی ئاسایشەکەی و داکۆکیکردن لە سەر بەخۆیی و .....).

بەو پێیە بەشداری کردنی کوردە فەیلییەکان لە خزمەتی سەربازیدا بەڵگەیەکی بەهێزی بە عێراقی بوونیانە، جگە لەوەش ئەوان لە کڕینی مولک و ماڵدا بەپێی یاسا و وەک هەر هاوولاتییەک ئازاد بوون، بەندی (17) لە دەستووری کاتی لەو بارەیەوە وا تێکستنووس کراوە (مولکداریێتی خانوبەرە بۆ غەیرە عێراقی قەدەغەیە، تەنها ئەوەی بە یاسا هەڵنەوێردرابێت) دیارە ئەم هەلاوێردنەش بۆ هەندێ دەوڵەتانی کەنداو و عەرەبییەکان بووە !!.

(6) سەندنەوە و زەوتکردنی رەگەزنامەی عێراقی: کە بەپێی بەندی (15) بڕگەی (1 و 2) لە جاڕی جیهانی ئەو مافەیان پارێزراوە کە دەڵێ:

1/ هەموو کەسێک مافي بوونی رەگەزنامەی هەیە.

2/ نابێت بەزۆر رەگەزنامە لە کەسێک بسەنرێتەوە یان مافي گۆڕینی نەدرێتێ).

لە کاتێکدا ئەوانە، بە شێوەیەکی یاسایی نیشتەجێی

خاكی عێراق بوون و بەپێی مەرجەكانی یاسـایی عێراقی لــە وەرگرتنــی رەگەزنامەدا كە (پەیوەنـدی خوێن) و (لە دایكبوونە لە سـەر خاكی عێراق) یان یەكێكیان، بوون بە هاوولاتی عێراقی، بەلام وەك دیارە مەبەستی بەرەودوای رژێم نەهێشـتن و تەفروتووناكردن و جینۆسـایدكردنی كـورد بـووە و هەولێـداوە بەپێـی توانـا لە رێـگای ئەو بڕوبیانـووەوە بـێ بنەڕەت و بێ سـەروبەرانەدا، لە رووی رای گشـتی جیهانیدا (ئەگەر حیسابێكی بۆ كردبێ) پاساو بۆ خۆی بهێنێتەوە!!.

پشکی چوارەم :
نەزۆککردن یان جینۆسایدکردنی بایۆلۆژی

لەو مەبەسـت و مەنزوورەی ئێـرەدا، نەزۆککردن (کە ڕژێم لە پاڵ ڕێگاکانی تری جینۆسایدکردندا ئەنجامیدەدا)، بە مانای وەسـتاندنی زیادبوونی کۆمەڵێکە بە مەبەسـتی بەرەبـەرە کەمکردنـەوەی ژمارەیان، ئـەوەش لە ڕێگای چەنـد هـۆ و ئەگەرێکـی ڕاسـتەوخۆ و ناڕاسـتەوخۆوە دەکرێ کە مەترسـیدارترینیان خەسـاندنی پیـاوان و لە کەڵک خسـتنی ئەندامی زاوزێی ئافرەتەکانیەتی، دیارە کە ئەوەش گەورە کەتنێکی جینایی و سیاسـی و نیشـتمانی مەزنــە و لە (ئاکام) دا لەگەڵ (نەزۆکـی) یەک دەگرنەوە، بــەڵام لە (هۆ) دا جیاوازییەکـی جەوهەریی هەیە، بەوەی

هۆی نەزۆکی لایەنی فسیۆلۆژی و کەموکورتی جەستەیی پیاو یان ئافرەتە، کەچی نەزۆککردن دەستکاریکردن و دەستدرێژییە بۆ سەر سەلامەتیی لەش و جەستەیێکی ئامادە و بێکەموکورتی[56]. ئەو دەستدرێژییەی بەندی (3) لە جاڕنامەی جیهانی مافی مرۆڤ نەهی لێکردووە.

ئەو حاڵەتەش کە رژێم لە چوارچێوەی نەخشەی لە نێوبردنی کورددا بە سەر دەیان هەزار کەسی هێناوە، نوێ نییە و بەر لە دەیان سەدە هەبووە و ئەم بەوردی سوودی لێبینیوە و داهێنانی تێدا کردووە. گەلانی کۆنی رۆژهەڵاتی لە بابەتی بابلییەکان و ئاشوورییەکان و فارسەکان و میسرییەکان، بە تایبەتی لە ماوەی سیستەمی کۆیلایەتیدا، راستەوخۆ خەڵکیان خەساندووە، ئەویش بە برینی هەردوو ئەندامی زاوزێی پیاوان، یەکێکیان یا خود برینی ئەو دەمارانەی کە پێکی گەیاندوون. ئەوانەی ئەم دەستدرێژیانەشیان لە سەر بووە، یا دیلەکانی شەڕ و منداڵەکانیان بوون، یان وەک سزای دزی و زینا و خیانەت و ناپاکی دەسەپێنرا[57].

جگە لە خەساندنی کۆیلەکان، لە روانگەی ئاینیشەوە مەسیحییەکان لە چاخەکانی ناوەراستدا منداڵەکانیان دەخەساند، بۆ ئەوەی ببن بە (راهب)، بەڵام ئیسلام (کە بەپێی بەندی چوارەمی دەستوور ئاینی رەسمی دەوڵەتی عێراقە)، خەساندنی قەدەغە کردووە و بە ئەشکەنجەدانی

لە قەڵەمداوە، هەر وەک پێغەمبەر (د.خ) فەرموویەتی (من خصی عبدا خصیناه)[58].

لە نیوەی یەکەمی سەدەی بیستەمیشدا نەزۆککردن وەک سزایەک دەرهەق بە تاوان پیشەکان و لادەرە سێکسییەکان و ... خرایەگەڕ، هەر بۆ نموونە لە ئەڵمانیای نازیی و هیتلەردا لە 1933/7/14 یاسایەک دەرکرا بۆ لەنێوبردنی هەموو ئەوانەی رەگەزی جەرمەن دەشێوێنن و تێک دەدەن، بەڵام لە دوای ژێرکەوتنی هێزەکانی هیتلەر ئەم یاسایە پووچەڵ و ئیلغا کرایەوە. ئێستاشی لەگەڵ دابێت هەندێک دەوڵەتی وەک سوێد و فنلەندا و دانیمارک و هەندێک لە ویلایەتەکانی کەنەدا و ئەمریکا بەپێی پێداویستی یاسایی و تەندروستی، نەزۆککردن لە قانونەکانیاندا ماوە[59]، لە نەزۆککردنی کۆمەڵی کورددا رژێم پەنای وەبەر چەند هۆکارێکی سەرەکی، ئێکسەرەو لاوەکی داوە، کە دەکرێ لە چەند خاڵێکدا ئاماژەیان بۆ بکەین:

(1) هۆکارە راستەوخۆکان: وەک خەساندنی پیاو و دەرمان خواردکردن یا بڕین یان لابردنی ئەو ئەندامانەی لەشی ئافرەت کە دەبنە هۆی دروستبوونی منداڵ وەک لابردنی هێلکەدان.. دیارە رژێم لە رووی عەمەلییەوە ئەمەی زیاتر لە گرتووخانە و بەندیخانەکاندا ئەنجام دەداو ئەم هۆیانەی بەکاردەهێنا: سووتاندن و ئوتوو کردنی ئەندامی

زاووزێی گرتووەکان بە پارچە ئاسـنی سـووربوەوە یان بە جگەرە و تێ ئاخنینی هێلکەی کوڵیوی داخ بوو لە کونی زاوزێی ئافرەتدا و لە کاتی بێ نوێژییاندا بە رووتی و لنگە و قوچ هەڵواسـینیان بۆ ئەوەی خوێنەکە لە شوێنی خۆی قەتیـس بمێنێ و بمەیی یـا بڕژێتەوە نێو دەمی، کە دیارە ئەوەش شیمانەی منداڵ نەبوونی زۆرە.

هەروا بێتەوە دەست و پێ بەستنەوەی زیندانی و نزیک خستنەوەی لە سـۆپای کارەبایی دیوار بۆ ئەوەی زگ و پشـت و ئەندامی زاوزێی بسوتێنێت، بەستنەوەی زیندانی و لەسـەر دەم خسـتنی لەسـەر چوار پایەیەک و پاشان رووتکردنی ئەندامی زاوزێی و تێبەردانی جروجانەوەری بچووک و بەزەر، یا لێ نزیکخستنەوەی سەگ یا پشیلەی راهاتوو لە ژێرەوە (بڕوانە پاشبەند).

بەکارهێنانـی گیـراوەی ترشـی کبریتیـک و گوشـینی ئەندامی زاوزێی پیاو بە هۆی بۆڕیی تەسـکەوە و بڕینی گونـی پیاو و بەکارهێنانـی دەرزییەکانی نەزۆک بوون و هیستریا و شلکردن و داهێزراندنی لەش بە هۆی هۆرمۆنی جیاوازەوە. جگە لە تێکردنی هۆرمۆنی (پیاوەتی) لە لەشی ئافرەتدا و تێکردنی دەرمانی لە پیاوەتی خسـتن لە لەشی پیاودا و لێدانی هەردوو ئەندامی زاووزێ و بەسـتنەوەی گون یا وردکردنی بە ئاسـن یاخود دەرکێشـانی بە داو، هەروا بێتەوە بەسـتنەوەی سەری ئەندامی زاوزێی پیاو،

یــا هی ژن بە جەمســەری کارەبایی (بگەڕێوە پاشــبەند، شــێوازەکانی کوشــتن و ئەشــکەنجەدان). بە هەزاران لە بارزانییــەکان، هەروەهــا لــە قوربانییەکانی تــری ئەنفالە بەدناوەکان، غەیرەز ئەوەی کە خوێنیان لێ وەرگرتوون، خەسێنراویشن، بەدەر لەوەش، وای دابنێ ئەوانە گشتیان لە ژیان دابن و شــتاقیان دەســت لێ نەدرابن!!. تەنها لێک دوور خســتنەوەیان و لە باڵ یــەک دەرهێنانیان خۆی لە خۆیــدا دەبێتە هــۆی لاوازبوون و وەســتاندنی زاوزێ و گەشە کردن و زیادکردنیان.

دەرزی نــەزۆک بــوون، (وەک لە نێو خەڵکــدا باو بوو) رژێــم لــە هەشــتاکاندا بــە کاری هێنــا، کاتێک بــە ناوی نەخۆشــی منداڵ و نەخۆشــییە بەربڵاوەکان، هەســتا بە تەرخانکردن و پێکهێنانی چەندین مەفرەزەی پزیشــکی و گەڕانیــان بە گوند و شــارەکاندا و بۆ ئەوەی لە ژێر ئەو پەردەیــەدا دەرزی منداڵ نەبوون لە کچان و ژنانی کورد بــدەن و بەردەوامیش بوون لە ســەر ئەو تاوانە گڵاوە تا دوای 1991، وەختێــک لە (بازگەکانیــان) دا بە بیانووی گومانکردن لەو کەسانەی کە لە کوردستانەوە بۆ مووسڵ و بەغدا دەچن بەوەی نەخۆشی ئایدز و هی تریان هەبێت، هەمدیس ئەو دەرزییانەیان بەکارهێنایەوە!

(2) باری سایکۆلۆژی و دەروونی: حاڵەتی تێکشکاندنی نەفســی و رۆحیی ئافرەت و پیاوی ئەشکەنجەدراو، چ لە

گرتووخانــەکان، یا لە ئــۆردوگاو زیندانییەکاندا یاخود لە دەرەوەی ئەم دوو حاڵەتەدا بەوەی کە رژێم دەســتی بە هەموو لایەک رادەگەیشت، کاریگەرییەکی سلبیانەی زۆری بەسەر نەزۆکی و منداڵ نەبوونەوە هەیە و ئازاردانەکانی زیندان و شەڕی دەروونی و بێ دەسەڵاتی لە ئاست زوڵم و زۆر و ســتەمدا، رەنگدانەوەیەکی خراپی بەســەر باری تەندروســتی و سێکســی مرۆڤەوە دەبێت و ئەگەر نەبێتە هۆی نەهێشــتنی (پیاوەتی) یا لە هێلکەوەســتانی ئافرەت، ئەوا بێشــک دەبێتە هۆی (کەمکردنــەوەی ئەم توانایە) و لــە ئاکامدا منداڵ نەبــوون، نەزۆکی و لە پیاوەتی کەوتنی کاتیــش (العنــة المؤقته) یەک لە هۆیەکانــی خراپ بوونی باری دەروونییە.

ئــۆردوگا زۆرەملێیەکانیــش جیاوازییەکی جەوهەرییان دەگــەڵ گرتووخانەکانــدا نەبووە و ئازاردان و برســێتی و بەدخۆراکــی و چەندەهــا گیروگرفتــی کۆمەڵایەتــی و رەنگدانەوەی لەســەر باری نەفســی خەڵکەکــە هەروەها خراپبوونی بــاری گوزەران و دڵەڕاوکــێ (و نیگەرانی و راوەدوونان و ترس و ئیرهاب و هەڵاتن و خۆشاردنەوەی خەڵک بە شێوەیەکی کشــتی، کاری نیگەتیڤانەیان بەسەر حاڵەتی نەزۆککردنەوە هەبووە و هەیە، چ بە شــێوەیەکی بەردەوام یا وەختی.

(3) پیس بوونی ژینگە: ئەو حاڵەتە زیاتر لە تەقاندنەوەی

900 بیره نەوتی کویتی له 1990 – 1991 دا بەرجەسته بوو و ئەنجامی خراپی لێکەوتەوه، لەوان وەختاندا ئاسمانی کوردستانیش له جیاتی بارانی خاوێن، کاربۆن و ترشەلۆک و گازه ژەهراویەکانی تری بەسەر خاکەکەیدا دەباراند، که بووه هۆی ژەهراویکردنی کشتوکاڵ و پاوان و لەوەڕگاکانیش، بەوەش کاری کرده سەر نەزۆک بوون، ئەمه و جگه له پشت گوێ خستنی نەهێشتنی پاشماوەکانی بەکارهێنان هەروەها فەرامۆشکردنی پرۆژەکانی ئاو و تێکەڵبوونیان به ئاوی ئاوەڕۆوه له زۆر شوێندا، ئەوه سەرباری کەمیی ئاوەکەش له خودی خۆیدا، هەروەها گەمارۆی ئابووری که له 1991ـەوه رژێم بەسەر هەرێمی کوردستانی داسەپاند، بووه هۆی برینی ئازووقه و سووتەمەنی له کوردستان و ناچاربوونی خەڵک به برینەوه و لووسکردنی "دارستانەکان": که رۆڵی دیار و بەرچاو له خاوێن راگرتنی ژینگه و تەندروستیدا دەگێڕن.

(4) هۆکاری دروستیی جەسته: تەندروستی لەش له رووی ئۆرگانییەوه کاریگەرییەکی زۆری بەسەر منداڵ بوونەوه هەیه و پشتگوێخستنی به ئەنقەستی رژێم بۆ ئەم لایەنه پڕ بایەخ و زیندووه، شێوه جینۆسایدیکه و لێرەدا بڵاوبوونەوەی نەخۆشییەکانی (سفلس) و (شێرپەنجه) و (گوێرەپانه) و (سیل و هەوکردنی سییەکان) دەبنه

هـۆی لـە نێوچوونـی ئەتەمەکانی هـەردوو جووتە گون کـە ناتوانن (سـپێرم) دروسـتبکەن و ئـاکام دەبنە هۆی نەزۆکی[60]. دیارە ئەو نەخۆشـییانەش لە کوردستاندا بە بێ چارەسەر ماونەتەوە و هەر بۆ نموونە کەمی دەرمان و پزیشـکی پسپۆڕ و پێداویسـتییەکانی چارە سەرکردن لە دامودەزگاکاندا و بێ سـەروبەربوونی نەخۆشـخانەی (سـیل) لـە هەولێر کە مرۆڤی لەشسـاغی تێـدا نەخۆش دەبوو، بەڵگەیەکی قسەکانمانن.

(5) حاڵەتی شەڕ و دەرهاویشتەکانی: "جەنگ" یەکێکە لە هـۆکارە هەرە کاریگەرەکانی نەزۆک بوون. شـەڕ بەدەر لەوەی دەبێتە هۆی تێکچوون و تێکشـکاندنی شـیرازەی کۆمەلایەتـی و ئابـووری کۆمـەڵ لە روانگـەی تەقاندنی چەکی جۆراوجۆری قورس و سـووکدا، کۆمەڵێک گازی ژەهـراوی دەردەکـەون کـە دوور و نزیـک کار دەکەنە سـەر ئـەم لایەنـەی کۆمەڵ، لێـرەدا کە رژێمـی بەعس، هەر دوای خۆسـەپاندنی بەسـەر گەلانی عێراقدا شەڕی کـوردی لـە 1968 /1970 و 1974 دا کـردووە و (8) سـاڵ شەڕی ئێرانی کردووە و کوێتی لە 1990 دا داگیر کردو گەورەترین شـەڕی نایـەوە و لە 1974 و 1975 دا بۆمبی ناپاڵم و فسفۆری بە کورد دا داوە و لە 1987 و 1988 دا گازی ژەهراوی و چەکی کیمیایی (سـیانید و خەردەل، سـارین، تابۆن) ی بە کورد تاقیکردۆتەوە و بە

درێژایی 1974یش تــا دوای کۆچڕەوی 1991 جۆرەها تــۆپ و هــاوەن و میــن و تیی ئێن تی لە کوردســتان بە کاریهێناوە و بە چەندین جۆر گازی ژەهراوی لێدەرچووە و بە خۆیان زانیبێت یان نەء؟ ئیفرازاتی ئەو شەڕانەی کە ئامازەیــان بۆ کــرا، لە ڕێگای ژینگە و دەوروبەر و ئاژەڵ و کشتوکاڵ و وەســیلەکانی تری ژیان و گوزەران، کاتی یا بەردەوام بۆتە هۆی نەزۆک کردنیان[61].

ئەوانــە و زۆر حاڵەتــی تریش کــە پزیشــکەکان زیاتر تێیــدا پســپۆڕن و بەو ئۆمیدەی کردنــەوەی ئەم دەرگایە ماندەرێــک بێت بۆیان بۆ لێتۆژینەوە لە ســەر ئەم بابەتە زیندووە بە هەموو لایەنەکانیەوە.

(6) برسی کردن و بەدخۆراکی.

پشکی پێنجەم :
تێکشکاندنی منداڵ و ڕاگواستنی بۆ کۆمەڵێکی تر و جینۆساید کردنی کەلتووری

ئاشکرایە کە منداڵ بەردی بناغەی هەر کۆمەڵێکە و هەر دەستدرێژی و ماف بەزاندنێک (نەخاسمە لە رووی رۆشنفکرییەوە) کە لەمەیان نەوە بەچەیەکدا دەکرێتە سەر کۆمەڵێک، مانای تێکدان و گۆڕین و ونکردن و نوغرۆکردنی ئەو وەچەیە و ئاکام داڕمانی هەیکەلی، بوونی ئەو کۆمەڵەیە.

دیارە ئەوەش لە ڕێگای جینۆساید کردنی کەلتووری و ڕاپێچکردنی منداڵان بۆ کۆمەڵێکی جیا و نامۆ و، بۆ خاک و کەش و هەوایەکی جیاواز لە رووی زمان و مێژوو و خوونەریت و ئەتمۆسفێر و ئارکیۆلوجیا

ئەنجامدەدریت. بە شـێوەیەک زمانی زگماکی خۆیان، کە ناسـنامەی نەتەوەییانە، لە بیردا رەش بێتەوە و مێشکیان بۆ کەلتوور و رۆشـنبیری و مێژوو و زانست و زانیاریی گشتی کۆمەڵە نوێیەکە زاخاو بدریت و لەسەر ئەو بنەڕەتە نەشـونما بکەن و لەسـەر رەوشت و ئۆل و بیروباوەڕ و لایەنی سۆسـیۆلۆژی ئەو کۆمەڵەش رابهێنرێن، لەو قاڵبە نامۆیانەدا تەرهیم بکرێن و بتاوێنرێنەوە !...

ئەگـەر ئـەم تاوانانە دەرهەق بە منداڵـی هەر میللەت و کۆمەڵگایـەک کـران، بێ ئەوەی بـاری دەروونی و ژیان و گوزەرانیـان خـراپ بێـت و بێ ئـەوەی توندوتیژی و هەڵسـوکەوت و مامەڵەی خراپیـان دەگەڵدا بکریت:(تەنها راگواسـتن بۆ کۆمەڵێکی دیکە بەڕێز و حورمەتەوە) ئەوا بـە جینۆسـایدی کەلتووری حسـێبە و ئەگەر سـەربار، لـە ئازار و ئەشـکەنجەدان و باری بژێـوی و گوزەرانی خراپیشـدا ژیان ئەوا (جینۆسـایدی جەستەیی)یشی دێتە سەر و دەبێتە دوو تاوان[62]. رێککەوتننامەی لە نێوبردنی جینۆساید و سزادان لە سەری، کە بەرەنجامی تاوانەکانی شەڕی دووهەمە، لە بەندی (2/ ە) دا ناڕاستەوخۆ ئاماژەی بە جینۆسایدکردنی کەلتووری کردووە و بەس.

بەڵام لە بەرئەوەی کە رژێم "جینۆسـایدکردنی جەستە" یيشـی دەرهەق بە منداڵ ئەنجامداوە، بەپێی بەندی (16) لـە هەمان رێککەوتننامـەدا کە رێگای بـە دەوڵەتە لایەنە

واژووكارەكانی داوە، لە هەروەختێكدا داوای بژاردەكردنی رێككەوتننامەكە بكەن، وا پێویستدەكات كە چەند دەوڵەتێك پێشـنیاری زیادكردنی سزای جینۆسایدكردنی جەستەیی منداڵ بكەن و وابكەن كە بەڕاشـكاوی ماهییەت و سزای جینۆسـایدی كەلتووریـش تێیدا رۆشـنبكرێتەوە، چونكە رژێم داهێنانـی لە ئەنجامدانـی هەردووكیاندا كردووە و بـەڕای ئێمەوە مادامەكی ئارمانجی گواسـتنەوەی منداڵی كورد بۆ ناوەراسـت و باشـووری عێراق بە مەبەستی لە نێوبردنی زمان و كەلتوور و مێژوو و لایەنی كۆمەلایەتی كـوردە، ئـەو حاڵەتە بـە غەیـری راگواسـتنیش هەر لە چوارچێـوەی كوردسـتاندا ئەنجامـدراو و لێـرەدا وای دەبینین جینۆسـایدكردنی كەلتووری و لەشیی زارۆڵە، بە راگواسـتن و لە بنەجێ نشینیشـدا هەر جێبەجێ بووە و گرینگ (هاتنەدیی ئەنجامەكەیشە).

ئەوەی راسـتی بێت رژێـم قەتاوقەت منداڵی كوردی بۆ ناوەراسـت و باشـووری عێـراق بە رێـز و حورمەتەوە نەگواسـتۆتەوە، بەڵكـو لـە دوای سـاڵی 1975 پـاش ئەوەی كە تەرحیل و راپێچكردنی بە شـێوەیەكی بەربلاو دەسـتپێكرد و تـا سـاڵی 1978 لەنێـوان 150-300 هـەزار كەس بـەرەو سـنوورەكانی ئەردەن و سـعودیە و بیابانـی رومـادی و ناوچەكانـی دیكـەی باشـوورو ناوەڕاسـت راگوێزران، بەهەزاران منداڵیان لەگەڵ دابوو

که سـەرەڕای ئازار و ئەشکەنجەدان و برسیکردنیان لەو قوتابخانانـەی ئەوێـدا فێری زبانی عەرەبـی و ئەدەب و مێـژووی شـێوێنراوی عەرەب دەکـران، هەوڵی ئەوەیان لەگەڵ درا کە پەروەردەیەکی بەعسـییانە بکرێن و فشارو ئەتموسـفێری ئـەوی ناچـاری فڕێدانی جلـی کوردی و لەبەرکردنی دشداشـەی کردن و بەزۆر لەسەر عورف و عادەت و کەش و هەوای بیابانی گەرم و نامۆ راهێنران!.. ئـەو منداڵانەش کە لەوێ لەدایک بوون ڕەوشـەکە وابوو کـە ناوی عارەبیـان لێبنرێت. لەنیسـانی 1980 بەدواوە، کـە نزیکەی 120 هەزار کورد لەفەیلییەکان لەژێر زەبرو زەنگدا بەرەو ئێران دەرپەڕێنران، رژێم بەسەدان کۆرپەو منداڵـی تازە لەدایکبوویان بۆ ئەم مەبەسـتە گل دایەوە و بەهەزاران منداڵ و مێرمنداڵیش لەودیوی ئێراندا بەخۆیان زانـی بێت یـان نەء، لەزمـان و کەلتـوور و خوونەریتی میللەتی فارسـدا توانەوە. کەدیـارە رژێمی بەغدا لەوەش بەرپرسـیارە و لـەوەدا دوو تاوانی کـردووە، یەکەمیان: جینۆسایدکردنە کەلتوورییە، ئەوەی دیکەیان لێکترازاندن و لێک هەڵوەشاندنەوەی خێزانە (کە لەشوێنی دیکەی ئەم باسـەدا ئاماژەمان پێکـردووە) و بەندی 1/10 لەپەیمانی نێودەوڵەتـی تایبـەت بەمافـە ئابـووری و کۆمەڵایەتی و کەلتووریـیەکان، پاراسـتن و یارمەتیدانـی خێزان، وەک یەکەیەکـی جەماعی و سروشـتی و بنەڕەتـی لە کۆمەڵدا

پێویست دەکا، هەروەها بەندی 1/23 لەپەیمانی نێودەوڵەتی تایبەت بەمافی پاراستنی منداڵ بەو سیفەتەی کە ناکاملە، بەبێ هیچ جیاوازییەک لەسەر خێزانەکەی و کۆمەڵ و دەوڵەت پێویست کردووە، جگە لەبەندی 11ی دەستووری کاتی عێراق کە دەڵێ:(خێزان کرۆکی کۆمەڵە، دەوڵەت زامنی پشتگیری و پاراستنی دەکات). کەهەموو بەندەکان ئاشکراو مەفهومن و پێدڤی شرۆڤەکردنیان ناکات.

لەسەر ئاستی ناوخۆی کوردستان، واتە لەحاڵەتی بنەجێ نشینیدا رژێم ئەو سیاسەتە پرۆگرامڕێژەی هەر پیادەکردووە و لەماوەیەکی زۆر کورتدا نەبووبێت، پرۆگرامی قوتابخانەی منداڵانی کورد هەر بەعارەبی بووە، ناواخنی زۆربەی ئەو پرۆگرامانەش دەربڕی بڕیارەکانی کۆنگرەی حزبی بەعس بووە و باسی لەزمان و مێژوو و کەلەپوورو جوگرافیای خەڵکی دیکە کردووە، بەتایبەتی لەدەرسەکانی ئەدەب و مێژوو و پەروەردەی کۆمەڵایەتی و جوگرافیاو (سەقافەی قەومی) کە ئەوەی دواییان راپۆرتی سیاسی خودی حزبی بەعس بووە.

پرۆگرامی پۆلەکانی سەرەتایی، بە تایبەتی پۆلەکانی بەرایی لەو قۆناغەدا بیرکردنەوە و کەش و هەوای ژیان و گوزەرانی عارەبی تێدا رەنگ دەدایەوە و ئەو وێنانەی کە بۆ روونکردنەوە و تێگەیشتن تێیان بڵاوکرابوونەوە،

زۆربەیان بە جل و بەرگی میللی عارەبی بوون. بەهەرحاڵ پرۆگرامەکــە لەگــەڵ دەوڵەتانی کەنــداودا یەککگرتوو بوو و بــە زۆر و زوڵم بەســەر هزر و بیــری منداڵی کورددا دەسەپێنرا، ئەوەش بۆ تاواندنەوە و چاندنی گیانی رەگەز پەرســتی و شــۆڤێنیاتی، کە رژێم بەو سیاســەتەی ناوی نەتەوەی عارەبیشی شێواو و لەکەدار کرد.

ناوی قوتابخانەکان زۆربەی زۆری عارەبی بوون وەک (حســن بن هیثــم)و (ام ایمن) و (البکر) و (الادریســی) و (معاذ بن جبل) و (قادسیة) و (قعقاع) و (خالد بن ولید) و (میسلون) و (الاندلس) .... هتد[63].

لــە گۆرەپانــی ئــەو قوتابخانانەدا چەنــد کاتێکی وانەی یەکەم، بۆ تەقاندنی کلاشینکۆف و فێرکردن و گوتنەوەی سروودی بەعس تەرخان کرابوو و لە جیاتی (ئەی رەقیب) و (خوایە وەتەن ئاواکەی) و (چەند شیرینە لام داروبەردی وەتەنــم) دەبوایــە هەموو بەیەکەوە (وطــن مد علی الافق جناحــا...) بڵێنــەوە. بە نــاوی (طلائع) و (الفتوة) شــەوە، رژێــم زارۆکــی کوردانی بە بیروباوەڕی شۆڤێنســتانەی بەعــس تەڵقین دەدا و بەدەیان هەزار پارچە جلکی بەزۆر بەســەر منداڵاندا دابەش دەکرد کە رەسمی دارخورما و نەخشەی نیشتمانی عارەبییانی بە سەرەوە بوو و دەبوایە لەبــەری بکەن و بە پێچەوانەوە ئەگەر لە پیل و لینگانیان هەڵنەکێشــابا ئەوا بێشــک بە (مخرب) لــە قەڵەمدەدران و

سەرەڕای منداڵەکە خۆی و خاو و خێزانیشی بە سەرەوە ئیبادە دەکرا.

منداڵی کورد گۆڤاری تایبەت بە زمان و کەلتووری خۆی نەبوو و بۆ ئەوە دەبوایە گۆڤارەکانی (مجلتي) و (مزمار) بخوێنێتەوە کە بە زمانی عارەبی دەردەچوون و زۆربەی ناوەڕۆکەکانیان لەسەر بەعس و شەڕەکانی (القادسیە) و پێداهەڵگوتن بە سەددام بوو. ئەوە لە کاتێکدا (جاڕنامەی مافەکانی منداڵ 1959/11/20) کە لە دیباچەیەک و (10) بنەما پێکهاتووە، پاراستنی هەموو لایەنەکانی ژیانی منداڵ و مافەکانی لە هەموو هەلومەرجێکدا پێویست کردووە، بە بێ جیاوازی نەخاسمە لەرووی فێربوون و بەرزکردنەوەی رادەی رۆشنبیری گشتی (بنەمای 7) هەروەسا لە رێگای یاسا و وەسیلەکانی ترەوە بوار و ئاسانکاریی پێویستی پێ ببەخشرێ بۆ نەشونماکردنێکی سروشتیی و دروستیی لەش و ئاوەز و لایەنی رۆحی و سۆسیۆلۆژی لە کەش و هەوایەکی شکۆمەند و ئازاددا (بنەمای 2).

لەبەر بایەخ و بەهای ئالی کەلتووری (بەمەفهومە فراوانەکەی) و رۆڵی لە ناساندن و ناسینەوەی گەلاندا (وەک پێناسەیەک) جاڕنامەی بنەماکانی ئالیکاریی کەلتووری نێودەوڵەتی کە لە 1966/11/4 دا دەرچووە، لە بەندی (1/1) دا بە روونی دەڵێت: هەموو کەلتوورێک

بەهـا و کەرامەتی هەیە و پێویسـتە ڕێزیـان لێبگیرێت و بپارێزرێن.
لە (2/1) یشـدا لـە هەمان چارنامە، ئەشـونما پێکردنی کەلتـووری تایبەتی هەر گەلێـک، بە ماف و ئەرکی ئەوی دادەنێت، لەوەدا ڕژێم کە سیاسەتی جینۆسایدی کەلتووری کـوردی لەمیان منداڵدا پەیڕەوکرد، لە هەوڵی پێکانی دوو ئارمانجدا بووە، یەکەمیان دروستکردنی وەچەیەکی مێشک نەخـۆش و لە میللـەت هەڵگەڕاو یا دابڕاو، دووهەمیان لە نێوبردنی خودی کەلتوورە ڕەسـەنەکە بەواتا مانەویەکە. وەک پێشـتر پەنجەنماییمـان کـرد، ڕژێم هـەر بەوەندە نەوەستا، بەڵکو جینۆسایدی جەستەیی منداڵی کوردیشی کـردووە و ئـازار و ئەشـکەنجەی داوە و شـوێن بزر و ئەنفالی کردووە و لە بەندیخانە و ئۆردوگا زۆرە ملێکانی پەسـتووە و تەهجیـری کردووە، هەروا لـە گۆترە و بێ دادگایـی و لـە دەرەوەی هەمـوو عورف و یاسـاییێک لە سێدارەدانی کردوو.
ڕێکخراوی لێبوردنی گشـتی (ئەمنسـتی ئەنترناشـنال) یەکێکـە لـەم ڕێکخـراوە کارا و ماندوو و ڕاسـتگۆیانەی کـە لـە ڕاپۆرتـی مانگـی ئـازاری 1989 یـدا، تەئکیدی لـەوە کردۆتەوە کە: (لـە زیندانەکانی عێراقیـدا مامەڵەی وەحشـییانەی منـداڵان بۆتە مومارەسـەیەکی ڕۆتینی.....، تەنانەت منداڵانیش هەڵسوکەوتی خراپیان دەگەڵدا دەکرێت

بـۆ ناچارکردنی ئەندامانی خانەوادەکانیان بە دان پێدانان بەتاوانی سیاســی مەزعوم ..)[64]. بــەو رەنگە منداڵانیش وەبەر هەمان شــاڵاوی قەتــڵ و عام کەوتن. لە 1982 دا (ئامادەیی کوردســتان) لە هەولێر بە دەستی خودی رژێم تەقێنرایــەوە بــە دەیــان قوتابی شــەهید و بریندار بوون یــان ئەوەتا قوتابیانیان لە نێو قوتابخانەدا راپێچ کردوون یاخود رێزیــان کردوون و هەموویان بەیەکەوە شــەهید کردوون[65].

لە ســاڵی 1983 دا کاتێک کە بارزانییەکان شــوێن بزر و ئەنفــال و ئیبــادە کران، (315) منداڵیــان دەگەڵدا بووە قوربانی، ئەو حەقیقەتەش ئەمنستی ئەنتەرناشنال تۆماری کردووە و ناوی هێندێکیانیشی زانیوە لەوانە (احسان علی شــهاب / ساڵی لە دایکبوون 1974 / بارزان لە قوشتەپە و لە تەمەنی 9 ســاڵیدا گیرا، فرهاد یحیی/ 1973 شوێنی گرتنی هەریر، سید سلمان حاجی/ 1972 هاسناکا شوێنی گرتن قوشــتەپە، یاسین محمد یاســین/ 1971 سیفیل – شــوێنی گرتن قوشتەپە. مالا علي ابراهیم 1970 پێندرو- شوێنی گرتن دیانا، عزیز میرخان حامد/ 1969 کانیا دەر - شــوێنی گرتن دیانا. فرهــاد ابراهیم باپیر / کانی بۆت- شــوێنی گرتن دیانا لە تەمەنی 15 ساڵیدا. مولود شیشەر مولود /1968 بەخشــاش / گرتن لە تەمەنی 16 ســاڵیدا، صبری حازم محمود/ 1967 بەرســیاف / شوێنی گرتن،

هەریر لە تەمەنی 17 ساڵیدا[66].

منداڵــە فەیلییەکانیــش لــە 1980 و 1981 بەدواوە بە هەمــان دەرد بــران و نموونــەی ئەمــەش قوتابییەکە بە نــاوی (مالک بابە ئەســفەندیار کە لــە 1983/4/10 و لە تەمەنی 16 ساڵیدا لە یەکێک لە شەقامەکانی بەغدا بەرەو شوێنێکی نادیار پێل بەست کرا![67].

لە ئەیلوول و تشرینی یەکەمی 1985 دا ئەمنی سلێمانی 300 منداڵ و مێرمنداڵی تەمەن لە نێوان (10-14) ساڵاندا، ڕەشــبگیر کرد بــە تۆمەتی ئــەوەی کە کــەس و کاریان (پێشــمەرگەی مقاوەمەتی ئیبادەکردنن)، لــە زیندانەکاندا کەوتنە ژێر ئازار و ئەشــکەنجەدان، ئــەوەش پێچەوانەی بەندی (7) لە پەیمانی نێودەوڵەتی تایبەت بە مافە مەدەنی و سیاســییەکانە کــە ئــازار و ئەشــکەنجەدانی قەدەغــە کــردووە. هەروەهــا بەندی (383) لە یاســای ســزادانی عێراقی (ژمارە 111 ساڵی 1969) بەسەر خودی ڕژێمدا پیــادە دەبێ بەوەی کــە بەندکردن بۆ ماوەیەک کە لە (3) ساڵ زیاتر نەبێت یا پێ بژاردن کە لە (300) دینار زیاتر نەبێت، بەسەر هەر کەسێکدا دەسەپێنێ کە ژیانی کەسێک بخاتە مەترســییەوە، نەگەیشتبێتە 15 ســاڵ. دیارە یاسا لەلای ڕژێم لەو لاپەڕە ڕەشکردنەوە زیاتر نییە.

لــە 1987/1/15 دا ڕژێــم تیلاکــی لــە (70) منــداڵ و مێرمنــداڵ لــە کۆی ئەو (300) کەســە خــوار کرد و بێ

پەروابیانــە لە ســێدارەدانی کردن و بۆ ئیهانە و شــەڕی دەروونی و ســووکایەتی پێکــردن و دەمار گرتن، داوای خەرجیــی لــە ســێدارەدانکردن و تەســلیم کردنــەوەی تەرمەکانیشــی لــە خانەوادەکانیــان کرد بە بــڕی (300) دینار بۆ هــەر یەکێکیان کە دیارە بڕی پارەی ناوبراو بۆ ئەو کاتە (1987) مووچەی (4) کارمەندی دەوڵەت بووە و دیناری عێراقی بەهایەکی ئابووریی بەرزی هەبووە. لە ئابــی 1988 دا 353 کــەس لە ناوچــەی ئامێدی/ دهۆک دا گیــران کــە لەنێوانیانــدا 52 منداڵی تەمــەن 11 تا 17 ســاڵی تێدا بووە و لە ئەیلوولی هەمان ســاڵدا شوێن بزر کران[68].

لــە نێوان تشــرینی یەکەمی 1988 و تشــرینی یەکەمی 1989 دا، 433 منداڵی عێراقی کە رەنگبێ رێژەیەکی چاکی منداڵــە کوردی فەیلییان لەگەڵــدا بووبن، بە تەنێ و لەژێر بارودۆخێکی سەخت و دژواردا بەرەو ئێران راگوازێزران و لەوێشدا پشتگوێ خران و بایەخێکی ئەوتۆیان پێنەدرا، منداڵ شــیر نەبــووە بێخــواو داوودەرمــان و چاودێری پزیشــکی لاواز بووە و ئەمەش بۆتە هۆی بڵاوبوونەوەی چەندین نەخۆشــی بەرفراوانی وەک (ســیل) و (مەلاریا و کولێرا و نەخۆشییەکانی پێست) لە نێویاندا[69].

ئــەوە لە کاتێکــدا هەمــوو رێککەوتننامــە و جاڕنامە و دەســتوور و یاســاکانی دەرەوە و عێراقــی پــێ لەســەر

پارێزگاریکردنی منداڵ دادەگرن، نەمازە (جاڕنامەی تایبەت بە پاراستنی ئافرەت و منداڵ لە کاتە نا ئاساییەکان و ناکۆکی شەڕی چەکداری، 1974/12/14) و لە روانگەی ئەم جاڕنامەیەوە ئەگەر دەستدرێژی بۆ سەر منداڵ لە کات و ساتی شەڕدا تاوان و قەدەغە بێت ئەوا لە کاتی ئاشتیدا تاوانێکی مەزنترە و لەوەدا رژێم چ لە کاتی شەڕ و چ لە کاتی ئاشتیدا نەخشەی جینۆسایدکردنی منداڵی کوردی داڕشتووە و پیادەی کردووە.

بنەمای (5) لە جاڕنامەی ناوبراو هەموو شێوەکانی تێکشکاندن و مامەڵەی توند و تیژ و نامرۆڤانە لە دژی ئافرەت و (منداڵ)دا بە کاری ئیجرامی و تاوان دادەنێ، لەوانە ئەشکەنجەدان و لە سێدارەدان و دەسڕێژی گوللە و گرتنی بە کۆمەڵ و سزای بە کۆمەڵ و وێرانکردنی خانوو و دەربەڕاندن، کە دەوڵەتە شەڕکەرەکان لە کاتی عەمەلیاتی عەسکەریدا یا لە هەرێمە داگیرکراوەکاندا ئەنجامیدەدەن.

پەراوێزەکانی پاری دووهەم

(1) بڕوانــە: د.حســنين ابراهيــم صالح عبيــد، الجريمــة الدولية، ل 264.

(2) بـۆ ڕوونی زیاتـر بڕوانە: (حقوق الانســان) بڵاوکراوەیەکی ناوەنــاوەی لیژنــەی داکۆکــی کارە لــە مافەکانی مرۆڤ لــە عێراقدا، ڕێپۆرتــی (پێشــێلکارییەکانی ڕژێمی عێراقی بــۆ مافەکانی مرۆڤ لە عێـراق، لــە ڕاپۆرتــی ڕێکخراوەکاندا) ژمــارە (1)، کانونــی یەکەمی 1988، ل4. هەروەهــا بۆهەمان مەبەســت بڕوانە (حقوق الانســان)، لــە پێنــاوی بەدواهێنانی ئیرهاب و تێکشــکاندن لە عێراقدا، با فشــار بەردەوام بێت) ژمارە (3)، نیسانی 1989، ل6.

(3) (حقــوق الانســان)، ڕێکخــراوی عارەبــی بۆمافەکانــی مرۆڤ، پێشــێلکارییەکانی مافی مرۆڤ لە عێراق ڕیســوا دەکات، ژمارە 21، حوزەیرانی 1992 ل 11.

(4) (حقــوق الانســان)، ئەمنســتی ئەنترناشــنال بە ژمــارە ژێر پێ خســتنەکانی ڕژێمی عێراقی بۆ مافی مرۆڤ ڕیسوا دەکات، ژمارە 1، 1988، ل12.

(5) هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل11.

(6) لیژنەی مافی مرۆڤ، خولی چل و هەشتەمین، ڕاپۆرتی ڕێزدار ماکس ڤان دیر شتوئیل لەسەر باری مافی مرۆڤ لە عێراق، 1992، ل41.

(7) لیژنــەی داکۆکیکــردن لە مافەکانی مرۆڤ لە عێراق، (الســموم

وسـيله من وسائل تصفية الخصوم السياسـيين في العراق)، 1992، دمشق، ل47.

(8) بروانه: غرين روبرتس، (شـهادة بريطانية)، گۆڤاری دراسـات كردية، ژماره 4-8، پاريس1993،ل101، هەروەسـا بروانه: (حقوق الانسـان): چەند شايەدێكی زيندوو پێشـێلكردنی مافەكانی مرۆڤ لە عێراقدا ڕیسوادەكا، ژماره 6، تشرينی يەكەمی 1989، ل11.

(9) چەند شـايەد عەيانێك تەئكيدی ئـەو واقعەيان كردەوە و هەر بۆ ئەم مەبەسـتە لـە دوای ڕاپەڕينی 1991، پێشـانگای هونەری و فۆتۆگرافی لە شاری هەولێر ڕێكخرا .

(10) (حقوق الانسان) لە پێناوی بە دواهێنانی ئيرهاب و تێكشكاندن لە عێراقدا با گوشار بەردەوام بێت، ژماره (3) نيسانی 1989، ل5.

(11) زنجيرەی شـالاوی جيهانی بۆ مافی مرۆڤ، القانون الانساني الدولي و حقوق الانسان، جنيف 1992، ل ل25 ،26.

(12) هەمان سـەرچاوە، ل21 . هەروا : د. حسـنين ابراهيم صالح، ل237.

(13) د. حسنين ابراهيم سالح، ل ل 238 و 87.

(14) (حقوق الانسـان)، انتاج...اسـتخدام. تخزين الاسلحة الكيمائية، انتهاك صارخ لحقوق الانسان، ژماره (3)، 1989، ل10.

(15) د. حسنين ابراهيم صالح، ژێدەری پێشووتر، ل236 .

(16) ڕۆژنامـەی (خەبات) زمانحالـی (پ.د.ك.ع) بەعارەبی، ژماره 785، 1996/4/19، هەروەهـا: كنعـان مكيـة، القسـوة والصمـت، منشورات هيئه الارسال العراقية، هەولێر 1996، ل 170.

(17) ڕۆژنامەی (خەبات) هەمان سەرچاوە، ڕۆژی 1996/4/19.

(18) نمونەی ئەو ڕۆژنامە و ئاژانسـانەی كە لە دوای ژەهربارانی هەڵەبجـە و ئەنفالەكان، لەسـەر كارەسـات و ئيبادەكردنی كورديان نووسـی: (فاينێنشاڵ تايمز، هيراڵد تريبيون، تايمز، هارانكی قوبرسی، ئۆبزەرڤەر، نيويۆرك تايمز، ئاژانسی ڕۆيتەر، ئاژانسی ڕۆژنامەوانی

فەرەنسی، گۆڤاری یو ئێس ئێس ئەی، ریپۆرتی ئەمریکایی، ...هتد) بوون کە بژاردەکانیان لە ژمارەکانی 3و6و7و8 ی(حقوق الانسان) 1989-1990دا بلاوکراونەتەوە.

(19) (حقوق الانسان)، انتاج.. استخدام. تخزين الاسلحة الكيماوية، انتهاک صارخ لحقوق الانسان، ژمارە (3) نیسانی 1989، ل12.

(20) (حقوق الانسان) المنظمة العالمية للعاملين في الصحة وحقوق الأنسان، تفضح انتهاكات النظام العراقي لحقوق الانسان، ژمارە (5)، 1989،ل13.

(21) كنعان مكية، القسوة والصمت، ل ل 165، 166.

(22) هەمان سەرچاوە، ل 167.

(23) هەمان سەرچاوە، ل172، هەروەسا: لیژنەی مافی مرۆڤ، راپۆرتەکەی ماکس ڤان دیر شتوئیل 1992، ل78.

(24) كنعان مكية، سەرچاوەی پێشوو، ل 173 .

(25) راپۆرتی ڕێزدار دیرشتوئیل 1992، ل ل 56، 81.

(26) بۆ ئەم دەقە و زانیاری پتر بگەڕێوە : كنعان مكية، ل173.

(27) لجنە الدفاع عن حقوق الانسان، شهادات تفضح انتهاكات حقوق الانسان في العراق، دمشق، 1990، ل 23 هەر بۆ ئەم مەبەستە و بۆ قووڵبوونەوە لە ماهییەتی ئەو کارەساتە گەورەیە شایەدنامەکەی (رەمەزان محمد)ی تەمەن 19 ساڵەی خەڵکی مانگێش بخوێنەوە بۆت دەردەکەوێت کە ئیبادەکردنەکەی (گەلی بازێ)ش هیچی کەمتر نییە لە جینۆسایدەکەی (هەڵەبجە)، بۆ ئەمە بڕوانە: غوین روبرترتس، شهادة بريطانية، دراسات كردية، ژمارە (4)،ل ل 100، 101.

(28) (حقوق الانسان)، ژمارە (2)، شوباتی 1989، ل 15.

(29) لجنة الدفاع عن حقوق الانسان، شهادات تفضح انتهاكات حقوق الانسان في العراق (شایەدنامەی هاوولاتی ئەنوەر محمەد)، ل ل 28،29.

(30) (حقوق الانسان)، شایەدنامەی هاولاتی (حسن موسی حسن)،

ژماره (12) کانونی یەکەمی 1990، لاپەڕەکانی 8و9و10.
(31) بگەڕێوە: (حقوق الانسان) و المقابر الجماعية، ژماره (24)، کانونی یەکەمی 1992ل ل 8و9، هەروەها بۆ هەمان مەبەست و پتر زانیاری بنۆڕە: هەمان سەرچاوە، حالة حقوق الانسان في العراق في تقرير الخارجية الامريكية في عام 1993، ژماره (40) تەمووزی 1994، ل13.
(32) ئەوەتا سەرۆکی ڕژێم خۆی بە ئاشکرا سووکایەتی بە قانوون دەکا و لە بۆنە و دانیشتنێکی ساڵی 1981 ی تەلەفزیۆنیدا دەڵێ: (قانون تەنها وەرەقەیەکە و ئێمە دێرێک یا دوو دێری لەسەر دەنووسین و پاشان لە ژێریەوە بەناوی سەدام حسێن، سەرۆکی کۆمارەوە ئیمزای دەکەین) بۆ ئەمە بڕوانە (حقوق الانسان) ژماره (3)، 1989، ل 6.
(33) شکری صالح زکي، مشروع لائحة اتهام صدام حسين واركان النظام العراقي، حقوق الانسان ژماره 32، تشرینی دووەمی 1993، ل 6.
(34) (حقوق الانسان)، منظمة العفو الدولية، الاطفال ضحايا بريئة للقمع السياسي في العراق، کانونی دووەمی 1989، ل5.
(35) بڕوانە: شکري صالح زکي، وتار و سەرچاوەی پێشووتر، ژماره (37)، نیسانی 1994ل 6و7 هەروەها ژماره(38)،ل6.
(36) من خۆم یەکێکم لەو شایەدانەی کە لە دوای 1975ەوە لەگەڵ خانەوادەکەمدا ئەو حاڵەتانەم بینیوە و لەگەڵیدا ژیاوم و موعاناتم پێیەوە کردووە. تا ئەو کاتەی تەرحیل کراین هەر درێژەی هەبوو، نووسینەوەی ئەو فەترەیە بواری باس و بابەتی تری سەربەخۆیە و لێرە جێی نابێتەوە.
(37) بۆ زیاتر ڕوون بوونەوە و زانیاریی دەربارەی تەواوی کارەساتی ئەنفالەکە بڕوانە: کنعان مكية، لەلاپەرە 188تا ل210.
(38) و (39) خانەوادەکەی ئێمە، چ وەک شایەد و چ وەک قوربانی،

لـە هەردووحاڵەتدا ژیـاو قۆناغی یەکەم یەک لەئەندامانی ئەساسـی خێزانەکە، بەدەست بەسەری بۆ گوند و شارەکانی جنوب دوورخرایەوە و لەزیندانەکانـی (ئەمنـی عامە) ئاخنرا وقۆناغـی دووەمیش تێکدانی خانووبەرەو مومتەلەکاتی تر و لە دواییشـدا تەرحیل و راگواستنمان بوو....

(40) كنعان مكية، القسوة والصمت، ل164و165.

(41) (حقوق الانســان)، مذكرة الى الامين العام للامم المتحدة حول جرائـم صدام حسـين والمســؤولين الكبار فـي العراق، ژمـارە 23، تشرینی یەکەمی 1992، ل7.

(42) بڕوانە : (حقوق الانسان)، ژمارە (6)، تشرینی یەکەمی 1989، ل8.

(43) میـن ڕێژیـی خاڵێکی گرنگـی پلان و نەخشـەی ئیبادەکردن بووە. ئەوەتا تاهەنووکەیش (1996) سەرەرای هەوڵ وچالاکییەکانی ڕێکخـراویMAG تایبـەت بە میـن دەرهێنان و هەوڵی تاقەکەسـی خەڵک و هۆشـدارکردنەوەی خەڵک بەهـۆی بوارەکانی ڕاگەیاندنەوە لـە میـن، کەچـی ڕۆژانە چەندیـن شـەهید و بریندار و سـەقەت و پەککەوتەدەبن...

(44) لیژنـەی نێودەوڵەتی مافي مرۆڤ، ڕاپۆرتەکەی مسـتەر دێر شتوێل 1992، ل79.

(45) بۆ ژمارەکان بگەڕێوە هەمان سەرچاوەی پێشوو: ل 78و85

.

(46) ئـۆردوگای زیندانـی قوشـتەپە، یەکێک بـوو لەوانەی کە بێ ئاوبـوون و ژن و منـداڵ بە ئازار و زەحمەتێکـی زۆرەوە تەنەکەی قۆپاویان لەسـەر شان و سـەر دادەنا و لە شوێنی زۆر دوورئاویان دەهێنـا، کەچی کاتێک کە نزیـک ماڵەکانیان دەبوونـەوە، لەگەرمەی هەنکەهەنکیـان دا ئەمـن و موخابەراتی بـارزان تکریتی و یەکەکانی (جەیـش!) نیشـانەیان لە تەنەکـەکان دەپێکا و بـەر گوللەیان دەدا و

غەیــرەز بڵاوکردنــەوەی تــرس و لــەرز و تۆقانــدن، ئاوەکانیان لێ دەڕشتن؛ بۆ پتر زانیاری بڕوانە: كنعان مكيه، ل 166.

(47) د. محمود عثمان، الاكراد في العراق، دراســات كردية، ژمارە 4، 1963،ل 62. ئەوەبوو ڕژێم ئەو (بڕیار!)ەشی جێبەجێ کرد و بۆ ئەمە بڕوانە ئەو بەڵگەنامانەی کەلە (پاشبەند) دا بڵاوکراونەتەوە.

(48) د.محمد الهماوندي، فكرة قانونية لفكرة الحكم الذاتي وتطبيقها في كوردستان العراق، دراسات كردية، ژمارە(3)، 1992، ل28.

(49) عبدالحسين شعبان، القانون الدولي وقضية المهجرين العراقيين، حقوق الانسان، ژمارە 16ی ئابی 1991، ل ل10، 11.

(50) بۆ دەقی بڕوســکەی ناوبراو، بڕوانــە: لجنة الدفاع عن حقوق الانسان في العراق. قرارات تفضح انتهاكات حقوق الانسان في العراق، شوباتی 1993،ل26.

(51) جيني شــربي، حملات التهجير الجماعية المنســية في العراق، (شهادات) حقوق الانسان، ژمارە(25) ساڵی 1993،ل19.

(52) الدكتور غالب علي الداودي، القانون الدولي الخاص، (الجنسية والمركز القانوني للاجانب واحكامها في القانون العراقي)، وزارة التعليم العالي (العراق)، 1981-1982، ل25 بەدواوە.

(53) بڕوانە: لجنة الدفاع عن حقوق الانســان في العراق، شــهادات تفضــح انتهــاكات حقــوق الانســان فــي العــراق، دمشــق 1990. ل 7بەدواوە.

(54) لەســەر ئەوە؛ یەکێک لــەو ئافرەتانەی کە نێوی لەیلا بووە و ڕژێــم گرتبووی و گلی دابــوەوە و بەپێی بڕیاری (عافوات!) بەرەڵای کردبــوو، لەو ئانەدا بە دەســەڵاتدارانی ڕژێم دەڵــێ: تەرحیلم بکەن، وەک ئەوەی کەسوکارمتان تەرحیل کرد. ئەوانیش دوای چاوخشاندن بەدۆسیەی خانەوادەکەی لەیلا، پێی دەڵێن: نەڕاگوێزان و نەسەفەریش دەکەیــت. پاشــان بــۆی ڕوون دەکەنــەوە و دەڵێــن: خانەوادەکــەت بەتەواوی عێراقییە، بەڵام لە ژێر ئەو بەندەدا (خانەوادەی نامەرغوب)

بۆ ئێران تەهجیر کرا؛ لەدرێژەی ئەوەدا بڕوانە: حقوق الانسان، ژمارە 42تشرینی دووەمی 1994 . ل6 بەدواوە.

(55) بۆ دەقی یاداشتنامەکە بڕوانە: حقوق الانسان،ژمارە 24،ل15.

(56) د.عبدالوهاب حومد، دراسات معمقة في الفقه الجنائي المقارن، مطبوعات جامعة الكويت، 1983. ل286.

(57) هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ل 286و 287.

(58) هەمان سەرچاوە،ل287.

(59) هەمان سەرچاوە، ل 288.

(60) د.وصفي محمد علي، الطب العدلي علما وتطبيقا، مطبعة المعارف، طبعة خامسة الجزء الثاني، بغداد 1976، ل 66.

(61) سناء الجاك. هل لسموم قذائف الحروب دور في تناقض الخصوبة عند اللبنانيين؟، ڕۆژنامەی: الشرق الاوسط، ژمارە 6446 لە 1996/7/22.

(62) د.حسنين ابراهيم صالح عبيد، الجريمة الدولية، ل265.

(63) د.محمد الهماوندي. قراءة قانونية لفكرة الحكم الذاتي .... دراسات كردية، ژمارە (3)/ساڵی1992، ل28.

(64) بڕوانە:(حقوق الانسان) وقفة مع رسالة الرئيس العراقي الى المؤتمر العالمي من اجل الطفل، ژمارە (12)، کانونی یەکەمی 1990،ل 2و3.

(65) 'حقوق الانسان' منظمة العفو الدولية؛ الاطفال ضحايا بريئة للقمع السياسي في العراق، ژمارە(6)، تشرینی یەکەمی 1989، ل ل 5و6.

(66) (حقوق الانسان)، منظمة العفو الدولية/ الاطفال ضحايا بريئة للقمع السياسي في العراق، ژمارە (7)، کانونی یەکەمی 1989، ل7.

(67) هەمان سەرچاوەو لاپەڕە.

(68) 'حقوق الانسان' العفو الدولية تفضح انتهاكات حقوق الانسان

في العراق، ژماره 16، ئابی 1991، ل13.
(69) "حقوق الانسان" تهجير الاطفال جريمة جديدة ترتكبها الحكومة العراقية، ژماره(7)، كانوونی يەكەمی 1989،ل16.

پاری سێهەم

نەخشە و شێواز و ئەنجامدەرانی جینۆساید

نەخشە و شێواز و ئەنجامدەرانی جینۆساید

سەرەتا هەر تاوانێکی بە ئەنقەست، بەر لە ئەنجامدانی، نەخشەی بۆ دادەنرێ و لە چەند قۆناخێکی لە پێشینەدا تێدەپەڕێت و یەکەم پێنگاڤ پەیوەندی بە نییەت و نیاز و دیوی ناوەوەی تاوانکارەوە هەیە و بەوەی کە تەنها بیرکردنەوەیەکی ناخ و دەروونە و هەنگاوی کردەیی بۆ نەهاوێژراوە و زەرەری بە هیچ کەس و کۆمەڵێک نەگەیاندووە و بواری پەژیوان بوونەوە لە خودی هزر کردنەوەکەدا مشەیە، لەبەر ئەوەیش کە سەلماندنی ئەو حاڵەتە بۆ دادوەر خەیلی گرانە، لە یاسادا سزای لە سەرنییە[1].

دوای بیر لێکردنەوە و پلان و رشـت بوون و هڵۆڤانیی لەسـەر ئەنجامدانی تاوانەکە (التفکیر و التصمیم) قۆناغی خۆ ئامادەکـردن (التحضیر) وەک رووکارێکی ماددیانەی دەرەوەی بیرکردنەوە و رشتبوون لە سەر تاوانەکە دێت، ئەو ئامادەکارییەش بریتییە لە دابینکردنی پێداویستییەکانی ئەنجامدانـی تاوانەکە (وەک پەیداکردنی چەک)[2]. قوناغی سـێهەمیش بریتییـە لە دەسـتپێکردن بـە جێبەجێکردنی تاوانەکە (البدء بتنفیذ الجریمة) و لێرەدا ئەگەر تاوانکار بە هۆی ئەو قۆناخانەی پێشـووی تاوانەکەی بەرەو کۆتایی برد ئەوا تاوانی کامڵ و بە ئەنجام گەیشـتووی (الجریمة التامـة) ی پـێ دەوتـرێ، وەک ئـەوەی یەکێـک بیەوێت کەسـێکی تر بکوژێت، چەند گوللەیەکـی لێبداو لە ئاکامدا تاوان لێکراو بمرێت لەوەشدا دیارە هەردوو روکنی مادی (کار و پەیوەندی سەبەبی و نەتیجەی ئیجرامی) و مانەوی لە تاوانەکەدا فەراهەم بووە.

وەلـێ ئەگـەر بەهـەر هۆیەکـی دەرەوەی توانسـت و ئیـرادەی تاوانکارەوە نەشـیا تاوانەکە بـە کۆتا بگەیەنێ ئەوا بە دەستپێک لە جێ بە جێ کردنی تاوان دەژمێررێ (شـروع) وەک لە نموونەی پێشوودا: کەسێک خوازیاری کوشـتنی کەسـێک بێت و خۆی بۆ ئامادە بکات و دەست بە جێبەجێکردنی بکات، بەڵام نیشانە نەپێکێ یا بە شوێنی ترسـناکی نەکەوێـت (جریمـة خائبة) یا کەسـی سـێیەم

دەمانچەکــەی لە دەســت دەربێنێ (جریمة موقوفة) و بەو ڕەنگە لە مردن ڕزگاری ببێت. بەو پێودانگە (شروع) بریتییە لــە ڕاپەڕاندنێکــی ناکامڵی تاوان و لەگــەڵ تاوانی کامڵ و ئاکامــداردا پێکەوە و وەک یەک لە قۆناخی دەســتپێکردن بە ڕاپەڕاندنی تاوان دەســتپێدەکەن بەڵام لە (شروع) هەر لــەو قۆناخدا دەمێنێتەوە و لە تاوانی کامڵدا، بە کۆتا دێت: بــە مانایەکی تر لە ئــەوەی دواییدا ڕوکنی ماددی هەموو ڕەگەزەکانی جێ بە جێ دەبن بەڵام لە (شروع) دا ڕەگەزی دوایی کە ئەنجامی ئیجرامییە، (بەئەگەری بەدەر لە توانای تاوانکار) نایەتە دی[3].

هــەر لەو مەفهــووم و مانایەدا بەندی (30) لە یاســای سزادانی عێراقی بەو شێوەیە ئاماژە و پێناسەی (الشروع)ی کــردووە بەوەی کــە: (دەســتپێکی جێبەجێکردنی کارێکە بە مەبەســتی ئەنجامدانی تاوانێک یا لاســارێک (الجنحة) ئەگەر ئەنجامەکەی وەســتێنرابێت یا هیوابڕاو بووبێت بە چەند هۆیەکی لە ئیرادەی کارکردەکە بە دەربێت).

لە بنەڕەت و ئەسڵدا، یەک کەس کە کارکردەی سەرەکی (الفاعــل الأصلــي) پێ دەگوتــرێ بە ئەنجامدانــی تاوانێک هەڵدەستێ و هەموو ڕەگەزەکانی ڕوکنی ماددی تاوانەکە جــێ بەجێ دەکا، بــەڵام ئەوە مەرج نییــە و لە زۆرباران دوو کــەس یــان زیاتر بە ئیــرادە و پێزانینــەوە، بەهۆی هەرەوەزگەلــی یا بەشــداری و پشــکداری جینایەتکاری

(المساهمة الجنائية) له رۆڵی سەرەکی و لاوەکیدا تاوانێک یــا زیاتــر ئەنجامدەدەن، لێــرەدا کە ئاماژە بە پشــکداری جینایەتــکاری دەکەیــن، پێدڤی کــە هــەردوو تەرزەکەی بخەینە روو :

(1) پشــکداریی ئەسڵی (المســاهمة الاصلية): بە مانای ئەوەی یەکێک بە تەنها رۆڵی ســەرەکی لە جێبەجێکردنی تاوانێکــدا بدینێ، بــەوەی هەموو ئــەو کارەی کە روکنی مــاددی تاوانەکــە پێکی دەهێنــێ ئەنجامبدات لــە حاڵێکدا ئەگەر روکنەکە لەیەک کار پێکهاتبوو، یان لە چەند کارێکی ماددی پێک هاتبوو، ئەوا هەمدیس خۆی جێ بەجێ بکات، یــا ئەگــەر لەگەڵ کەســانی تــردا ئەو کارەی کــە روکنی ماددی تاوانێک پێکدەهێنێ ئەنجامیبدەن، ئەگەر ئەو روکنە لــە یەک کاری ماددی یا کۆمەڵــە کارێک پێکهاتبێ و هەر یەکێــک تەواوی روکنەکە یان بەشــێکی جێ بەجێ بکا و هەموویان رۆڵی ســەرەکیان لە تاوانەکەدا هەبوو بێت، بە پشــکداریی ئەسڵی حســێبە (بەندی 1/47 و 2 لە یاسای سزادانی عێراقی ژمارە 111 ی ساڵی 1969)[4] .

لەوەشــدا جیــاوازی نییە لــەوەی کە تاوانەکــە کامڵ و ناکامدار، یان (شروع) بێت. هەروەها ئەگەر چەند کەسانێک هەرەوەزگەلیــی لــە نێوان خۆیاندا بکــەن و رێکبکەون لە پیادەکردن و بەجــێ گەیاندنی روکنی ماددی تاوانێک کە لە چەند کارێک پێکهاتبێ و هەر کەسە و کارێک یان زیاتر

ڕاپەڕێنن. لەوەشدا ئەگەر تاوانەکە کاملێت یا "شروع" هەموو بەشداران بە پشکداری ئەسڵی و سەرەکی دادەنرێن (وەک بۆ نموونە: دوو کەس ڕێکبکەون هاوکاری یەکتر بکەن لە ڕفاندنی منداڵێک بەو مەرجەی یەکێک بیرفێنێ و ئەوەی تر بیشارێتەوە و شوێن بزری بکات..)[5].

(2) پشکداری پاشکۆیی (المساهمة التبعية) لە تاوان: کە بریتییە لە (هەر چالاکییەک کە بە پەیوەندییەکی سەبەبییەوە بە کارە جینایەتییەکەو ئەنجامەکەی بەستراوەتەوە، بێ ئەوەی جێبەجێکردنی تاوانەکە یا ڕابوون بە ڕۆڵی سەرەکی لە ئەنجامدانی کەتنەکەدا بگرێتەوە)[6].

لەوەدا دەگەینە ئەوەی کە پشکداری پاشکۆیی خۆی لە خۆیدا، واتە پێش ئەوەی بە هیچ تاوانێکەوە ببەسترێتەوە (مباح)ەو لە ئەنجامدانی تاواندا ڕۆڵی ناڕاستەوخۆ و لاوەکی هەیە. ئەم شێوە پشکدارییە ڕۆڵی تەنفیزی نییە و لە کاری وا پێکهاتووە کە سیفەتی جینایەتییان لە لکان و پەیوەندییانەوە بە پشکداری ئەسڵییەوە وەرگرتووە. هەروەک ئەم پشکدارییە یا پێش ئەنجامدانی تاوانەکە دەبێت یاخود لە کاتی جێبەجێکردنیدا. لێرەدا پشکداری پاشکۆیی بەپێی ئەوەی کە بەندی (1/48 و 2 و 3) لە یاسای سزادانی عێراقی دیاریانی کردووە (تیخ تیخەدان و ڕێ بۆ خۆشکردنی) و (ڕێککەوتن) و (یارمەتیدان)ە.

لەوەی ڕابورد، ئەوە هەڵدێنجین کە ڕژێمی بەغدا

لەوەتەی حوکمی خۆی بە تایبەتی بە سەر گەلی کورد دا سەپاندووە، بە تایبەتی لە 1975ـەوە بە دوا، پرۆگرامێکی چڕوپڕ و پێشوەختی بۆ جینۆسایدکردنی کورد داناوە. ئەم جینایەتە مەزنە هەروا لە خۆڕا نەبوو بەڵکو سەرۆکی رژێم و دار و دەستە زەبر بە دەستە ئەساسییەکەی، هـزر و بیری شـۆڤێنیانەیان لێکردۆتـەوە و عەزیمەتیان لەسـەر وەرگرتووە و لەسەری رشتبوون و پاشانیش بە داهـات و خێـر و بێری خـودی کـورد ئامادەکاریی کرد وکیمیایی و چەک و تفاق و تەقەمەنیی کوشـندە و دڕندە و کۆکوژ و قەدەغەی بە ملیارەها دۆلار وەدەسـت خست و نیـاز و نیەتی گڵاوی خۆی لە بەکارهێنانی ئەو چەکانە و سیاسەتی کورد قڕاندا هێنایە دی کە لە نموونەی چەند گـەورە کەتن و تاوانێـک زۆریان (جینۆسـایدی کامڵ و تەواون) و بڕێکیشـیان (شروع)ن، وەک جینوسایدکردنی گوندەکانـی مەلەکان و گۆپتەپـە و چیمەن کە هەموویان وەبەر شـاڵاوی کیمیـاوی کەوتن، یا جینۆسـایدکردنی تەواوی ئەو (ژمارەیـەی) بارزانییەکان کە گرتبوویانن یا زۆربەی هێرشەکانی ئەنفالەکان، بەڵام مانەوەی دەرچوونی منداڵێکـی 12 سـالانە (تەیمور) لە نێو جینۆسـایدکردنی حەشـاماتی هەزاران کەسەی هێرشـێکدا (شروع) ـە و لە ویست و ئیرادەی رژێم بەدەر بووە، هەروەها بەکارهێنانی بۆمبی ناپاڵم و فسـفۆری و تۆپـی ملم جۆراوجۆر کە لە

1974 دا لــه شــوێنەكانی قەڵادزە و زاخــۆ و چۆمان و گەڵاڵــەدا قەســابخانەی ناوەتەوە و لە هەمــان وەختدا لە ئاكامی (نیشــانە نەپێكان) یا خۆشــاردنەوەی خەڵكەكە لە بــن تاوێــرە بەرد و ئەشــكەوت و ژێر زەوی و شــوێنی قایمــدا وای كــردووە كــە زۆر كەس بەدەر لــە ئیرادەی رژێــم هەر بمێنن و تاوانەكە (شــروع) بێت، بەڵام ئەوەی ئاشـكرایە كە لەبەر خەتەرناكی و ئەنجامی مەترسیداری (شــروع لــە جینایــەت) دا و بۆ ئەوەیش هــەر تاوانێك لە سەرەتای دەستپێكردنیەوە سزا بدرێت و بەری لێبگیرێ و (ردع)یكیش بێت بۆ كەسانێكی كە بە تەمای ئەنجامدانی ئەو گەورە كەتنانەن، رێككەوتننامەی لە نێوبردنی جینۆســاید و ســزادان لەسەر ئەنجامدانی لە بەندی سێهەم (3/ ء) دا (تاوانــی كامڵ)ی بە جینوســاید ناوزەد كردووە و دەگەڵ (شروع) دا هاوتا و هاوشان و هاو سزای كردوون.

ئەمەش جێگای خۆیەتی و لێرەدا ســەرۆكی رژێم و دار و دەســتەكەی ئەنجامدانی هــەر تاوانێكیان لە بنەڕەتدا بە مەبەســتی جینۆســایدی تەواو بووە و ئەوەی لە قەتڵ و عام و ئەنفال و ژەهرباراندا دەرچوون (شروع) بووە و لە دەســەڵاتی ئەوان باڵاتر بــووە. ئەو گوند و دێهاتانەی كە تا ســاڵی 1990 (كاتــی داگیركردنی كوێت) مابوونەوە و وێران نەكرابوون هەروەها رانەگواستن و دەست لێنەدانی ئەو خەڵكانەی ناوی، (شروعە لە جینایەتی جینۆساید)دا[7]،

پشــكدارن یا كاركــرده ئەســڵییەكان لەبەئەنجامگەیاندنی تاوانی جینۆســایددا، لە بەرایی ســەرۆكی رژێم "ســەدام حســێن" ـە كە بەرپرسی یەكەم و بنەڕەتی جێبەجێكردنی سیاسەتی جینۆسایدە بەسەر كورددا و كاركردەی ئەسڵی و ئەساسییە لە كوشت و بڕ و قەتڵ و عام و لە سێدارەدان و شوێن بزركردن و وێرانكردن و راگواستن و ئەنفال و كیمیایی و .. هتد.

ئــەو درندەیــە كە لە هەیئەتی مرۆڤ دایە و بەرەســمی پێنــج پلــە و پایەی بە خۆی بەخشــیوە: (ســەر كۆمار لە 1979، ســەرۆكی مەجلیسی قیادەی ســەورە لە 1979 ەوە، فەرماندەی گشتی هێزی چەكدار، سەرۆک وەزیران، ئەمینداری گشــتی قیادەی قوتری حزبــی بەعس) لە ژێر پەردەی ئەو ســیفەتە (قانوونی)یانەدا لە هەموو ئاڵیكەوە جینۆســایدی ئەنجامداوە. بێجگە لە ئەو، كەسانی دیكەش لەگــەڵ ئــەودا وەک ئەنجامــدەر و كاركردەی ئەســڵی و بــەو پێیەی كە لــە مەركەزی بریــارەوە نزیكبوون رۆڵی سەرەكیان لە تاوانی جینۆسایدكردندا هەبووە لە وانە:

(1) (عەلی حەسەن ئەلمەجید) ناسراو بە عەلی كیمیایی یا (عەلی ئەنفال): كە بەرەسمی سكرتێری مەجلیسی قیادەی سەورە و ئەندامی قیادەی قوتری حیزبی بەعس (1986) و وەزیــری دیفــاع (1990) و وەزیری حوكمی ناوخۆیی (1989) بــووە، هەروەهــا مودیری ئەمنی عــام بووە لە

(1986-1988) دا و (ئاب و تشــرینی یەکەمی 1990دا) پارێــزگاری کوێت بــووە و لە 1987/3/29 دا بە ئەمینی مەکتەبــی تەنزیمی شــیمال دامــەزراوە و لــە دەرکردنی بڕیــار و جێبەجێکردنی تەواوی هێرشــەکانی ژەهرباران و ئەنفالەکاندا کارکردەی ئەسڵی بووە، هەر بۆیەش ئەو ناوەی سەرەوەی لێنرا(8).

(2) بارزان ابراهیم الحسن التكريتي: سەرۆکی موخابەراتی گشتی (1979-1983) و لە ژێر پەردەی باڵیۆزی عێراق لــە بارەگای ئەورووپی نەتەوە یەکگرتووەکاندا بەرپرســی موخابەراتــی رژێــم بــووە لــە دەرەوەدا، و نوێنــەری حکوومەتــی عێراق بــووە لە لێژنەی مافی مرۆڤی ســەر بــە (UN) لە جنێــڤ (1989) و لە 1993وە، راوێژکاری ســەرۆک کۆمــارە بە پلەی وەزیر. ئەو کاتەی ســەرۆکی موخابــەرات بووە سەرپەرشــتی شــوێن بزرکردن و بە کۆمــەڵ کوشــتنی بارزانییەکانــی قوشــتەپەی کردووە و سەرپەرشــتی دامەزراندنی یەکەی بەرهەمهێنانی ژەهری کردووە لە کۆلیژی پزیشکی بە مەبەستی بەکار هێنانی لە کوشتنی نەیارەکاندا(9).

(3) طــە الجــزراوي: ئەندامــی هەردوو قیــادەی قوتری و قەومــی! حیزبی بەعســە، هەروەها ئەندامی مەجلیســی قیــادەی ســەورەیە و پێشــتر جێگری یەکەمی ســەرۆک وەزیــران و ئێســتا جێگری ســەرکۆمارە و قائیدی عامی

جەیشی شەعبیە کە سەر بە بەعسە، بەو سیفەتەی قائیدی عامە لە ئەنجامدانی هەموو تاوانەکانی دژ بە مرۆڤایەتی و جینۆساید دا، بەرپرسە کە (جەیشی شەعبی) لە کوردستان ئەنجامیداوە، بێجگە لەو کوشتارانەی بە نەخشەی خۆی و بە دەستی خۆی ئەنجامیداون.

(4) سعدون شــاکر محمود: رەئیسی هەیئەتی تەحقیقی بـووە لــە زیندانخانــەی (قصــر النهایة)ی بەدنــاو (دوای ئینقلابــی 1968) وئەندامی مەجلیســی قیادەی ســەورە (1977 – 1990) و ئەمینی گشتی مەکتەبی میهەنی بەعس بـووە، و لــە 1973 و 1974 دا ســەرۆکی موخابــەرات بـووە و لــە 1979 تــا 1987 وەزیری ناوخــۆ بووە و یەکێکە لە نێزیکەکانی ســەدام، بەو سیفەتەی کە ئەندامی مەجلسی قیادەی سەورە بووە لە هەموو تاوانەکانی دژ بە مرۆڤایەتی و جینۆســاید بەرپرسە کە رژێم ئەنجامیداون نەخاسمە ئەوانەی لە ئەنفالەکاندا ئەنجامدران[10].

(5) حســین کامــل المجید: ئامۆزای ســەدام بوو، پلە و پایــەی گرنگی لــە لایەن ســەرۆکی رژێمــەوە پێدرابوو، لەوانە وەزیری بەرگری و ســەرۆکی دەســتەی سنعەتی ســەربازی، داهێنەری شێواز و رێگاکانی جینۆسایدکردن بوو، هەر خۆیشی زۆری لێ پیادە کرد، بە دەستی خودی دیکتاتۆر بە سزای تاوانەکانی خۆی گەیشت.

(6) عودەی و قوســەی: هەر دوو کوڕەکەی سەدام، بە

سەدان کەسییان بە دەستی خۆیان قەتڵ و عام کردووە و ئەوەی دووەمیان کە بەرپرسی جیهازی "ئەمنی خاص"ە، فەرمانی بە لە سێدارەدانکردنی بێ دادگایی هەزاران دەرکردووە.

(7) سەدام کامل ئەلمەجید: لە فەیلەقی (سارۆخ) دا بەرپرس بوو و لە وەزارەتی سنعەتی سەربازی بەرپرسیاریەتی گەورەی هەبووە، هەروەها لە جیهازی "ئەمنی خاص"دا. بە دەستی دیکتاتۆر بە سزای خۆی گەیشت.

(8) عیزەت ئەلدووری: جێگری مەجلیسی قیادەی سەورەی رژێم، بەرپرسی لە سێدارەدانی بە کۆمەڵی بێ دادگایی بووە.

(9) محەمەد حەمزە ئەلزوبەیدی: بۆ ماوەیەک کرایە سەرۆک وەزیران، بەرپرسی لە سێدارەدانی بە کۆمەڵ بووە لە ماوەی 1991 دا.

(10) سبەعاوی ئیبراهیم: مودیری ئەمن و موخابەرات بووە، هەمدیس سەدان کەسی بە دەستی خۆی قەتڵ و عام کردووە و، سەرپەرشتکاری بەشێکی لە سێدارەدانی بێ دادگایی بووە.

(11) فەریقی روکن سابیر ئەلدووری: مودیری ئەمنی عام و مودیری پێشووی هەواڵگری سەربازی بووە لە هێرشی کیمیایی هەڵەبجە دا (ئاداری 1988) بەشدار

بووه.

(12) فازل سلفیج محیمید ئەلعزاوی: ئەندامی مەجلیسی قیادەی سەورە و دیبلۆماسی و بالیۆز بووە و لە دوای (فازل بەراک) دا مودیری پێشووی ئەمنی عام بووە، سەرپەرشتی گرتن و ئەشکەنجەدانی ژمارەیەکی زۆری هاوولاتیانی کردووە لە گرتووخانەکانی موخابەراتدا.

(13) فەریقی (طیار) حمیدشعبان التکریتی: فەرماندەی پێشووی چەکی (فڕۆکەوانی).

(14) لیوا روکن سولطان هاشم ئەحمەد: جێگری سەرۆکی ئەرکانی سوپای عێراقی و وەزیری بەرگری ئێستای عێراق.

(15) تاریق عەزیز: جێگری سەرۆک وەزیرانی ئێستا و وەزیری دەرەوەی پێشوو و بەرپرسێکی سەرەکییە لە (پاساودانی) تاوانەکانی رژێم و لە دەرکردنی زۆربەی بڕیارە نارەواکانی سەدام پشکداری سەرەکی بووە.

(16) سەعدون حمادی: سەرەک وەزیرانی پێشوو وەزیری دەرەوەی پێشوو و ئەندامی مەجلیسی قیادەی سەورە و قیادەی قوتری بەعس، لەو بڕیارانە پشکداریی کردووە کە بوونەتە هۆی لە سێدارەدانکردنی بێ دادگایی.

(17) محەمەد یونس ئەلئەحمەد: ئەندامی مەجلیسی قیادەی سەورە و ئەمینی نووسنگەی رێکخستنی

مەرکەزی، پشکدارێکی سەرەکی بووە لە لە سێدارەدان و ئەشکەنجەداندا.

(18) فەریق تالع ئەلدووری: فەرماندەی فەیلەقی (پێنج)ی پێشوو، سەرپەرشتکاری قەسابخانەی بە کۆمەڵ بووە لە کوردستاندا لە کاتی شەڕی عێراق – ئێراندا.

ئەوە بێجگە لە "حسن علی العامری" ئەندامی مەجلیسی قیادەی سەورە و وەزیری بازرگانی پێشوو و عبدالله فاضل وەزیری ئەوقافی پێشوو، حاتم ئەلعزاوی، بەڕێوەبەری نووسینگەی سەدام و لەتیف نسەیف جاسم وەزیری کەلتووری! پێشوو و، سەباح میرزا، مورافیقی سەدام و، ماهیر عەبدولڕەشید، فەرماندەی فەیلەقی (1)ی پێشوو و، عەبدولڕەحمان ئەلدووری، مودیری ئەمنی عامی پێشوو و، عەبد حمود حەمید، سکرتێری تایبەتی سەدام بە پلەی وەزیر و مزهر موتنی ئەلعواد، ئەندامی مەجلیسی قیادەی سەورە و تەوای ئەندامانی تری مەجلیسی قیادەی سەورە و قیادەی قوتری و ...... هتد[11].

وەک روونمان کردەوە بەوەی کە (تیغ تیخەدان و ڕێ بۆ خۆشکردن) و (ڕێککەوتن) و (یارمەتیدان) بە پشکداری پاشکۆیی (المساهمة التبعیة) دەژمێررێن و سیفەتی ئیجرامیان لە پەیوەندییانەوەیە بە پشکداری و کارکردەیی ئەسڵییەوە، بەلام لە بەرئەوەی بە گوێرەی روکنەکانی تاوانی جینۆسایدەوە رۆڵی بەرچاو و هەستپێکراو و

تەنانەت سەرەکیشــیان هەبووە و مەترسیدار بوون، بۆیە ڕێککەوتننامەی لە نێوبردنی تاوانی جینۆســاید و سزادان لەســەر ئەنجامدانی، لە بەندی 3/ ب، ج، ه دا دەقنووسی کــردووە و لــە ڕووی ســزا ســەپاندنەوە هەرســێکیانی وەک یەک بەیەکســانی مەحکووم کرد و حسێبی (تاوانی ســەربەخۆی) بۆ کردوون نەک بەســتراوە بە پشــکداری ئەســڵی، ئەمەش ئەوە دەگەیێنێ کە بەشــداربوون و دەور دیتنی تیغ تیغە و ڕێککەوتن بۆ نموونە، لە پشکدارییەکی ئەســڵیدا ئەنجامی جینایەتــکاری (نەتیجــەی جورمی) بە دەستەوە بدا یان نەء، ئەوا بەپێی ڕێککەوتنی لە نێوبردنی جینۆســاید بەهایەکــی نییــە و (وەک تاوانی ســەربەخۆ) ســایلی (جینۆساید)ی کامڵ و (شــروع) سزایان لەسەرە، ئەمەش دیارە لەبەر ڕۆڵی خەتەرناکی ئەم گەورە کەتنەیە بــۆ ئەوەیە کە لە هەر قۆناخێکدا بێت (بەر) لە ئەنجامدانی بگیرێت.

هەر لــەو ڕوانگەیەوە (بەندی 6/ج) لە پێڕەوی دادگایی ســەربازی نێودەوڵەتیــش بــە ئاشــکرا مەحکوومــی ئەو شــێوە پشــکدارییە دەکات کە دەڵــێ (....ڕێنماییکاران و ڕێکخەرانی نەخشــە یان پیلانگێڕان بۆ ئەنجامدانی یەکێک لەو گەورەکەتنانەی کە لە ســەرەوە هاتوون، بەشدارییان کــردووە لێیــان دەپرســرێتەوە، لە هەموو ئــەو کارانەی لەلایــەن هەر کەســێکەوە بــۆ جێبەجێکردنی نەخشــەکە

ئەنجامدراون).

دیـاره كه مەبەستیشـی لـه گەورەكەتنه ناوبـراوەكان هەموو ئەو كارانه بووه كه روكنی ماددی جینۆسـایدیان پێكهێناوه[12].

نموونەی ئەمە (یۆلیۆس سترایشر) ی تاوانبار له جەنگی جیهانـی دووەم كـه ناوی له لیسـتی ئەو (12) كەسـەدا بوو به له سـێدارەدان سـزا درابـوون. وەك تاوانكارێك بـه ئەنجامـدەری تاوانی دژ بـه مرۆڤایەتی دانـرا لەبەر ئـەوه بوو كه تیخ تیخەی قەتڵ و عامكردنی یەهودیەكانی دەدا لـه رێگای چاپكراوێكی هەفتانـەوه كه (محرر) بووه تێیـدا[13]. بۆ روونكردنەوەی زیاتر وا له (3) خاڵاندا زێتر دەیان ناسێنین:

(1) **تیخ تیخه دان و رێ بۆ خۆشكردن (التحريض)**: بریتییه له (پاڵ پێوەنانی تاوانكار بۆ ئەنجامدانی تاوانێك به كارتێكردن لەسـەر ئیـرادەی و رێنماییكردنی بەو رووكارەی كه تیخ تیخەدەر گەرەكیەتی) لەوەشدا دەردەكەوێ كه ئەم هۆكاره سروشتێكی سایكۆلۆژی هەیه وەك كارتێكردن له رێگای بەخشین و پاداشت و گەڤ و هەڕەشه و چەواشەكردن و بەڵێنی شت پێدان[14]. ئەم شێوەیه پشكدارییه لێرەدا وەك (تاوانێكـی سـەربەخۆ و تایبەتی تەماشـا دەكرێ) ئەگەر جینۆسایدەكه ئەنجامبدرێت یان نەء .

دەتوانین سـەرۆكی رژێم و دارودەستەكەی به (تیخ تیخه

دەر) لە قەڵەمبدەین و دامودەزگا داپڵۆسینەرەکانیشی بە (تیغ تیخە دراو)، ئەوەش چ لە کاتی خۆ ئامادە کردنیان دا بۆ جینۆساید یا ئاسانکردن یاخود لە کاتی تەواوکردن و بە ئەنجامگەیاندنی تاوانەکەدا دەبێت وەک ئەوەی کە دار و دەستەی رژێم لە سەرەتای تەرحیل و راگواستن و تێکدانی گوند و دێهاتەکاندا (لە دوای 1975) لە رێگای بەکارهێنانی دەسەڵاتی خۆیەوە بۆ جەیش، ماندانی ماددی و مانەوی ئەوسوپایەی دەدا بەوەی کە ئەنجامیدەدەن هەڵوێستێکی نەتەوەییە و داکۆکییە لە عارەبایەتی. هەروەها پاداشتکردنی توێژێکی بەرفراوانی رەفیق حزبییەکان لە نێو سوپادا و ئیغراکردنیان بۆ ئەوەی بتوانن بیروباوەڕی شۆڤێنیانەیان لەنێو مێشکدا بچێنن، ئەوە بوو لەژێر ئەو کاریگەرییانەدا بەر لە راگواستن وەک "ئاسانکارییەک" ئاو و کارەبا و خزمەتگوزاری شارەوانی و هۆبەکانی گواستنەوە و ئازووخەیان لێبڕین.

هەروەها ئەوانەی کە حوکمی لە سێدارەدانی تەنها و بەکۆمەڵیان جێبەجێ کردووە بە رێکوپێکی، پارە و پوول و پاداشت و سەرمووچەیان پێدراوە، بێجگە لەوە، هاندان و رێ خۆشکردن بۆ خەڵک و عەشایەرەکانی سەر بە رژێم لە عەرەبەکان بۆ ئەوەی (نەخشەسازی) وەربگرن لەسەر ئەوەی کە جێگای کوردە دەرکراوە راگواستراوەکان بگرنەوە و لە کوردستاندا پەرە بە سیاسەتی پیادەکردنی

جینۆسـایـد بدەن، دیارە کە ئەوەش لە ڕێگای بڕیارەکانی مەجلیسی قیادەی سەورە و شێوازی ترەوە بوون.
لە پاڵ ئەوانەیشـدا ڕژێـم تاوانی تیختیخەدانی لەسـەر جینۆسـایدکردنی کـورد بـە ئاشـکرایی ئەنجـام داوە، ئەویش لە ڕێگای دەزگا داپڵۆسـێنەرەکانی وەک سـوپا و موخابەرات و ئەمن و ئیستخبارات و ئەندامانی بەعس، کە دیارە ئامرازەکانی ڕاگەیاندنی ڕژێم (ڕادیۆ و تەلەفزیۆن و ڕۆژنامەکان) لە پەروەردەکردن و ئامادەکردنی نەفسییانە و تیخ تیخەدانیاندا ڕۆڵی سەرەکییان بینیوە.
(2) **ڕێککەوتـن**: ئەوەش بەمانای لێک بەسـتنەوە و لێک گرێـدان و یەکگرتنـی دوو یا چەند ئیرادەیەکی هاوشـان و یەکسـان دێت لەسـەر ئەنجامدانی تاوانێـک. هەمدیس ڕێککەوتنیـش پەیوەسـتە بـە لایەنـی نەفسـییەوە، بەڵام هۆکاری دەربڕینیشـی هەیە چ بە قسـە یان بە نووسـین یـان تەنانەت بە ئاماژەیش[16] و هەمان سـیفەتی (تاوانی سـەربەخۆ)ی هەیـە، لێرەدا دەرکردنـی چەندین بڕیار لە لایەن ئەندامانی یەکسان و ڕێککەوتووی مەجلیسی قیادەی سـەورەوە چاکترین نموونەی ڕێککەوتنـی خیانەتکارییە و گرینگترینیـان ئیرادەی یەکگرتـووی ئەو ئەندامانە بوو کـە لە 1987/3/29 دا لە شـێوەی بڕیارێکی نوسـراودا گوزارشـتیان لەو ئیرادەیەی خۆیان کـرد بە ئەنجامدانی جینۆسایدکردنی کورد لە شـێوەی کیمیاباران و هێرشی

ئەنفالــە بەدناوەکاندا، کــە وەک روونە تەنهــا دەرکردنی بڕیارەکــە تاوانێکی ســەربەخۆیە و بەجێبەجێکردن و بە تاوانی (رێککەوتن لەســەر ئەنجامدانی تاوانی جینۆساید) حسێبە.

(3) **یارمەتیدان (ئالیکاری)**: رەنگبێ بە بــێ یارمەتی و ئالیــکاری، تاوانکردن قورس و گران بێت، هەر بۆیەشــە رێککەوتننامەی لە نێوبردنی جینۆساید لە رووی سزادانەوە وەک تاوانێکی سەربەخۆی لە قەڵەمداوە. ئالیکاری بە مانای پێشکەشکردنی یارمەتی و هاریکاری ماددی و مەعنەوی (لــە هەر شــێوەیەکدا بێت) دێت، ئەوەیــش لە قۆناغەکانی ئامــادەکاری و ئاســانکاری و تەواوکارییەکانی تاوانێکدا، واتە پێشکەشــکردنی هەموو ئەو ئامراز و ئیمکانیەتانەی کــە تاوانکار بــۆ ئەنجامــی تاوانەکەی ئامــادە دەکات، یا کارەکەی بۆ ئاســان دەکا و کۆســپی رێــگای لە بەردەم تاوانکاردا تەختدەکات یا تەنکیدەکات[17].

بەپێی ئەو ناساندنەی سەرەوە، هەموو ئەو دەوڵەتانەی کــە بە عیلــم و ئیــرادە و پێزانینــەوە چەکی کوشــندە و کۆکوژیان بە رژێم داوە، یا مەوادە خاوە پێکهێنەرەکانیان پێ فرۆشــتووە یا ئالیکارییان کردووە لە بەرهەمهێنان و دروستکردنی چەکی کوشندەدا، بەر ئەحکامی سزای ئەو تاوانە دەکەون. لەوەشــدا هەموو ئەو دەوڵەت و کۆمپانیا ســەربازی و بازرگانییانــەی ئەورووپــی و ئەمریکــی و

ئیدیکه بەشێکی بەرپرسیارێتی جینۆسایدکردنی کوردیان دەکەوێتە سەر، بەوەی کە ئەگەر ئالیکاری ئەوان نەبوایە، رژێم نەیدەتوانی وەک پێویست تاوانەکە ئەنجامبدات.

ئەوەتا لەو تەئکیدکردنەوەیەدا 'ئۆبان هیندریکس'ی پرۆفیسۆری تایبەتکار لە مەوادە ژەهراویەکان لە بەلجیکا بە زمانی خۆی دانیپێدادەنێ کە: (ئەو مەوادانە لە کوێوە دێن؟ بەداخەوە زۆربەیان لە تەکنۆلۆژیای رۆژئاواوە دێن و لە نێویاندا ژمارەیەکی زۆر لە مەوادە کیمیاییەکان لە ولاتەکەم بەلجیکاوە و لەمیان هەردوو میناى 'ئەنفیر و زیبروج' ەوە ناردراونەتە دەرەوە و چاک دەزانین کە ئەو مەوادانە ئێستاکە لە عێراقدا کراون ...)[18].

هەر لەم بارەیەوە رۆژنامەی (تاگس چایتونگ) ی ئەلمانی کە لە بەرلین دەردەچێت، لە رۆژی 1989/1/26 سەروتارێکی بلاو کردۆتەوە تیێدا ئاماژە بەوە دەکا کە کارگەی (عکاشات) لە گەورەترین کارگەکانی عێراقیە لە رووی بەرهەمهێنانی گازەکانی کیمیاییەوە و بۆ ئەو مەبەستە کارگەی (Bechtel cosoup Incosposation)ی ئەمریکی لە گەورەترین بەشداربووەکانی بەرهەمهێنانی ئەم گازەیە بۆ کارگەی (عکاشات)[19]. هەر وەک پەنجەنمایی ئەوەش دەکات کە کارگەی ناوبراوی ئەمریکی تا ساڵی 1982 لە لایەن جۆرج شولتزەوە بەڕێوەبراوە، کە لە دواییدا بوو بە وەزیری دەرەوەی ئەمریکی. هەروەها

سـۆڤێتییەکانی پێشـوویش درێغییـان لـە یارمەتیدانـی عێراق بە تایبەتی کارگەی (عکاشـات) دا نەکرد و بۆ ئەم مەبەستە (30) ئەندازیار و خەبیر و تەکنیکار لە عکاشاتدا بۆ بەرهەمهێنانی چەکی کیمیایی کاریان کردووە.

هەر هەمان سەروتاری رۆژنامەکە ئاماژە بە تێوەگلانی دەوڵەتانـی دیکـە دەکات وەک کارگـە و کۆمپانیاکانـی دەوڵەتانی (ئیتاڵی و بەلجیکی و سویسری و نەمساوی و فەرەنسایی و یۆگسلافیای پێشوو و بەرازیل و ئیسپانیا و هەردوو کۆریا) دەکات. هەروابێتەوە گۆڤاری (دیر شبیگل) ی ئەڵمانـی هەواڵێکـی لـە رۆژی 1989/1/31 دا بـڵاو کردۆتەوە و تێیدا ئاماژە بە تێوەگلانی کارگە ئەڵمانییەکان دەکا لـە بەرهەمهێنانـی چەکی کیمیایـی و بایۆلۆژیدا لە بەرژەوەندی عێـراق، وەک کارگەکانی (Sigmachime و plato Kuln) جگـە لـەوە هـاوکاری و یارمەتیدانـی (جاشـەکان) بۆ رژێم لـە: رێنماییکردن و ئاسـانکردن و زانیـاری دان و بە زەلیلی بوون بـە دەلیلی لەوێرانکردن و ئەنفالکردنـی دەیان و دەیان هەزار کەسـی مەدەنی کە وێ دەچێ سـەرانی رژێم نەشـیابن بە بێ ئالیکاری ئەو جاشـانە تاوانەکە ئەنجامبـدەن، چونکە جەیـش غەیرەز ئەوەی لە رووی جوگرافییەوە ناشـارەزا بووە و هێرشی ئـەوان لە سـەرەتا بواری بـۆ راکـردن و رزگاربوون و خۆشاردنەوەی خەڵکەکە دروستدەکرد و ئیستغلالکردنی

(بەرگی کورد) یش لە لایەن رژێم و جاشەکانەوە لە هێمن کردنــەوەی باری نەفســی خەڵکەکە کەم تــا زۆر رۆڵێکی بینی و بەو شێوەیە خەڵکەکەیان بە قسەی درۆ و دەلەسە هەڵخەڵەتاند و نەیانهێشت کەسێکی ئەوتۆی لێدەربچێت.

هەروەهــا هەموو ئەو داردەســتانە و ئەڵقە لە گوێیانەی رژێم لە حیزبی بەعسدا بە تاوانی (یارمەتیدان) تاوانبارن بەوەی لە کاتی ئەنجامدان و تەواوکردنی بەشێکی روکنی ماددی تاوانی جینۆسایددا، لە کیمیابارانی شێخ وەسانان لە 1987 دا بە سەدان بریندار لێکەوتەوە، لە ژێر فشار و چاودێــری جەیــش و رەفیــق حزبییــەکان و (امتناع)ی دکتۆرەکان (تاوانی سلبی)، نەهێشترا لە خەستەخانەکاندا چارەســەر بکرێن و لە مەعەسکەری رەشکێن و هەولێردا زیندەبەچــاڵ کران[20]. لەبەر ئەوەی ئــەو کارانەی کە لە شێوەی یارمەتی و ئالیکاریدا ناوزەد کران رۆڵی سەرەکییان لە ئەنجامدان و راپەڕاندنی تاوانەکەدا هەبووە، بەرەنگێک کــە بە پێی ئەو ئالیکارییــە ئەنجامدانی تاوانەکە قورس و گران بووە، بۆیە لەو حاڵەتەدا ئەنجامدەر و تاوانکارەکانی بەکارکردەی ئەسڵی لە قەڵەمدەدرێن[21].

پەراوێزەکانی پاری سێیەم

(1) الدكتور علي حسين الخلف، الوسيط في شرح قانون العقوبات (النظرية العامة). چاپخانەی (الزهراء)، چاپی یەکەم، بەغدا 1968، ل 440.

(2)هەمان سەرچاوە، ل444.

(3)هەمان سەرچاوە، ل449 ل450.

(4)الدكتور عباس الحسني (القسم العام)، شرح قانون العقوبات العراقي الجديد، چاپخانەی (الازهر)،بەغدا 1969-1970،ل 145.

(5)دکتۆر علي حسين الخلف ؛ ل588، ل589.

(6)هەمان سەرچاوە، ل 639.

(7)بەڵگەیەکی زیندووی تری ئەوەی کەجینۆسایدی تەواو و (شروع) لەو گەورە جینایەتەدا، وەک یەک هاوشانن، و مەبەستی بنەڕەتی هەر جینۆسایدە، چونکە قسەیەکی نوێنەری دیکتاتۆر 'عەلي حەسەن ئەلمجید'ە، کە لە 1988دا بۆ رەفیق حزبی و موستەشارەجاشەکانی کردووە و لەسەر کاسێت تۆمار کراوە و میللەت لە کاتی ڕزگارکردنی کەرکووک (1991/3/19) لە مۆڵگای ناوبراو دۆزیویانەتەوە. تێیدا سەرباری ئەوەی سووکایەتییەکی زۆر بە یاسای نێودەوڵەتی دەکا. دەڵێ بەس شەڕی عێراق – ئێران تەواو ببێت، ناهێڵم یەک کەس بمێنێ بەکوردی قسە بکات. هتد.

(8)(حقوق الانسان) جرائم ضد الانسانية، بەشی حەوتەم، ژمارە (42)، تشرینی دووەمی 1994، ل2.

(9)هەمان سەرچاوەو لاپەڕە.

(10)(حقوق الانسان)، مشروع اتهام صدام حسين واركان النظام العراقي، ژمارە 38، ئایاری 1994،ل7.

(11) بۆ ئەو ناوانە هەموو بگەڕێوە: حقوق الانسان، ژمارە 38، ئایاری 1994، ل7. هەروەها ژمارە 39، حوزەیرانی 1994 ل6و ل7 . هەروەها ژمارە 45 ئایاری 1995، ل2. بێجگە لەوانە بگەڕێوە لای میللەت کە باشترین سەرچاوەیە.

(12)د.عبدالوهاب حومد، الاجرام الدولي، ل306.

(13)بۆلیستی ناوەکانی ئەم (12) کەسە و زانیاری دیکە بڕوانە: هەمان سەرچاوەی پێشوو ل ل 175و 216.

(14)د.علي حسين الخلف، ل670.

(15)بڕیاری س 83 کەلە 1982/1/10دا لە دەزگا داپڵۆسێنەرەکانی ڕژێمەوە دەرچووە نموونەیەکی زەقی تیغ تیخەدانە، و ناوەڕۆکەکەی پاداشتی هەموو ئەو عەسکەریانە دەکا کە ئەو کەسە دەکوژن، هەوڵی ڕاکردن دەدات ئەویش بە بەخشینی (پێشوەچوونێکی زۆر باش/ قدم ممتاز) لەوەزیفەکەی و مۆڵەت پێدان بۆمـاوەی مانگێک لەگەڵ دیارییەکی گران بەها، بەو مەرجەی تەرمەکەی تەسلیم بکات. بڕوانە (حقوق الانسان) ژمارە(27)، حوزەیرانی 1993،ل 6.

(16)د.علي حسين الخلف، ل677.

(17)هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل683.

(18)ئۆبێن هیندریکس، کارثة حلبجة، دراسات كردية، ژمارە (4) /1993/ ل96.

(19)بێجگە لە کارگەی (عکاشات)، ناوی زۆر کارگەی تریش لەنێوەندی خەڵکی کورددا بڵاوە، بەوەی کە بەمەواد و خیبرە و شارەزایی ئیدارەی ئەمریکا و رووسیا و هەندێ دەوڵەتی ئەورووپی بەڕێوە دەچن؛ لەو کارگانە: کارگەی سامەڕا و کارگەی ناوچەی سەلمان پاک و کارگەی بێجی و کارگە و تاقیگەی کیمیاوی مووسڵ و کارگەی نهێنی سەربازی (سەعد16)و......هتد.

(20)ئەندامێکی پێشووی موخابەراتی عێراقی دەربارەی هێرشی کیمیاوی ناوچەی بالیسان و شێخ وەسانان (1987/4/16) لە

هەولێر دەدوێ و دەڵێ: (خەڵکە بریندارەکانیان بۆ نەخۆشخانەی کۆماری بەسەیارەی تایبەتیان هێنا کە ژمارەیان لە (380) کەس پتر بوو لە پیر و ژن ومندال، لە ژێر چاودێری پاسەوانیدا مانەوە و ڕژێم فەرمانی دا کە چارەسەر نەکرێن و هاتوچۆ و پەیوەندی پێوەکردنیشیان قەدەغەکرا و دوای ئەوەی ڕۆژێکیان هێشتەوە و لە شەوی دووەمدا لە بینایەکی بچووکی شاری هەولێردا زیندانیان کردن و لەوێشدا چەند ڕۆژێک مانەوە و پاشان بۆ شوێنێکی نادیاریان بردن، بەڵام شایەد هەیە کە لە نزیک سجنەکەدا بووە، دەڵێ هەموویان زیندە بە چاڵ کراون. بڕوانە "حقوق الانسان " ژمارە 37، نیسان 1994، ل2.

(21)د. عەلی حسێن ئەلخلف؛ 689 و بەدواوە ...

پاری چوارەم

سزادانی رژێم و دادگاییکردنی.. چۆن؟!

سزادانی رژێم و دادگاییکردنی.. چۆن؟!

ریککەوتننامەی لەنێوبردنی جینۆساید و رەشەکوژی کە یەکێکە لە سەرچاوەکانی یاسای نێودەڵەتی، و عێراق لە 1958/3/3 دا بڕوایی پێداوە، پڕ بەهاترین مەسەلەکە (دیاریکردنی دادگا و سزا) ی تاوانکاران بە روون و ئاشکرایی پەنجەی بۆ رانەکێشاوە[1] و زۆربەی بەندەکانی 5،4،3 تەنها باسی سزادان دەکەن بەڵام چۆن و چ سزایەک؟ ..

ئەوە نەبێت کە لە بەندی (1)یدا جینۆساید بە (جینایەت) ناوزەد دەکا و دیارە کە سزای جینایەتیش لە نێوان لە سێدارەدان و بەندکردنی تا هەتا و وەختی دایە. لە رووی دادگایی کردنیشەوە بە پێی بەندی (6) کەسانی گومانبار

به جینۆسـایـد یـا هەر کارێکی لەوانەی لـە بەندی (3) دا ناوبراون، ڕەوانەی دادگای پسپۆڕی ئەو دەوڵەتە دەکرێن کـە تاوانەکە لە سـەر خاکەکەیـدا کراوە یا لـە بەرامبەر (دادگایەکی سزایی نێودەوڵەتی) دا بەو مەرجەی کە لایەنە ڕێککەوتووەکان دان بە پسپۆڕایەتییەکەی دابنێن. لەوەتەی ئەم ڕێککەوتننامەیە کاری پێکراوە (1951) یا هەر لە دوای شەڕی دووەهەمەوە هەتا نووکە، ئەم دادگایە دانەمەزراوە و بوونی نییە و لە هەمان وەختدا بە دەیان و سەدان تاوانی جینۆسـایـد و دژ بـە مرۆڤایەتـی کـراون و لەبەر دیاری نەکردنی سـزا و نەبوونی دادگایەکی سزایی نێودەوڵەتی تاوانکاران، هەمیشـە بۆی دەرچوون[2]. ڕاستتر وابوو لە نەبوونی دادگادا، سزادانی تاوانکارەکانی جینۆسایـد بەپێی مەبدەئی ئیختساسی خرگر و گشتی (الاختصاص الشامل) بوایە، بەو مانایەی تاوانەکە وا بژمێردرێ کە هەڕەشە لە ئاشـتی و ئاسایش و ئیستقراری گەلان دەکا و ئاورووو و سووکایەتییە بۆ کەرامەتی مرۆڤایەتی و لە حاڵێکدا ئەگەر تاوانکاران لە شـوێنی ئەنجامدانی جینۆسـایدەکە توانیان دەربـاس ببـن و ڕابکەن، لە هـەر دەوڵـەت و ئیقلیمێکی دونیادا دەسـگیر کـران، هەر لەوێ بدرێنە دادگا و سـزا بدرێـن. بەو پێیـەش ئەرکی گرتنیان دەکەوێتە ئەسـتۆی کۆمەڵگـەی نێودەوڵەتی کە دەزگایەکی پۆلیسـی جیهانی (ئەنترپـۆل) ی بۆ ئەم مەبەسـتە تەرخان کـردووە[3]. لە

دەورەی پەنجا و نۆیەمینی کۆمەڵەی گشتیدا (1995) هەر لەو مانا و مەفهوومەدا دەوڵەتان لەسەر ئەوە کۆک بوون کە تاوانکارانی نموونەی کەتنەکانی شەڕ و دژ بە مرۆڤایەتی و جینۆساید و شوێن بزرکردن بۆ هەر دەوڵەتێک رایان کردبێ لە کاتی دۆزینەوەیاندا لە داداگای ئەو دەوڵەتەدا دادگایی بکرێن یا تەسلیم بە وڵاتێکی تر بکرێن بۆ دادگایی کردنیان وەلێ ئایا ئەمە تا چ رادەیەک لە سەر زەمینەی واقیعدا جێ بەجێ دەبێت ؟!.

لێرەشدا کە باسی دادگایەکی سزایی نێودەوڵەتی دەکەین مانای ئەوە نییە دەوڵەتان واز لە ئەرکی خۆیان بهێنن و بە تەمای ئەو دادگایە لێی پاڵ بکەون، بەڵکو دەبێ دەسەڵاتی دادوەریی ناوەخۆی دەوڵەتان دوا هەوڵ و هیممەت بکەن بۆ تەسلیمکردنی تاوانکاران بە داد و عەدالەت لە ناوخۆدا چونکە ئەگەر هیچ رێگایەک لە بەردەم دادگا نیشتمانییەکاندا نەما ئینجا دادگای نێودەوڵەتی دەستبەکار دەبێت[4]. بە هەرحاڵ لە 1993/3/22 دا ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی بڕیاری ژمارە (808) ی دەرکرد کە تایبەت بوو بە دامەزراندنی دادگایەکی نێودەوڵەتی بۆ دادوەریی کردنی تاوانکارانی شەڕ لە دەوڵەتی یۆگسلافیای پێشوودا، دامەزراندن و دەستبەکار بوونی ئەم دادگایە کە بەپێی رێککەوتنی دایتۆن خەریکە دێتە بەرهەم و واز پێ لە دەسەڵات هێنانی رادۆڤان کارادڤیچ و ئەوانی تر، هەر

پەیوەست بەو مەسەلەیە بوو کە وەک تاوانکارێکی شەڕ ناسێنران؛ دامەزراندنی ئەم دادگایە هەنگاوێکی کاریگەر بوو، چونکە لە دوای شەڕی دووهەمەوە یەکەم جارە کارێکی لەو بابەتە دەکرێت، جگە لەوەی دامەزراندنی دادگا ئاگادارکردنەوە و وەهەوش خۆ هێنانەوەیەکیشە بۆ تاوانکارانی تر و (ردع) ێکیشە بۆ ئەوانەی بیر لە سەرپێچیکردن لە یاسای نێودەوڵەتی و پێشێلکردنی رێکەوتننامەی لەنێوبردنی جینۆساید دەکەنەوە، هەر وەک یەک لە ئەندامە هەمیشەییەکانی ئەنجومەنی ئاسایش لە کۆبوونەوەیەکیاندا تا نیشانی ئەو حەقیقەتانەی کرد بوو[5].

بەڵام لەگەڵ ئەوانەیشدا، ئەم دادگایە کاتییە و هەمیشەیی نییە، بەڵکو تایبەتە بەو ماوەیەی کە تاوانکارانی (سربی) تێدا دادگایی دەکرێن، هەروەها گشتی و جیهانییش نییە، بەڵکو هەر دادگایی کردنی (سربەکان) دەگرێتەوە و ناوەڕۆکی دادگایی کردنەکە تەنها بۆ (تاوانەکانی شەڕ)ەو تاوانەکانی دژ بە ئاشتی و دژ بە مرۆڤایەتی ناگرێتەوە. تاوانکارەکانی شەڕ لە جەنگی گێتی دووهەمدا، دادگایی نۆرمبێرگ و تۆکیۆ و ئیدیکەیان بۆ دامەزرا و بە سزای خۆیان گەیشتن، تاوانکارەکانی (سربی)یش رەنگبێ تۆڵەی هەموو بۆسنییەکانیان لێبێتەوە و هیوای بەهێز هەیە بۆ دادگایی کردنیان، بەڵام دڕندانەترین رژێم کە

ڕژێمی ســەدام حسێن و دارو دەستەکەیەتی بە ئەنقەست لەبیــر کــراوە لە کاتێکدا هەموو ســەرچاوەکانی یاســای نێودەوڵەتی (بە تایبەتی پەیماننامە و جاڕنامە و ڕێککەوتن و پرۆتۆکۆڵــەکان) ی ژێــر پــێ خســتووە کــە قەدەغەی تاوانەکانــی شــەڕ و دژ بە ئاشــتی و دژ بــە مرۆڤایەتی، نەخاســـمە (جینۆساید) دەکەن. بۆیە سایلی بڕیاری 808، دەرکردنی بڕیارێکی تر لە لایەن ئەنجوومەنی ئاسایش بۆ دادگایی کردنی بە پەلەی ڕژێم و دار و دەستەکەی کارێکی پێویســتە بە تایبەتیش کە هەر ئــەم ئەنجوومەنە بڕیاری ژمارە '688' ی دەرکردووە کە هەر بەپێی ئەو بڕیارەش لیژنەی مافی مرۆڤی ســەر بە (UN) مســتەر (ماکس ڤان دیرشتوئیل) یان وەک بڕیاردەرێکی تایبەت بە لێکۆڵینەوە لە بارەکانی مافی مرۆڤ لە عێراقدا لە 1992 تەرخانکرد و ئەو بەڕێزە تا ئێستا کاری زۆری ئەنجامداوە.

ئەگــەر ئــەوەش نەبێــت دەرکردنــی بڕیارێکــی تــر بە دامەزراندنــی دادگایەکی ســزایی نێودەوڵەتــی یا دادگای نێودەوڵەتــی بۆ مافی مرۆڤ، لە پێویســت پێویســتی ترە و چەنــدی دوا بکەوێــت واتای خوێن ڕشــتن و ئیبادەی زیاتــر و چاکتر دەرباز بوونــی تاوانباران دەگەیەنێ. ئەو دادگایەی کە دادەمەزرێت وا پێویستدەکات کە هەمیشەیی و بەردەوام و بۆ گشــت و سەرتاســەری دنیا بگرێتەوە، واتــە (دادگایەکی ســزایی نێودەوڵەتی هەمیشــەیی) بێت

و یەکـەم کاری دادگایـی کردنی سـەرۆکی رژێم و دارو دەستەکەی و هەموو ئەوانەی کە پەیوەندداری بەو تاوانەی کە کردوویانە، ببێت. دەوڵەتە زلهێز و زەبر بەدەستەکانی دنیـا، رەنگبێ لە دامەزراندنی ئەو دادگایەدا جیددی نەبن، ئەگەرنـا لە مێژە پێرەوی بنەرەتی ئـەم دادگایە لە لایەن لێژنەی یاسـای نێودەوڵەتییەوە دانراوە و دارێژراوەتەوە و پـرۆژەی کۆتایی لـە 1994ـەوە بۆ کۆمەڵەی گشـتی نەتـەوە یەکگرتـووەکان بـەرز کراوەتـەوە. بـۆ ئەوەی دادگای چاوەڕوانکراو دادوەرانە و کاریگەرانە دەسەڵاتی فیعلی و راسـتەقانی خۆی بەکاربهێنێ و سـەربەخۆ بێت لە بڕیارەکانیدا، رێکخراوی لێبوردنی گشـتی (ئەمنسـتی ئەنتەرناشـنال) وەک زامنکردنێـک چەند راسـپاردەیەکی دەرکـردووە کەوا چاکە دادگای چاوەڕوانکراو رەچاویان بـکات، لەوانە بۆ نموونە: پێویسـتی ئـەوە دەکات کە ئەم دادگایـە لـە خـۆڕا و بـێ ئەوەی هیـچ دەوڵەتێـک مافی هەڵبژاردنی ئەو کێشـە یـا گرفتە یـان تاوانەیان هەبێت، کـە دادگا تەماشـای دەکات، خـۆی هەموویـان تەماشـا بـکات، هەروەها داواکاری گشـتی لە دادگا بە پێشـنیارو موبادەرەی خۆی و لە لایەن خۆیەوە دەسەڵاتی لێتوژینەوە لە تاوانەکانی هەبێت و پێشکێشی دادگایان بکات، یا خود پێویسـتیی زامنکردنی هەمـوو گەرەنتییەک بکا لە پێناوی دادگایی کردنێکی عادیلانە لە هەموو قۆناخەکانیدا ... هتد[6].

لــە دوای گرتن و داگیرکردنی کوێـت (1990/8/2) و لە پاش راپەڕین و کۆچڕەوی چەند ملیۆنی کورد لە (نیسانی 1991)دا، مارگرێت تاتشـــەر لەوەختــی حوکمڕانییەکەیدا هەروەهــا جۆن مێجەری ســەرۆک وەزیرانی بەریتانیا و دۆگلاس هێـردی وەزیــری دەرەوەی ئــەو وڵاتە و لورد شوکروســی داواکاری گشــتی بەریتانیا لە دادگاییەکانی نۆرمبێرگ و وەزیرانی دەرەوەی ئەورووپا لە لوکسمبۆرگ داوایان کرد کە سەدام و دار و دەستەکەی بدرێنە دادگا[7].
تەنانەت هانز گینشـــەری وەزیری پێشـــووی ئەڵمانی زۆر کاریگەرانەتر فایلی تاوانەکانی رژێمی بەغدای هەڵدایەوە و لە ڕووی راگەیاندنەوە ورووژاندی، کەچی لەسەر داوای دەســـەڵاتدارانی ئەمریکا لە ژێر پەردە و بیانووی ئەوەی کە ئەمریکا پێی خۆشــە گەلی عێراقی خۆی سەرۆکەکەی دەسگیربکات !! فایلەکە داخرایەوە[8].
رەنگبێ وروووژاندنی دادگایی کردنی (ســەدام حســێن) یــش لــەلای زۆربــە، لەبەرداگیرکردنـــی کوێـت و لێدانی دەســـەڵاتی ئابووریيان بووبێت نەک (جینۆساید و قەتڵ و عامکردنــی کورد) بەڵگەش بۆ ئەوە لە کاتی کۆچڕەوە بێ چارەنووســەکەی 1991، کاتێک کە ســەرۆکی پێشووی ئەمریکا لە شــوێنی خەڵــوەت و حەوانەوەیدا لێی ئاگادار کرایــەوە فەرمووی! ئەوە کێشـــەیەکی ناوخــۆی عێراقە، بەو مانایە کە ئەمریکا مافی دەســتتێوەردانی نییە !. ئەوە

لــە کاتێکدا ســوپای (هاوپەیمانان) لە نێــو قوولایی خاکی عێراقــدا بــوون و لەوەختێکدا کە لــەو حاڵەتانەدا ماف و مەبدەئی دەستێوەردانی ئینسانی لە گۆڕێیە.

بەهــەر حاڵ ئەگەر پاڵپشــتی و هەڤســۆزیی شــەقام و رای گشــتی دنیا، بە تایبەتی شەقامی دەوڵەتانی ئەورووپا نەبوایە، رشت بوونیان لەسەر یارمەتیدانمان نەبوایە، ئەوا کارەساتی گەورەتر و ترسناکتر رووی دەدا. "بەراوردێکی رێژەیی" لە نێوان ئەو بەڵگەنامانەی کە لەسەر تاوانەکانی رژێــم بە تایبەتی (جینۆســاید) دا لەبەر دەســتدان لەگەڵ بەڵگەنامە و ئامادەکارییەکانی تاوانکارانی شەڕی دووەم لە دادگای نۆرمبێرگدا دەری دەخا کە بەڵگەنامەکانی ئەوەی یەکەم ئەگەر زێدەتر و بەهێز تر نەبن، ئەوا هیچیان کەمتر نییە. هەر بــۆ نموونە دادگای نۆرمبێرگ کە (11 مانگ و 20 رۆژی خایاند) لە 1945/11/20 تا 1946/7/1 گوێی لە 96 شــایەد راگرت و فەرمانی بــە خوێندنەوەی 143 شایەدیی نوسراو دا و لێژنەیەکی تایبەتی بۆ لێکۆڵینەوەی بارودۆخــی ئەو رێکخراوانەی کە بــە جینایەتکار تاوانبار ببــوون، دەستنیشــانکراو و ئــەم لێژنەیە گوێــی لە 101 شــایەد راگرت و لە 1809 (تصریحات) ی نووســراوی کۆڵییــەوە و چەندیــن تۆن بەڵگەنامە، رێکخــران و پۆلێن کران و دوای وەرگێڕانیان لێتۆژینەوەیان لەسەر کرا[9].

دادگاییەکە لە (400) دانیشتن – جلسە – دا ئەنجامدرا

و لاپەڕەکانی لێتۆژینەوەی زیاتر لە 15 هەزار لاپەڕە بووە و ئەوانــەی کە حوکمدران 22 زەعیمی نازی بوون. بەڵام بەڵگەنامەکانی تاوانبارکردنی ســەدام و دار و دەستەکەی : لە هەموویان گرینگتر ئەو بڕیارانەیە کە هێزی یاسایان هەیە و لە مەجلیســی قیادەی ســەورەوە دەرچوون و لە (الوقائــع العراقية) بڵاوکراونەتــەوە، هەروەها دەیان تۆنە دۆکیۆمێنتــی جۆراوجــۆر کە خۆیان لــە ملیۆنەها لاپەڕە دەدەن و لە ماوەی 1991 لە دامودەزگا داپڵۆسێنەرەکانی ڕژێــم لــە کوردســتان گیــراون و پارێــزراون، جگــە لە شــوێنەواری خاپوورکــراوی 4000 گونــد و ژمــارەی ئــۆردوگا زیندانییــە زۆرەملێــکان و زیندانخانــەکان و ئەنفالکردنــی 182 هــەزار کــەس کە نــاوی نزیکەی 17 هەزاریــان لــە لای مســتەر دێر شــتوئیل پارێــزراوە، و شــوێن بزرکردنی زیاتر لە 8 هەزار بارزانی و بە کۆمەڵ کوشــتنیان لە ژێر ئازار و ئەشــکەنجەدان و ڕاگواســتن و شــوێنە ونکــردن و زیندانیکردن و لە ســێدارەدانکردن و دەرپەڕاندنــی زیاتر لە (200) هــەزار کوردی فەیلی و کیمیایی و لە ســێدارەدانکردنی ڕاستەوخۆی بێ دادگایی دەیــان هەزار بێ گوناە کە دیارە ئەم ڕووداوانە بە بەڵگە و ژمــارەوە لــە لای بەڕێز دێرشــتوئیل و ڕێکخراوەکانی وەک میدڵ ئیست و ئەمنستی ئەنتەر ناشنال و ڕێکخراوی عەرەبــی و عێراقی مافەکانی مــرۆڤ، دوای لێکۆڵینەوە و

بەدواداچوون و ساغکردنەوەیان لە لایان پارێزراون و خودی دێرشتوئیل و ئەم ڕێکخراوانە دەتوانن بۆ ئەم مەبەستە بە کاریان بهێنن .. هەروەها (گۆڕە بە کۆمەڵەکان) کە سەرتاسەری کوردستانی گرتۆتەوە، بەڵگەیەکی تری جینۆسایدکردنی کوردە، جگە لەو کەسانەی کە لە هێرشە کیمیاییەکاندا، ئەگەر بە نیوەچڵی و بریندارییش بێت ڕزگاریان بووە، دەتوانرێت وەک گەواهی و شایەدی دان بە کاربهێنرێن، هەروەها ئەو فیلمە ڤیدیۆیی و دەنگییانەی کە لە دامودەزگا ئەمنییەکان گیراون، ئەوانیش سوودی زۆریان لێدەبینرێ بە تایبەتی قسەکانی عەلی حەسەن ئەلمەجید کە ریکۆرد و تۆمار کراوە و بە ئاشکرایی باسی جینۆسایدی ناوی 'کورد' یش دەکات ... هتد. بەوەش کە هەر بۆ نموونە ئاماژەیان بۆ کرا، دانیشتنەکانی دادگایی کردنی سەدام و ئەرکانی ڕژێم زۆر زیاتر دەبێ لەوەی نۆرمبێرگ و هەر ئەندامێکی گەلی کورد کە وەبەر هێرشی ئیبادە و (سیاسەتی تواندنەوە) ی بەعس کەوتبێ دەشێ بکرێن بە شاهێد.

ئەوانەش بە هەزاران و سەدان هەزاران ئەخاسمە ئازار و ئەشکەنجە دراون و کیمیایی لێدراو و ڕاگوێزراو و دەرکراوەکان .. هتد. بە هەر جۆر دوای دانانی پێڕەوی دادگای سزا نێودەوڵەتی و دەرکردنی بڕیاری 808 سەبارەت بە دادگایی کردن و سزادانی سربەکان،

هیوا زۆرە کە دادگایی سزایی نێودەوڵەتی هەمیشەیی بە گورجی بێتە مەیدان و چالاکانە کار بکات، لەوەشدا فەرومفاییێکی زۆر لەو تاوان و گەورە کەتتانەی سەرۆکی رژێم و داروودەستەکەی دەبینێ لە هێنانەکایەی چەند مەبدەئێکی نوێ لە یاسای نێودەوڵەتیدا، چونکە ئەوەی رژێم ئەنجامیدا، داهێنان و نوێکاری لە تاوانی هەمەچەشن و جینۆسایددا تێدا بوو، هەر لەبەر ئەوەش ئەم دادگایە جیاوازی دەبێت لە گەڵ دادگای نۆرمبێرگدا.

پاری پێنجەم:

جینۆساید و بنەمای تەسلیم کردنەوەی تاوانباران

جینۆساید و بنەمای تەسلیم کردنەوەی تاوانباران

*** ئایا ئەنجامدەرانی جینۆساید و بە کۆمەڵکوژی، تاوانکاری سیاسی، یان جینائین؟**

مەبدەئی تەسلیمکردنەوەی تاوانکاران رووکارێکی ئالیکاری نێودەوڵەتییە لە بواری نەهێشتن و بنبڕکردنی تاوان و گەورەکەتندا و بریتییە لە داوای دەوڵەتێک بۆ دەوڵەتێکی تر بە تەسلیم کردنەوەی تاوانبارێک بۆ دادگایی کردنی یان جێبەجێکردنی حوکمێکی دادوەری بەو حیسابەی کە تاوانی لەسەر خاکەکەیدا کردووە(10). بنەڕەتی ئەو مەبدەئەش لەوەدا هاتەکایەوە، وەختێک کە تاوانکاران لەدەوڵەتێکدا کەتنەکەیان دەکرد و بەر لە گرتن و دەسگیرکردنیان یا دوای دادگایی کردن و پێش جێبەجێکردنی حوکم بۆ ئیقلیمی ولاتێکی تر کە تاوانە

ئەنجامدراوەکان لە یاساکانیدا سزایان لەسەر نییە، رایان دەکـرد، لەبـەر ئەوەیش کە دەسـەڵاتی دەوڵـەت هەر لە چوارچێوەی سنووری دانپێدانراوی خۆی دایە، تاوانباران لە دەست سزا رزگارییان دەبوو و بۆی دەردەچوون[11]، بەڵام دیارە ئەم حاڵەتە هەموو جەشنە تاوانێک ناگرێتەوە و هەمـوو جۆرە کەسێکیشـی ناچێتە ژێر لەوانە : ئەوەی تاوانـی سیاسـی کـردووە، دەوڵەتان چ لە دەسـتوور و یاسا ناوەخۆکانیان یا پەیماننامە نێودەوڵەتییەکان لەسەر دەقنووسکردنی بنەمای (تەسـلیم نەکردنەوەی تاوانکارە سیاسییەکان) کۆکبوون و ئەحکامی تایبەتییان بۆ دانا کە لە تاوانی ئاسایی جیای بکاتەوە. بە گوێرەی جینۆسایدەوە، رێککەوتننامەی نەهێشتنی جینۆساید و سزادان لەسەری بـەدەر لەوەی کە تەبیعەتی جینۆسـایدەکە سیاسـی بێت یـان نە، بە تاوانێکی ئاسـایی لە قەڵەمـداوە، ئەوەش بۆ ئەوەی تاوانکارە راکردوو و هەڵاتووەکان بە بڕوبیانووی (تاوانی سیاسی) لە تەسلیمکردنەوە و دادگایی و سزادان رزگاریـان نەبێت، ئەوەش بەنـدی (7) لە رێککەوتننامەی ناوبـراو بە رەهایی روونـی کردۆتەوە و تێیـدا دەوڵەتە بەشـداربووەکان (لەوانە عێـراق) بە بەڵێندانیـان، زامنی رەزامەندبوونی خۆیان لەسەر تەسلیمکردنەوە داوە.

لە حاڵەتێکیشدا ئەگەر تاوانکارێک لە ئیقلیمی دەوڵەتێکی تر شـێوە جینۆسایدێکی ئەنجامدا و پاشان پەنای بردەوە

بەر دەوڵەتەکەی خۆی و خۆی لە سزا رزگار بکات، لەسەر ئەوە لە ئەسڵ و بنەڕەتدا هیچ دەوڵەتێک هاووڵاتیانی خۆی بەپێی مەبدەئی (تەسلیم نەکردنەوەی هاووڵاتی) تەسلیم بە دەوڵەتێکی تر ناکات، چونکە ترسی ناڕەوایی دادگای بیانی لێدەکرێت و جگە لەوەش هاووڵاتی هەیبەت و کەرامەتی دەوڵەتە، بەڵام هەندێک دەوڵەت لە روانگەی رێزنان لە مافی مرۆڤ و هەمەجیەتی جینۆسایددا ئەم رچەیان شکاندووە، لەوانە بەریتانیا و وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا[12]. هەروەها کۆماری ئیتالیا لە دەستووری 1967 یدا زۆر راشکاوانە دەڵێ: مەبدەئی تەسلیم نەکردنەوەی هاووڵاتیان، ئەو هاووڵاتییە ئیتالیانە ناگرێتەوە کە تاوانی جینۆسایدیان ئەنجامداوە[13]، دەستووری ئیتالی چاکی کردووە و لەسەر ئەوە لەسەر هەموو دەوڵەتانی دنیا پێویستە کە بە گوێرەی تاوانکارانی جینۆسایدەوە چاو لە ئیتالیا بکەن و واز لە مەبدەئی تەسلیم نەکردنەوەی هاووڵاتیان بهێنن، چونکە ئەم تاوانە ژێر پێ خستنێکی گەورەی کەرامەتی مرۆڤایەتییە لە هەموو شوێنێکدا و ئەو دەوڵەتەی تاوانبارێک لە ژێر باڵی خۆیدا حەشار دەدا و بواری دادگایێکی راست و رەوای نادات (با هاووڵاتی خۆیشی بێت) ئەوا سووکایەتی بە بوون و کەرامەتی مرۆڤایەتی دەکات و لەو حاڵەدا جێگای خۆیەتی ئیلزام بکرێ بە تەسلیمکردن.

لێرەدا هەموو ئەو دەوڵەت و ئیقلیمانەی کە سەدام حسێن تاوانی جینۆساید و ئەوانی تری دەرهەق کردوون یا لێی زەرەرمەند بوون، مافي خۆیانە هەچ کاتێک بۆ دادگایی و سزادان داوای تەسلیمکردنی سەدام حسێن و دارو دەستەکەی بکەن، ئەوەش بەپێی مەبدەئی 'جیهانێتی لێ تایبەت بوون' (عالمیة الاختصاص)(14). بەندی سێیەم لە 'رێککەوتننامەی بە سەرنەچوونی تاوانەکانی جەنگ و تاوانەکانی دژ بە مرۆڤایەتی 1968/11/26' زامنی پەیمان و بەڵێنی دەوڵەتە لایەنی بەشدار بوو لەو رێککەوتننامەیەدا دەکا کە لەسەر ئاستی ناوخۆدا هەموو هەوڵێکی یاسایی و غەیرە یاسایی بدەن بۆ ئەوەی بتوانرێ بە پێی یاسای نێودەوڵەتی ئەو کەسانەی کە لە بەندی دووەمی ئەم رێککەوتننامەیەدا ئاماژەیان بۆ کراوە تەسلیمبکرێن.. بەندی دووەمی ئەم رێککەوتننامەیەش پەنجەنمای ئەو کەسانەی کردووە کە پێویستە تەسلیم بکرێنەوە:

(1) نوێنەرانی حوکمڕانیی دەوڵەت و ئەو تاقە کەسانەی کە وەک کارکردەی ئەسڵی یان بەشداربوو، پشکدارییان لە تاوانی دژ بە مرۆڤایەتی (جینۆساید و هیتردا کردووە)(15).

(2) تیخ تیخەدەر و رێ بۆ خۆشکارانی راستەوخۆ!

(3) پیلانگێڕان بۆ ئەنجامدانی تاوانی جینۆساید و ئیدیکە.

(4) ئەو نوێنەرانەی دەسەلاتی دەوڵەت، کە لە ئەنجامدانی جینۆسایددا خۆیان گێل کردووە و شلیان کردووە.

هەروەها "بنەماکانی ئالیکاری و هەرەوەزی نێودەوڵەتی لە تاقیبکردن و گرتن و تەسلیمکردنەوە و سزادانی کەسانی تاوانبار بە ئەنجامدانی تاوانەکانی جەنگ و تاوانەکانی دژ بە مرۆڤایەتــی" کە بەپێی بڕیاری کۆمەڵەی گشــتی(UN ژمارە 3074) (د- 28) لە 3ی کانونی یەکەمی 1973 دا دەرچووە؛ لە بنەمای (5) دا دەڵێ: ئەو کەسانەی کە بەڵگەیان لە دژدا هەیە بەرەی تاوانەکانی جەنگ یا تاوانەکانی دژ بە مرۆڤایەتییان ئەنجامداوە دەدرێنە دادگا و ســزا دەدرێن، ئەگــەر بە تاوانبــار دەرچوون، ئەمــەش وەک بنەمایەکی گشــتی لەو دەوڵەتانەی کە ئەم تاوانانەیان لێ ئەنجامداوە و لەم بارەیەوە دەوڵەتان لە هەرچییەکی کە پەیوەندی بە "تەســلیم کردنەوەی " ئەو کەسانەوە هەبێت هەرەوەزیی یەکتر دەکەن، لێرەدا وەک بەرپرســیاریەتییەکی ئەخلاقی و یاســایی و ئینســانی لەســەر هەمووەدەوڵەتان پێویستە هــەرەوەزی یەکتر بکەن لە پێناو ســەلماندنی تاوانباریی سەدام و دارو دەســتەکەی لە رێگای بەڵگەنامەکانەوە، و پاشــان داوا و هەوڵی تەســلیمکردنی بە دادگا و سزادانی بە تایبەتی لایەن و دەوڵەتە زەرەرمەندەکان.

پاری شەشەم

جینۆساید کۆنیش بێت، بەسەر ناچێت

جینۆساید کۆنیش بێت، بەسەر ناچێت

سەرەتا، بە سەرچوون (التقادم) بەو واتایە دێت کە دوای تێپەڕبوونی ماوەیەکی دیاریکراو بەسەر ئەنجامدانی تاوانێک، بێ ئەوەی داوای سزایی لەسەر (تەحریک) کرابێت، ئەوا داواکار و دادگا بە هیچ شێوەیەک مافی لێپرسینەوەی نامێنێ و تاوانەکە بە هۆی بەسەرچوونی ئەو ماوەیەی کە یاسا دیاریکردووە و بە هۆی بێدەنگ بوونی داواکار بەسەر دەچێت، هەروا پاش تێپەڕبوونی ماوەیەکی دیاریکراو بەسەر جێبەجێ نەکردنی سزایەکدا لە مێژووی دەرچوونی حوکمەوە سزایەکە لەسەر تاوانبار لادەچێ و دەکەوێت.

بەو پێودانگە ئەگەر بەسەرچوون (التقادم) بۆ تاوانی

ئاسایی تا رادده‌یه‌ک لۆژیکی و له‌بار بێت ئه‌وا بۆ ترسناکترین تاوانی دژ به مرۆڤایه‌تی که جینۆسایدو ره‌شکردنه‌وه‌یه، هه‌رگیز ناشێت، به پێچه‌وانه‌وه پێویسته گه‌وره که‌تنی له‌م بابه‌ته ئه‌گه‌ر کۆنیش بێت هه‌ر به‌سه‌ر نه‌چێت (عدم التقادم)، دیاره کۆمه‌ڵگه‌ی نێوده‌وڵه‌تیش، به بۆنه‌ی تاوانبارانی شه‌ڕی دووه‌مه‌وه هه‌ست و ئیدراکی به‌و مه‌سه‌له‌یه کردووه کاتێک که ده‌وڵه‌تی ئه‌ڵمانی بڕیارێکی ده‌رکرد و تێیدا سزای تاوانه‌کانی جه‌نگ و دژ به مرۆڤایه‌تی له‌سه‌ر'مارتن بورمانی'ی یاریده‌ده‌ری یه‌که‌می هیتله‌ر (که سزای له سێداره‌دان بوو) و ئه‌وانه‌ی تریش که له گه‌ڵی بوون، هه‌ڵگرت به‌و بیانوو و پاساوه‌ی که جێبه‌جێنه‌کردنی سزایه‌که و که‌وتنی له‌به‌ر ئه‌وه‌بووه که (25) ساڵی به‌سه‌ردا تێپه‌ڕیوه و یاسای ئه‌ڵمانی وای تێکست نووس کردووه[16]. کۆمه‌ڵه‌ی گشتی له 1968/11/26 دا بۆ یه‌که‌مین جار به بڕیاری ژماره 2391 (د – 23)، رێککه‌وتننامه‌ی به سه‌رنه‌چوونی تاوانه‌کانی جه‌نگ و دژ به مرۆڤایه‌تی په‌سند کرد، ئه‌وه‌ش زیاتر له‌به‌ر ترسناکیی ئه‌م تاوانانه و له‌به‌ر ئه‌وه‌ی هه‌موو ئه‌و بڕوانامه و جاڕنامه و رێککه‌وتننامانه‌ی که پێشتر ده‌رچوون و به‌تاوانه‌کانی جه‌نگ و (دژ به مرۆڤایه‌تی) په‌یوه‌ست بوون، ماوه‌ی به سه‌رچوونیان دیاری نه‌کردبوو.

به‌ندی یه‌که‌م له رێککه‌وتننامه‌ی ناوبراو زۆر به روونی

ئامـاژەی بەوە کردووە کە: (ئەم تاوانانەی خوارەوە هەر بـە سـەرناچن بە چاو پۆشـین لە کاتـی ئەنجامدانیان: ئـ - ....، ب - تاوانەکانـی دژ بـە مرۆڤایەتـی لـە کاتـی شـەڕدا بێت یان لە زەمەنی ئاشـتیدابێت کە پێناسـەکەی لـە پێـڕەوی بنەڕەتـی دادگای نۆرمبێرگـی عەسـکەریی نێودەوڵەتیدا هاتووە، کە لە 8ی ئابی 1945 دا دەرچووە کـە لە هـەردوو بڕیـاری کۆمەڵەی گشـتی 3 (د - 1) کـە لـە 1946/2/13 دا دەرچـووە و 95 (د - 1) کـە لـە 11ی کانونـی یەکەمـی 1946 دا دەرچـووە، تەئکید کراوەتەوە و دەرپەڕاندن بەهۆی دەسـدرێژی چەکدارانە یـان داگیرکردنـەوە و کارەکانـی دژ بـە مرۆڤایەتـی کە بەرەنجامی سیاسـەتی ئەپارتهاید و تاوانی جینۆساید کە پێناسـەکەی لە رێککەوتننامەی سـاڵی 1948 دا هاتووە سـەبارەت بە قەدەغەکردنی تاوانی جینۆساید و سزادان لەسەری، ئەگەرچیش ئەو کارە ناوبراوانە کار و کەلێنێک لە یاسـای نێـو خۆی ئـەو دەوڵەتەی کـە تاوانەکەی لێ کراوە، نەکەن ....).

ئـەوەی لـە هەموویشـی پـڕ بایەختـرە ئەوەیـە کە لە جێبەجێکردنی مەبدەئی (بە سەر نەچوون - عدم التقادم) لە بـواری یاسـای سـزایی نێودەوڵەتیدا (چ لـە قۆناخی دادگاییکـردن یا سـزادانەوە بێت) مەبدەئی - یەکسـانی لـە بەرامبەر یاسـادا کاری پێکراوە و هیچ کەسـێکی لێ

هەڵنابوێــردرێ. روونتــر بڵێین، ئەگەر یاســای نێوخۆی دەوڵەتــان هەندێک تاوانباری وەک ســەرۆکی دەوڵەت یا ئەوانەی نەخشەی سیاسەتی دەوڵەت دەکێشن، لە وەزیر و دەســەڵاتدارانی تر یا بەر لێپرسـینەوە و ســزا ناکەون یا دادگاییەکەیان بەرێورەســمێکی تایبەتی یا رووکەشیدا تێدەپەڕێ، بەڵام ئەنجامدەرانی تاوانی جینۆســاید (یاسای نێودەوڵەتی) لە هەر پلەو پایەیەک دابن یا ئەگەر کەسانی ئاســایی بــن ئــەوا هەموو بە بــێ جیاوازی لــە بەرامبەر دادگادا یەکســان و هاوشــانن، چونکە تاوانــی وا گەورە هەر لە دەست حوکمڕان و زەبر بەدەستان دێت.

ئــەوەش بەنــدی (4) لــە رێککەوتننامــەی لەنێوبردنــی جینۆســاید تەئکیدی لێکردۆتەوە و شــەرعیەتی یاســایی بەوە داوە کە ئەنجامدەرانی ئەم تاوانە چ دەســەڵاتدارانی دەستووری بن یا کارمەندە گشتییەکان یاخود تاقەکەسان بن، وەک یەک سزا دەدرێن. هەروابێتەوە بەندی دووهەم لە رێککەوتننامەی بەسەرنەچوونی تاوانەکانی جەنگ و دژ بە مرۆڤایەتی، لە هەمان جەختکردنەوەدا بەڵام رۆشــنتر دەقنووســی ئەمەی کردووە. بەو پێیە (ســەدام حسێن) و دارو دەســتەکەی کە حوکمی رژێمەکەیان راگرتووە و لە ماوەی زیاتر لە بیســت ساڵ لە دانان و داڕشتنی نەخشە و پلانی جینۆسایدکردنی هەمەجۆرەی کورد بەشداربوون و لە جێبەجێکردنیشــیدا هەمدەم وەک کارکردەی ئەسڵی

و پشــکدار رۆلی ســەرەکی و بەرچاویــان هەبووە وەک : ئەندامانی مەجلیســی قیادەی ســەورە و قیادەی حیزبی بەعــس و زۆربەی وەزیرەکان و مەجلیســی تەشــریعی و تەنفیــزی مەنتەقــەی حوکمــی زاتــی و موخابــەرات و ئیستخباراتی عەسکەری و ئەمنی عام و خاص ..... هتد.

ئەوانە چ ئێســتا کە لە تەختــی حوکمڕانین، چ وەختێکی تر کە لە حوکم نامێنن، دوای دەستنیشانکردنی یاساییان، تاوانی جینۆســایدیان لێ بەســەر ناچێت و لەبەر ئەوەی تەبیعەتــی تاوانەکــە جیهانییــە، ئەگــەر لەهــەر کوێیەکی دنیاش بن، لە ڕێگای ئالیکاری و هەرەوەزی دەوڵەتانەوە دەگیرێن و دادگایی و سزا دەدرێن. بەپێی بەندی (1) یش لــە جاڕنامــەی پەنابەریی ئیقلیمی کە لــە 1967/12/14 دا دەرچــووە، نابێت هیــچ دەوڵەتێک مافــی پەنابەریی و داڵدەدان و هەچ کەســێک بدەن کە شک و گومانی ئەوەی لێدەکرێ تاوانی دژ بە مرۆڤایەتی (جینۆساید) و ئیدیکەی ئەنجامدابێــت/ بنەمــای (7) لــە بنەماکانــی هاریــکاری نێودەوڵەتی لە بەدواداچوون و تەسلیمکردنەوە و سزادانی کەســانی تاوانبار بــە ئەنجامدانــی تاوانەکانــی جەنگ و تاوانەکانی دژ بە مرۆڤایەتی 1973/2/3.

پەراوێزی پارەکانی چوارەم و پێنجەم و شەشەم

(1) د.حسنين ابراهيم صالح عبيد، الجريمة الدولية، ل269.

(2) بيار سـانية، فلنمض معا نحو انشـاء المحكمة الجنائية الدوليه، رۆژنامەی الحياة-ی لەندەنی ژمارە 11906 لە 1995/9/27.

(3) الدكتـور عبدالوهاب حومد، دراسـات معمقه فـي الفقه الجنائي المقارن، ل119/118.

(4)بيار سانيه، هەمان وتار و هەمان رۆژنامەی پێشووتر.

(5) حقوق الانسان، اسهامات علي طريق تقديم صدام حسين واركان نظامه لمحاكمة دولية، ژمارە (26)، نيسان 1993، ل7.

(6) بيار سانيه، سەرچاوەی پێشوو.

(7) حقوق الانسـان، مشـروع اتهام لصدام حسـين واركان النظام العراقي، بەشی حەوتەم، ژمارە (35)، شوباتی 1994، ل7.

(8) خەڵکی کوردسـتان، ئەوانەی لەنیسـان و مایسی 1991 گوێ رادێری رادیۆ جیهانییەکانی وەک دەنگی ئەمەریکا و لەندەن و مۆنتی کارلۆ بوون، بەتەئکید تێبینی ئەو مەسەلەیان کردووە.

(9) الانسان، اسهامات علي طريق تقديم صدام حسين واركان نظامه لمحاكمة دولية، ژمارە (26) نيسـانی 18993، ل6. هەروەها بڕوانە: د.عبدالوهاب حومد، الاجرام الدولي، ل150-151.

(10) الدكتور حامد سـلطان: القانون الدولي العام في وقت السـلم، دەزگای (النهضة العربية) چاپی شەشەم، قاهيرە 1976 ل308.

(11) د.علـي حسـين خلف، الوسـيط في شـرح قانـون العقوبات، ل232.

(12) هەمان سەرچاوە ل240.

(13) د.عبدالوهاب حومد، الاجرام الدولي، ل244.

(14) هەندێـک تـاوان هــەن (مرۆڤایەتــی) بەشــێوەیەکی گشــتی لەئەنجامدانی زەرەرمەند دەبێت و ئەمن و ئاسایشی جیهان تێکدەدات، وەک تاوانەکانی سەدام و دارو دەستەکەی و تاوانەکانی بازرگانیکردن بە ئافرەت و منداڵ و مێرمنداڵ بۆ کارو ئابڕووبەری و تێکدانی تۆڕو هۆیەکانی گەیاندن و بڵاوکردنەوەی مادده سـڕکەرەکان (المخدرات) و...... بـەو پێیەش دادگایی کردنی ئەنجامدەرانی دەکەوێتە ئەسـتۆی هــەر دەوڵەتێکــی کە تاوانباران دەســگیر دەکات، بــۆ زانیاری زیاتر دەربارەی مەفهووم و مانای (الاختصاص) یا (الاختصاص الشــامل)، بڕوانە: د.عباس الحسني، شرح قانون العقوبات، ل40 بەدواوە.

(15) ئەوەتــا وەزیــری دادی ڕژێم کە یەکێکە لەنوێنەرو ســەرانی تاوان پۆشەکانی دیکتاتۆر، بەخودی خۆی دانی بە مومارەسە کردنی ئازارو ئەشکەنجەدان ناوە لە زیندانەکانی عێراقدا (دیارە کە داننانیش شــای هەمرو بەلگەکانە)، بەڵام ئەم وەزیرە پاساویشــی هێناوەتەوە بــەوەی کــە ئەشــکەنجەدانەکان فەردی-یــە، واتــا جەماعــی و بــۆ ئیبادەکردن نییە)، بە ڕای ئەو نەبۆتە نەهج و دیاردە و ئەنجامدەرانی، واتە ئەمن ومـوخابەراتەکەی زۆر جار وا ڕێککەوتووە کە سزادراون، بڕوانە (حقوق الانسان) ژمارە 35، 1994، ل4.

(16) د.حسنين ابراهيم صالح، ل142.

کۆتایی و دەرئەنجام

دوای ئەوەی ئەم کورتە لێتوژینەوەیەمان لە چوارچێوەی چەند پارو پشک و لق و پۆلێنی دیکەدا خستە ڕوو، هەندێ ڕاستی نەگۆڕ و حاشاهەڵنەگرمان لێ ڕۆشنتر بووەوەو برێکی ئەوەی هەڵمان هێنجا ئەو دەرەنجامانە بوون کە: دارو دەستەی ڕژێمی دیکاتۆری بەغدا سەرەڕای هەموو پلان و پیلانی گلاو و نەخشەی بەروەختی بەرنامەڕێژیی بۆ جینۆساید و ئیبادەکردنی کورد لە هەموو ئالێکەوە: (جەستەیی بە کۆمەڵ، ئێسکەرە و لەسەرەخۆ، زمان و کەلتوور و هزر و بیرکردنەوەی سیاسی و ئارکیۆلۆجیا و مێژوو و بونیادی سۆسیۆلۆجی و دابونەریت و ژێرخانی ئابووری و دارشتە و هەیکەلی گوند و دیهاتەکان، ئەسنوگرافیا و جوگرافیا و ... هتد) وێڕای تێکدان و خاپوورکردنی ئەوەی رابرد، نەک هەر نەشیا ئەو گەلە ئیبادە و ڕەش بکاتەوە، بەڵکو بڕوای ئەو میللەتەی بە مافە ڕەواکانی خۆی چەسپاو و جێگیرتر کرد و ڕەوڕەوەی مێژووی بەرەو پێشتر چوو. ئەو نەتەوە ڕەسەنەی کە

شوێن پێی بە قووڵایی مێژووی شارستانێتی و مرۆڤایەتی و هەمـوو بەهـا پیرۆزەکانە : لـەو رەفتـاری ئیبادەیەی کـە رژێم هەموو رێگە و وەسـیلەیەکی وەحشـیگەرانەی بڕوانەکـردەی تێدا بەکار هێنـا بە نیازی لەنێوبردنی نەک هـەر لە بەین دانەچوو، بەڵکو لە چلەپۆپەی جێبەجێکردنی سیاسـەتی تارومارکردنیـدا بەگژ ئەو رژێمـەدا چووەوە و لێـی راپەڕی و لـە 1991 دا رقـی کەڵەکەبووی زوڵم و سـتەمی چەندین سـاڵەی ئەو رژێمەی پێدا داڕشـت و لەسـەر بەشـێکی گەورەی خاکـی خۆیدا وەدەرینـا ......
لەوەدا هەر میللەتێکی رەسەن و رەگاژۆ، لەژێر هەر زەبر و فشـارێکی نەهێشـتن و ئیبادەکردنـدا مومکیـن نییە لە نێوبچێ و بسڕێتەوە، بەڵکو ئەمە رشتتر و مکومتری دەکا و بڕوایـی بە هێزتـر دەکات . بۆیە تاکـە (رەنگاڵەیی ئەو بەرژەوەندییە سیاسـییانە) لە پاڵ ئەوەی کە نەیهێشتووە بڕوانامە نێودەوڵەتییەکان بەکار و جێبەجێ بکرێن (بەپێی پێویسـتی سیاسـەت نەبێت) لێیش نەگەڕاوە کە هەچ لەو رێکخراوانەی مافی مرۆڤ وەک (ئەمنستی ئەنترناشناڵ و میدڵ ئیست وۆچ .. هتد) دەوریان هەبێت لە کەمکردنەوەی موعاناتـی گەلانـی دنیا و رێزگرتن لـە مافەڕەواکانیان و ئەوەی ئەنجامیان دابێت بە هیممەتی خۆیان بووە.
سـەدام حسێن و دار و دەستەکەی کە تاوانباری جەنگ و دژ بـە ئاشـتی و مرۆڤایەتین، کارێکـی وایان بە کورد

کـرد لە مێژوودا کەم نەزیـرە و وەختێکیش کە ئەو گەلە راپەڕی و دەسـەڵاتی نیشتمانی خۆی بەرپا کرد، ڕێژێکی ئەوتۆی لە قوربانییانی جینۆساید و کەسوکاری شەهیدان و ئەنفالکـراوان نەنا کە بە سـەدان هـەزار دەبن. هەر بە تەنهـا 182 هەزاری ئەنفالـەکان و (8) هەزار بارزانی و دەیـان هـەزاری فەیلییەکان بە قەدەر ژمـارەی زۆر لەو دەوڵەتانە دەبێ کە ئاڵاو و سـەروەرییان هەیە و ئەندامی نەتەوە یەکگرتووەکانن و لە سەرئەوە:

لە سەرەتای ئابی 1996 دا، بە پێی گوتەی رووسەکان 130 کـەس و بەپێی وتەبێژی چیچانییەکان (350) کەس لە رووســەکان لەســەر خاکی چیچاندا کوژران، بۆ ئەوە (دەوڵەتی رووسیای 150 ملیۆن کەسە) بەهیینامەی (الحداد الرسمی) لەسەر رووبەری 17 ملیۆن کیلۆمەترەی خۆیدا راگەیاند و ئاڵای بۆ دانەواندن، کوێت بۆ ئەو (600) دیل و ئێخسـیرەی خۆی چەندین دامودەزگای دەوڵەتی تەرخان کردووە و یەکبینە لە هەوڵی دۆزینەوەی چارەنووسـیان دایـە کەچی نە (بەرەی کوردسـتانی) و نـە (پەرلەمان و حکوومەتی هەرێم) وەک پێویسـت لە چارەنووسـی ئەو سـەدان هـەزارەی نەکۆڵییـەوە و رێزی لە کەسـوکاری ئەنفال و شەهیدان وەک پێویستیش نەگرت و دامودەزگای یاسایی و پێویست و لە باری بۆ تەرخان نەکردن!! ....

خودی رێککەوتننامەی لە نێوبردنی جینۆساید و سزادان

لەسەری 1948 کە ئێمە پلان و نەخشەی ئەو کورتە باسەمان لەسەر ئەو بناغەیە هەڵێناوە، کەم و کورتی تێدایە، نەخوازەلا لە ڕووی دیاریکردنی سزای تاوانکاران و دامەزراندنی دادگایەکی سزایی نێودەوڵەتی بەردەوام، هەروەها لە ڕووی دەستنیشانکردنی ئەو تاوان و وەسیلە و ئامرازانەی جینۆسایدکە ڕژێمی بەغدا ئیبداعی تێدا کردوون و لە کاتی شەڕی دووەمی گێتیدا بوونیان نەبووە. گەورەترین کەم و کورتی ئەو ڕێککەوتننامەیە ئەوەیە کە بواری جێبەجێکردنی نییە .. تەنها لە چوارچێوەی بەرژەوەندییەکاندا نەبێت ...

بۆیە تاکە ڕێگا، بە ئاشتی بیرکردنەوە و ئیستیعابکردن و بەپیرەوەچوونی مافی ڕەوای گەلانە بەپێی دەستوور و یاسا و بڕوانامە نێودەوڵەتییەکانی لەمەڕ مافەکانی مرۆڤ.

ئەو پەیماننامە و جاڕنامە و پرۆتۆکۆل و ڕێککەوتننامە هەمەلایەنانەی کە زۆربەی دەوڵەتانی دنیا چوونەتە ریزییەوە و بڕواییان پێداوە، یا ئیمزایان کردووە، بە تایبەت دەوڵەتە زلهێزەکان کە خۆیان بە بەرپرس و زامنی ئاسایش و ئارامی جیهان دادەنێن، هیچ ڕێز و بەهایەکی یاسایی و غەیرە یاسایی بۆ ئیمزاکانی خۆیان دانەنا و حەقیقەتی ئەو بڕوانامە نێودەوڵەتییانەیان دەقەبەر بەرژەوەندی و واقیعی سیاسەتە گۆڕاوەکانیان کرد.

ئەوەتا لە 1988 دا ژەهرباران و ئەنفالکردن وئیبادەکردنی کورد گەیشتۆتە ئەوپەڕی چلەپۆپەو ئەستێرە دەسکردەکانی ئەورووپا و ئەمریکاش وێنەی کارەساتەکان بۆ دەسەڵاتدارانی ئەو ولاتانە دەگوێزنەوە کە بە هەزاران قوربانی لە کیمیا لێدراوەکان دەپێکرێن و بریندار دەبن و بەلادا دێن، کە ئەمە وەک (شەهادەیەکی عەینی)، یەکێکە لەو بەڵگە بنەڕەتی و گرینگانەی کە یاسای ئەنگلۆسکسۆنی متمانەی پێدەکا و پشتی پێدەبەستێ، جگە لەوەی ئەم تاوانە ژێر پێ خستن و ئیهانەکردنی هەموو یاسا و دەستوور و بڕوانامە نێودەوڵەتییەکانە، کەچی خۆ ئەو ولاتانە لە ئاست ئەنجامدانیدا کەڕ و کوێر و کاس بوون، هۆیەکەیشی وەک دیارە ئەو کات بەرژەوەندییان لەگەڵ رژێمی بەغدادا بوو.

بەکارهێنانی چەکی کۆکوژی کیمیاوی لە دژی کورددا، کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی وەهەوش خۆ هێنایەوە، بەلام نەک بۆ ئێمە، تەنانەت بەقەدەر ئەو وەبیر خستنەوەیەش کۆنگرەی پاریس کە لە نێوان 7 تا 11/ ینایر 1989 بۆ چەکی کیمیاوی تەرخانکرابوو و تازە کورد ئەو چەکەی وێ کەوتبوو، نەباسی قوربانییەکانی کوردی کرد، نە ئیدانەی رژێمی کرد و تەنانەت ناویشی نەهێنا . کەچی دوای شەڕی کەنداوو داگیرکردنی کوێت لە لایەن رژێمی عێراق و تێکچوونی هاوسەنگی و شیرازەی ئابووری ئەو

دەوڵەتانـە، بەرژەوەندییەکانیان لـە دژی رژێمدا گۆڕا و، ئەگـەر هەرچییەکی بۆ کـورد کرابێت یـا گوترابێت، لەو روانگەیە و لە ئاکامی کاریگەریی کارەسـاتەکەیەوە بووە لەسەر رای گشتی و شەقامی ئەو دەوڵەتانە .

پاشبەند

وەک چەند بەڵگە و بڕوانامەیەکی سەلمێنەر بۆ ناوەڕۆک و دەقی ئەم کورتە لێتوێژینەوەیە و بە مەبەستی پتر زانیاری و ڕۆشنایی خستنە سەر بابەتەکە بە پێویستمان زانی ئەو پاشبەندە ئامادە بکەین.

چەند بڕوانامەیەکی نێودەوڵەتی

که له نووسینی تێکستی باسەکەدا وەک بناغەیەک پشتی پێ بەستراوە ئەوانیش: ڕێککەوتننامەی لەنێوبردنی جینۆساید و سزادان لەسەر ئەنجامدانی ڕێککەوتننامەی بەسەرنەچوونی تاوانەکانی جەنگ و دژ بە مرۆڤایەتی و چەند بنەمایەکی نێودەوڵەتی...

رێککەوتننامەی قەدەغەکردنی تاوانی کۆمەڵکوژی و سزادان لەسەر ئەنجامدانی

بە بڕیاری کۆمەڵەی گشتی 260 ئەلیف (د – 3) کە لە 1948 دا دەرچـووە، متمانەی پێدراوە و بۆ واژووکردن و باوەڕپـێ پێدان یان چوونەریز خراوەتە روو، مێژووی سـەرەتایی جێبەجێکردن: 12 ی کانونی دووەمی 1951 بەپێی بەندی سێزدەمین.

لایەنە رێککەوتووەکان:

کە دەبینن کۆمەڵەی گشتی نەتـەوە یەکگرتووەکان، بە بڕیارێکـی خۆی 96 (د1-) کە لـە 11ی کانونی یەکەمی 1946 دا دەرچووە، جاڕی داوە کە جینۆساید تاوانێکە بەپێی یاسای نێودەوڵەتی دەگەڵ گیانی نەتەوەیەکگرتووەکان و ئارمانجەکانیـدا ناکۆکە و دنیـای باژێرڤانیی مەحکوومی

دەکات.

کەدانیش دەنێن بەوەی کە جینۆساید لە هەموو چاخەکانی مێژوودا، زەرەر و زیانی گەورەی بە مرۆڤایەتی گەیاندووە. بە باوەڕی بوونیشیان بەوەی کە ڕزگارکردنی ئادەمییەت لـە بابەتی وەک ئەو پەتایە تووشــە ئالیکاری نێودەوڵەتی گەرەکە.

لەسەر ئەمانەی خوارەوە ڕێک دەکەون:

بەندی یەکەم

لایەنە ڕێککەوتووەکان بڕوایی دێنن بەوەی کە جینۆساید ئەگەر لە ڕۆژانی ئاشــتی یان لە کاتی شــەڕدا ئەنجامدرا بێـت، تاوانێکـە بەپێـی یاســای نێودەوڵەتــی و پەیمانــی قەدەغەکردنی و سزادان لەسەر ئەنجامدانی دەدەن.

بەندی دووەم

لــەم ڕێککەوتننامەیــەدا جینۆســاید هــەر یەکێـک لەو کارانەی خوارەوە دەگەیەنێ کە بەمەبەستی وێرانکردنێکی گشــتگیری یان بەشگریی گرووپێکی نەتەوەیی یا ئیسەنی یـان ڕەگەزایەتـی یاخـود ئاینیــی ئەنجامدرابێـت بــەو سیفەتانەی خوارەوە:

(أ) کوشتنی چەند ئەندامێکی کۆمەڵێک.

(ب) ئازار گەیاندنی خەتەرناکانەی جەســتەیی یا گیانی ئەندامانی کۆمەڵێک.

(جـ) هێنانە ژێر باری کۆمەڵێک بە دەســتی ئەنقەست بۆ

زرووفێکی گوزەرانی ئەوتۆ کە مەنزوور لێی تێکشکاندنی ماددیانەی گشتگریی یا بەشگریی بێت.

(د) سەپاندنی چەند تەگبیرێک، کە ببێتە هۆی منداڵ نەبوون (نەزۆکی) لەنێو کۆمەڵێکدا.

(ە) گواستنەوەی منداڵان لە کۆمەڵێکدا بە زۆر بۆ کۆمەڵێکی تر.

بەندی سێهەم

لە سەر ئەو کارانەی خوارەوە سزا دەدرێت:

(أ) جینۆساید.

(ب) پیلانگێران بۆ ئەنجامدانی جینۆساید.

(جـ) دنەوتیغ تیخەدانی راستەوخۆ و بەئاشکرایی بۆ ئەنجامدانی جینۆساید.

(د) هەوڵدان بۆ ئەنجامدانی جینۆساید.

(ە) پشکداریکردن لە جینۆساید.

بەندی چوارەم

ئەنجامدەرانی جینۆساید یا هەر یەکێک لەو کارانەی تر کە لە بەندی سێیەمدا ناوبراون، سزا دەدرێن، ئەگەر دەسەلاتدارانی دەستووری یا کارمەندی،گشتیی یاخود تاقە کەسان بووبن.

بەندی پێنجەم

لایەنە رێککەوتووەکان هەر یەکێک و بەپێی دەستووری خۆی پەیمان دەدەن کە چەند تەگبیرێکی یاسایی پێویست

بکـەن بـۆ دەسـتـەبەرکردنی پێڕۆکردنـی ئەحکامەکانـی ئـەو ڕێککەوتننامەیە بە تایبەتیش دەقنووسـکردنی چەند سزایەکی جینایی بەسوود و لەبار کە بەسەر ئەنجامدەرانی جینۆسـاید یا هــەر یەکێک لەو کارانەی تـر کە لە بەندی سێهەمدا ناوبراون، بسەپێنرێن.

بەندی شەشەم

کەسانی تاوانبار بە ئەنجامدانی جینۆساید یان هەر یەکێک لەوکارانەی تر کە لە بەندی سـێهەمدا ناوبراون، دادگایی دەکرێـن لەبەرانبەر دادگایەکی تایبـەت لە دادگاکانی ئەو دەوڵەتەی کـە کارەکەی لەسـەرخاکەکەیدا ئەنجامدراوە، یـان لـە بەرامبـەر دادگایەکـی سـزایی نێودەوڵەتیدا کە تایبەتمەندێتـی هەبێـت بـە گوێـرەی ئەوانـەی لەلایـەن ڕێککەوتوەکاندا دانی بە دەسەڵاتی داناوە.

بەندی حەوتەم

جینۆسـاید و کارەکانی تری ناوبراو لە بەندی سێهەمدا لە سەرئاسـتی تەسـلیمکردنەوەی تاوانکاراندا، بە تاوانی سیاسـی ناژمێردرێن، لایەنـە ڕێککەوتوەکانیش لە حاڵی وادا پەیماندەدەن کە بەپێی یاسـاکانیان و پەیماننامە کار پێکراوەکان داوای تەسلیمکردنەوەکە جێبەجێبکەن.

بەندی هەشتەم

هەر یەکێک لە لایەنە ڕێککەوتووەکان بۆی هەیە کە داوا لە دامودەزگا تایبەتییەکانی نەتەوەیەکگرتوەکان بکات کە

بەپێی بڕوانامەی نەتەوەیەکگرتووەکان، ئەوەی پێی باشە لە راو تەگبیر بیکات، بۆ قەدەغەکردن و لە نێوبردنی کارەکانی جینۆساید یان هەر یەکێک لەو کارانەی تری نێوبراو لە بەندی سێهەم.

بەندی نۆیەم

ئەو ناکۆکیانەی کە لە نێوان لایەنە رێککەوتووەکاندا دروستدەبێت سەبارەت بە لێکدانەوە یان پیادەکردن یاخود جێبەجێکردنی ئەو رێککەوتننامەوە، بەو ناکۆکیانەشەوە کە بەندن بە بەرپرسیاریتی دەوڵەتێک لە جینۆساید یا هەر یەکێک لەو کارانەی تری ناوبراو لە بەندی سێهەمدا لەسەر داوای هەر یەکێک لە لایەنە ناکۆکەکان بۆ دادگای دادی نێودەوڵەتی دەخرێنە روو .

بەندی دەیەم

ئەو رێککەوتننامەیە کە لە بەڵگە و هێزدا دەقە ئیسپانی و ئینگلیزی و فەرەنسی و رووسی و چینییەکەی وەک یەکن، بەرواری 9 ی کانونی یەکەمی 1948 بەخۆیەوە هەڵدەگرێت.

بەندی یازدەهەم

ئەم رێککەوتننامەیە تاکو 31 ی کانونی یەکەم 1949، بۆ واژووکردن ڤالایە لەلایەن هەر دەوڵەتێک لە دەوڵەتانی ئەندام لەنەتەوەیەکگرتووەکان و هەر دەوڵەتێکیش کە ئەندام نەبێت و کۆمەڵەی گشتی بانگهێشتی واژووکردنی

کردبێت. ئـەم ڕێککەوتننامەیـەش پێویسـتە بڕوایـی پێبدرێت و دەقە بڕواپێدراوەکانیش بە ئەمینداری گشـتی نەتەوەیەکگرتووەکان دەسپێرێت. لە دوای یەکەمین ڕۆژی مانگی کانونی دووەمی 1950یشدا، هەر دەوڵەتێکی ئەندام لە نەتەوەیەکگرتووەکان و هەر دەوڵەتێکی کە ئەندام نەبێت و بانگهێشـتی ئەوە کرابێت کە لە سەرەوە ڕا ئاماژەی بۆ کرا، دەکرێ لایەنگیری ئەم ڕێککەوتننامەیە بێت. دەقەکانی چوونە ڕیزیش بە ئەمینداری گشتی نەتەوەیەکگرتووەکان دەسپێرڕێت.

بەندی دوازدەهەم

هەر لایەنێکی ڕێککەوتوو لە هەر کاتێکدا بۆی هەیە کەوا بکات پێڕۆکردنی ئەم ڕێککەوتننامەیە هەموو ئەو ئیقلیمانە بگرێتەوە کە لایەنی ڕێککەوتووی ناوبراو لە بەڕێوەبردنی پەیوەندییە دەرەکییەکانیدا لێی بەرپرسیارە، یاخود هەر کام لـەو ئیقلیمانە بگرێتەوە، ئەوەش بە هۆی پێ ڕاگەیاندنێک کە ڕووبەڕووی ئەمینداری گشتی نەتەوەیەکگرتووەکانی دەکاتەوە.

بەندی سێزدەهەم

لـەو ڕۆژەی کە تێیدا سـپاردنی بیسـت دەقـی یەکەمی بڕوایـی پێـدان یان چوونەڕیـز تەواو بـوون، ئەمینداری گشتی بۆئەوە کۆنووسێک (محضر) ئامادە دەکا و دانەی بـۆ هەموو دەوڵەتێکی ئەنـدام لەنەتەوە یەکگرتووەکان و

بـۆ هەر دەوڵەتێکی نا ئەندامی ئامـاژە بۆ کراو لە بەندی (11) دا دەنێرێـت. جێبەجێکردنـی ئەو ڕێککەوتننامەیەش لە نۆهەدەمیـن ڕۆژی دوای بەرواری پێسـپاردنی دەقی بیسـتەمین لـە دەقەکانـی بڕوایـی پێـدان و چوونەڕیـز دەستپێدەکات، هەر بڕوایی پێدان یا چوونە ریزێکیش کە لە پاش ڕۆژی ناوبراودا دەکرێ لە نۆهەدەمین ڕۆژی دوای بـەرواری پێسـپاردنی دەقی بڕوایی پێـدان و چوونەڕیز کارپێدەکرێت.

بەندی چواردەهەم

ئـەم ڕێککەوتننامەیە بۆ ماوەی دەسـاڵ کارپێدەکرێت، کە لە مێژووی سـەرەتای کار پێکردنی دەسـت پێدەکات، دوای ئەوەیـش بۆ چەنـد ماوەیەکی یەک لـە دوای یەک کـە هەر ماوەیەکی پێنج سـاڵ دەخایەنێ، بە کارپێکراوی دەمێنێتەوە بە گوێرەی ئەو لایەنە ڕێککەتووانەی کە پێش تەواوبوونی ماوەکە بە شـەش مانـگ بەلانی کەمەوە لێ نەکشـاونەتەوە، خۆ کێشـانەوەیش بەپێـی راگەهاندنێکی دەسنووسـەوە دەبێت کە ڕووبەڕووی ئەمینداری گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان دەکرێتەوە.

بەندی پازدەهەم

وەک بەرەنجامـی خۆکێشـانەوە ئەگـەر ئـەوە ڕوویدا کـە ژمـارەی لایەنەکانی ئـەم ڕێککەوتننامەیـە بۆ کەمتر لـە شـانزدە دابـەزی، کارپێکـردن بـەو ڕێککەوتننامەیە

لـە بـەرواری سـەرەتای کارکـردن بـە دوایەمینـی ئەو خۆکێشانەوانەیشەوە، نامێنێت.

بەندی شازدەهەم

هـەر لایەنێکـی ڕێککەوتـوو بۆی هەیە لە هـەر کاتێکدا داوایـەک بە بژاردەکردنی ئەو ڕێککەوتننامەیە پێشـکەش بـکات، ئەمەش بەپێی ڕاگەهاندنێکی نووسـراو دەبێت کە ڕووبـەڕووی ئەمینـداری گشـتی دەکاتـەوە و کۆمەڵەی گشتی یەکلاکردنەوەی ئەو پێنگاڤ هەڵێنانەی کە لەوانەیە سـەبارەت بەو چەشنە داوایانە پێویست بن، بە ئەستۆوە دەگرێت.

بەندی حەڤدەهەم

ئەمینداری گشـتی نەتەوە یەکگرتوەکان هەڵدەستێت بە خەبەرداركردنی گشـت دەوڵەتانی ئەندام و دەوڵەتانی نا ئەنـدام کە لـە بەندی یازدەهـەم ئاماژەیان بـۆ کراوە بە مانەی خوارەوە:

(أ) واژووکردن و بڕوایی پێدان و چوونەڕیز کە بەپێی بەندی یازدەهەم وەرگیراون.

(ب) ڕێککەوتی سەرەتای کارکردن بەو ڕێککەوتننامەیە بە پێی بەندی سیانزدەهەم.

(د) خۆکێشانەوەکە بەپێی بەندی چواردەهەم کراوە.

(ە) پووچەڵکردنەوەی ئەو ڕێککەوتننامەیە بەپێی بەندی یازدەهەم.

(و) ئاگادارکردنــەوەکان کــە بەپێی بەندی شــازدەهەم کراوە.

بەندی هەژدەیەم

ئەسـڵی ئـەم ڕێککەوتننامەیـە بـە پارێزراوەکانـی نەتەوەیەکگرتووەکان دەسپێردرێت و دانەیەکی باوەڕپێکراو لــەو ڕێکەوتننامەیــە بۆ هەر یەکێک لــە دەوڵەتانی ئەندام لــە نەتەوە یەکگرتووەکان و بۆ هــەر یەکێک لەدەوڵەتانی نــا ئەندام کە لە بەندی پانزدەهەمــدا ئاماژەیان بۆ کراوە، دەنێردرێت.

بەندی نۆزدەهەم

ئەمینداری گشــتی نەتەوە یەکگرتووەکان هەڵدەســتێت بــە تۆمارکردنی ئەو ڕێککەوتننامەیە، لــەو بەروارەی کە جێبەجێکردنەکەی تێدا دەستپێدەکات.

ڕێککەوتننامەی بە سەر نەچوونی تاوانەکانی جەنگ و تاوانەکانی دژ بە مرۆڤایەتی

بڕیاری کۆمەڵەی گشتی 2391 (د23-) کە لە 1968/11/26 دەرچووە، پەسند کراوە بۆ واژووکردن و بڕوایی پێدان و چوونەڕیز خراوەتە ڕوو . مێژووی دەستپێکی جێبەجێکردن 1970/11/11 بەپێی بەندی هەشتەم.

دیباچە

دەوڵەتانی لایەن لەم ڕێککەوتننامەیەدا

کە ئاماژە بە هەردوو بڕیاری کۆمەڵەی گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان دەکەن 3 (د1-) کە لە 13 ی شوباتی 1946 دا دەرچووە و 170 (د 2-) کە لە 31 ی تشرینی یەکەمی 1947 دا سەبارەت بە تەسلیمکردنەوە و سزادانی تاوانکارانی شەڕ دەرچووە و بۆ بڕیاری 95 (د1-) کە لە 11ی کانونی یەکەمی 1946 دا دەرچووە، کە جەخت لەسەر بنەماکانی یاسای نێودەوڵەتی دەکاتەوە

کــە لە پێـڕەوی بنەڕەتی دادگای نۆرمبێرگی ســەربازیی نێودەوڵەتــی و لە حوکمــی دادگاکەدا دانی پێدانراوە و بۆ هــەردوو بڕیــاری 2184 (د – 21) کە لــە 12 کانونی یەکەمــی 1966 دا دەرچــووە و 2202 (د – 21) کــە لە 16 کانونی یەکەمی 1966 دەرچووە و بە راشــکاوی دەقنووســی مەحکوومکردنی پێشــێلکردنی مافە ئابووری و سیاســییەکانی دانیشــتوانی ئەسـڵی وڵاتان کردووە لە لایەکــەوە، و لــە لایەکی تــرەوە سیاســەتی ئەپارتهایدی مەحکوومکردووە بەوەی کە دوو تاوانی دژ بە مرۆڤایەتین.
کــە ئاماژەیــش دەکەن بە هەردوو بڕیــاری ئەنجوومەنی ئابووری و کۆمەڵایەتی ســەر بە نەتــەوە یەکگرتووەکان 1074 دال (د39-) کــە لــە 28 ی تەمموزی 1965 دا دەرچووە و 1158 (د – 41) کە لە 5ی ئابی 1966 دا دەرچووە، ســەبارەت بە سزادانی تاوانکارانی شەڕو ئەو کەسانەی تاوانی دژ بە مرۆڤایەتییان ئەنجامداوە.
کــە تێبینیــش دەکــەن هەمــوو جاڕنامە رەســمییەکان و بڕوانامــە و رێککەوتننامــەکان کــە پەیوەنــددارن بــە راوەدوونــان و ســزادانی تاوانەکانی شــەڕ و تاوانەکانی دژ بــە مرۆڤایەتی لەهەر دەقێک لەســەر ماوەی بەســەر نەچوون خاڵین.
کــە دەشــبینێت کــە تاوانی شــەڕ و تاوانەکانــی دژ بە مرۆڤایەتــی خەتەرناکترینــی تاوانەکانــن لە یاســای نێو

دەوڵەتیدا.

بەقەناعەت هاتنیشیان بەوەی کە سزادانی کاریگەرانەی تاوانەکانی شەڕ و تاوانەکانی دژ بە مرۆڤایەتی کارێکی گرینگە لە دوورکەوتنەوە لە روونەدانی ئەو تاوانانە و پاراستنی مافەکانی مرۆڤ و ئازادییە بنەڕەتییەکان و هاندانی بڕوایی و چەسپاندنی هەرەوەزگەلی لە نێوان میللەتاندا و پاڵپشتکردنی ئاشتی و ئاسایشی نێودەوڵەتی.

کەتێدیتنیشدەکەن هێنانی تاوانەکانی شەڕو تاوانەکانی دژ بە مرۆڤایەتی بۆ ژێر رکێفی بنەماکانی یاسای نێوخۆیی کە پەیوەستن بە بەسەرچوونی تاوانە ئاساییەکان، نیگەرانییەکی توند لە لایەن رای گشتی جیهانییەوە دەورووژێنێ لە بەروەی کە دەبێتە هۆی نەشیان، بۆ راوەدوونان و سزادانی بەرپرسان لەو تاوانانە.

کەهەستیشدەکەن بە پێویستی و لە باریی رابوون بە جەختکردنەوەی بنەمای بەسەرنەچوونی تاوانەکانی شەڕ و تاوانەکانی دژ بە مرۆڤایەتی لە چوارچێوەی یاسای نێودەوڵەتی و بەهۆی ئەم رێککەوتننامەوە و بەزامنکردنی پیادەکردنێکی گشتگیری جیهانی.

لە سەرئەوەی دادێت رێک کەوتن :

بەندی یەکەم

بە چاوپۆشین لە کاتی ئەنجامدانیان هیچ بەسەرچونێک

بەسەر ئەو تاوانانەی خوارەوەدا پیادە ناکرێت :
(أ) تاوانەکانی شــەڕ کە پێناسەکەی لە پێڕەوی بنەڕەتی دادگای نۆرمبێرگی سەربازیی نێودەوڵەتی کە لە 8ی ئابی 1945 دا دەرچووە و لە هەردوو بڕیاری کۆمەڵەی گشتی نەتــەوە یەککگرتــووەکان 3 (د1-) کە لە 13 ی شــوباتی 1946 و 95 (د – 1) کــە لــە 11ی کانونــی یەکەمــی 1946 دا دەرچووە! تەئکید کراوەتەوە بە تایبەتی (تاوانە خەتەرناکەکان) کە لە ڕێککەوتننامەی جنێڤدا ژمێردراون کــە لــە 12 ی ئابــی 1949 بۆ پاراســتنی قوربانییەکانی شەڕ بەستراوە.
(ب) تاوانەکانی دژ بە مرۆڤایەتی، چ لە کاتی شــەڕ یان لە کاتی ئاشتیدا ئەنجامدرابێت، کە پێناسەکەی بە پێڕەوی بنەڕەتــی دادگای نۆرمبێرگــی ســەربازیی نێودەوڵەتیــدا هاتووە کە لە 8 ی ئابی 1945 دا دەرچووە و لە هەردوو بڕیاری کۆمەڵەی گشــتی نەتــەوە یەککگرتووەکان 3 (د – 1) کــە لــە 13 ی شــوباتی 1946 و 95 (د – 1) کــە لــە 11 ی کانونــی یەکەمــی 1946 دەرچــووە و تەئکید کراوەتــەوە و دەرکردن بەهۆی دەســتدرێژی چەکدارانە یــا داگیرکردن و کارەکانــی دژ بە مرۆڤایەتــی، ئەوانەی بەرەنجامی سیاســەتی ئەپارتهایدن و تاوانی کۆمەڵکوژی کە پێناسەکەی لە ڕێککەوتننامەی ساڵی 1948 دا هاتووە ســەبارەت بە قەدەغەکردنی کۆکوژی و ســزادان لەسەر

ئەنجامدانی ئەگەرچی ئەو کارە ناوبراوانە لاسەنگییەکی لەیاسای نێوخۆی ئەو وڵاتەی کە تاوانەکانی لێ ئەنجامدراوە، دروستنەکردبێت.

بەندی دووهەم

ئەگەر هەر تاوانێک لەو تاوانانەی کە لە بەندی یەکەمدا ناوبراون، ئەنجامدرا، حوکمەکانی ئەم ڕێککەوتننامەیە پیادە دەکرێت بەسەر نوێنەرانی دەسەڵاتی دەوڵەت و ئەو تاقەکەسانەی کە بە سیفەتی کارکردەی ئەسڵی یان هاوپشک ڕا دەبن بە بەشداریکردن لە ئەنجامدانی هەر تاوانێک لەم تاوانانە یان بە دنەو تیخ تیخەدانی ڕاستەوخۆی کەسانی دیکە لەسەر ئەنجامدانی یا خود ئەوانەی بۆ ئەنجامدانی پیلان دەگێڕن بە چاوپۆشین لە پلەی جێبەجێکردن و لەسەر نوێنەرانی دەسەڵاتی دەوڵەت، ئەوانەی بۆ ئەنجامدانی تاوانەکان، شلدەکەن.

بەندی سێهەم

دەوڵەتانی لایەن لەم ڕێککەوتننامەیەدا پەیماندەدەن کە هەموو تەگبیرێکی نێوخۆیی یاسایی و غەیرەز یاسایی پێویستبکەن بۆ ئەوەی.وابکرێت بەپێی یاسای نێودەوڵەتی کەسانی ئاماژەبۆکراو لە بەندی دووهەمی ئەم ڕێککەوتننامەیە تەسلیم بکرێنەوە.

بەندی چوارەم

دەوڵەتانی لایەن لەم ڕێککەوتننامەیەدا هەر یەکێک و

بە پێی چەند ڕێورەسمێکی دەستووری پەیماندەدەن بەکردنەوەی چەند تەگبیرێکی یاسایی یان غەیرەز یاسایی کە پێویست بێت بۆ زامنکردنی پیادەنەبوونی بەسەرچوون یا هەر تاوانێکی دیکە بەسەر تاوانەکانی ئاماژەبۆکراو لە هەردوو بەندی یەکەم و دووەمی ئەم ڕێککەوتننامەیە ج لە ڕووی ڕاوەدوونانەوە یا لە ڕووی سزادانەوە و بۆ زامنکردنی پووچەڵکردنەوەی، ئەگەر هەبوو.

بەندی پێنجەم

ئەم ڕێککەوتننامەیە هەتا 31 ی کانونی یەکەم 1969، بۆ واژووکردنی هەر دەوڵەتێکی ئەندام لە نەتەوە یەکگرتووەکان کراوەیە، یاخود بۆ ئەندامانی هەر ئاژانسێک لە ئاژانسە پسپۆڕەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان یان بۆ ئاژانسی نێودەوڵەتی وزەی ئەتۆمی و هەر دەوڵەتێک لە دەوڵەتانی ئەندام لە پێڕەوی بنەڕەتی دادگای دادی نێودەوڵەتی و هەر دەوڵەتێکی تر کە کۆمەڵەی گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان بانگهێشتی کردبێت کە ببێتە لایەنێک لەم ڕێککەوتننامەیەدا.

بەندی شەشەم

ئەم ڕێککەوتننامەیە بڕوایی پێدەدرێت و دەقەکانی بڕوایی پێدان بە ئەمینداری گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان دەسپێردرێت.

بەندی حەوتەم

ئــەم ڕێککەوتننامەیە بۆ هاتنەڕیـزی هەر دەوڵەتێک لەو دەوڵەتانــەی لــە بەندی پێنجەمــدا ئاماژە بۆ کــراو، ڤالآیە و دەقەکانــی هاتنــە ڕیــز بــە ئەمینــداری گشــتی نەتەوە یەکگرتووەکان دەسپێردرێت.

بەندی هەشتەم

(1) ئــەم ڕێککەوتننامەیــە لــە نۆهەتەمیــن ڕۆژی دوای بەرواری سپاردنی دەقی دەیەم لە دەقەکانی بڕوایی پێدان یا هاتنە ریز بە ئەمینداری گشــتی نەتەوە یەکگرتووەکان، کاری پێدەکرێت.

(2) ئــەم ڕێککەوتننامەیــە بــە گوێــرەی هەر یــەک لەم دەوڵەتانــەی کە بڕوایــی پێدەدا یا دەچێتــە ریزیەوە پاش ســپاردنی دەیەمین دەقی بڕوایی پێــدان یا چوونە ڕیز لە نۆهەتەمین ڕۆژی کە دوای بەرواری بڕوایی دانی دەوڵەتەکە یا چوونە ڕیزی بۆ ڕێککەوتننامەکە، کارپێدەکرێت.

بەندی نۆیەم

(1)هــەر لایەنێکــی ڕێککەوتــوو بــۆی هەیــە لــە هــەچ کاتێکدا دوای تێپەڕبوونی دەســاڵ بەســەر کارکردنی ئەم ڕێککەوتننامەیــە داوای بژاردەکردنــی پێشــکێش بــکا و داوایەکە بە ڕاگەیاندنێکی نووسراو دەبێت کە ڕووبەڕووی ئەمینداری گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان دەکرێتەوە.

(2) کۆمەڵەی گشتی ئەو هەنگاوانە یەکلایی دەکاتەوە کە

ڕەنگە لە بابەتی وەک ئەم داوایە پێویسـت بە هاوێژتنیان بکات.

بەندی دەیەم:

(1) ئـەم ڕێککەوتننامەیە بە ئەمینداری گشـتی نەتەوە یەکگرتووەکان دەسپێردرێت.

(2) ئەمینداری گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان ڕادەبێت بە ناردنی وێنەی بڕواپێـدراو لەم ڕێککەوتننامەیە بۆ هەموو دەوڵەتانی ئاماژە بۆکراو لە بەندی پێنجەم.

(3) ئەمینداری گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان هەڵدەستێ بە ئاگادارکردنەوەی هەمـوو دەوڵەتانی ئاماژە بۆکراو لە بەندی پێنجەم، بەوانەی خوارەوە:

(أ) واژووەکانی سـەر ئـەم ڕێککەوتننامەیە و دەقەکانی بڕوادان و چوونە ڕیز بە پێی بەندەکانی پێنجەم و شەشەم و حەوتەم.

(ب) بـەرواری کارکردنـی ئـەم ڕێککەوتننامەیە بە پێی بەندی هەشتەم.

(جـ) نامە هاتووەکان بە پێی بەندی نۆیەم.

بەندی یازدەهەم

ئەم ڕێککەوتننامەیە کە لە بەڵگە و هێزدا دەقە ئیسپانی و ئینگلیزی و ڕووسـی و چینی و فەرەنسییەکەی یەکسانن، بـەرواری 26 ی تشـرینی دووەمـی 1968 بەخۆیـەوە هەڵدەگرێت.

بنەماکانی ئالیکاری نێودەوڵەتی لەبەدواداچوون و گرتن و تەسلیمکردنەوە و سزادانی کەسانی تاوانبار بە ئەنجامدانی تاوانەکانی جەنگ و تاوانەکانی دژ بە مرۆڤایەتی

بە بریاری کۆمەڵەی گشتی 3074 (د – 28) کە لە 3 ی کانونی یەکەمی 1973 دا دەرچووە.

کۆمەڵەی گشتی :

کە ئاماژە دەکا بۆ بڕیاری خۆی 2583 (د24-) کە لە 15 ی کانونی یەکەمی 1969 دا دەرچووە بە بڕیاری خۆی 2712 (د25-) کە لە 15ی کانونی یەکەمی 1970 دا دەرچووە و بڕیاری خۆی 2840 (د26-) کە لە 18 ی کانونی یەکەمی 1971 دا دەرچووە و بڕیاری خۆی 3020 (د- 27) کە لە 18 ی کانونی یەکەمی 1972 دا دەرچووە.

کە رەچاویش دەکات هەبوونی پێویستییەکی تایبەت بۆ ئیجرائات وەرگرتن لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی لەپێناو

دابینکردنی راوەدوونان و سزادانی کەسانی تاوانبار بە ئەنجامدانی تاوانەکانی جەنگ و تاوانەکانی دژ بە مرۆڤایەتی.

کە تەماشایشی کردووە لە پرۆژەی بنەماکانی ئالیکاری نێودەوڵەتی لە بەدواداچوون و گرتن و تەسلیمکردنەوە و سزادانی کەسانی تاوانبار بە ئەنجامدانی تاوانەکانی جەنگ و تاوانەکانی دژ بە مرۆڤایەتی.

رایدەگەیەنێ کە نەتەوە یەکگرتوەکان بە پێی ئەو بنەما و مەبەستانەی کە لە بروانامەکەدا دیاری کراون و پەیوەستن بە پشتگیریکردنی ئالیکاری نێوان دەوڵەتان و پاراستنی ئاشتی و ئاسایشی نێودەوڵەتی ئەو بنەمایانەی خوارەوە بۆ هاریکاری نێودەوڵەتی لە بەدوادا چوون و گرتن و تەسلیمکردنەوە و سزادانی کەسانی تاوانبار بە ئەنجامدانی تاوانەکانی جەنگ و تاوانەکانی دژ بە مرۆڤایەتی رادەگەیێنێ :

(1) تاوانەکانی جەنگ و تاوانەکانی دژ بە مرۆڤایەتی لە هەر کوێیەکدا ئەنجامدرابن، جێگای لێکۆڵینەوەیە و، ئەو کەسانەی کە بەڵگەی ئەوەیان لەسەر هەیە کە تاوانە ناوبراوەکانیان ئەنجامدابێت، جێگای بەدواداچوون و وەستاندن (توقیف) و دادگایی کردنن، و ئەگەر تاوانبار دەرچوون، سزادەدرێن.

(2) هەر دەوڵەتێک مافي دادگاییکردنی هاوولاتیانی

خۆی هەیە بە هۆی تاوانەکانی شـەڕ و تاوانەکانی دژ بە مرۆڤایەتی.

(3) دەوڵەتـان دوو لایەنـە و چەنـد لایەنـە ئالیکاری لەگـەڵ یەکتردا دەکەن لە پێناوی وەسـتاندنی تاوانەکانی شـەڕ و تاوانەکانـی دژ بـە مرۆڤایەتـی و روونەدانی و لەسـەرەهەردوو ئاسـتی نێوخۆیـی و نێودەوڵەتی، چەند تەگبیرێکی پێویست بۆ ئەم مەبەستە دەکەن.

(4) دەوڵەتـان یارمەتی یەکتر دەدەن لە بەدواداچوون و گرتـن و دادگایی کردنی ئەوانـەی گومانیان لێدەکرێت کە بابەتی وەک ئەم تاوانەیان ئەنجامدابێت و سـزادانیان ئەگەر تاوانبار دەرچوون.

(5) ئـەو کەسـانەی کـە بەڵگـەی ئەوەیـان لەسـەرە کـە تاوانەکانی شـەڕ و تاوانەکانی دژ بـە مرۆڤایەتییان ئەنجامدابێـت، دەدرێنـە دادگا و سـزا دەدرێـن، ئەگـەر تاوانـکار دەرچوون، ئەمەش وەک بنەمایەکی گشـتی لەو ولاتانەی کە تاوانەکانیان تێدا ئەنجامداوە و لەم بارەیەوە دەوڵەتان لەهەرچییەکی کە پەیوەندی بەتەسلیمکردنی ئەو کەسانەوە هەبێت ئالیکاری یەکتر دەکەن.

(6) دەوڵەتان هـاوکاری یەکتر دەکەن لەکۆکردنەوەی ئـەو بەڵگـە و زانیارییانـەی کـە بۆیـان هەیـە یارمەتی رەپێشکردنی کەسانی لە بڕگەی (5) ی سەرەوە ئاماژە بۆ کراو بدات بۆ دادگایی کردن و ئەو زانیارییانە ئالوگۆڕییان

پێدەکرێت.

(7) بەپێی حوکمەکانی بەندی (1) لە جاڕنامەی پەنابەریی ئیقلیمی کە لە 14 ی کانونی 1967 دا دەرچووە، نابێت دەوڵەتان پەنای هیچ کەسێک بدەن کە گومانی تەواوی لێدەکرێت بە ئەنجامدانی تاوانی دژی ئاشتی یا تاوانی جەنگ یاخود تاوانی دژ بە مرۆڤایەتی.

(8) دەوڵەتان هیچ تەگبیرێکی یاسایی (تشریعی) و غەیرەز یاسایی ناکەن کە لەوانەیە کارتێکردنێکی سلبی بەسەر ئەو ئیلتزامە نێودەوڵەتییەوە تێدابێت بە ئەستۆیانەوە گرتووە، لەوەی پەیوەندداره بە بەدواداچوون و گرتن و تەسلیمکردنەوە و سزادانی کەسانی تاوانکار بە تاونەکانی جەنگ و تاوانەکانی دژ بە مرۆڤایەتی.

(9) کاتێک دەوڵەتان هاوکاری یەکتر دەکەن لە پێناوی بەدواداچوون و گرتن و تەسلیمکردنەوەی ئەو کەسانەی کە بەڵگەی ئەوەیان لە دژدا هەیە کە تاوانەکانی جەنگ و تاوانەکانی دژ بە مرۆڤایەتییان ئەنجامدابێت و سزادانیان ئەگەر تاوانبار دەرچوون، بەپێی حوکمەکانی بڕوانامەی نەتەوەیەکگرتووەکان و جاڕی بنەماکانی یاسایی نێودەوڵەتی پەیوەستدار بە پەیوەندییەکانی دۆستایەتی و ئالیکاری نێوان دەوڵەتان، بەپێی بڕوانامەی نەتەوە یەکگرتووەکان هەڵسوکەوت دەکەن.

نموونەی نـاوی ئەو گوند و ناوچانەی کە لە ئابـی 1988دا و لەمـاوەی تەنهـا پێنج ڕۆژدا وەبـەر هێرشـی دڕندانـەی چەکـی کۆکوژی کیمیایی ڕژێم کەوتوون:

ناوی ناوچەو گوندەکان	مێژووی هێرش کردنەکە
(1) وەرمیلی /بەرواری بالا /ئامێدی	25 / 8/ 1988
(2) بابیرێ /بەرواری بالا /ئامێدی	25 / 8 / 1988
(3) کەرەکرە / بەرواری بالا / ئامێدی	25/ 8 / 1988
(4) جەقەلا / بەرواری بالا/ ئامێدی	25 /8/ 1988
(5) هێسێ/ بەرواری بالا / ئامێدی	25/ 8/ 1988
(6) ئێکماڵە /بەرواری بالا / ئامێدی	25/ 8/1988
(7) ئاسهێ/ بەرولری بالا / ئامێدی	25 / 8/ 1988
(8) مزسکا/ بەرواری بالا / ئامێدی	25 / 8/ 1988
(9) تۆشەمبیک / بەرواری بالا / ئامێدی	25/ 8/ 1988
(10) بازێ / بەرواری بالا / ئامێدی	25/ 8/ 1988
(11) مێرگا چیا / بەرواری بالا / ئامێدی	25/ 8/ 1988
(12) کانی بەلاڤ / بەرواری بالا / ئامێدی	25 / 8/ 1988
(13) ئێکماڵە / بەرێ گارە/ ئامێدی	25 / 8/1988
(14) گیزێ / بەرێ گارە / ئامێدی	25 / 8/ 1988

(15) بەلیتێ / بەرێ گارە / ئامێدی	1988 /8 / 25
(16) باوەرکا کەڤری / بەرێ گارە / ئامێدی	1988 /8 / 25
(17) گرکا / بەرێ گارە / ئامێدی	1988 / 8 / 25
(18) گوڤلینک / بەرێ گارە / ئامێدی	1988/8 / 25
(19) ڕیدینیا / بەرێ گارە / ئامێدی	1988 /8 / 25
(20) سارکس / بەرێ گارە / ئامێدی	1988 /8 / 25
(21) زێوکا / بەرێ گارە / ئامێدی	1988 /8 / 25
(22) شیرانە / بەرێ گارە / ئامێدی	1988 /8 / 25
(23) سوارێ / بەرواری ژێری / ئامێدی	1988 /8 /25
(24) سپیندارێ / بەرواری ژێری / ئامێدی	1988 /8 / 25
(25) کانیا باسکا / ئامێدی	1988 /8 / 25
(26) ناڤوکی / ئامێدی	1988 /8 /25
(27) بێمنا نش / ئامێدی	1988 /8 / 25
(28) برێسە / ئاکرێ	1988 /8 / 25
(29) جەزگیرا / ئاکرێ	1988 /8 / 25
(30) جەم جالی / ئاکرێ	1988 /8 / 25
(31) جەم شرتی / ئاکرێ	1988 / 8 / 25
(32) جەم ڕەبەتکن / ئاکرێ	1988 /8 / 25
(33) مێروکن / ئاکرێ	1988 /8 / 25
(34) بلمبا س / ئاکرێ	1988 /8 / 25
(35) تویکا / زاخۆ	1988 /8 / 25
(36) بەلیجان / زاخۆ	1988 /8 / 25
(37) زرهەوا / زاخۆ	1988 /8 / 25
(38) بورجین / دهۆک	1988 /8 / 25
(39) دمکەلاشێن /دهۆک	1988 /8 / 25
(40) زیناڤا / دهۆک	1988 /8 / 25

(41) دەبانکی / دهۆک	1988 /8 /25
(42) ناوچەی بەرۆژ / بارزان / هەولێر	1988 /8 / 25
(43) ناوچەی مزووری بالا / هەولێر	1988 /8 /25
(44) هیران و نازەنین / شەقلاوە / هەولێر	1988 /8 /25
(45) خەتێ /رەواندوز	1988 /8 /25
(46) وەرتێ/ رواندوز	1988 /8 /25
(47) ناوچەی ڕۆشین / مزووری / هەولێر	1988 /8 /27
(48) سەری ئامێدی / ئامێدی	1988/8/26
(49) سپێر / ئامێدی	1988/8/26
(50) سینا / ئامێدی	1988/8/26
(51) نێروە / ئامێدی	1988/8/26
(52) خەرکول / ئامێدی	1988/8/26
(53) کۆجەرەزگاخراب/ئامێدی	1988/8/26
(54) زێوە/ ئامێدی	1988/8/26
(55) بەجی / ئامێدی	1988/8/26
(56) کانی/ ئامێدی	1988/8/26
(57) دمرکەنی / ئامێدی	1988/8/26
(58) سێری / ئامێدی	1988/8/26
(59) سکێری/ ئامێدی	1988/8 /26
(60) سەرکەل /ئامێدی	1988/8/26
(61) میرستەک/ئامێدی	1988/8/26
(62) دەوروبەری ئامێدی	1988/8/26
(63) چیا ڕەشک /ئامێدی	1988/8/26
(64) شیفتی /نێروە و ریکان	1988/8/28
(65) هێتوت / نێروە و ریکان	1988/8/28
(66) کانیا بنیک / نێروە و ریکان	1988/8/28

(67) باشی / نێروه و ڕێکان 1988/8/28
(68) سەرنێ / نێروه و ڕێکان 1988/8/28
(69) ئاره / نێروه و ڕێکان 1988/8/28
(70) کەرو / نێروه و ڕێکان 1988/8/28
(71) باولنکی/ نێروه و ڕێکان 1988/8/28
(72) زێوه/ نێروه و ڕێکان 1988/8/28
(73) گەلی کوتکی/ نێروه و ڕێکان 1988/8/28
(74) بازی / بەرواری باڵا 1988/8/29
(75) بانکا/ بەرواری باڵا 1988/8/29

بڕیارەکانی مەجلسی قیادەی سەورە و دامودەزگاکانی تر

چەند بڕیارێکی سەرانی ڕژێم و دامودەزگا ئەمنیەکانی، کە بە مەبەستی ئیبادەکردنی کورد دەرچوون و جێبەجێ کراون و لەژێر پەردەی ئەستووری ئەو بڕیارانەشەوە، قەتڵ و عامی زۆر دژوارتر و بەرفرەتر لەوەی کە ناوەڕۆکی بڕیارەکان داویەتی، ئەنجامدراوە.. هەر بۆ نموونە بڕیاری ژمارە (1203) کە لە 1983/11/15 دەرچوە؛ هەر لە دیوە دەرەوە و ئاشکراکەیدا زوڵم و ستەمی زۆری تێدایە، تەنها (فیرار و موتەخەلیفی) گرتۆتەوە، بەڵام دیوی ئەو دیوی بڕیارەکە شتێکی دیکە دەڵێ و لە ژێر پەردەی ئەو بڕیارە، بە سەدان و هەزاران لاوی کورد کەوتنە بەر دەسڕێژی گوللە و پەتی قەنارە. زۆربەی ئەو بڕیارانە ڕاستەوخۆ پەیوەندیان بە ناوەڕۆکی باسەکەوە هەیە.

بڕیار

ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش لە دانیشتنێکدا لە ڕۆژی 1987/3/29 بڕیاری ئەمەی خوارەوەی دا:

یەکەم: ڕەفیق (عەلی حەسەن ئەلمەجید)، ئەندامی سەرکردایەتی هەرێمایەتی پارتی بەعسی عەرەبی ئیشتراکی، نوێنەرایەتی سەرکردایەتی هەرێمایەتی حیزب و ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش دەکا بۆ جێبەجێبەکردنی سیاسەتەکەیان لە تەواوی ناوچەی باکووردا کە ناوچەی کوردستان بۆ ئۆتۆنۆمیش دەگرێتەوە، بەمەبەستی پاراستنی ئاسایش و نیزام دەستەبەرکردنی ئارامی تێیداو پیادەکردنی یاسای ئۆتۆنۆمی لە ناوچەکەدا .

دووەم: ڕەفیق ئەندامی سەرکردایەتی هەرێمایەتی، بۆ جێبەجێکردنی ئامانجەکانی ئەو بڕیارە دەسەڵاتی بڕیاردانی مولزەمی هەیە بۆ هەموو دامودەزگا مەدەنی و سەربازیی و ئەمنییەکانی دەوڵەت، بەتایبەتی ئەو دەسەڵاتانەی کە بە ئەنجوومەنی ئەمنی قەومی و لێژنەی کاروبارەکانی باکوور سپێردراوە .

سێهەم: ئەو لایەنانەی خوارەوە لە تەواوی ناوچەی باکوور، بە ڕەفیق ئەندامی سەرکردایەتی هەرێمایەتی دەبەسترێنەوە و ئیلتیزام بەو بڕیار و ڕێنماییانە دەکەن کە لێیەوە دەردەچن، کە بەپێی ئەو بڕیارە پێویستە جێ

به جێ بکرێن:

(1) ئەنجومەنــی ڕاپەڕاندنــی ناوچەی کوردســتان – ئۆتۆنۆمی .

(2) پارێــزگاری پارێــزگاکان و ســەرۆکی یەکــە ئیدارییەکانی سەر بە وەزارەتی حوکمی ناوخۆ بی .

(3) دامودەزگاکانــی موخابــەرات و هێزەکانــی ئەمنی نێوخۆ و ئیستخباراتی سەربازیی.

چــوارەم: ســەرکردایەتییە ســەربازییەکانی ناوچەکە ئیلتــزام بــە فەرمانــی ڕەفیــق ئەندامــی ســەرکردایەتی هەرێمایەتییەوە دەکەن لە هەر شتێکی کە دەیڵێت (یەکەم، لەم بڕیارە).

پێنجەم: ئــەم بڕیارە لەبــەرواری دەرچوونییەوە کاری پێدەکرێــت، و تا پــێ ڕاگەیاندنێکی دیکــەو کارکردن بەو حوکمە یاســاییانەی کــە لەگەڵ حوکمەکانی ئــەم بڕیارە ناکۆکن، دەوەستێ.

سەدام حسێن

سەرۆکی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش



بەڕێوبەرایەتی ئەمنی گشتی
بەروار : 1987/5/11
بابەت :ڕووخاندنی خانوو

ئەمـــڕۆ حیجـــزی کەلوپەل و ڕووخاندنـــی خانووی ئەو تاوانبارانەی کەناویان دێت، کرا:

(أ) خانووی تاوانبار هۆشیار گۆرون ئەحمەد لە رزگاری نزیک مالی بەرێز پارێزگارو کەلوپەلی مالەکە بۆ گەراجی ئیدارەی ناوخۆیی، گوێزرایەوە.

(ب) خانووی تاوانبار (بەهائەددین مەعروف محیەددین)، لـە دارۆغـا و کەلوپەلـی خانووەکە بۆگەراجـی ئیدارەی ناوخۆیی، گوێزرایەوە .

(ج) خانـــووی تاوانبار(ئەبوبەکر مەحمـــود) لە ئیبراهیم پاشا کەل و پەلی خانووەکە بۆ گەراجی ئیدارەی ناوخۆیی، گوێزرایەوە .

(د) خانووی تاوانبار(جەبار محەمەد قادر) لەمەلکەندی، کەلوپەلـی خانووەکـەی بـۆ گەراجی ئیـدارەی ناوخۆیی گوازرایەوە.

(ه) کەلوپەلـی خانـــووی تاوانبار (جەزا محەمەد ســـالح فـــەرەج)، خانووەکە مولکـی دەولەتە و بۆکارگەی جگەرە دەگەڕێتەوە.

کـەل و پەلێکیشـمان لەماڵـی تاوانبـار تەهـا حاجـی حەسـەن نەبی، بەوەی کەخانەوادەکەی لە 1987/4/4دا تەسـفیرکراون و خانووەکە لەلایەن پۆلیسێکی هاتوچۆوە بەکرێ گیرابوو، لەلایەن خاوەنی خانوو ناوبراو بە باقر.

بفەرموون بۆ ئاگاداریتان لەگەڵ ڕێزدا

رائیدی ئەمن

م/ اسماعيل [illegible]

[illegible]

[illegible]

سەرۆكایەتی كۆمار
سكرتێر
بەڕێوەبەرایەتی ئەمنی گشتی
بۆ/ ئەمنی هەولێر /ش1
ژمارە : 3360
بابەت/زانیاری
بەروار:1988/6/3

بەپێی بروسكەی ژمارە 1345 لە 1988/6/2 ئەفسەری ئەمنی كۆیە ئەمەی خوارەوەی پێراگەیاندین:

تاوانبار عائیشــە لەلایەن ئەمنی هەولێرەوە دەسگیركرا كــە دەكا دایكی تاوانبار محەمەد حەلاق، ئامیر مەفرەزەی حیزبی شــیوعی بەكرێ گیراو لە كەرتی كۆیەدا، زانیاری بەردەست لەلامان، لەسەری، ڕۆڵێكی بەرچاوی لە چالاكی حیزبی بەكرێ گیراودا هەیە لەناوچەكەداو بە بەردەوامی دێتــە ناوچــەی ســماقولی و ئەڵقــەی پێك بەســتنەوەیە لەنێــوان زومرەی تێكــدان و ڕەگەزی هــاوكار لەگەڵیاندا لەنێو خۆ ولەنێــوان ئەو پارێزگایانــەی كەدێت: (هەولێر، ســلێمانی، بەغــدا) دێــت و دەچێــت، پــارە كۆدەكاتــەوە بەتایبەتی لەرفێنراوەكان بــەوەی كە برێكی دیاریكراو لە كەســوكاریان وەردەگرێــت لەبەرامبــەر بەڕەلاكردنیاندا؛ بۆزانیاریتان تكایە لەگەڵ ڕێزدا .

نەقیبی ئەمن
بەڕێوەبەری ئەمنی قەزا



بەڕێوبەرایەتی ئەمنی گشتی
بەڕێوبەرایەتی ئەمنی هەولێر
ژمارە: ش1 /پ/1988/8/1

بۆ/نووسینگەی ڕێکخستنی باکوور –سکرتاریەت
بابەت /جێبەجێکردنی حوکمی گەل

بروسـکەتان خێـراو نهێنـی 2057 لـە 1988/8/16، ئـاگاداری ڕەفیق جەبار کرایەوە کە ئـەم بەڕێوەبەرێتییە تاوانکار عائیشە قادر یونس، نازناو بە عائیشە گوڵی دایکی شیوعی (محمد حلاق)ی دەستگیر کرد کەکچەکەی قوتابی (ئیمـان)ی ڕفاندبوو و شـەوێک لەلای دایکـی تاوانباری ئەوەی سـەرەوە، مابووەوە، مەسـەلەی بەشـداریکردن لـە جێبەجێکـردن (جێبەجێکردنی حوکمی گـەل) مان بۆ خستەروو و ئامادەیی خۆی بۆهاتن بۆشوێنی جێ بەجێ کردن نیشـاندا، و لەبـەر ئەو زروفە ئەمنیـە تایبەتییەی کەپێـش بەرواری 1988/8/8هەبوو و وەک ئاگادارییەک لەهەسـتانی شیوعییەکان و ئەوانی تر لە زومرەی تێکدان بـە چەواشـەکردن و بـەوەی کـە لـە سـێدارەدانکردنی ناوبراو بابەتێکی چەورە بۆ چەواشە، لەسەر ئەم بناغەیە حوکمی گەلی بەسەردا جێبەجێکرا بەنهێنی، بفەرموون بۆ ئاگاداریتان لەگەڵ ڕێزدا .

عەمیدی ئەمن
بەڕێوبەری ئەمنی پارێزگای هەولێر

سري وشخصي

العدد / [illegible]
التاريخ / / ١٩٨٩
الموافق / / ١٤١٠ هـ

الى / مستشفى ابن الهيثم [illegible]
د / [illegible]

نرسل اليكم [illegible] .. [illegible]
[illegible]
[illegible] ..

محمد [illegible]
٢٠ / ١٠ / ١٩٨٩

الاحتياط

١- [illegible] احمد محي الدين
٢- علي اسماعيل [illegible]

سەرۆکایەتی کۆمار
سکرتێر
بەڕێوەبەرایەتی ئەمنی گشتی
بەڕێوەبەرایەتی ئەمنی هەولێر
ژمارە / ش. س/15101
بەروار : 22/10/ 1989
نهێنی و شەخسیی
بۆ/نەخۆشخانەی هەولێری فێرکردن
بابەت /ناردنی تەرمی تێکدەران (مخربين)
تەرمی دوو تێکدەر، کە ناوەکانیان لەخوارەوەدا هاتووە، بۆتان دەنێرین، تکایە وەریان بگرن و شەهادەی مردنیان بۆ ڕێک بخەن و ئاگاداری بەڕێوەبەرایەتی شارەوانی هەولێر بکەن بۆمەبەستی ناشتنیان و ئاگادارکردنەوەمان، تکایە ......

عەقیدی ئەمن
بەڕێوەبەری ئەمنی پارێزگای هەولێر

ناوەکان
(1) قانع ابراهيم احمد محي الدين.
(2) علی اسماعيل پيرداود.

قرارات مجلس قيادة الثورة

رقم ١٣٩١

استنادا الى احكام الفقرة (أ) من المادة الثانية والاربعين من الدستور المؤقت .

قرر مجلس قيادة الثورة بجلسته المنعقدة بتاريخ [illegible] ما يأتي .

١ – [illegible]

ا – [illegible] الحكم المحلي – رئيسا .

ب – وكيل وزارة الحكم المحلي – عضوا .

ج – رئيس [illegible] في وزارة [illegible] – عضوا .

د – رئيس هيئة تخطيط [illegible] في وزارة التخطيط – عضوا .

٢ – [illegible]

٣ – [illegible]

٤ – [illegible]

ا – محافظة السليمانية .

ب – محافظة التأميم .

ج – محافظة ذي قار .

د – محافظة الانبار .

٥ – [illegible]

٦ – [illegible]

٧ – [illegible]

٨ – [illegible]

٩ – [illegible]

١٠ – [illegible]

ا – [illegible]

ب – [illegible]

ج – [illegible]

١١ – [illegible]

١٢ – [illegible]

١٣ – [illegible]

١٤ – [illegible]

١٥ – [illegible]

١٦ – [illegible]

صدام حسين

رئيس مجلس قيادة الثورة

بڕیار

ژمارەی بڕیار :114
بەروار : 1990/2/28

بەپێی حوکمەکانی بڕگـە(ء) لەبەندی چـل و دووەمین لەدەسـتوور، ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش، بڕیاری ئەمەی خوارەوەی دا:

یەکـەم : دەسـت بەسـەرداگرتنی ئـەو خانووانـەی کە لەخوارەوە ژمارە و خاوەندارێتییان دیاریکراوە و بەناوی وەزارەتی داراییەوە تۆمار بکرێت .

زنجیرە	ناو	شوێنی خانووەکە
1 -	علی حیدر عزیز	لەکەرتی 4 پارێزگای هەولێر
2 -	احمد عزیز رسول	لەکەرتی 4 پارێزگای هەولێر
3 -	هاشم سەید سەعید	182/ م کەرتی 3 پارێزگای هەولێر
4 -	فتاح قادر	135/م کەرتی 5 پارێزگای هەولێر
5 -	سلیمان عبدالله الیاس	24 کەرتی 5 پارێزگای هەولێر

دووەم: وەزیرە پسـپۆڕەکان و لایەنە پەیوەندیدارەکان حوکمەکانی ئەم بڕیارە جێ بەجێ دەکەن.

سەدام حسێن
سەرۆکی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕش

الجمهورية العراقية
وزارة الداخلية
مديرية الأمن العامة
مديرية أمن [illegible]

سري وشخصي ومستعجل

العدد / م ٣ / [illegible]
التاريخ / ٨ / ١٩٨٥

[illegible]

إلى / [illegible]

[redacted]

[illegible] ١٩٨٥/٧/٣٠ [illegible] ١٩٨٥/٨/١٠

١ - أ. [illegible] ١٩٨٥/٥/٦ [illegible]

ب. [illegible]

٢ - [illegible]

٣ - [illegible]

٤ - [illegible]

٥ - [illegible] ١٩٨٥/٧/١٢ [illegible]

[illegible] ١٩٨٥/٥/٢٦ [illegible]

[illegible]

مدير أمن [illegible]

کۆماری عێراق
وەزارەتی ناوخۆ نهێنی و تایبەتی و خێرا
ژمارە/ش3/ 66
بەروار 1985/8
بەڕێوەبەرایەتی ئەمنی عامە
بەڕێوەبەراتی ئەمنی (الجانب الصغیر)ی سیاسی
بۆ: بەڕێوەبەرایەتی ئاسایشی تەئمیم - ش-3
بابەت/ زیادکردنی هیجرەتی کوردەکان بۆ شاری کەرکووک.

ئەو موخابەرانەی کەدوامینی؛ کیتابتان 3679 لە 1985/7/30 و بروسکەی تەئکیدکردنەوەتان 3886 لە 1985/8/10 بوو.

(1) ا- سەبارەت بەبڕگەی (1) لەکتابتان 2382لە 1985/5/9 حاڵەتی یەکخستن لەگەڵ سەرکردایەتی فیرقە حزبییەکان و ڕێکخراوەکان لەو لایەنەدا بەئاکام گەیشتووە و تائێستاش هەر لە بەدواداچوون داین و لەوەی لەپاشدا لەلامان ئیسپات دەبێ لەناوەکان، ئاگادارتان دەکەینەوە.

ب- هەبوونی چەند خێزانێک کە لەناوچەکەدا نیشتەجێ بوون لەوانەی کەیەکێکیان پەیوەندیان بەلایەنی 'مخرب'ەکانەوە کردبوو وگەڕایەوە ریزی نیشتیمانی و ئەوان لەبنەڕەتدا نیشتەجێی پارێزگان و لەگەڵ ئەوەدا، لیستێک بەناوەکانیان

دەنێرین بۆئەوەی ئاگادارمان بکەنەوە کە ئاخۆ بڕیارەکە دەیانگرێتەوە یان نە، بۆ کردنی ئەوەی کەپێویستە بیکەین.

(2) بڕگەی (2) لەکتابی سەرەوەتان، ئاگاداری ئەنجوومەنەکانی گەل و موختارەکان کرایەوە بۆ ئەوەی لەم ڕووەوە ئەوەی پێویستە بیکەن .

(3) گشت موختارەکان ئاگادار کرانەوە کە (ئاگاداری خەڵکەکە بکەنەوە کە خانوو، یان ژوور لە خانووەکانیان بەهیچ کەسێک بەکرێ نەدەن ئەگەر ڕەزامەندی نیشتەجێ بوون لەپارێزگا)ی لەلایەنە تایبەتمەندەکانەوە لەلانەبێت و تائێستاش هەر لە بەدواداچوونی ئەو بڕگەیەداین.

(4) ئەوەی پێویستە کرا سەبارەت بەنووسینگەی دەڵاڵەکان و بەڵێنی دەسخەتییان لێوەرگیراوە کەهیچ مامەڵەیەکی کڕین و فرۆشتن نەکەن بە ڕەزامەندی لایەنەکانی ئەمنی نەبێت .

(5) دە خێزان کە لە نێو پارێزگادا نیشتەجێ بوون و یەک لە ئەندامەکانیان لەگەڵ زومرەی تەخریب دابوون، ڕاگوێزران، ولیستێک نێردرا ناوی ئەو خێزانانە و ژمارەی ئەندامەکانی تێدایە ....

(ئەوەی تر کەمابووەوە، چەند وشەیەکی بەراییان دیار نەبوو ورەش کرابووەوە بۆیە نەمانتوانی بیکەینە کوردی).

بەڕێوەبەری ئەمنی

الجانب الصغیر

بسم الله الرحمن الرحيم

مجلس
قيادة الثورة

رقم القرار / ١٢٠٢
تاريخ القرار / ١٩٨٣/١١/٥

قرار

استنادا الى احكام الفقرة (أ) من المادة الثانية والاربعين من الدستور المؤقت
قرر مجلس قيادة الثورة بجلسته المنعقدة بتاريخ ١٩٨٣/١١/٥ ما يلي : ـ

اولا ـ يعدل نص الفقرة (١) من قرار مجلس قيادة الثورة المرقم (٨٦١) في ١٩٨١/٧/٢١ ويقرأ على الوجه الآتي : ـ

١ ـ تمنع المحاكم ودوائر الشرطة من سماع اية دعوى ضد المفارز المكلفة بتعقيب الهاربين والمتخلفين من اداء الخدمة العسكرية في حالة اضطرار تلك المفارز الى استعمال القوة بهدف القاء القبض على الهاربين والمتخلفين اذا ترتب على ذلك وقوع اضرار مادية أو اصابات بدنية ولو نتج عنها موت المصاب .

ثانيا ـ تغلق جميع القضايا القائمة ضد عناصر المفارز المشمولة باحكام هذا القرار وتوقف الاجراءات القانونية المتخذة بحقهم بصورة نهائية .

ثالثا ـ يتولى الوزراء المختصون تنفيذ هذا القرار .

صدام حسين
رئيس مجلس قيادة الثورة

ژمارەی بڕیار :1203
مێژووی بڕیار :1983/11/5

بڕیار

بەپێی ئەحکامـی بڕگەی (ا) لەبەندی چل و دووەمین لە دەستووری کاتی مەجلیسی قیادەی سەورە لە دانیشتنی ڕۆژی 1983/11/15 بڕیاری ئەمەی خوارەوەی دا:

یەکـەم : دەقی بڕگەی (1) لەبڕیاری مەجلیسـی قیادەی سەورە ژمارە 986 لە 21/ 7/ 1981 دەسکاری دەکرێ و بەم شێوەی خوارەوە دەخوێنرێتەوە :

(1) دادگاکان و دەزگاکانـی پۆلیـس لە گوێگرتن لەهەر دەعوایـەک قەدەغەدەکرێـن، لـەدژی ئـەو مەفرەزانـەی کـە تاقیب کردنی هەلاتـوو و دواکەوتـووەکان لە بەجێ گەیاندنی خزمەتی سـەربازیان پێسـپێردراوە لە حاڵەتی ناچاربوونـی ئـەو مەفرەزانـە بـۆ بەکارهێنانـی هێز بە ئامانجـی دەسـگیرکردنی هەلاتـوو و دواکەوتـووەکان، ئەگـەر لەئەنجامـی ئـەوەدا زەرەر و زیانـی ماددییـان پێکرانی جەسـتەیی کەوتـەوە؛ ئەگەربببێتە هـۆی مردنی لێدراوەکەش.

دووەم: هەمـوو ئەو دەعوایانەی کە لە دژی عەناسـری ئـەو مەفرەزانەی کەئەحکامی ئەو بڕیـارە دەیانگرێتەوە؛ تۆمارکراون دادەخرێن و بەیەکجارەکی ئیجرائاتی یاسایی

لەسەریان دەوەستێ.

سێیەم : وەزیرە پەیوەندیدارەکان، جێبەجێکردنی ئەو بڕیارە بە ئەستۆوە دەگرن.

سەدام حسێن
سەرۆکی مەجلیسی قیادەی سەورە

بسم الله الرحمن الرحيم

مجلس
قيــادة الثــورة

رقــم القرار / ٦٦٦
تاريخ القرار / ١٩٨٠/٥/٧

قــــرار

استناداً الى أحكام الفقرة (آ) من المادة الثانية والاربعين من الدستور المؤقت قرر مجلس قيادة الثورة بجلسته المنعقدة بتاريخ ١٩٨٠/٥/٧ ما يلي : ـ

١ ـ تسقط الجنسية العراقية عن كل عراقي من أصل اجنبي اذا تبين عدم ولائه للوطن والشعب والاهداف القومية والاجتماعية العليا للثورة .

٢ ـ على وزير الداخلية أن يأمر بإبعاد كل من أسقطت عنه الجنسية العراقية بموجب الفقرة (١) ما لم يقتنع بناء على أسباب كافية بأن بقاءه في العراق أمر تستدعيه ضرورة قضائية أو قانونية او حفظ حقوق الغير الموثقة رسمياً .

٣ ـ يتولى وزير الداخلية تنفيذ هذا القرار .

صدام حسين
رئيس مجلس قيادة الثورة

ژمارەی بریار:666

مێژووی بریار : 1980/5/7

بریار

بەپێی حوکمەکانی برگەی (ء) لەبەندی چل و دووهەمین لە دەستووری کاتی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش لە دانیشتنی ڕۆژی 1980/5/7 دا ئەمەی خوارەوەی بریاردا :

(1) هەر عێراقییەکی بەبنیات بێگانە ئەگەر نادڵسۆزی بۆ گەل و نیشتیمان و ئامانجە باڵایە نەتەوەیی و کۆمەلایەتییەکانی شۆڕش دەربکەوێت، ڕەگەزنامە عێراقییەکەی دەکەوێت .

(2) پێویستە وەزیری ناوخۆ فرمان بدا بە دوورخستنەوەی هەموو ئەوانەی بەپێی برگەی (1) ڕەگەزنامەی عێراقی لێ داماڵراوە، ئەگەر بەپێی چەند هۆیەکی تێرایی قەناعەتی نەهاتبێ کە مانەوەی لە عێراقدا کاریگە و زەروورەتی دادوەری یان یاسایی یاخود پاراستنی مافە بەڵگەدارەکانی کەسانی تر پێویستی دەکات.

(3) وەزیری ناوخۆ ئەم بریارە جێ بەجێ دەکات.

سەدام حسێن

سەرۆکی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕش

ژمارەی بڕیار: 150
مێژووی بڕیار: 1980/1/28

بڕیار

بەپێی حوکمی برگەی (ء) لەبەندی چل و دووەمین لەدەستووری کاتی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش، لە دانیشتنێکی ڕۆژی 28/ 1/ 1980دا بڕیاری ئەمەی خوارەوەی دا :

(1) هەر ئافرەتێکی عێراقی شوو بە بیانییەک دەکات، لە خزمەتکردنی لە ئۆفیسە ڕەسمی و نیمچە ڕەسمییەکان و دامەزراوەکانی کەرتی ئیشتراکی، بێ بەش دەکرێت.

(2) لە 19/ 1/ 1980ەوە کار بەم بڕیارە دەکرێت .

(3) ئەم بڕیارە لە ڕۆژنامەی رەسمی بڵاو دەبێتەوە، و وەزیرەکان حوکمەکانی جێ بە جێ دەکەن.

سەدام حسێن
سەرۆکی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕش

ژمارەی بڕیار : 700
بەروار : 1988/8/27

بەپێی ئەحکامی برگەی (ء) لەبەندی (42)، لەدەستوور، مەجلیسی قیادەی سەورە، لە دانیشتنی ڕۆژی 1988/8/27 یدا، بڕیاری ئەمەی خوارەوەی دا:

(1) - حوکمــی لــە ســێدارەدان لەلایــەن ڕێکخــراوی (مونەزەمــە)ی حیزبییەوە، پاش دڵنیابــوون لە ڕووداوی تاوانی هەڵاتن یا دواکەوتن لە خزمەتی سەربازی، بەهەر هەڵاتوویەک یا دواکەوتوویەک کە دەســگیر دەکرێ یا لە پاش 1988/8/8 بە چاوپۆشــین لە چەند جار هەڵاتنەکە و ماوەکەی؛ جێ بەجێ دەکرێت.

ب- هەڵاتــوو یــان دواکەوتــوو کە بــە "پەشــیمانی" لە هەڵاتنــدا یان لەپاش 8/8/ 1988 دا گەڕاوەتەوە بۆ یەکە عەســکەرییەکەی، هەوڵدەدات بــۆ جێبەجێکردنی پێڕەوو یاساکانی عەسکەری لەسەری .

(2) ئەحکامی بڕیاری مەجلســی قیادەی ســەورە ژمارە (10) لــە 3/ 1/ 1988 (ســێی کانوونی دووەمی هەزارو نۆســەدو هەشــتاو هەشــت) بەســەر ئــە و هەڵاتــوو و دواکەوتوانــەدا پیــادە دەکرێــت کە بە پەشــیمانی خۆیان تەسلیم کردۆتەوە یان هەتا 8/7/ 1988 دەسگیرکراون.

(3) - ء- حوکمــی لە ســێدارەدان لەلایــەن ڕێکخراوی حیزبییەوە بەسەر هەر ئەندامێکی قیادەی فیرقە لە حیزبی بەعســی عەرەبی ئیشــتراکی بەرەو خــوارەوە و بە هەر بەرپرســێکی ئەمنی یان لە پۆلیسدا جێ بەجێ دەکرێ کە لەسەری ئیسپات بێ بەوەی ئاگاداری هەبوونی هەڵاتوو و دواکەوتوو بووە لەخزمەتی ســەربازی لەو ناوچەیەی کەلێی بەرپرس بووە و هیچ ئیجراییکی لە دژیاندا نەکردووە

یا ئاگاداری سوڵوتاتی نەکردۆتەوە لێیان .
ب- بابەتی بەرپرس لە ئاستی ئەندامی قیادەی شوعبە بەسەرەوە کەلەسەری ئیسپات دەبێت کە ئاگاداری هەبوونی هەڵاتوو و دواکەوتووان بووە لە خزمەتی عەسکەری و ئیجرائاتی لەسەر وەرنەگرتوون یا ئاگاداری دەسەڵاتە پسپۆڕەکانی نەکردۆتەوە لێیان، دەخرێتە پێش رەفیق ئەمین سری هەرێم، سەرۆکی کۆمار بۆ ئەوەی بە شیاوی دەبینێ دەربارەی، بڕیاری لێبدات .
(4) کار بەو بڕیارە دەکرێ لە مێژووی دەرچوونییەوە و لایەنە پەیوەندیدارەکان جێبەجێی دەکەن.

سەدام حسێن

سەرۆکی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕش

مديرية امن السليمانية

العدد ١٠٠٢

التاريخ ١٣ / ١ / ١٩٨٨

بسم الله الرحمن الرحيم

الى / مستشفى السليمانية العسكري

م / تنظيم شهادات وفاة

نرسل اليكم الجثث المدرجة اسمائهم ادناه والذين تم اعدامهم بناءً على امر المراجع العليا لتنفيذهم في [illegible] [illegible] يرجى تنظيم شهادات وفاة لهم وارسالها [illegible] مع التقدير

عقيد امن

مدير امن السليمانية

الاسماء

١- محمود احمد [illegible] محمد الهمداني
٢- محمد طاهر حسن عبد الرحمن الهمداني
٣- عبد الله صالح [illegible] عمر الهمداني
٤- جلال ابراهيم حسن قادر الهمداني
٥- محمد نجم عزيز محمد البرزنجي
٦- كاردان حسن عبد الرحمن [illegible] الهمداني
٧- مريد عثمان سعيد فتح الله الهمداني
٨- محمد [illegible] صالح محمود الهمداني
٩- مصطفى احمد شريف شاسوار [illegible]

بەڕێوەبەرایەتی ئەمنی سلێمانی
ژمارە /1002
بەروار / 15/ 1988/1

بۆنەخۆشخانەی سلێمانیی سەربازی

بابەت / ڕێکخستنی شەهادەی مردن

ئەوتاوانبارانـــەی خوارەوەتـــان بـــۆ دەنێرین کەلەســـەر فەرمانـــی دەســـەلاتی بالاوە لە ســـێدارەدان کراون، لەبەر ئـــەوەی لەگونـــدە (مەحزووره امنیـــا)ەکان بـــوون، تکایە شـــەهادەی مردنیان بۆ ڕێک بخەن و ئاگادارمان بکەنەوە لەگەڵ ڕێزدا .

عەقیدی ئەمن
بەڕێوەبەری ئەمنی سلێمانی

ناوەکان

1 - مەحمود ئەحمەد عەزیز فەقێ محەمەد سۆرانی
2 - حەمە تاهیر حەسەن عەبدولڕەحمان سۆرانی
3 - عەبدوڵلا سالح ڕەشید گۆرانی
4 - جەمال ئیبراهیم حسێن قادر گۆرانی
5 - محەمەد نەجم عەزیز مەحمود زەندی
6 - کاروان حسێن عەبدولڕەحمان حەسەن سۆرانی
7 - ئەبوبەکر عوسمان سەعید فەتحوڵلا سۆرانی
8 - محەمەد فەرەج فەتاح مەحمود سۆرانی
9 - مستەفا حەمە شەریف شاسوار گۆرانی

نموونەی شـێوازەکانی کوشـتن و ئازار و ئەشـکەنجەدان وەک هۆیەکی جینۆسـایـد و ئیبادەکـردن کە ڕژێمی بەعس لە هەموو شـوێن و سـوچێکدا، لە زیندان و مەرگخانەکانیدا دەرهەق بە گەلانی عێراق بەگشتی و گەلی کورد بە تایبەتی ئەنجامیدەدا، ئـەوەی دەتوانـرێ تەعبیـری لێ بکـرێ ئەم چەنـد ئاماژەی خوارەوەیە:

(1) بەکارهێنانـــی چەکـــی کۆکـــوژی کیمیایـــی کـــە وەحشیگەرانە لە دژی هەمووانـدا بە تایبەتی ژن و منداڵ و پیر و پەککەوتە بەکارهات. یەکەمین لێدان لە 1987/4/16 لە دۆڵی بالیســـان وشـــێخ وەســـانان بوو کە بە ســـەدان شەهید و بریندارى لێکەوتەوە و لە دواییدا بریندارەکانیش زیندە بە چاڵ کران، لە پاشدا لە 1987/5/27 لە ناوچەی رەوانـــدز گوندی مەلەکان و دەوروبـــەری بەکار هات کە زۆربەی زۆری ئیبادە بوون و لە 1988/3/16 کارەساتی گەورەی هەڵەبجە بە هۆی ئەم چەکەوە نرایەوە و لە ئابی 1988 دا بـــە هەزاران بێ گوناه لـــە گەلی بازێ (دهۆک) ئیبـــادە بوون ....هتد، ئەو گازانەی کـــە رژێم بەکاریهێنان: خەردەل و ســـیانید و گازەکانی دەمارە مێشـــک (سارین، تاپۆن..) بوون. لە شـــەڕەکانی یەکەم و دووەمی جیهانیدا هیچ دیکتاتۆرێک چەکـــی کۆکوژی لەو بابەتانەی لە دژی گەلانـــی خۆیان بەکاریان نەهێنـــاوە، وا یەکەمین جارە کە سەدام حسێن و دار و دەستەکەی وەک پێشینەیەک چەکی کۆکوژی لە دژی هاوولاتیانی خۆی بەکار بهێنێ..

(2) کوشتنی بە کۆمەڵ و زیندە بە چاڵکردنی بە کۆمەڵ : لەوەشـــدا ئـــەو چەنـــدان گۆڕی بـــە کۆمەڵ کـــە هەموو پارێزگاکانی کوردســـتانی گرتۆتەوە باشـــترین بەڵگەن و

ڕێکخراوەکانی داکۆکیکار لە مافی مرۆڤ (ئەمنستی ئینتەر ناشنال، میدڵ ئیست وۆچ...) یش بە بەڵگەوە شاهیدی ئەو حەقیقەتەن.

(3) ژەهراویکردنی نان: لە کاتی ئەنفالکردنی ناوچەی بەهدینان‌دا (1988-1989) کۆچڕەوێکی زێتر لە سەد هەزار کەسی بەرەو سنوورەکانی تورکیا و ئێران دەستپێکردو رژێم لەو دیوی سنووریشەوە هەر وازی لێهێنان و ئەوانەی مابوونەوە هێرشی ئەنفال و کیمیایی ئیبادەی نەکردبوون و نەیکوشتبوون، لە ئۆردوگا زینداننییەکانی تورکیادا رژێم توانی لە ڕێگای بەکرێگیراوەکانیەوە ئارد و هەویری نان ژەهراوی بکات و ببێتە هۆی مردن و پەککەوتن و سەقەت و ئیفلیجبوونی نزیکەی (2000) هەزار کەس، لەوانەیە ئەم کارە نامەردانەیە بە ئاگاداری یاخود هاوکاری دەوڵەتی تورکیاشەوە بووبێت چونکە نە هێشتوویەتی پێکراوەکان چارەسەر بکرێن و نە بواریشی داوە کە هۆیەکانی ڕاگەیاندنی دەوڵەتان و ڕێکخراوە داکۆکیکارەکانی مافی مرۆڤ لێکۆڵینەوەی پێویست لە سەر ئەو کارەساتە بکەن.

(4) بەکارهێنانی ژەهری "ثالیۆم" لە ڕێگای تێکەڵکردنی لە گەڵ ئاوو ماست و شەربەت و کەباب و شتی تردا: ئەم ژەهرە کە دەبێتە هۆی مردنی لەسەرەخۆ (3-16 ڕۆژ)، لە بنەڕەتدا بۆ قڕکردنی جڕو جانەوەری وەک مشک و

جورج بەکار دێت و بۆ مرۆڤ کار دەکاتە ســەر هەردوو کۆئەندامی هەرس و مێشــک و دەبێتە هۆی ئیفلیج بوون و تەنگە نەفەسی و قژ کەوتن.. نموونەی ئەوانەش (سالح فــارس 1981) (تاهیر عەزیز خانەقینی لە زیندان) (عەلی مەندەلاوی) (بێســتون مەلا عومەر 1987) (ســریعە مەلا موحــەرەم 1987) (د.کامــەران 1986) (جۆقی یەزیدی 1985) (شەوکەت ئاکرەیی).

(5) بەکارهێنانــی ژەهری زەرنیــخ و نیتراتی زێڕ: هەر لەزەمانــی (قصــر النهایــە) رژێــم ئــەم شــێوازەی وەک هۆکارێکی ئیبادە گرتۆتە بەر (حســێن شــێروانی) یەکێک بــوو لەو قوربانییانەی لە 1972 دا لــە (قصر النهایە) بە هــۆی کاریگەری زەرنیخــەوە گیانی لە دەســتدا. ئەوەی زیاتریش یاریدەی بەکارهێنانی ئەم ژەهرە دەدات ئەوەیە کە بێتام و بێبۆنەو رەنگە زەردەکەی لە کاتی تێکەڵکردنی لــە گــەڵ خواردەمەنیــدا یارمەتــی بزربوونــی دەدات و نیشــانەکانی زوو دەرناکەوێــت و زیاتــر لــە حاڵەتێکــی نەخۆشــی وەک هەوکردنــی گــەدە و ریخۆڵەکان دەچێت نەک دەرمانخواردکردن.

(6) بەکارهێنانــی ژەهــری جۆراوجــۆر لــە رێــگای چارەســەرکردنی نەخۆشــییەوە: رژێــم لــە رێــگای بنکە تەندروســتییەکانی دێیــەکان و پیاوانی خۆیــەوە خەڵکی نەخۆش کە بۆ چارەســەر روویان لــەو بنکانە دەکرد، لە

جیاتـی دەرمـان، ژەهریان بۆ لەشووشـە دەکردن (خدر حسـین – کرێکار) و (علی ابراهیم- قوتابی) هەردووکیان لـە 1981 و 1982 لـە ناوچەی وەرتـێ (هەولێر) وەک نموونـەی سـەدان قوربانـی دیکە لە ئاکامی ئـەو کارەدا گیانیان لە دەستداوە.

(7) بەکارهێنانی سـیانیدی پۆتاسـیۆم: کە لە قڕکردندا کاریگەر و خێرایە.

(8) کوشـتنی هاووڵاتییـەک و تاوانبارکردنـی خەڵکـی گوند بە هۆیەوە: لە دوای ساڵی 1975 و لە چوارچێوەی بەرنامـەی ئیبادەکردنـی کـورددا رژێم لە گونـدەکان بە تایبەتـی کەسـێکی گومانی لێبکردایە، یا ئەگەر لێشـی بە شـک نەبوایە، دەیکوشـت و تەرمەکەی فڕێ دەدایە دەم رووبارێک یا کوڵانێک یاخود نێو ئەشکەوت و باخچەیەک، پاشـان هـەر خـۆی ئاشـکرای دەکـرد و هـەم ئیرهابی خەڵکەکـەی پێدەکـرد و هەم کۆمەڵـە خەڵکانێکی تاوانبار دەکـردن، بێ لێکۆڵینەوە و دادگایی لـە زیندانەکانی توند دەکردن یا لە سـێدارەی دەدان تا راگواسـتنی گوندەکان ناوەناوە ئەو حاڵەتەی بە بەردەوامی ئەنجامدەدا.

(9) مەیینی خوێن: رژێم ئەوەی لە زیندانەکاندا دەکرد و لە رێگای دەرزییەوە مادەی (شـیر) لە لەشی گرتووەکان دەکرد، کـە دیارە ئەمەش دەبێتە هـۆی مەیینی خوێن لە لەشدا و ئاکام مردنی ئەو کەسە.

(10) ناچارکردنی گیراو و بەندکراوەکان بە خواردنەوەی گاز و بەنزیـن و نـەوت: کە دیارە ئەمانـەش وەک چەند ماددەیەکـی کیمیایی دەبنە هـۆی ژەهراویکردنی لەش و بـەدەم ئازارەوە مردن. پێ خواردنەوەی ئەو مەوادانە بە ڕێژەیەکـی زۆر دەبێتە هۆی شـین هەڵگەرانی پێسـت و سەریەشە و سووتانەوەی نێو دەم و گەدە و ڕیخۆڵەکان و تێکچوونـی لێدانـی دڵ و کۆخـە و ڕشـانەوە و ئیفلیج بوونـی مەڵبەندی هەناسـەدان لە لەشـدا و لەنێوچوونی خڕۆکەی سوور و دەرکەوتنی ماددەی ماتهیموگلۆبین لە میزدا و بەدەم ئەشکەنجە و تلانەوە مردن .

(11) ناچارکردنـی گرتوو و زیندانی بـە خواردنەوەی میز یا ڕشانەوە.

(12) ناچـارکردنـی زیندانـی و گرتـووەکان بـە خواردنەوەیەکی تا ڕادەی ژەهراوی بوون بە تایبەتی بیرەو لە هەمان کاتدا بەسـتنی (ئەندامی میزاوزێ) بە شێوەیەک کـە نەتوانـێ میز بکات، دیـارە کە ئـەوەش دەبێتە هۆی ژەهراویبوون بەو یۆریایەی کە لە لەشـدا کەڵەکە دەبێت و ئەسـتووربوونی لەش و ئازاری گورچیلە و هەوکردنی بۆرییەکانـی میـز، وەک سـووکایەتی و دروسـتکردنی حاڵەتێکی نەفسـی دژوار، زانا و پیاوانی ئایینیش لەوانەی زیندانی کرابوون ناچار کراون کە خواردنەوە بخۆنەوە.

(13) ئاخنینـی دەرزی گـەورە لـە زمانـی زیندانـی و

دەربەدەرکردنی و بەستنەوەی دەست و پێی بۆ ئەوەی نەتوانێ دەرزییەکان بهێنێتە دەرەوە.

(14) کولاندنی زیندانی: بە زیندوویەتی بە خستنە ناو مەنجەڵی گەورەی ئاوی داغ و کوڵیوەوە تا گیانی لە دەستدەدات، یان پڕکردنی زیندانی لە ئاوی کوڵیو یا شلەمەنی تر کە دەبێتە هۆی تێکدانی گەدە و ڕیخۆڵەکان و .. هتد.

(15) ئەشکەنجەدانی زیندانی بە تینووکردنی بۆ ماوەیەکی درێژ.

(16) هاوێژتنی زیندانی لە بەرمیلی قیری تواوە.

(17) بەکارهێنانی حەوزی ئەسید و تیزاب:(ترشی کبریتیک و نیتریکی چڕ) کە دەبێتە هۆی تواندنەوەی لەش و گۆشت و ئێسقان، زۆر جار خودی دیکتاتۆر هەر وا بۆ سەیر و سەفایی مومارەسەی ئەو کارەی کردووە و جاری وا هەبووە تەنها بەشێکی زیندانی خراوەتە نێو حەوزەکە وەک هۆکارێکی ئەشکەنجەدان.

(18) چاو دەرهێنان، یەک یان هەردووکیان: ئەمەش بە جۆرەها هۆکار ئەنجامدراوە، یەک لەوانە ئامێرێکە کە هێزێکی موگناتیسی هەیە و لە چەند چرکەیەکدا چاوی پێ دەردەپەڕێنێت و لە شوێنیدا خوێ و مەوادی کیمیایی دیکەی پێ وەردەکرێت.

(19) بڕینی زمان یان سووتاندنی بە جگەرە یاخود بە

کارەبا یا بە پارچە ئاسنی سوورکراوە.

(20) دەرکێشانی نینۆکی پێ یان دەست یا هەردووکیان و دەرزی ئاژنکردنی نێوان گۆشت و نینۆک.

(21) بەکارهێنانی کەلوپەلی دارتاشی بۆ ئەشکەنجەدانی زیندانی.

(22) پڕکردنـــی ســکی زیندانی لە هەوا بــە فوودەرێک (حقنە) لەڕێـگای کۆمەوە، ئەم فوودانە بەردەوام دەبێ تا رادەی لەهۆش خۆ چوون و سک تەقین.

(23) بڕینی بەشێک لە لووتی زیندانی: (ئەشکەنجەدراو) یا سووتانی یاخود شکاندنی بە چەکوشی ئاسن.

(24) بڕین یا کونکردنی گوێ بە بزمار و بەســتنەوەی بــە دیــوارەوە بە هۆی لە بزماردانی دەســت و گوێ : بە شــێوەیەک کە کەمترین جووڵانەوەی گرتوو دەبێتە هۆی هەڵقاچینی گوێ و ئازارێکی بێ شوماری دەست.

(25) بڕینــی لێو یــا ســووتاندنی: هەروەها شــکاندنی ددانــەکان و شــەویلاگ بــە هــۆی لێدانی وەحشــیانەی بەردەوام لە دەم.

(26) ســووتاندنی شوێنی جۆرا و جۆری لەش بە ئاگر یــا ئوتووی کارەبایی یان بە شیشــی ســوورەوەکراو و جگەرە، لە دەم و چاو و سەر و ئەندامی میزاوزێ.

(27) قژ و مووهەڵکێشــان لە پێســتەی سەر یا ریش و ســمێڵ یان هی برۆوە برژانگ و بــن هەنگڵ و بەرزگ و

مووەكانی دەست و پێ و ئەندامی میزاوزێ: كە زۆر وا رێككەوتووە لەگەڵ مووهەڵكێشانەكەدا پێست و گۆشتیشی لەگەڵ خۆی هێناوە و بۆتە مایەی ئەشكەنجەیێكی لە رادەبەدەر.

(28) دانیشاندنی ئەشكەنجەدراو لەسەر كورسییەكدا: دوای بەستنەوەی دەست و پێی و رووتكردنەوەی ئینجا دانانی بوتڵی شووشەی سەرشكاو و ناچاركردنی و گوشار و هێزخستنە سەر شانەكانی تا شووشەكە دەچێتە كۆمییەوە و خوێنی لەبەر دەڕوا و ناتوانێ رێ بكات.

(29) دەستدرێژكردنی سێكسی بۆ سەر ژنان و پیاوان وەك یەك: بە شێوازێكی وا كە ناگوترێ، زۆر جاریش ئەشكەنجەدراوێک ناچار كراوە كە دەستدرێژی بكاتە سەر ئەشكەنجەدراوێكی تر.

(30) سووكایەتی پێكردن و ئازاردانی دایک و باوكی زیندانییەكە: لە پێش چاویدا بۆ ئەوەی دەروونی برووخێنێ و دان بە كارێكدا بنێت كە نەیكردووە، هەروەها ناچاركردنی ئافرەتان بۆ دیتنی ئازارو ئەشكەنجەدانی پیاوان بەو مەبەستەی كاریان لێبكات و ئیعتیرافبكەن.

(31) بەكارهێنانی دەزگای كەبسكردن لە مەعدەنی ئاسن: كە بە هۆیەوە سەری ئەشكەنجەدراو یا پێیەكانی دەخرانە دووتوێیەوە و گوشار پاڵەپەستۆی دەخرایە سەر تارادەی شكاندنی ئێسكی جومجومە یان پێ.

(32) بردنە ژوورەوەی شیشی ئاسن و بۆڕی و سۆندە، لە کۆمی پیاودا و بەکارهێنانی هێلکەی کوڵیو و داخ بوو و بردنە ژوورەوەی لە کونی میزاوزێی ئافرەتدا.

(33) بەکارهێنانی گۆچانی کارەبایی، یان وایەری کارەبایی کە بە هۆیەوە شوێنە ناسکەکانی لەش وەک پێڵووی چاو و لووت و بن هەنگڵ و بەری پێ و دەوروپشتی دەست و پەنجە و ئەندامەکانی میزاوزێ بە کارەبای ڤۆڵتیە جیاوازەوە دەبەسترانەوە کەلەئەنجامی ئەمەشدا زۆر لە ئەشکەنجەدراوەکان لە هۆش خۆ دەچوون و تووشی جۆرەها نەخۆشی مێشک و هی تر دەبوون.

(34) تێفڕێدانی زیندانیی لە چاڵی پیسایی بە قووڵایی 150 سم: کە هەندێک جار چاڵی پیسایی مرۆڤ بووە و ئەشکەنجەدراو ناچار کراوە کە تامیبکات.

(35) بەکارهێنانی خوێ لە ئوتوو کردنی ئەو شوێنانەی کە لە ئەنجامی ئازارداندا بریندار بوون یا کێمیان هەڵێناوە: دیارە کە ئەمەش دەبێتە هۆی تەقین و لێک بوونەوەی پارچەکانی لەش.

(36) ئافرەت هەڵواسین: دوای بەستنەوەی دەست و پێی ئەشکەنجەدراو بە قژیەوە هەڵواسراوە، ئەم ئازاردانە (وەک سزایەک) رەنگە هەر لە دۆزەخ هەبێت، بەڵام رژێم بەوەشەوە نەوەستاوە، بەڵکو لە کاتی (ماوەی بێ نوێژی) یاندا لنگە و قووچ بە رووتی و لە پێیانەوە هەڵواسراون

بۆ ئەوەی خوێنەکە لە شوێنی خۆیدا کۆببێتەوە و قەتیس بمێنێ یا ئەوەتا لە دەمییەوە فیچقە بکات.

(37) سـووتاندن بە هۆی سـۆپاوە: ئـەوەش لە ڕێگای دانیشـاندنی بێتاوانەکە ئەنجامدەدرا لەسـەر سـۆپایەکی گاز یـا کارەبایـی، دوای ئـەوەی کـە ڕووت دەکرایـەوە تـا پێسـتەکەی دەسـووتا یـا ئەوەتا دەسـت و پێیەکانی بـە کاویەیەکـی کارەبایـی دەبەسـترانەوە تا گۆشـت و ئێسـقانەکەی دەسـووتا یاخـود ئازاردراوەکـە لە چەند سـۆپایەکی کارەبایـی نزیک دەکرایەوە کە بـە دیوارەوە بەسـترابوونەوە پاش بەسـتنەوەی دەسـت و پێی پشتی لە سـۆپاکان نزیک کراوەتەوە تا ڕادەی سووتانی سک و پشت و ئەندامەکانی میزاوزێ.

(38) لە فەلاقەدان: ئەمە شێوازێکی کۆنی ئەشکەنجەدانە بەڵام وا دیارە لە سـەردەمی ڕژێمی دیکتاتۆری سـەدام حسـێن داهێنانـی نوێـی تێدا کـراوە، بەو هۆیـەوە دوو پیـاوی دڕندە، ئەشـکەنجەدراو لە نێـوان دوو پارچە دار دەبەسـتنەوە و پاشـان بەهێز پاڵەپەستۆی دەخەنە سەر و لـە دواییدا بەسەرپشـتدا فڕێی دەدەنە سـەر زەوی و پێیەکانی بەهەردوو دارەکەوە بۆ بڵندایی 80 – 100 سم بـەرز دەکرێتەوە بۆ ئەوەی بە سـۆندە و کێبڵ و قامچی لە بەری پێیانی بدەن تا ئەسـتوور دەبێ و دەئاوسـێ و خوێنی تێ دەزێ، لەسـەر ئەوەش مەرگ نیشان دراوەکە

ناچــار دەکرێ لە ژوورەکەدا بەهــات و چوون ڕابکات یا ئەوەتـا هــەردوو پێیەکانی دەخرێتە نێو خـوێ ئاوکەوە، ئینجا ناچاری ڕاکردن دەکرێت.

(39) ســووتاندنی قژی ســەروڕیش، بە تایبەتی لەگەڵ پیاوانی ئایینیدا.

(40) هەڵواســین بە پانکەی هەواییەوە: ئەشکەنجەدراو لە دەســتییەوە یان لە پێیەکانییەوە بە پانکەوە بۆ چەندین سەعات هەڵدەواسراو لەگەڵ ئەویشدا لە دەمو چاوو سکی دەدرا یا ئاگری لە ژێردا دەکرایەوە یا هەر بە هەڵواسینەوە کاویەی کارەبایی لێدەدرا.

(41) بەکارهێنانــی کونکــەری کارەبایــی (دڕێــب) بــۆ کونکردنی دەست یا پێ یاخود پارچەی تری لەش هەروەها کونکردنی بەشێکی سەر بە هەمان دڕێل یان بە بزمار .

(42) ناچارکردنــی زیندانــی بە چاوی بەســتراو و پێی خاوسەوە لەسەر تێلدڕ ڕابکات.

(43) ناچارکردنی زیندانی بە چاوی بەســتراو و دەست و پێی بەســتراوەوە کە لەسەر ڕوونی گەرم و داغ بەپێی خاوسەوە ڕابکات.

(44) شەقکردنی لێو و زمان.

(45) بردنە ژوورەوەی ئاو کە زۆر جاریش ئاوی گەرم بووە، لە 'سییەکانی' هەناسەدانی ئەشکەنجەدراو .

(46) ناچارکردنــی زیندانــی کە یەک ســەر و پۆتەلاکی

ئەوی تر بکوتێتەوە و ئازاری بدات.
(47) فڕێدانی زیندانی لە ژوورێکی پڕ لە مێش هەنگوین و زەنگەسوورە بە مەبەستی پێوەدانی، و ئازاردان و ژەهراویکردنی و دروستکردنی حاڵەتێکی نەفسیی دارماو.
(48) سووتاندنی تەواوی زیندانی : بە زیندوویەتی لە ژێر بڕ و بیانووی جیاجیادا.
(49) دانانی دەست، یا پەنجەکانی پێ لە درزی دەرگای ئاسنینەوە و پاشان بەهێز داخستنی و پەڕاندنیان.
(50) جێ هێشتنی لاشە لە ژووری زیندانییەکاندا: لە دوای لە سێدارەدانی کەسێک، تەرمەکەی فڕێ دەدرایەوە هەمان ژوور، ئەوەش وەک ئاشکرایە بۆ چاندنی ئیرهاب و ترس و لەرزە لە دڵی هاوەڵەکانیدا و لە هەمان کاتدا بۆ بڵاووبونەوەی نەخۆشی و دەردە، لە ئاکامی بۆگەن بوونی تەرمەکە.
(51) بەستنەوەی زیندانی لەسەر سک، بە چوار پایەکەوە و دەرهێنانی ئەندامەکانی میزاوزێ لە ژێرەوە و تێ بەردانی سەگ یا پشیلەیەکی مەشق پێکراو بە گاڵتەکردن لە گەڵیدا.
(52) بەکار هێنانی (خەل و بیبەر و زەرنیخ) لە سووتاندن و ئوتووکردنی ئەو برینانەی لەشی ئەشکەنجەدراو.
(53) بەستنەوەی دەست و پێی ئەشکەنجەدراو لە کاتی

خـواردن یا خواردنەوە، (ئەگـەر هەبێت) بۆ ئەوەی خۆی دابنێتەوە و حاڵەتێکی وەک سەگ وەربگرێ.

(54) رووتکردنـەوەی زانـا و پیـاوە ئاینییـەکان و ناچارکردنیان بە سەماکردن لەنێو هەموو زیندانییەکاندا.

(55) ناچارکردنـی زیندانی لە سیاسـییە گەورەکان بە لاسـاییکردنەوەی دەنگی مانگا و پشـیلە و سەگ و گوێ درێژ و گیانلەبەرانی تر..

(56) رووناکـی بـە هێـزی وەک پرۆژۆکتـەر خسـتنە سـەرچاوی ئەو زیندانییەی کـە ماوەیەکی زۆر رووناکی نەدیوە.

(57) دانانـی زیندانـی لە ژوورێک، یـا ژێرزەمینێکی وا کـە بە شـێوەیەکی هونەری دروسـتکراوە و وەختێک پڕ دەکرێـت لە هەڵمی گەرم و لە پاشـدا پلەی گەرمییەکەی دەهێنرێتـە خـوارەوە تـا دەگاتە (پلەی بەسـتن) و جل و بەرگـی ناوەوەی زیندانی بە لەشـییەوە رەق دەبێت، یان رژاندنی ئاوی گەرم بەسـەر سەری زیندانیدا و لە پاشدا خسـتنە بەر سـاردکەرەوە (مبردە) تا رادەی سـڕبوون یاخود تێفڕێدانی زیندانی لە حەوزی ئاوی تەزی .

(58) لێدان لە کەللەسـەر: لە پێناوی ئەوەی زیندانییەکە شـێت ببێت و تووشـی نەخۆشـییەکانی دەمارەمێشـک ببێت.

(59) بۆ ئەشکەنجەدانی لەشی و دەروونی بێ سنووری

خانەوادەیەک، رژێم هەڵدەستا بە رووتکردنەوەی باوک و کچ و رووبەڕوو و لێک بەستنەوەیان، هەمان حاڵەتیشی لەگەڵ خوشک و براو (محرمات)ەکانی دیکەدا دەکرد.

(60) پاش بریندارکردنی ئەشکەنجەدراو و هەڵزڕاندنی شوێنێکی، پیاوانی ئەمن ئەشکەنجەیێکی تریان دەکردە سەربار و خۆیان، برین و شوێنە دڕاوەکانیان بە بن سڕکردن و خاوێنکردنەوە دەدووریییەوە و لە حاڵەتی هەوکردن و ئەستووربوون و پیسبوونی برینەکەشدا، هەمدیس بە هەمان شێوە و بە عەمدەن دەیاندووریییەوە.

(61) بەرزکردنەوەی پلەی گەرمای ژووری زیندان لە هاویندا بۆ سەروو (50) پلەی سەدی و پشت گوێ خستنی ئەشکەنجەدراو تێیدا تا رادەی لە هۆش خۆ چوون و مردن.

(62) بڵاوکردنەوە و بەرەڵلاکردنی سەگی هاری پۆلیسی و مار و دووپشک و مشک و قالۆچە و جڕ و جانەوەری تر لە ژوورەکانی زیندانییاندا.

(63) ئاو لە ژووری زیندانییەکان کردن، بە زستان ئاوی سارد و بەهاوین ئاوی گەرم.

(64) خەساندنی پیاوان: بەتایبەتی لاوان، ئەوانەی کە ژنیان نەهێناوە، ئەمەش لە رێگای پیشاندنی هەردوو جووتە گون بە ئامێری ئاسنین یان بە بەستنەوەی بە هۆی داوەوە.

(65) هێنانــی مشــک و قالۆچە و جانــەوەری تر لەگەڵ خواردندا و ناچارکردنی زیندانی بە خواردنی.
(66) بەستنەوەی دەست و پێی زیندانی بە دوو ئۆتۆمبیلی رووکار (اتجـاه) جیـاواز بـۆ ئەوەی لەگـەڵ جولانەوەی ئۆتۆمبیلەکان زیندانییەکە ببێتە دوو کەرت.
(67) بەســتنەوەی دەســتەکانی زیندانی لە پشتییەوە و پاشان سەر لە ئاو نقوومکردنی و دووبارەکردنەوەی ئەم حاڵەتە بۆ ئەوەی هەناسەی تەنگ بێت.
(68) وەرگرتنــی پارچەی ئەندامی لەشــی مرۆڤ وەک چــاو و خوێن و گورچیلــە بۆ فرۆشــتنەوەیان لە بازاڕە پزیشکییەکانی جیهاندا.
(69) کات و چۆنیەتــی گرتــن: بۆ ئیرهــاب و تۆقاندنی خەڵک، رژێم لە کاتی نیوەشــەوان بە ژمارەیەکی زۆرەوە هەڵی دەکوتایە سەر ماڵان و دەرگاکانی دەشکاند و پاش ســوکایەتیکردن و گەفکــردن و زەبردان، بــە ئۆتۆمبێلی بــێ ژمارە گرتووەکانیــان لە زینداندا تونــد دەکرد یا بێ سەروشوێن دەکران و دەیانکوشتن.
(70) بەکارهێنانی لەشــی زیندانی وەک تەپڵەکی جگەرە بـۆ کوژاندنەوەی جگەرە لە ســەریدا، بە تایبەتی شــوێنە ناســکەکانی، هەروەهــا بەکارهێنانــی لەشــی ئافرەت بە رووتــی چ بە زیندوویی یا بە مردوویی بۆ قومارکردن و خواردنەوەی مەشروب لە سەریدا.

(71) هەڵواسینی زیندانی بە دەستی لە پشتەوە بەستراوەوە، بەبنمیچی ژووری زیندانەوە بۆ ماوەیەکی زۆر بە هۆی زنجیری ئاسنینەوە، هەروەها هەمان حاڵەت دووبارە کراوەتەوە بەلام دەستەکانیان لە پێشەوە بەستوونەتەوە کە ئازارەکەی تۆزێک سووکترە.
(72) تراشینی سەری زیندانی بە تەواوی و پاشان خراوەتە بەر لێشاوی دڵۆپە ئاوی تەزی و کوڵیو.
(73) ئەشکەنجەدانی منداڵان لەبەر چاوی دایک و باوکیان.
(74) ڕێگرتنی زیندانی لە خەوتن پاش ئەوەی لەسەر کورسییەکی بڵندی وا دادەنرێت کە پێیەکانی نەگەنەوە زەوی، ئەوەش بۆ ماوەی چەندین ڕۆژ دەخایێنێ و ئەگەر خەوی لێبکەوێت ئەمنەکان بەدەم ئەشکەنجەدانەوە خەبەریان کردۆتەوە.
(75) ڕێگەنەدان بە زیندانی کە بچێتە سەر پێشاو و لەسەر ئەوە یا دەبێت خۆی ڕابگرێ یان ... تا ئەو کاتەی ئەمنەکان میزاجیان هاتۆتە سەر.
(76) زانایان و ڕۆشنبیران و ئەدیبان لەوانەی کە زیندانی کراون بۆ سووکایەتی پێکردن، پیاوانی ئەمن هەر کاتێکی ویستبێتیان ناچاریان کردوون قۆندەرە و پێلاوەکانیان ماچبکەن.
(77) تێخستنی ئەشکەنجەدراو لە لوولەیەکی ئاسنین و

ئـەم لوولەیەش خراوەتە نێو دەزگایەکی خول خولۆکەوە و بە خێراییەوە سوڕاوەتەوە.

(78) ئەشـــکەنجەدانی دەروونـــی مێرد یا برا یان باوکی ئافرەتێک بە رووتکردنەوەی و دەســـتدرێژی کردنە سەر نامووسی لەبەر چاویاندا.

(79) فڕێدانـــی ئەشـــکەنجەدراو بـــە چـــاوی بەســـتراو و دەســـت و پێی بەســـتراوەوە لە ژوورێکـدا کە چەندین (بڵندگۆ)ی دەنگی لێیە. بۆ شـــەڕی دەروونی زیندانییەکان وەک ئەوەی لە بلندگۆکانـــەوە پێیان بگوترێ: دەتانخەینە نێو قەفەســـی ئاژەڵە دڕندەکانەوە و لە دوای ئەوە دەنگی ئـــەو ئاژەڵانە بکەنەوە یان ئەوەیـــان بێننەوە بەرزەین کە پێیـــان لێدەنـــێ و دوای ئـــەوەی دەنگی شـــەمەندەفەر لە بڵندگۆکان بکەنەوە، بە شـــێوەیەک کە ببێتە هۆی ترس و تۆقاندن و سەرسووڕان و لە هۆش خۆچوون و پەردەی گوێ دڕان.

(80) فڕێدانـــی زیندانـــی لە ژووری 40×160 ســـم، بە شـــێوەیەک کە نەتوانێت دابنیشـــێ، بەڵکـــو دەبێت بە پێوە بخەوێت.

(81) بەســـتنەوەی هـــەردوو دەســـتەکانی زیندانـــی بە چەنـــد بوتڵێکی غازەوە و ناچارکردنی بە هەڵگرتنیان هەتا بەلادادێ.

(82) لەســـەر پشت خســـتنی زیندانی و هێنانی ئەمنێکی

قەڵەو و درێژ بۆ ئەوەی بۆ ماوەیەک بچێتە سەر سنگییەوە و بینە قاقای بگرێت.

(83) بەکارهێنانــی مــەوادی کشــتوکاڵی ژەهــراوی لە سووتاندن و شێواندنی پارچە و ئەندامەکانی لەشدا، هەر بۆ ئەم مەبەستە ترشەڵۆکەکانی پیروکلیک یا پیرۆکسایدی یان ترشەڵۆکە خەستەکان بۆ تواندنەوەی ئێسکی دەست و پێ بەکاردێت.

(84) بۆیەکردنــی نیوەی روو و دەم و چاو بەڕەنگێکی جێگر و چەســپاو کەنەڕوات یا تراشــینی نیوەی ســەری زیندانی یان نیوەی ریشــەکەی و هێشتنەوەی بەوچەشنە بۆ ســووکایەتی و گاڵتەجاڕی کە دیارە کارێکی دەروونی گــەورە دەکاتــە ســەر زیندانــی و جۆرەهــا نەخۆشــی سایکۆلۆژی و لەشیی لێدەکەوێتەوە.

(85) بەســتنەوەی ئەشــکەنجەدراو بە کورسییەکەوە و دەرهێنانــی (گون) لە کونێکی ژێرەوەی کورســییەکەدا و لێدان و ئەزیەتدانی، تا زیندانییەکە لە هۆش خۆی دەچێت و موزاعەفاتــی خراپ بۆ ئەم ئەندامەی دروســتدەبێت و هەندێ جاریش هەردوو لا گون خراونەتە نێو دەفرێکەوە کە مێش و مەگەز و جڕوجانەوەری تێدا بووە.

(86) تێکردنــی هۆرمۆنی پیاوانە لە ئافرەتان کە دەبێتە هۆی موو لێهاتنێکی زۆر بە تایبەتی لە دەم و چاودا.

(87) بەســتنەوەی لووتــی زیندانــی بــۆ ماوەیــەک بۆ

ئەوەی نەتوانێ هەناسەی لێوە بدات و ئەزیەت بە هەناسە وەرگرتنی دەمەوە بدات.

(88) پــاش بەســتنەوەی چاو و دەســت و پێی زیندانی لەسەر پێ پلیکانەیەکی بڵند و بەرزەوە، بۆ خوارەوە گلۆر دەکرێتــەوە، بەو مەبەســتەی بریندار بێت و ئێسکەکانی لەشی بشکێن.

(89) ئەشــکەنجەدانی زیندانــی بــە رووتکردنــەوەی و وێنەگرتنی لەگەڵ چەند پیاوێکی ڕووت یا چەند ئافرەتێکی رووتــی تردا و پاشــان ئازادکردنــی و ئیختیارکردنی لە نێــوان کارکردن لەگــەڵ دەزگای ئەمــن و موخابەرات یا بڵاو کردنەوەی ئەم وێنە ئابڕووبەرانە بە نێو خەڵک دا.

(90) پرژاندنــی لەشــی زیندانی بە کحولــی (مەثیلی) یا کحولی (ئەثیلی) پاشان گڕدانی و کوژاندنەوەی بۆ چەندین جار، ئەمەش دەبێتە هۆی وەرەم و هەڵئاوسان و سووتان، ئەمنەکان بەوەشەوە نەوەستاون بەڵکو بۆ ئەشکەنجەدان زیاتر خوێ و خەل و بیبەریان بەو شوێنانەدا کردووە.

(91) حەپســکردنی ئەشکەنجەدراو لە کەلێن و بۆشایی تاریکی دیوارەوە لە رووبەری (50×50) سـم بۆ ماوەی چەندیـن رۆژ بە بێ دەرگا کردنەوە لەگەڵ بەجێهێشــتنی لانی کەمی خۆراکی ئەم چەند رۆژە.

(92) بەســتنەوەی دەســت و پێ و ســەری زیندانی بە شــێوەیەکی پێچەوانە، واتە بەســتنەوەی دەستی چەپە بە

لاقی راستەوە، جارێک لە پێشەوە و جارێک لە دواوە، هەروەها بەستنەوەی دەستی راستە بەلاقی چەپەوە و بەستنەوەی هەردوو دەست یا هەردوو پێ بە ملەوە ... هتد.

(93) ئەشکەنجەدانی زیندانی نەخۆش: بۆ نموونە ئەگەر زیندانییەک نەخۆش بکەوتایە و سکچوونی بگرتایە، سەرەرای چارەسەر نەکردنی رێی پێش ئاویشی لێدەگیرا.

(94) ئەو دکتۆر و پزیشکانەی بەندیخانە، لەوانەی ئەندامی حزبی بەعس بوون، لە جیاتی چارەسەر دەرمانی بە هەڵەیان دەدایە زیندانییەکان کە موزاعەفاتی دیکە پەیدا بکات.

(95) بەستنەوەی دوو پارچە ئەلەمنیۆم بەلەشی زیندانییەوە، یەکێکیان بە ناوچەی (نخاع الشوكي) و ئەوی دیکەیان بە لای خوارەوەی بڕبڕەی پشت و بەستنەوەی هەردوو پارچە بە هێزی کارەباوە.

(96) بەستنەوەی هەردوو لاگون و سەری زەکەر بە بارگەی کارەبایی و ئەشکەنجەدانی زیندانی بە کارەبا لێدانی ئەو ئەندامە ناسکانە.

(97) تێ ئاخنینی شلەمەنی گەرم و داغ لە دەمی زیندانیدا.

(98) تەوقات لێدان لە گوێی زیندانی بە شێوەیەک کە

پەردەکەی بدڕێنێ و پاشدا لە سێدارەدانکردنی.
(99) کونکردنــی لووتــی زیندانییەکانی مەحکووم بە لە سـێدارەدان، تــێ خســتنی ئەڵقەیەک لەم کونە و پاشــان راکێشــانیان لــە لایەن پیاوانی ئەمنــەوە و گێڕانیان بەناو زیندانییەکانی تردا بۆ تۆقاندن و چۆک پێدادانیان، پاشــان لــە ســێدارەدانکردنیان یــەک یەکە و بە نهێنــی یا پێکەوە لەبەر چاوی زیندانییەکانی تردا.
(100) دانانــی لاپێچکێکی کورســی لەســەر لاجانگ یا شــەویلاگی زیندانی و دانیشتنی یەک لە ئەمنەکان لەسەر کورسییەکە.
(101) تــێ ئاخنینــی زیندانییــەکان لــە نەخۆشــخانەی نەخۆشــییەکانی عەقڵــی و دەروونییەوە بــۆ ماوەیەک و مامەڵەکردنیان لەســەر ئەو ئەساسە، لە کاتێکدا ئەو دەرد و بەلایانەیان لە سەرنەبووە.
(102) بەکارهێنانــی گۆچانــی کارەبایــی بــە درێژایی برِبڕاگەی پشت و لێدانی کارەبای بەرەبەرە لە برِبڕاگەوە لەسەرەوە بۆ خوارەوە.
(103) کاتێک کە بەناو (محقق)ەکان فشاریان خستۆتە سەر زیندانی بەوەی کە درۆ بکا و خۆی بکا بە جاسووس و پیــاوی بێگانــە، بــەوەی کە تــا رادەی مــردن لێیدراوە و لــە حالێکــدا ئەگەر لە ژێــر باری ئەشــکەنجەدانەکەوە چووبێتــە ژێر باریــان، ئیعترافي بە جاسوســیەتی! خۆی

کردبێ کە نەیکردووە، ئەوا یەکسەر (تەشهیر) یان پێ کردووە و هێناویانەتە سەر تەلەفزیۆن و مەسەلەکەیان کردۆتە ئەمری واقیع و زیندانییەکە لە سێدارەیان داوە، یەک لەو هۆکارانەی کە بەکاریان هێناوە بۆ ئەوەی (بڵێ من جاسوسم) ئەوە بووە کە ژن و دایک و خوشکیان هێناوە و لەبەر چاوی ئەو رووتیان کردوونەتەوە، پاشان هەرەشەیان لێکردووە یا بە ئیعتراف یا بە ئابڕوو بردنی ئافرەتەکان.

چەند بەڵگەیێکی وێنەیی

هەندێک لەو ماڵانەی کە ڕژێم بەشۆفڵ و تی ئێن تی و بۆمب، تاپۆور و وێرانی کردوون، هێزەکەیشی دیارە

کەچی لەبەندی (22/ج)ی دەستووره کاتییەکەیدا دەڵێ: ماڵ حورمەتی خۆی هەیە، چوونە ناوی یان پشکنینی، تەنها بەپێی ئەو ڕێنوێنانانە دەبێت کە لە یاسا دیاریکراون...

تێگەیشتنی ((حورمەت)) لەڕوانگەی ڕژێمدا ئەوەیە کەدەیبینن!!

چەکی تەقلیدی وەک بۆمبەکانی ناپالم و فسفۆری و هێشوویی، یا تۆپ و هاوانی جۆراوجۆر، گشتیان قەدەغەن و ڕێککەوتننامەیەک و(3) پرۆتۆکۆلی نێودەوڵەتی دەربارەی ئەم چەکانە مۆرکراون؛ چونکە بەکارهێنانیان تەڕو وشک بەیەکەوە دەسووتێنن و بەهەری پتر زەرەر لە خەڵکی مەدەنی دەدا و بریندارو پێکراوەکانیش ئەوەندە زۆر دەبن، چارەسەریان زەحمەت دەبێت. کەچی ڕژێم (وەک لەو بەڵگە وێنەییانە دیارە) تەخسیری لەبەکارهێنانیاندا نەکردووە.

«.... تەئکیدی فرمانەکان دەکەینەوە بە تەقەکردن لەوەی کەهەوڵی گەڕانەوە بۆ نێو خاکی عێراق دەدات، لەوانەی کە ڕاگوێزراون . تەواو......»

بروسکەی نهێنی
وەزارەتی ناوخۆی عێراق
ژمارە 2884 لە 1988/4/10

بەندی 18 لەجاڕی جیهانی مافی مرۆڤ دەڵێ: هەمووکەسێک مافی ئازادیی بیرکردنەوە و ویژدان. هەیە)). بەندی 19 لەهەمان جاڕنامەدا دەڵێت: ((هەموو کەسێک مافی ئازادیی بیروڕا و ڕادەربڕینی هەیە ..)) لێرەدا لەسایەی حوکم و ڕژێمە شۆڤێنیست و پاوانخواز و تیرۆرستەکانی دژ بە بیری کوردایەتی (ئازادییەکان) ئاوا وەلام دراونەتەوە(!!)

پەیمانی نێودەوڵەتی تایبەت بە مافە بازرگانی و سیاسییەکان (1966)، لەبەندی (1/12)یدا دەڵێ: (هەرکەسێک کە بە یاسایی لەنێو ئیقلیمی دەوڵەتێک دابێ، مافی بە ئازادی هات و چۆ و هەڵبژاردنی شوێنی نیشتەجێ بوونی هەیە) هەروا بەندی (3) لە جاڕی جیهانی مافی مرۆڤ دەڵێ: (هەمووکەسێک مافی ژیان و ئازادی و ئاسایشی خۆی هەیە)، و بەندی (2/17) لە هەمان جاڕنامە دەڵێ: ناشێت بەڕەمەکی موڵک لە هیچ کەسێک بسەنرێتەوە. ڕژێم پێلاکردنی ئەو بڕوانامانەی بە تەرحیل و تەهجیر لە سنووری کوردستان و عێراقدا دەستپێکرد. لێرەوە :سەرەتاکانی جێبەجێکردنی پلان و نەخشەی ئیبادەکردن.



بەندی 1/26 لە جاڕی جیهانی مافی مرۆڤ دەقنووسی کردووە کە: ((هەموو کەس مافی فێربوونی هەیە....)) هەروا هەمان بەندی 2/26 دەڵێ: دەبێ ئامانجی پەروەردە، پێگەیاندنێکی تەواوی کەسایەتی مرۆڤ و پتەوکردنی ڕێزی مافەکانی مرۆڤ و ئازادییە بنەڕەتییەکان و گەشەپێدانی بەیەک گەیشتن و چاوپۆشیکردن و دۆستایەتی لەنێوان هەموو گەلان و...)) ئەمەیان لە سایەی شۆڕشی مقاومەتی نیبادە ((شۆڕشی ئەیلول)) بەپێی ئیمکان و تا ڕادەیەکی لەبار فەراهەم بوو .بەلام لەسایەی ڕژێمدا، چۆن مافێک و چ جۆرە پەروەردە و پێگەیاندنێک!! لە چ بروایەکەوە!)).

تاوانەکانی دژ بە مرۆڤایەتی، لەهەر کوێیەک ئەنجامدرابێ. جێگای لێکۆڵینەوەیە و ئەو کەسانەی کە بەڵگەی ئەوەیان لەسەر هەیە کە ئەو کەتانەیان ئەنجامدابێت. جێگای بەدواداچوون و وەستاندن و (توقیف) و دادگایی کردنن. ئەگەر تاوانباران دەرچوون، سزا دەدرێن....(!!)
تێکەی مافێکی نێودەوڵەتی

«نابێت هیچ کەسێک بخرێتە ژێر ئەشکەنجەدان یا سزایەک یاخود مامەڵەیەکی توند و تیژ یا نامرۆڤانە یان ناوزڕێنەر ...».
بەندی (7) لە پەیمانی نێودەوڵەتی تایبەت بە مافە باژێرڤانی و پۆلیتیکییەکان (1966)

چۆن قەدەغەی هاتنە ژوورەوەی خۆڵ، یا کەم کردنەوەی دەکەیت بۆ بارسەکانت؟

کتێبی پەکحرلوی زانستەکان
لە دەوڵەتە عەرەبەکانی کەنداودا
١٤١٢/ ١٤١٣ ک
١٩٩٢/ ١٩٩٣ ز

جل و بەرگ
لە لۆکە دروست دەکەین.

اللغة العربية وضرورة الحفاظ عليها

ان اللغة هي أحد مقومات الامة ، وان الامة ـ أية أمة ـ لا تعد أمة ما لم تكن لها لغة حية ، وبذلك فان قيمة اللغة مثل قيمة الارض والحدود ، فكما تحمي الامم أرضها ، وتحافظ على سلامة حدودها ، كذلك تحمي لغاتها ، وتنشد لها دائما السلامة والنقاء .

اللغة العربية اذن ، عنوان للامة ، وهوية لها ، ومن هنا ينشد ابناؤها المخلصون حمايتها ، والمحافظة عليها من تسرب الفساد اليها ، وشيوع الدخيل فيها .

جینۆسایدکردنی کەلتووری نەتەوەیەک لەمەیان منداڵدا. (بەردی بناغە). جاڕنامەی بنەماکانی ئالیکاریی کەلتووری نێودەوڵەتی کە لە 1966/11/4 دا دەرچووە. لە بەندی (1/1) دا بەڕوونی دەڵێ: هەموو کەلتوورێک کەرامەت و بەهای خۆی هەیە و پێویستە ڕێزیان لێبگیرێت و بپارێزرێن. لە (2/1) یشدا، نەشونما پێکردنی کەلتووری تایبەتی هەر گەلێک لە ماف و ئەرکی ئەوی دادەنێت ..

ئەو چەند نموونەیەکەیە، پرۆگرامی قوتابخانەکانن و لای خۆی تایبەتن بە (مەنتیقەی حوکمی زاتی)! لە بەراورد کردنێکدا بۆت دەردەکەوێ لەدونیای ڕژێمدا چ باسە!!

ثورية الوحدة العربية[١]

من كتاب « البعث والوحدة »
للقائد المؤسس الاستاذ ميشيل عفلق

البعث والتراث

من كتاب « البعث والتراث »
للقائد المؤسس الاستاذ ميشيل عفلق

اخلاقيــة البعثي

المرأة في منظور حزب البعث العربي الاشتراكي

لَـــكَ جَيْشٌ حُرٌّ مِقْــدامْ
هُوَ جَيْشُ القائِـدِ صَـدّامْ

الدرس الســادس



الدرس الثالث والعشرون

الدرس الخامس والثلاثون

العراقيات المجدات

(القراءة العربية) للصف السادس الابتدائي ،

وهو أحد كتب المرحلة الابتدائية لمنطقة الحكم الذاتي .

الدرس السابع عشر

من قصص قادسية صدام المجيدة

رسالة من جبهة القتال

پەیمانی نێودەلەتی تایبەت بەمافە ئابووری و رۆشنبیری و کۆمەلایەتییەکان (1976) کە عێراق لایەنێکە تێیدا، لەبەندی (1/11)یدا پەنجە بۆ ئەوە رادەکێشێ کە دەولەتانی هاوبەش دان بەوە دادەنێن کەهەموو کەسێک، خۆی و خێزانەکەی، مافی ئەوەی هەیە لە ئاستێکی ژیانی لە باردا بژێت، بەشێوەیەک کە پێداویستییەکانیان لە (خواردن) و جل و بەرگ و شوێنی حەوانەوە بۆ مەیسەر بکرێت...

چەکی کیمیایی (لەژێر ناوی تردا) ئەمەیان لە زۆر بڕوانامەی نێودەوڵەتیدا یاساغ کراوە. لەوانە (جاڕنامەی سان پترسبورگ1868)، ڕێککەوتننامەکانی لاهای 1899و 1907)، بەندی 23/ 1 لە هەردووکیاندا و پەیمانی ڤێرسای 1919 و پرۆتۆکۆلی جنێف 1925.

بەدرێژایی ئەو وەختانە، ئەو جۆرە چەکانە تەنها لە دژی دوژمندا بەکار هاتوون، کەچی ڕژێمی بەغدا، وەک پێشینەیەک لەدژی خەڵکانێکدا وەکاری خست کە ڕەگەزنامەی وڵاتەکەیان هەڵگرتووە.....!

جاڕی جیهانی مافەکانی مرۆڤ لەبەندی (2/25)یدا دەڵێ: دایک و منداڵ مافی یارمەتی و چاودێرییەکی تایبەتیان هەیە. لەهەمان پاڵ کردنەوەیشدا. بەندی دووەم لەجاڕی مافەکانی منداڵ (1959) پارێزگاریکردنی تایبەتیی منداڵ پێویست دەکات.
ڕژێمی بەغدا بەو ڕەنگەی کەدەیبینن ئیلتیزامی بەو بڕوانامە نێودەوڵەتییانەوە کردووە!!

بەندی (3/16) لە جاڕی جیهانی مافەکانی مرۆڤ، وای تێکست نووس کردووە کە: (خێزان یەکەیەکی سروشتی و بنەڕەتیی کۆمەڵگەیە و مافی ئەوەی هەیە کەلەلایەن کۆمەڵگە و دەوڵەتەوە بپارێزرێ ...) بەندی (11)، یش لە دەستووری کاتی عێراق (دەستووری ڕژێم) دەڵێ: ((خێزان کرۆکی کۆمەڵە، دەوڵەت زامنی پشتگیری و پاراستنی دەکات...)).

جینۆساید، هەریەک لەو کارانە دەگەیەنێ کە بەمەبەستی وێرانکردنێکی گشتگیری یا بەشگری گرووپێکی نەتەوەیی یا ڕەگەزایەتی یاخود ئاینی ئەنجامدرابێت.

بەندی دووەم لە ڕێککەوتننامەی قەدەغەکردنی تاوانی کۆمەڵکوژی و....

((1948/12/9))

لەگەڵ هەموو ئەوانەیشدا، کورد هەر ماو هەر دەمێنێ. چونکە ڕەسەن و ڕەگاژۆ شوێن پێی بە قووڵایی مێژووە. چونکە بەشداری بەشێکی زیندووی شارستانێتی ئینسانییە.

سەرچاوە و ژێدەر

یەکەم : کتێب

1 – المقدم بسام العسلي، الحرب والحضارة، المؤسسة العربية للدراسات والنشر، الطبعة الاولى، بيروت1979.

2 – دكتور حسنين ابراهيم صالح عبيد، الجريمة الدولية، دراسة تحليلية تطبيقية، الطبعة الاولى، القاهرة 1979.

-3 دكتور حميد السعدي، القانون الدولي الجنائي، الطبعة الاولى، بغداد 1971 .

4 – دكتور حامد سلطان، القانون الدولي العام في وقت السلم، دار النهضة العربية، الطبعة السادسة، القاهرة 1976.

5 – لجنة الدفاع عن حقوق الانسان في العراق، شهادات تفضح انتهاكات حقوق الانسان في العراق. سورية 1990.

6 – لجنة الدفاع عن حقوق الانسان في العراق، السموم وسيلة من وسائل تصفية الخصوم السياسيين في العراق، سورية 1992.

7 – لجنة حقوق الانسان/ الدورة الثامنة والاربعون، تقرير عن حالة حقوق الانسان في العراق، اعده السيد ماكس فان ديرشتوئيل .

8 – الحملة العالمية لحقوق الانسان، حقوق الاقليات، صحيفة وقائع رقم 18،جنيف.

9 – الحملة العالمية لحقوق الانسان، القانون الانساني الدولي وحقوق الانسان، صحيفة وقائع رقم 13، جنيف.

10 – عبدالوهاب حومد، الاجرام الدولي،مطبوعات جامعة

الكويت، الطبعة الاولى 1978.
11 - عبدالوهاب حومد دراسات معمقة في الفقه الجنائي المقارن، مطبوعات جامعة الكويت،1983.
12 - الحملة العالمية لحقوق الانسان، حقوق شعوب السكان الاصليين، صحيفة وقائع رقم 9،جنيف.
13 - لجنة الدفاع عن حقوق الانسان، العراق والمجتمع الدولي، سورية 1991.
14 - دكتور علي حسين الخلف، الوسيط في شرح قانون العقوبات، النظرية العامة، مطبعة الزهراء، بغداد 1968.
15 - دكتور عباس الحسني، شرح قانون العقوبات العراقي الجديد (القسم العام) مطبعة الأزهر، بغداد (1969- 1970).
16 - ضاري رشيد السامرائي، الفصل والتمييز العنصري في ضوء القانون الدولي العام، دار الرشيد للنشر، بغداد 1983.
17 - اللجنة الدولية للصليب الاحمر، القواعد الاساسية لاتفاقيات جنيف و بروتوكوليها الاضافيين، الطبعة الثانية، جنيف1992.
18 - كنعان مكية، القسوة والصمت، المؤتمر الوطني العراقي 1996 .
19 - د. وصفي محمد علي، الطب العدلي علما وتطبيقا، بغداد1976.

دووهەم: گۆڤار و بڵاوکراوەی ناوەناوە
20 - دراسات كردية، مجلة سنوية تصدر في خمس لغات عن المعهد الكردي / العدد 3-7 السنة الثامنة، باريس 1992.
21 - دراسات كردية، مجلة دورية تصدر في خمس لغات، الاكراد، حقوق الانسان والهوية الثقافية، العدد 4- 8، السنة التاسعة، باريس 1993.

22 - حقوق الانســان، نشــرة دورية تصدرها لجنة الدفاع عن حقوق الانســان في العراق من العدد الاول (كانون الاول 1988) الى العدد الاربعون، (تموز 1994).

سێهەم: ڕۆژنامەکان

23 - بيار سانيه (الامين العام لمنظمة العفو الدولية)، فلنمض معا نحو انشاء المحكمة الجنائية الدولية، جريدة الحياة، العدد11906 في 1995/9/27.
24 - جورج طرابيشي (الابادة) من اليهود والغجر الى الشعوب السوفياتية فأهل كمبوديا- جريدة الحياة، العدد 11672 في 3/2/ 1995.
25 - ســناء الجــاك، هــل لســموم (قذائف الحــروب) دور في تناقص الخصوبة عند اللبنانيين (نقص معدلات الخصوبة)، جريدة الشرق الاوسط، العدد 6446 في 1996/7/22.
26 - فردريك معتوق، على من تقع مســؤليه الاباده الجماعية الارمنية، العام 1915، جريدة الحياة، العدد 12208 في 29/ 7/ 1996.
27 - جريدة (خەبات) لسان حال (ح.د.ك.ع)العدد785 في 19/ 1996/4.

چوارەم: بڕوانامە یاساییەکان

بڕوانامە عێراقییەکان:

28 - دەستووری کاتی عێراقی، کە بەپێی بڕیاری ژمارە 792ی مەجلیسی قیادەی سەورە لە 16/ 7/ 1970دا دەرچوو.
29 - یاســای ســزادان، ژمــارەی (111) ســاڵی 1969 ی دەسکاریکراو.

30 - یاسای چۆنیەتی دادگایی کردنی سزایی ژمارە (23) سالی 1971دەسکاریکراو .

31 - قرارات تفضح انتهاكات حقوق الانسان في العراق، لجنة الدفاع عن حقوق الانسان. سورية 1993.

بروانامە نێودەولەتییەکان:

32 - (جارنامەی جیهانی مافی مرۆڤ) کەبەپێی بریاری کۆمەلەی گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان ژمارە 217 ئەلیف (د-3)، لە 10/ 1948/12پەسەند و بلاو کراوەتەوە.

33 - (پەیمانی نێودەولەتی تایبەت بەمافە ئابووری و کۆمەلایەتی و کەلتوورییەکان) کە بەپێی بریاری کۆمەلەی گشتی 2200 ئەلیف (د21-) لە کانونی یەکەمی 1966، پەسەندکراوە و بۆ واژووکردن و بروابپێدان و چوونەریز، خراوەتەروو و لە 3ی کانوونی دووەمی 1976وە کار پێ کراوە.

34 - (پەیمانی نێودەولەتی تایبەت بەمافە باژێرڤانیی و پۆلیتیکییەکان) کەبەپێی بریاری کۆمەلەی گشتی 2200 ئەلیف لە 16ی کانونی یەکەمی 1966پەسەند کراوە و لە 23/ 1976/3وە کارپێکراوە.

35 - (ریککەوتننامەی لەنێوبردنی هەموو شێوەکانی جیاکاریی دژی ئافرەت) کەکۆمەلەی گشتی پەسەندی کردووە و بەپێی بریاری خۆی 34/ 180لە 18 ی کانونی یەکەمی 1979 بۆ ئیمزاکردن و بروابپێدان و چوونە ریزی دەولەتان، خستوویەتییە روو لە3ی ئەیلولی 1981 ەوە کار پێ کراو .

36 - (ریککەوتننامەی قەدەغەکردنی تاوانی جینۆسایدو سزادان لەسەر ئەنجامدانی کە بەپێی بریاری کۆمەلەی گشتی 260 ئەلیف (د3-) لە9ی کانونی یەکەمی 1948 پەسەندکراوە و بۆ واژووکردن و بروابپێدان یا چوونەریز خراوەتەروو و

لـە12ی کانونـی دووەمـی 1951ەوە کارپێکـراوە و عێراق لە 1958/3/3بڕوایپێداوە.
37 - (ڕێککەوتننامەی بەسـەرنەچوونی تاوانەکانی جەنگ و تاوانەکانی دژ بە مرۆڤایەتی) کەبەپێی بڕیاری کۆمەڵەی گشـتی 2391(د3-) لە 26ی تشرینی دووەمی 1968دا پەسەند کراوە، لە 11ی تشرینی دووەمی 1970ەوە کارپێکراوە.
38 - (بنەماکانی ئالیکاری نێودەوڵەتی لە بەدواداچوون و گرتن و تەسـلیمکردنەوە و سزادانی کەسـانی تاوانبار بەئەنجامدانی تاوانەکانـی جەنـگ و تاوانەکانـی دژ بەمرۆڤایەتـی) کەبەپێـی بڕیاری کۆمەڵەی گشتی 3074 (د28-) لە 3ی کانونی یەکەمی 1973ەوە دەرچووە .
39 - (ڕێککەوتننامـەی قەدەغەکردنی بازرگانیکردن بە خەڵک و ئیستغلالکردنی داوێن پیسی غەیرە) کە کۆمەڵەی گشتی بەپێی بڕیاری 317ی (د4-) لە 2ی کانونی یەکەمی 1949، پەسەندی کردووە لە25ی تەممووزی 1951ەوە کارپێکراوە.
40 - (بنەمـا نموونەییەکانـی لانیکەمـی مامەڵەکـردن لەگەڵ زیندانـی و گرتـووەکان) کـە کۆنگرەی نەتـەوە یەکگرتووەکان بۆقەدەغەکردنـی تاوان و مامەڵەکردنی تاوانکاران کە لە سـاڵی 1955 دا لەجنێف گرێدرا، پەسەندیکردووە.
41 - جاڕنامـەی پاراسـتنی هەموو خەڵک لەتووشـبوون بە ئەشـکەنجەدان و لەجۆرەکانی تری مامەڵەکردن، یان سـزادانی توندوتیژانـە یـا مرۆڤانە یاخـود ئابڕووبـەر، کەبەپێی بڕیاری کۆمەڵـەی گشـتی 3452 (د30-) لەکانونـی یەکەمی 1975 دا پەسەندکراوە .
42 - (ڕێککەوتننامەی دژ بە ئەشـکەنجەدان و چەشـنەکانی تـری مامەڵەکردن یان سـزادانی توند و تیژ یاخـود دڕندانە یا

ئابووره‌ر) که کۆمه‌ڵه‌ی گشتی به‌پێی بڕیاری 39/ 46 له‌10ی کانونی یه‌که‌می 1984دا، په‌سه‌ندیکردووه و له 26ی حوزه‌یرانی 1987 دا کارپێکراوه.

43 - (جاڕنامه‌ی مافه‌کانی منداڵ) به‌پێی بڕیاری کۆمه‌ڵه‌ی گشتی نه‌ته‌وه یه‌کگرتووه‌کان 1386(د14-) له 20ی تشرینی دووه‌می 1959دا ده‌رچووه.

44 - (جاڕنامه‌ی پاراستنی ئافره‌ت و منداڵ له حاڵه‌ته‌کانی نائاسایی و ناکۆکییه چه‌کداره‌کاندا) به‌پێی بڕیاری کۆمه‌ڵه‌ی گشتی 3318 (د29-) له14ی کانونی یه‌که‌می 1974دا ده‌رچووه.

45 - (جاڕنامه‌ک سه‌باره‌ت به‌پێشکه‌وتن و گه‌شه‌کردن له‌بواری کۆمه‌لایه‌تیدا) به‌پێی بڕیاری کۆمه‌ڵه‌ی گشتی2542(د-24) له11ی کانونی یه‌که‌می 1969دا ده‌رچووه .

46 - (جاڕنامه‌ی جیهانی تایبه‌ت به ڕیشه‌کێشکردنی برسیتی و به‌دخۆراکی) که‌کۆمه‌ڵه‌ی گشتی به‌پێی بڕیاری 3348(د29-) له17ی کانونی یه‌که‌می 1974دا په‌سه‌ندی کردووه.

47 - (جاڕنامه‌ی بنه‌ماکانی ئالیکاری که‌لتووریی نێوده‌وڵه‌تی) که‌کۆنگره‌ی گشتی ڕێکخراوی یۆنسکۆ له خولی چوارده‌مینیدا، له ڕۆژی 4ی تشرینی دووه‌می 1966دا، ده‌ریکردووه.

پێنجه‌م : فه‌رهه‌نگ

48 - الموسوعة العربية الميسرة، مجموعة من الخبراء، دار الشعب، الطبعة الثانية، القاهرة 1972.

ناوەڕۆک

- پێشەکی 10
- پاریی یەکەم: جینۆساید، وەک واتا، دیاردە، مێژوو، تاوانی نێودەوڵەتی 17
- پشکی یەکەم: وشەی جینۆساید چۆن و لە چییەوە هاتووە؟........ 20
- پشکی دووەم: شوێنی جینۆساید لە نێو تاوانەکانی دیکەدا و جوێکردنەوەی 22
- یەکەم: تاوانەکانی دژ بە ئاشتی 23
- دووەم: تاوانەکانی دژ بە ئاسایشی بەشەرییەت 24
- سێیەم: تاوانەکانی جەنگ 26
- چوارەم: تاوانەکانی دژ بە مرۆڤایەتی 27
- پشکی سێیەم: نموونەی جینۆساید لەمێژوو و مێژووی کورددا.. 31
- یەکەم: دیاردەی جینۆساید لە مێژوودا 31
- دووەم: نموونەی جینۆساید لە نێو کورددا 36
- پشکی چوارەم: ناساندنی جینۆساید وەک تاوانێکی نێودەوڵەتی... 42
- پەراوێزەکانی پاری یەکەم 45
- پاریی دووەم: جینۆساید بە مەفهومە فراوانەکەی، یان ڕێگاکانی ئیبادەکردن 48
- پشکی یەکەم: کوشتن و قەتلوعامی ڕاستەوخۆ 51
- یەکەم: لە سێدارەدان و لە سێدارەدانی بە کۆمەڵ 52
- دووەم: جینۆساید لە ڕێگای بەکارهێنانی ژەهرەوە 55
- سێیەم: فرۆکە و چەکی تەقلیدی 55

-چوارەم: چەکی کۆکوژی کیمیایی... 57
- پێنجەم: ئەنفالە بەدناوەکان... 63
- شەشەم: گۆڕی بە کۆمەڵ، وەک بەڵگە و ئاکام......................... 70
- پشکی دووەم: ئەشکەنجەدانی جەستەیی یان رۆحی و سایکۆلۆژیی... 73
- پشکی سێیەم: هێنانە ژێر باریی کۆمەڵی کورد بە دەستی ئەنقەست، بۆ هەلومەرجێکی ئەوتۆ کە ئاکامەکەی تێکشکاندنێکی ماددیانەی گشتگریی یان بەشگریی بێت... 87
- یەکەم: راگواستن و رەوپێکردن و تێکشکاندن لە سنوری کوردستان و عێراق دا... 88
- دووەم: راگواستن و دەرپەراندن بۆ دەرەوەی سنوری عێراق و کارەساتی کوردە فەیلیەکان... 103
- پشکی چوارەم: نەزۆک کردن یان جینۆسایدکردنی بایۆلۆژی...... 116
- پشکی پێنجەم: تێکشکاندنی منداڵ و راگواستنی بۆ کۆمەڵێکی ترو جینۆسایدکردنی کولتووریی... 125
- پەراوێزەکانی پاری دووەم... 137
- پاری سێیەم: نەخشەو شێوازو ئەنجامدەرانی جینۆساید............ 145
- پەراوێزەکانی پاری سێیەم... 167
- پاری چوارەم: سزادانی رژێم و دادگاییکردنی... چۆن؟!.............. 170
- پاری پێنجەم: جینۆساید و بنەمای تەسلیم کردنەوەی تاوانباران.... 182
- پاری شەشەم: جینۆساید کۆنیش بێت، بە سەرناچێت.................. 188
- پەراوێزی پارەکانی چوارەم و پێنجەم و شەشەم......................... 194
- کۆتایی و دەرئەنجام... 196
- پاشبەند... 202
- رێککەوتننامەی قەدەغەکردنی تاوانی کۆمەڵکوژیی و سزادان لەسەر ئەنجامدانی... 206
- رێککەوتننامەی بەسەرنەچوونی تاوانەکانی جەنگ و تاوانەکانی

دژ به مرۆڤایەتی 215
- بنەماکانی ئالیکاری نێودەوڵەتی بەدواداچوون و گرتن و تەسلیم کردنەوەو سزادانی کەسانی تاوانبار بە ئەنجامدانی تاوانەکانی جەنگ و تاوانەکانی دژ بە مرۆڤایەتی 223
- نموونەی ناوی ئەو گوندو ناوچانەی کە لە ساڵی 1988دا وەبەر هێرشی دڕندانەی چەکی کۆکوژی کیمیاوی ڕژێم، کەوتوون.......... 227
- کۆمەڵێک بڕیاری سەدام و داروودەستەکەی، دەربارەی ئیبادەکردنی کورد.. 231
- نموونەی شێوازەکانی کوشتن و ئازار و ئەشکەنجەدان وەک هۆکاری جینۆساید و ئیبادەکردن کە ڕژێمی بەعس لە هەموو شوێن و سووچێکدا، لە زیندان و مەرگخانەکانی دا، دەرهەق بە گەلی عێراق بە گشتی و گەلی کورد بە تایبەتی، ئەنجامی دەدا............................ 257
- چەند بەڵگەیەکی وێنەیی.. 281
- سەرچاوە و ژێدەر.. 303
- ناوەرۆک.. 309

هەوڵەکانی نووسەر

ئەو کورتە توێژینەوانەی خوارەوەش، کە لە چوارچێوەی ((هەڵمەتی جیهانگیری مافەکانی مرۆڤ)) لە نووسنگەی UN- مەڵبەندی مافی مرۆڤ- جنێڤەوە دەرچوون ئامادەن بۆ چاپکردن:

* مافی کەمایەتییەکان (پێشتر لە رۆژنامەی برایەتی بە (7) حەوت ئەڵقە بڵاوکراوەتەوە.

* یاسا ئینسانیی نێودەوڵەتی و مافەکانی مرۆڤ (پێشتر لە رۆژنامەی هەرێمی کوردستان بە (9) نۆ ئەڵقە بڵاوکراوەتەوە).

*ئامرازەکانی نەهێشتنی ئازارو ئەشکەنجەدان،لە(1997/8/15ەوە لە سەنتەری برایەتییە!).

* جاڕنامەی جیهانیی تایبەت بە ریشەکێشکردنی برسێتی و بەدخۆراکی.

* فیدراڵیەتی سویسرا، تایبەتمەندیی و سیستەمەکانی فەرمانڕەوایی (حکومەتی جومعیە، دیموکراسی بە هەرێمی شێوەکانییەوە، بێ لایەنی و پرۆژەی هاوبەشیکردن لە پێناوی ئاشتی دا)و... هتد.